# ئیبن خەلدون

# و

# کۆمەڵناسیی هاوچەرخ

# ئیبن خەلدون
# و
# کۆمەڵناسیی نوێ

(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی)


نووسینی: فوئاد بەعلی

وەرگێڕانی: زیرەك ئەحمەد

سنوور عەبدوڵڵا



٢٠٠٦



**سەرچاوەی لێوەرگێڕدراو**

فؤاد البعلي

ابن خلدون وعلم الاجتماع الحديث

دار المدى للثقافة والنشر

الطبعة الاولى ١٩٩٧

**ناوی کتێب: ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسیی نوێ**

- نووسینی: فوئاد بەعلی
- وەرگێڕانی: زیرەك ئەحمەد و سنوور عەبدوڵڵا
- نەخشەسازی ناوەوە: طـــه حسين
- بەرگ: هۆگر صديق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: (١٥٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: (٥٩٨)
- چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب: -٨٧- (١٩٠)

**دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی**

www.mukiryani.com

asokareem@ maktoob.com

2260311

## پەراوێزەکان


گوتەیەك ........................................................ ١
پێشەکی ........................................................ ٣
**بەشی یەکەم:** کەسێتیی ئیبن خەلدون و موقەدیمەکەی
١- کەسێتیی ئیبن خەلدون ................................. ٩
٢- موقەدیمەی ئیبن خەلدون ................................. ١١
**بەشی دووەم:** زانستە نوێیەکە: زانستی عومڕان
١- کەی کۆمەڵناسی سەریهەڵدا؟ ............................. ٢١
٢- کۆمەڵناسیی خەلدونیی ................................. ٢٦
٣- ئیبن خەلدون و کۆنت: وێکچوون و جیاوازی .................. ٣٩
**بەشی سێیەم: کۆمەڵگە و کولتوور و بەکۆمەڵایەتییبوون**
١- کۆمەڵگە: قەوارەیەکی سەربەخۆیە ......................... ٥٢
تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئادەمیی: ....................... ٥٥
٢- کولتوور Culture ................................. ٦٠
٣- پرۆسەی بە کۆمەڵایەتییبوون ............................ ٦٣
٤- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ................................. ٧٢





**بەشی چوارەم: دەمارگیریی**
- دەمارگیری ................................................ ٧٧
**بەشی پێنجەم: سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەت** ........................ ٩١
١- خەسڵەتەکانی حوکم ........................................ ٩٤
٢- فاکتەرەکانی رووخان و داتەپینی دەوڵەت ..................... ٩٩
٣- بەراوردی ئیبن خەلدون بە بیرمەندانی دیکە .................. ١٠٧
**بەشی شەشەم: شێوازی بازنەیی مێژوو**
١- تیۆرە دیالێکتیکییەکەی ئیبن خەلدون ......................... ١١٧
٢- بەراوردکردنی ئیبن خەلدون لەگەڵ هزرڤانانی تر ............... ١٢٨
**بەشی حەوتەم: پرۆسەی بەشارییبوون و ژیانی شارستانی** ................. ١٤٧
١- پرۆسەی بەشارییبوون ...................................... ١٤٧
٢- بەمەدەنییبوون: شێوازی ژیانی شارستانی Urbanism ............. ١٥٠
٣- بەراوردکردنی ئیبن خەلدون لەگەڵ هزرڤانانی تر ............... ١٦٠
**بەشی هەشتەم: نموونەیەکی خەلدونیی: رەوەندێتیی و شارستانێتیی**
١- رەوەندێتیی و شارستانێتیی ................................. ١٦٩
٢- بەراوردکردنی ئیبن خەلدون بە بیرمەندانی تر ................. ١٨٢
**بەشی نۆیەم: کۆتایی** ................................................ ١٩١
**ژیاننامەی نووسەری ئەم کتێبە** ......................................... ٢٠٣
**سەرچاوەکان** ...................................................... ٢٠٥

**پێشکەشە**

بە مامۆستا و هاوکار و هاوڕێم دکتۆر عەلی وەردی بە رۆحە پاکەکەی



**وەرگێڕراوەکەشی**

پێشکەشە بە مامۆستای بەڕێز دکتۆر داوود یۆحەننا دانیاڵ

## گوتەیەك

بێگومان کەمی سەرچاوە و کتێب لە هەر زانستێکدا رووەکی لاواز بە زانستەکە دەبەخشێ، بۆیە هەرچەند ژمارەی سەرچاوەکان روو لە زیادبوونبن ئەوا زانستەکە، بە زانیاری نوێ، دەوڵەمەندتر دەبێ.

ئەمەشە وای لێکردین کە ئەم کتێبە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی تاوەکو تەکانێك بەم زانستە «کومەڵناسی» بدات و کارای بکات.

هەڵبژاردنی ئەم کتێبە بۆ وەرگێڕانی لەسەر راسپاردەی بەڕێز مامۆستا «موسڵیح ئیروانی» بوو، مافی خۆیەتی لێرەدا سوپاس و پێزانینی خۆمانی ئاڕاستەبکەین بۆ ئەو راسپاردە و سەرنج و تێبینیە بەسوودەکانی.

لەمیانەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە، بەهۆی هەژاریی زمانی کوردی لە رووی زاراوە و وشەوە، هەندێ جار پەنامان بردۆتەبەر زمانی ئاخافتن بۆ دەستکەوتنی وشە و چەمك و زاراوە... زۆرجاریش ئەگەر لە شێوەزاری کرمانجی خواروو (سۆرانی) دەستمان نەکەوتبێت ئەوا هەوڵمانداوە سوود لە شێوازارەکانی تری زمانی کوردی ببینین. لێرەشەوە زۆر سوپاسی بەڕێز مامۆستا «موراد حەکیم» دەکەین کە لە رووی وشە و زاراوەوە یارمەتی باشی داین.



رەنگە لە هەندێ شوێنی کتێبەکە هەڵەی چاپ یاخود هەندێ شت ئێمە بەهەڵە لێی تێگەیشتبین، بۆیە سوپاسی خوێنەر دەکەین کە ئەم هەڵانە لای خۆی راستبکاتەوە، هیواداریـن بەچاوێکی زانستیانەوە لەم مەسەلەیە بڕوانرێ، ئێمەش هەمان ئەو گوتەیەی ئیبن خەلدون دووپاتدەکەینەوە کە دەڵێ: «دوابەدوای نووسینی ئەم کتێبەم - **موقەدیمە**- لە بوونی کەمتەرخەمی تێدا دڵنیام، دان بەبوونی ناتەواویەکانیشی دادەنێم، پێشم خۆشە کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕی دەستپاك هەبن و بێن بە دیدێکی رەخنەگرانە هەڵەکانم راست بکەنەوە....» (سەرچاوەی ١، لا ٧). بەم بۆنەشەوە زۆر سوپاسی بەڕێز مامۆستا «حەیدەر لەشکری» دەکەین کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆی خۆی و هەڵەکانیشی بۆ راستکردینەوە. جا ئەگەر هەڵەیەکیش بەسەرماندا تێپەڕبووبێ وەك گوتمان با خوێنەر لەلای خۆی راستیی بکاتەوە، ئیبن خەلدون گوتەنی چاکەی ئەم کارەشی بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، چونکە بووینە هۆی ئەوەی خوێنەر بەدوای راستییەکاندا بگەڕێ.

دواجار سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە وەك سەربازێکی وون یارمەتیاندا بوونە هۆکارێکی پاڵپشت بۆ بەجێهێنانی ئەم کارە.

**وەرگێڕان**

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوانەی کەوا کارەکانی ئیبن خەلدون لە خۆوەدەگرن، دەشێ بۆ چوار کۆمەڵەی لە یەکجوێکراو پۆلێن بکرێن. کۆمەڵەی یەکەم بیروڕاکانی ئیبن خەلدون شکۆمەنددەکات و هەرچی ئیبن خەلدون نووسیویەتی بەرزڕایدەگرێ. بەڵام کۆمەڵەی دووەم هەڵوێستێکی تەواو پێچەوانەی هەڵوێستی کۆمەڵەی یەکەمی هەیە کە زۆر زێدەڕۆیی لە هێرشکردنە سەر ئیبن خەلدون دەکات و تانەوتاشەر لە بیرکردنەوەی وی دەدات. هەرچی کۆمەڵەی سێیەمیشە بە نیشاندانی راکانی ئیبن خەلدون وەك چۆن خۆی کە لە **موقەدیمە**دا نووسیونی و رێکیخستوون، بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێکی ئەم رایانە، کۆتایی بەهەموو شتێك دێنێ. کۆمەڵەی چوارەم و کۆتاییش کۆمەڵێ را و تیۆر بۆ ئیبن خەلدون دەگێڕنەوە کە ئەسڵەن ئیبن خەلدون هەر بەلایشیدا نەچووە. ئەوەی لێرەدا تێبینیدەکرێت ئەوەیە کە ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە ئەنجامیدەدەین خودان ئاراستەیەکی جیاوازە و لەم پۆلێنکاریانەی پێشوو جیایە، گرنگیدەدات بە مەسەلەی چارەسەرکردنی ئەو بیروڕیانەی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ئیبن خەلدون یەکەم زانای کۆمەڵناسیە بەڵام بەڵگەی تەواو و بڕواپێهێنەریان نەداوەتەدەست. بەم شێوەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات ئەم کەلێنە پڕبکاتەوە، ئەمەش بە جەختکردنەوەی لەسەر:



یەکەم -خودی ئیبن خەلدون خۆی پەی بەمە بردووە کە زانستێکی نوێی داهێنابێت لەم رووەشەوە هیچ یەکێ لە نووسەران پێشینەکەوتوون.

دووەم - ئەم زانستە- ئەمەی ئیبن خەلدون - پەیوەندیەکی پتەوی هەیە بە کۆمەڵناسیی نوێ.

چەمکی "کۆمەڵناسی" کە ***ئۆگەست کۆنت*** **(A. Comte)** لە سەدەی نۆزدەمدا بانگەشەی بۆ کردووە، تا ئەندازەیەکی زۆر لە چەمکی زانستی "عومرانی ئادەمیی و کۆمەڵبوونی مرۆیی"ی ئیبن خەلدون، نزیك دەبێتەوە. هەروەها بیروڕاکانی ئیبن خەلدون لەگەڵ بیروڕاکانی هەریەکە لە ***هێربەرت سپنسەر*** **(Spencer)** و ***ئەمیل دۆرکهایم*** **(Durkheim)** و ***کارڵ مارکس*** **(Marx)** و ***ماکس ڤێبەر*** **(Weber)** و ***فێردیناند تۆنیس*** **(Tonnies)** و کەسانی تریش، بەتایبەتی لە بۆچوونیان رووەو کۆمەڵگە، هاوبەستەیی کۆمەڵایەتیی - **التضامن الإجتماعي**-، کولتوور، گۆڕانی کولتووریی، بە کۆمەڵایەتیکردن یاخود بە کۆمەڵایەتیبوون و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی هاوشێوەیە.

ئەگەر زانیمان ***کۆنت*** هەردوو چەمکی "کۆمەڵگە "و "مرۆڤایەتیی "تێکەڵ بەیەککردووە و هەندێ لە نووسینەکانیشی بریتین لە کۆمەڵێ وێناکردنی "نموونەگەریی "(تصورات المثالية) و ***سپنسەری*** فەیلەسوفیش، پەرتوکەکەی - **لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی**- لە رووی میتۆدەوە لە زانستە سیاسیەکان نزیکترە وەك لە زانستی کۆمەڵناسی، ***زیمڵ*** **(Simmel)**یش لە بواری فەلسەفەدا خولاوەتەوە و لە لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە دوورکەوتۆتەوە، هەرچی ***ماکس ڤێبەر*** یشە خۆی بە یەکێك لە زانایانی ئابورینانسیی سیاسی دادەنێت، بەم شێوەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا "دامەزرێنەر" و "پێشەنگ"ە سەرەکیەکانی

کۆمەڵناسی هیچ یەکێکیان لە زانایانی کۆمەڵناسی نەبوونە. هەروەها دەتوانین پەردە لەسەر ئەوە لادەین کەوا ئیبن خەلدون شەش سەدە بەر لە ئێستا زانستی "عومرانی ئادەمیی و کۆمەڵبوونی مرۆیی "هێناوەتەبوون و بە چەمکێکی جیا لە فەلسەفە و زانستە سیاسیەکان و.....هتد بنیادنا، هاوشێوەی ئەم زانستەیە کە ئەمڕۆ ناومانناوە کۆمەڵناسی.

کەواتە ئەم کتێبە دەربارەی هەموو ژیان و سەرجەم کارەکانی ئیبن خەلدون نییە، بەڵکو لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تیۆری خەلدونی پوختوچڕدەبێتەوە، کە یانەوەتا پێشتر باس نەکراوە یاخود زۆر بە کورتی باسی لێوەکراوە، و بە رایە کۆمەڵایەتییەکانی تر بەراوردنەکراوە، ئەگەر کراشبێت ئەوا بەڕوونی و بە تێروتەسەلی نەکراوە.

لەم کتێبەدا، بۆ وەدەستکەوتنی بیروبۆچوونە گرنگەکانی پشتمان بە (**موقەدیمەی** ئیبن خەلدون/ چاپخانەی ئەلکەشاف - بێروت) بەستووە. پێویستە ئەم راستییەش بگوترێ، کە زۆر لە بەشەکانی **موقەدیمە** هیچ پەیوەندیەکیان بە چەمك و رایە کۆمەڵایەتییەکان نییە. ئەمەش شتێکی نامۆ نییە، ئەگەر بێتو ئەم کتێبە بە کتێبی **فەلسەفەی رەوشگەریی**-Positive Philosophy-ی ***ئۆگەست کۆنت*** بەراورد بکەین، کە بەشێکی زۆری ئەمەی دووەمیان هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمەڵناسی یاخود زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە.

کەسانێك هەن کە دەڵێن: ئیبن خەلدون خۆی لە سەدەی چوارەمدا ژیاوە، کەواتە نابێ لەژێر رۆشنایی هزری کۆمەڵایەتیی "نوێ" لێی بکۆڵرێتەوە. ئێمە لێرەدا دژی ئەم رایە ناوەستینەوە، لەم کتێبەشماندا ئیبن خەلدون لە خانەی هزری کۆمەڵایەتیی چاخەکانی ناوەڕاست دادەنێین و دەبینین هەندێ لە گشتاندنەکانی ناکرێ لە



ئێستاماندا پیادەبکرێ. بەڵام ئەم هەڵوێستەمان نابێ قەدەغەمان بکات لە هەڵبژاردن و وەرگرتنی چەند بەشێکی بیروبۆچوونەکانی کە تاوەکو ئەم رۆژگارە هەر راستن و دەشێ بە هزری "نوێ" "یاخود هزری "هاوچەرخ"یش بەراوردبکرێن. لەم حاڵەتەدا، ناشێ بگوترێ بیروڕاکانی ئیبن خەلدون زیدەڕۆییان تێدایە. بە هەمان شێوە بڵێین هیچ کەموکوڕیی لە بەها و گرنگی هزری نوێ وهاوچەرخ نییە. یەکێك لە ئەرکەکانی زانای کۆمەڵناسی بریتییە لە بینینەوەی وێکچوونی دیاردەکان لە ناوچە و شوێنە جیاجیاکان و لە کات و ساتی جیاواز؛ کۆمەڵە وێکچوونێك بمانگەیەننە کۆمەڵە زانیاریەکی یەقینی بۆ پێشبینیکردن. بۆیە، ئەگەرهاتوو هەندێ لە رایەکانی ئیبن خەلدون لە پەرەسەندنی تیۆری یەقینی (زانستی) دەربارەی رێکخستنی کۆمەڵایەتیی ئادەمیی یارمەتیدەرمان بن، ئەوا نابێ پشتگوێیان بخەین. ئەمەش حاڵی هەموو زانستێکە: هەرگیز، ناکرێ پەیوەندیەکانی نێوان سەرجەم رۆڵ و پەرەسەندنی زانستەکە پشتگوێ بخرێن.

بیروبۆچوونە گرنگەکانی ئیبن خەلدون لەنێو **موقەدیمەدا** لەیەك شوێن و لەژێر ناونیشانی دیاریکراودا کۆنابنەوە، لەبەرئەوەشە زۆرجار دووبارەبوونەوەی تێدا بەدیدەکرێت. بۆیە، بە دەسپاکی زانستیەوە، هەستام بە کۆکردنەوە و رێکیەخستن و هاوئاهەنگاندنی رایە پەرتوبڵاوەکانی **موقەدیمە**کەی.

* * *

رەنگە لەم توێژینەوەیەدا، رایەك یاخود زێتر ببینرێ کە زۆر لەم گوتانەی کە ***عەلی وەردی*** گوتوونی نزیکدەبێتەوە. ئەمەش لە سەرجەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان، تائەندازەیەك، شتێکی چاوەڕوانکراوە. لەوانەیە ئەم نێزیکیەش دەرئەنجامی ئەو پەیوەندیە کەسیی و پیشەییەی خۆم بێت، لە ماوەی 45 ساڵدا،

لەگەڵ ***وەردی***. بەتایبــەتیش هاوبەشــێتیمان لــە نووســینی کۆمــەڵێ توێژینــەوەی زانــستی (لەمانــەیش ئــەو کتێبــەمان کــە لــە ســاڵی 1981 لــە ویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتە چاپکردن).

***فوئاد عەبدولغەنی بەعلی***

* نووسەر سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی هەریەکــە لــە پرۆفیــسۆر ***فەیــسەڵ عەبدوڵلا*** و خاتوو ***مونا بەعلی*** دەکات، بۆ ئەم یارمەتیــە بەپێزانــەیان، بەتایبــەتی سەرپەرشتیکردنی بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبە.

# بەشی یەکەم

## کەسێتیی ئیبن خەلدون و موقەدیمەکەی

### ١- کەسێتیی ئیبن خەلدون

لە مێژووی ئیسلامدا ئیبن خەلدون (١٣٣٢-١٤٠٦ز، ٧٣٢-٨٠٨ك) بە تاکە نووسەر دادەنرێت، کە بەوپەڕی راشکاویەوە لەبارەی ئاکارە دونیاویستیەکەی خۆیدا دواوە. لە پەرتووکی **"ئەلتەعریف"**دا، بەبێ شەرم یان پۆزشهێنانەوە، ئاماژە بۆ ئەم رێگە خۆرەپێشکردنانەی دەکات کە لە ژیانی سیاسی خۆیدا پەنای بۆ بردووە (سەرچاوەی ٢٨، لا٢٠-٢١). دەشێ ئەم راشکاویەشی بۆ ئەوسا بە دیاردەیەکی نامۆ راڤەبکرێ. واش پێدەچێت لەو باوەڕەدا بووبێت کە هەموو خەڵك خۆرەپێشکەر و راڕان جا بە هەر شێوەیەك بێت.

بێگومان ***شمیدت*** لەم گوتەیەیدا بە هەڵەدا چووە گوایە ئیبن خەلدون بە درێژایی ژیانی "بەردەوام بووە" لە بەکارهاوردنی هەر هۆکارێکی شەڕانگێزی "لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی" (سەرچاوەی١٠٢، لا٤٣). لە کاتێکدا زۆرێك لە نووسەران لە گوتەکانیاندا بەرگریان لە ئیبن خەلدون دەکرد تەنانەت سەرسەخترین دوژمنانی لە ***میسر*** دانیان ناوە بە سەرراستیی بێگەردی و چوستیی ئیبن خەلدون وەکو دادوەرێك. بۆ نمونە ***سەخاوی*** بە راشکاویەوە دەربارەی ئیبن خەلدون گوتوویەتی



کە "زۆر بە بەرگریکردن لە راستیی ناسرابوو" (بڕوانە سەرچاوەی ٦٩،٤٩-٧٠). هەروەها، بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی ***شمیدت***، ***ڤان ڤێسندۆنك*** (Von Wesendonk) گوتوویەتی " هەموو ژیانی ئیبن خەلدون، بە دڵسۆزیی بۆ توێژینەوە لە مەعریفە تەرخانکرابوو. هەمیشە بە ئەمەك و دڵسۆز بووە، مرۆڤێکی خاوەن پرەنسیپی سیاسی بووە "(سەرچاوەی ٦٦،١٧٥-١٧٦). لێرەدا، وادەردەکەوێت کە هەریەك لە ***شمیدت*** و ***ڤان ڤێسندۆنك*** دەڕواننە بەشێکی جیاواز لە ژیانی هزرڤانی عەرەبی -ئیبن خەلدون- و بەشەکانی تر فەرامۆش دەکەن. راستییەکەش ئەوەیە کە ئیبن خەلدون لەیەك کاتدا خۆرەپێشکەر و دڵسۆزیش بووە: خۆرەپێشکەر بووە بەر لە وازهێنانی لە ژیانی سیاسی (ژیانی لەگەڵ هۆزی **بەنوعەریف**)، لە دواییشدا مرۆڤێکی دڵسۆز و بەئەمەکی لێ دەچووە.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ژیانی ئیبن خەلدون ئەم پەیوەندیە گەرموگوڕەیەتی کە لەگەڵ سەرۆك خێڵەکان و لەهەمان کاتیش لەگەڵ پیاوانی ئایینیدا هەیبوو. بەتایبەتی لەلای سەرۆك خێڵەکان زۆر خۆشەویست بووە. ***حوسەری*** راستیی ئەم باسە دەگەڕێنێتەوە بۆ کارامەیی و زمانپاراوی ئیبن خەلدون کە وای کردبوو سەرنجی هەندێ لە سەرۆك خێڵەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت (سەرچاوەی٧، لا٦٥). بەهەمان شێوە توانا بەرزەکەی لە تێگەیشتنی بەها و پێوەرە خێڵەکیەکان لایەنێکی گرنگی کەسایەتی وی بوون. چونکە بێگومان کارامەیی بەبێ تێگەیشتن یاخود مەعریفە تەنها تێڕوانینێکی رووکەشانە دەبەخشێ وهیچی تر، کە دوورە سەرنج دەبێت (لە بریتی ئەوەی کە سەرنجڕاێشەر بێت). ئەوەی کە زۆرسەیرە و جێگەی سەرنجە ئیبن خەلدون کاریگەری تەنها بەسەر ئەو سەرۆکانەوە نەبوو کە هاوزمانی بوون، بەڵکو کاریگەری لەسەر زۆر لە کەسایەتیە بیانیەکانی وەك -***پیدرۆی دڵڕەق***-ی پادشای کشتاڵە* و هەروەها -***تەیمووری لەنگ***-ی سەرکردەی سەربازی، هەبوو.

## ٢- موقەدیمەی ئیبن خەلدون

کۆمەڵێ راڤەی جیاجیا و دژیەك بۆ (موقەدیمەکەی) پەرتووکی - العبر-[1] کراوە. ئەمەش حاڵی هەر کارێکی هزرییە کە لە روانگەیەکی دیاریکراوی جیا لە روانگەی خودی نووسەرەکەیەوە لێی دەڕوانرێ. چونکە راستیی -حەقیقەت- دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە و مەحاڵە لەیەك رووەوە یا لەیەك لایەنەوە تییێ بڕوانین، بەمەش تەواو لە هەڕەمێکی چەند لا دەچێت بەشێویەك کە هیچ کەس ناتوانێ کۆی سەرجەم لاکانی ببینێت با لەهەر شوێنێکدا رابووەستێت. ***مانهایم*** دەڵێ گەیشتن بە راستیی شتێکی شیاو و ئاساییە ئەمەش لە ماوەی چاوپێخشانێکی گشتیدا کە تەواو رایە جیاوازەکان بگرێتە خۆی (بڕوانە سەرچاوەی ٧٩، لا٢٧٠ و بەشی پێنجەم و سەرچاوەی ٥٧، لا٩٨). بۆیە ناشێ رەخنەکانی ***دیسلان*** و ***تەها حوسێن*** پەسندبکرێن کە گوایە نووسینەکانی ئیبن خەلدون لێڵ و پێکناکۆکن (سەرچاوەی ٦٦، لا ٢٨ و سەرچاوەی ٤٩، لا ١٨٦-١٨٧). لێرەدا ئێمە وادەبینین کە ***دیسلان*** لە روانگەیەکی ستاتیکیەوە (Static) لە ئیبن خەلدونی کۆڵیوەتەوە، کەچی ئیبن خەلدون لە روانگەیەکی دینامیکیەوە (Dynamic) روانیویەتیە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. لە ژێر رۆشنایی ئەمەشەوە ستایشی رەوەندە عەرەبەکانی کردووە لە هەمان کاتیشدا باس لە رەقی و گرژییان دەکات. تەنانەت زۆرجاریش لە وشەی "دڕندەیی" بە هەڵە تێگەیشتوون. ئیبن خەلدون گوتوویەتی: ئەو کەسانەی کە "لەناو رەوەندێتییدا تواونەتەوە" ئەوانە "ئێجگار دڕندەترن" لە کەسانی تر، بەڵکو "لەهەموو خەڵك دڕندەترن". وێڕای "ئاکاری دڕندەییاتی"، کەچی ئەوان " لەگەڵ ئەمەشدا خێراتر لە هەموو خەڵك هەق و راستەڕێیی پەسەند دەکەن ئەمەش بەهۆی پارێزراوی سروشتیان لە لاری و لەوێری، دوورییان لەهەر ئاکارێکی کە مایەی سەرزەنشتی بێت" (سەرچاوەی ١، لا ١٥١ هەروەها ١٢١، ١٣١). کەوابوو "دڕندەیی" بریتییە لە ستایلەکانی گوزەرانکردن، بیرکردنەوە، رەفتار ئەنجامدان"؛



کە بێگومان ئەم سیفەتانەش خراپ نین، هەروەها دڕندەیی واتە پیاوەتی و ئازایەتی و ئازادیی و شکۆمەندیی و، هاوشێوەکانیان. لە بەرامبەر ئەمەشەوە ژیانی شاریی واتای نەرم ونیانی شارستانێتیی و شلوخاوی و ترسنۆکیی و کەساسی و هەر خەسڵەتێکی تری ئەوها ئیبن خەلدون بە کەموکوڕی لە کەسێتی مرۆڤی شارستانیی داناوە[2] (سەرچاوەی ١، لا ١٣٨-١٣٩، ١٥١-١٥٢، ٣٧٣-٣٧٤، هەروەها سەرچاوەی ٢٠، لا ٥٢٢-٥٢٣).

***ئیروین رۆزەنتاڵ*** (E. Rosenthal) وای بۆدەچێت کە لەپێناو تێگەیشتنی بیروبۆچوونەکانی ئیبن خەلدون پێویستە باگراوندە ئیسلامیەکەی (لە سەدەکانی ناوەڕاست) لەبەرچاوبگیرێت، ئەگەر بینیمان هەندێ لە بیروڕاکانی تا ئەندازەکی زۆر بە بیروڕای هزرڤانە ئەورووپیەکانی سەدەی هەژدە و سەدەکانی باشتر دەچن ئەوا نابێ ئێمە ئیبن خەلدون وەك پێشەنگێك بۆ ئەوانە ببینین، جائەگەر ***ڤیکۆ*** بێت، یا ***کۆنت***، یان ***هیگڵ***، یاخود ***مارکس***، یا ***شپنگلەر***. "ئەگەر هەر پێویستیش بە بەراوردێك بێت، ئەوا باوەڕمان وایە، لە رووی رایە سیاسیەکانەوە، نزیکترین بیرمەند لێیەوە ***ماکیڤیلی***ە" (سەرچاوەی ٩٥، لا ٣٠٧-٣٠٨). دەشێ ئەم رایەش بەم شێوەییە رەتبکەینەوە، *یەکەم*: ئیبن خەلدون با موسڵمانیش بێت ئەوا نابێ ئیسلام تاکە هۆی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی بیروڕاکانی بوو بێت. زۆرێك لە گشتاندنە گرنگەکانیشی نەکەوتونەتە ژێرکاریگەری بەهاکانی بیرکردنەوەی ئیسلامیی. سەرەڕای ئەوەی کە خاراوە -خبرات- گرنگەکانی پشتیان بەستبوو بە تێبینیەکانی خودی خۆی لەسەر باکووری ئەفریقیا و باشووری ئیسپانیا، کەچی پشتی بەستبوو بەو زانیاریانەی کە دەربارەی ناوچە و گەلانی تری نائیسلامی هەیبوو. *دووەم*: جەخت کردنەوەی لەسەر باکووری ئەفریقیا نزیکە لە جەختکردنەوەی ***مارکس*** و ***شپنگلەر*** و ***کۆنت*** و ***سپنسەر*** و کەسانی تریش لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی کۆمەڵگە پیشەسازیە ئەورووپیەکان کە دواتر بوو بە بابەتێکی کۆمەڵناسیی رۆژئاوایی

(سەرچاوەی ٣٣، لا ٣٦). ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە دەبێ ئێمە باکگراوندە مەسیحییەکەی ئەو هزرمەندانەش لەبەرچاوبگیرین کاتێ کە بمانەوێ لە بیروڕاکانیان تێبگەین؟ <u>سێیەم</u>: دەبینین بیروڕاکانی ***ئەفلاتۆن*** و ***ئەرەستۆ*** لەگەڵ بیروڕای نووسەرە نوێ و هاوچەرخەکان بەراورددەکرێن کەواتە زۆریش ئاساییە ئیبن خەلدون بەراوردبکەین لەگەڵ ***ڤیکۆ*** و ***شپنگلەر*** و ***مارکس*** و ***کۆنت*** و... هتد. <u>*چوارەم*</u>: زانستی "عومڕانی ئادەمیی و کۆمەڵبوونی مرۆیی" بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، نەك بە تەنها لایەنی"سیاسی". <u>*پێنجەم*</u>: تەنانەت ئەگەرهاتوو ئەم لێکۆڵینەوەیەمان کورت بکەینەوە و چڕی بکەینەوە لە شیکردنەوەی دیاردە سیاسیەکان و پەیوەندیان بە کولتووری کۆمەڵگەوە لە لایەن ئیبن خەلدونەوە ئەوا دەبینین ڕێچکەیەکی سەربەخۆی گرتووە (سەرچاوەی ١٢٥، لا ٤٢). لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە ***ڕۆزەنتاڵ*** ڕاستییپێکاوە کاتێك کە بەراوردی نێوان ئیبن خلدون و ***ماکیڤیلی*** کردووە. ئەوان هەریەکەیان لە شیکردنەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەیەکی واقیعیی زۆر پەتییەوە جیاوازبوونە لە بیرمەندانی سەردەمی خۆیان. لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان ئەو دوو بیرمەندەشدا هەیە. هەرچی ***ماکیڤیلی*** نمونەگەریی (Idealism) ڕەتدەکاتەوە و ریالیزم (Realism) بە پەسندتر دەزانێ، کەچی ئیبن خەلدون دانی ناوە بە گرنگی هەریەکەیان بە مەرجێك جیاکەرەوەیەك لەنێوانیاندا هەبێت بەشێوەیەك کە هیچیان کاریگەری بەسەر ئەویتریانەوە نەبێت.

لێرەدا دێینە سەر چەمکی **فەلسەفە** لە بیرکردنەوەی ئیبن خەلدوندا. ئایا ئیبن خەلدون کەوتۆتە ژێرکاریگەری فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەی یۆنانی؟ ***موحسین مەهدی*** ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئیبن خەلدون لە کاتی دانانی زانستی عومڕاندا بەرەو ئاڕاستە و پرەنسیپەکانی فەلسەفەی کۆن ڕۆیشتووە، زیاتریش لە بیرکردنەوەی ئیسلامیی نزیك بۆتەوە -بیرکردنەوەی ***فاڕابی*** و ***ئیبن سینا*** و ***ئیبن***



***ڕوشد*** (سەرچاوەی ٧٧، لا ٣٣، ٢٧٥، ٢٨٥، ٢٨٦، و سەرچاوەی ١٥، لا ١٠). هەروەها ***سیمۆن*** یش لەو بڕوایەدایە کە ئیبن خەلدون لە هەڵوێستە فەلسەفیەکانیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پێشینەکانی، ئەمەش بەڕوونی لە گونجانی بیرکردنەوەی ئیبن خەلدون لەگەڵ بیرکردنەوەی موسڵمانە ئەرەستۆتالیسیەکان بەتایبەتی ***ئیبن ڕوشد*** دەردەکەوێت[٣] (سەرچاوەی ١٠٥، لا ١١، ٣٩، ٤٥، ٧٧). بە بۆچوونی ئێمە ناشێ ئەم دەستەواژانە بە تەواوی قەبوڵ بکرێت. لەڕاستییدا فەلسەفەی یۆنانی کاریگەری زۆرزۆری لەسەر هزری ئیسلامی هەبوو، بەڵام ئیبن خەلدون فەلسەفەی داماڵگەریی تێڕامانیی **-الفلسفة التجريدية التأملية-** ڕەتکردۆتەوە کاتێك گوتوویەتی:

> **بێگومان هەندێــــك لە مرۆڤــە هۆشمەندەکان وای بۆچــوونــە کە سەرتاپای بوون -وجود- هەمووی هەستــپــێــکراوە و هەندێکیشی لە سەرووی هەستەوەیە کە ئامرازەکانی و حاڵەتەکانی و هۆ و هۆکارەکانی بە دیدێکی هزری و پێوەرگەلێکی ئەقڵی پەی پێدەبرێ، ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕە ئیمانیەکانیش لەڕێگەی ڕوانینەوە دەبێت نەك لەرێگەی بیستنەوە چونکە ڕوانین بەشێکە لە پەیبەرە ئــەقڵیەکان، ئەو مرۆڤانەش پێیان دەگوترێت فەیلەسوف... کەموکورتی لێرەدا بریتییە لە گونجاندنی ئەو ئەنجامە زەینەکیانەیە کە بەرێگەی سنوور و پێوەرەکانەوە دێتە ئەنجام بەو شێوەیەی کە لە بۆچوونی ئەو مرۆڤانەدایە لەگەڵ ئەوەی کە لە دەرەوەی ئەمەدا هەیە کە ئەمەیش شتێکی نایەقینییە** (سەرچاوەی ١، لا ٥١٤).

هەروەها دەڵێ سەرەڕای بڕوابوونی فەیلەسوفەکان کە لۆژیك "ڕێنمونی ئەقڵ دەکات بۆ لەیەکجوێکردنەوەی ڕاستیی لە ناڕاستیی"، "ئەوا پێودانگە و یاساکانی لۆژیك کورتکراوەن و پڕاوپڕ نین". "بێگومان پیشەی لۆژیك لە هەڵە بەدەرنییە ئەمەش

بەهۆی زۆربوونی کێشمەکێش تیایدا و دووربوونی لە هەستپێکردن" (سەرچاوەی١، لا ٥١٤، ٥١٦، ٥١٩، ٥٤٣). ئیبن خەلدون نکوڵی نەکردووە لەوەی لۆژیك یارمەتیدەرە "لە تیژکردنی زەین لە ڕێکخستنی بەڵگە و بەهانە بۆ بەدەستهاوردنی توانباشی و راستپێکانی بەڵگەکان" (سەرچاوەی١، لا ٥١٩). بەڵام گرووپە ململانێکارەکان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان (لە بەرگریکردن و هێرشکردندا) ئەم لۆژیکە تەقلیدیە کۆنەیان بەکارهێناوە. سەرەڕای ئەوەش، لۆژیك هەرگیز مەعریفە بەرهەم ناهێنێت. خۆ ئەگەر ئیبن خەلدون شوێن لۆژیکی ئەرەستۆتالیسی بکەوتایە ئەوا هەرگیز نەیدەتوانی زانستەکەی بنیات بنێ، زانستی "عومرانی ئادەمیی و کۆمەڵبوونی مرۆیی" کە تەنها و تەنها بە لۆژیکی واقیع رەزامەند دەبێ، لۆژیکی خودی ئەو روداوانەی کە دەشێ راستبوونی بسەلمێنرێ (سەیری بەشی دووەم بکە). ئەمەش راڤەی ئەو هەوڵانەی ئیبن خەلدون دەکات بۆ دۆزینەوەی یاساگەلێك کە زاڵبێت بەسەر دیاردەکۆمەڵگەییەکان داویەتی[٤] (سەرچاوەی ٢٨، لا ٧). ئەم پرسیارەی پێویستە لێرەدا وەڵامی بدەینەوە ئایا: خاڵی دەسپێکی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی ئیبن خەلدون کامەیە؟ هەندێ لە نووسەران رایان وایە، کە ئیبن خەلدون کاریگەر بووە بە ***غەزالی*** (سەرچاوەی ٧٥، لا ١٣١) بەڕای هەندێکی تریش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ***ئیبن روشد*** (سەرچاوەی١١، لا ٢٣٤-٢٣٨، سەرچاوەی ٦٦، لا ٩٤) ئەم رایانە (دەربارەی ***غەزالی*** و ***ئیبن روشد***) نامۆ دێنە پێش چاو، چونکە ئاڕاستەی فەلسەفیی هەریەکێکیان پێچەوانەی ئەویتریانە، هەرچی ***ئیبن روشدە*** قوتابیەکی سەرسام بوو بە ***ئەرستۆ***، کەچی دەبینین ***غەزالی*** دژی فەلسەفەی ***ئەرستۆ*** بوو[٥] (سەرچاوەی٣٥، لا ١٨٨-١٨٩). هەروەها پێمان وایە کە ئیبن خەلدون تائەندازەیەك کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەردوو هزرڤان لەیەك کاتدا. کاتێك کە دژایەتیکردنی لۆژیکی ئەرستۆتالی لە ***غەزالی*** وەرگرتووە، لە



هەمان کاتدا دەچێتە پاڵ هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی ***ئیبن روشد*** بەرامبەر بە جەماوەر(سەرچاوەی٢٨، لا ٧٧).

***سیمۆن*** دان بەوەدادەنێ کە ئیبن خەلدون "بە شێوەیەکی رەها خۆی بە فەیلەسوف دانەدەنا"، چونکە خۆی لە نموونەگەریی‌خودگەرایی و خەملاندنی ئەقڵیی جیاکردبۆوە بێجگە لە قایل بوونی بەم رایەی ***ئەرستۆ***، **(مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە)**، بە دڵنیاییەوەش لە پەرەپێدان و شرۆڤەکردنی تیۆرەکەی پشتی بە هیچ کەسێکی پێش خۆی نەبەستوە (سەرچاوەی١٠٥، لا٤١، ٤٧).

بەکورتی، ئیبن خەلدون ئەو فەلسەفەی بە لۆژیکەکەشیەوە لەلا پەسندنەبوو کە تا ئەندازەیەکی مەزن، لەگەڵ تێبینیکردنی واقیعییانەی رێکخراوە کۆمەڵایەتییە ئادەمییەکان و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی هاوجووت نابێ[٦]. لە زانستە نوێیەکەیشیدا هەندێ زاراوە و هزری فەلسەفیی بەدیدەکەین. ئەم گوتەیە لەسەر نووسینەکانی ***ئۆگەست کۆنت***-یش پراکتیزە دەبێ بەتایبەتی فەلسەفەی رەوشگەرایی (Positivism Philosophy). خزانەناویەکی -تداخل- نێوان زانستەکان شتێکی چاوەڕوانکراوە و لە رێز و بەهای هیچ یەکێك لە زانستەکان کەم ناکاتەوە.

بەڵام سەبارەت بە چەمکی مێژوو لەلای ئیبن خەلدون، ئەوا رای وابوو کە مێژوو بابەتێکی سوودبەخشە، ئەمیش لە "هەواڵێکە لەمەڕ کۆمەڵبوونی مرۆیی" (سەرچاوەی١، لا ٤، ٩، ٣٥). مێژوو تەنها بریتی نییە لە بەدواداچوونی رووداوەکان بەڵکو پرۆسەیەکی سروشتییە کە بەردەوامیی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی رووندەکاتەوە. ئەم بۆچوونەش، تائەندازەیەکی زۆر، جیاوازە لە راڤەکردنی تەقلیدیی مێژوو لە رۆژگاری ویدا بەمەش پێش هەریەکە لە ***ڤیکۆ*** و ***تۆرگۆ*** (Torgot) کەوتووە. بێگومان ئیبن خەلدون دەیویست شرۆڤەی مێژوو بکات لەسەر بنچینەی گۆڕانکارییە کۆمەڵاتییەکان. کە رەخنەشی گرتووە لە

مێژووناسانەی کە "ئەو گۆڕانانەی کە ڕۆژگار هێناوێنی بەسەر ڕووداو و نەریتەکانی خەڵك بە تێپەڕبوونی کات، لەبەرچاوی ناگرن" (سەرچاوەی ١، لا ٥). ئەم شێوە چەمکەی مێژوو لەلای ئیبن خەلدون زێتر لە فەلسەفەی مێژوو نزیکدەبێتەوە. وێڕای ئەوەی کە هەریەکە لە ***سۆرۆکن*** (Sorokin) (سەرچاوەی ١٠٩، لا٢٠)، و ***فلینت*** (Flint) (سەرچاوەی ١٨٥، لا ٥٤)، و ***بارنێز*** (Barnes) (سەرچاوەی ٢٩، لا ٩٦)، و ***شمیدت*** (سەرچاوەی ١٠٢، لا ١٧)، و ***دی بۆر*** (deBoer) (سەرچاوەی٣٥، لا٢٠٤-٢٠٥)، و ***سیمۆن*** (سەرچاوەی١٠٥، لا١٤١،٣٦-١٤٢)، و ***وات*** (Watt) (سەرچاوەی ١٢٦،بەرگی٥، لا١٠٧)، و ***عەنان*** (سەرچاوەی ٤٩، لا١٠٦)، ***خەلیفە*** (سەرچاوەی ٩، لا١٥) بڕوایان وابوو کە ئیبن خەلدون پشکداریی یاخود بەشدارییکردووە لە بنیاتنانی "مێژوو" وەکو زانست، خودی ئیبن خەلدون بڕوای وابوو کەمێژوو کۆمەڵێ خەملاندن دەگرێتەوە، بۆیە "کۆمەڵێ ڕەگ و ڕیشەی فەلسەفیی هەیە، شایستەی ئەوەشە کە ببێتە لقێکی فەلسەفە" (سەرچاوەی ١، لا٤).



## پەراوێزەکان

(١) کتێبی **العبر و ديوان المبتدأ والخبر في أيام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر.**

(٢) زمانی عەرەبی لەڕووی زاراوەوە دەوڵەمەندە، نموونەیەکی تر وەرگرە : ٩١ ناو هەیە بە زاتی ﴿الله﴾ دەگوترێت، کە هەمووشی ئیجابین، وەکو : "القهار- ملکەچکەر"، و"المذل - زەبونکەر"، و"الخافض - نەویکەر"، و"المهيمن - خۆسەپێنەر".

***تێبینی:***

١- نووسەر لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ناوە پیرۆزەکانی ﴿الله﴾ ژمارەیان ٩١ ناوە، بەڵام زۆرسەرچاوەی ئیسلامیم نۆڕی ژمارەیەم لە هیچیاندا بەدی نەکرد، بەڵکو سەرچاوە ئیسلامیەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ژمارەی ناوە پیرۆزەکان ٩٩ ناوە. جا یا ئەوەتە ئەم ٩١ هەڵەی چاپە یا هەڵەیەکی نووسەرە و هیچی دی.

٢- بۆ واتای ئەم ناوانەی سەرەوەش ئەم دوو سەرچاوەم بەکارهاوردوە:

- بورهان محمدأمین، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، پێداچوونەوەی لێژنەیەك، چاپی دووەم، بێ ساڵی چاپکردن، ناوەندی ڕۆشنبیر-هەولێر.

- عەلی باپیر، موسڵمانی کامڵ، بەشی یەکەم، ١٤١٨ کۆ- ١٩٩٧ ز، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشبیری- هەولێر. **وەرگێڕ**

(٣) لەساڵی -١٩٨٧- هەڵسام به وەرگێڕانی ئەم پەرتوکە بۆ زمانی ئینگلیزی و لە چاپخانەی Sh. Muhammad Ashraf (لاهور، پاکستان) بڵاومکردەوە.

(٤) هەروەها ***ژان بۆدین*** (Bodin)یش گوتوویەتی کە (سەچاوەی ٢٤، لا ٢٥A-٢٦A) پێویستدەکات کە لۆژیکێك هەبێت شوێنی لۆژیکی ئەرەستۆتالیسی بگرێتەوە.

(٥) شوێنەواری ئەم هەوڵوێستە نەیاریانەی ***ئیبن روشد*** بەرامبەر ***غەزالی*** چەشنی گەردەلولێکی مشتومڕ (جیاوازی) بوو. لەپێناو هەرەس پێهێنان و هەڵەشاندنی راکانی ***غەزالی*** لە ***تهافت الفلاسفة*** هەڵسا بە نووسینی پەرتوکی ***تهافت التهافت***. شایانی باسە هەردوو پەرتوکیش بە دوو شوێنەواری ناسراو دادەنرێن.

(٦) زۆربەی هەرەزۆر لەگەڵ ئەم رایە دان. بۆ نمونە بڕوانە ***دی بۆر*** (سەرچاوەی ٣٥، لا٢٠٢)، ***فەخری*** (سەرچاوەی ٥٠، لا١٣٠)، ***بۆتۆڵ*** (سەرچاوەی ٣٧، لا٨٣-٨٦)، ***موحەممەد مەحمود رەبیع*** (سەرچاوەی ١٦، لا٢٥٣-٢٥٧،٢٥٤)، ***حەبابی*** (سەرچاوەی ٦، لا١٣)، ***شورەیت***(سەرچاوەی ١٧، لا٥٩،٧٢)، ***عەنان*** (سەرچاوەی ٤٩، لا١٣٢،١٢٦-١٣٣). ***ئەروین رۆزەنتاڵ*** (سەرچاوەی ٩٥، لا٣١١-٣١٢) وادەبینێ کە ئیبن خەلدون "میتۆدی ئەزمونگەرایی بەکارهێناوە، دژی خەملاندنیش بوو، چەقی ئارەزووی سەرەکیشی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ئەم رێکخستنە کۆمەڵایەتییە بوو کە پەیوەستە بە دەوڵەتەوە".

## بەشی دووەم

### زانستە نوێیەکە: زانستی عومڕان

ئەم بەشە لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت هەندێ بەڵگە بخاتەڕوو لەمەڕ دەسکەوتە زانستیەکەی ئیبن خەلدون، کە بەر لە شەش سەدە بەدەستیهێناوە ئەویش: دانانی زانست "عومڕانی ئادەمیی و کۆمەڵبوونی مرۆیی" ە یاخود زانستی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کە هاوشێوەی ئەو زانستەیە ئەمڕۆ پێی دەڵێن کۆمەڵناسی. ئەم بەشە بەدرێژی دەچێتە نێو سروشت و میتۆدەکانی زانستە نوێیەکە. سەرەڕای بوونی هەندێ جیاوازی لەنێوان ئیبن خەلدون و ***ئۆگەست کۆنت*** دا، کەچی هاوڕان لە هەندێ داواکاری و ڕێگەکانی توێژینەوەی زانستی هەندێ لایەنی تری نووسینەکانیان.

### ١- کەی کۆمەڵناسی سەریهەڵدا؟

لەمەوبەر و تائێستاش ئەم پرسیارە زەینی زۆربەی نووسەرانی داگرتووە. لێرەشدا کۆمەڵە ڕایەکی دیاریکراو هەیە: (١) ڕای ***سمۆڵ*** (Small) کە دەڵێ بێگومان کۆمەڵناسی لە توانایدا نەبوو دابمەزرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو زانستە کۆمەڵایەتیانەی تر کە ڕووبەڕووی هەندێ لە گرفتەکانی ئەم زانستە بوونەوە، کە دواتر ***کۆنت*** ناوی لێنا سۆسیۆلۆژیا (Sociologie)؛ (٢) ڕای ***فرەنکلین گیدینس*** (Giddings) ئەمە دووپات دەکاتەوە کە ***ئۆگەست کۆنت*** لێکۆڵینەوەی دیاردە



کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، پێشبینی کردووە، لەژێر ڕۆشنایی ئەمەشەوە دەکرێ بڵێین ***کۆنت*** دۆزەرەوەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە (بڕوانە سەرچاوەی ٣٢، ل٥٦٥-٥٦٦). ***گومپلۆڤیتز*** (Guwmplowics)و ***سۆرۆکن*** و ***چامبلیس*** (Chambliss) لەسەرووی هەموو ئەوانەن پشتگیری لەم ڕایە دەکەن؛ (٣) گوتەی ***لیپۆڵد ڤان ڤیزە*** (Von Wies) کە گوایە کۆمەڵناسی (وەك زانستێك بتوانرێ بە ڕوونی پێناسە بکرێ) پێش چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەمیش هێشتا نەهاتبووە کایەوە. ڕای سێیەم نکوڵی نەکردووە لە پشکداریی هزرڤانەکانی پێشوو (لەوانیش ئەوانەی لە سەدەکانی ناوەڕاست دەرکەوتن) لە مێژووی ئەم زانستەدا (سەرچاوەی ١٣٠، ل٦٦٦). بێجگە لەوەی دوو ڕایەکەی تر(واتە: ڕای یەکەم و ڕای دووەم) شوێنکەوتەیەکی زۆریان هەیە، هەروەها پەیوەندیشیان بەم بەشەوە هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی، دان بەوە دانراوە ***ئۆگەست کۆنت*** (١٨٩٧-١٨٥٧) "باوکی کۆمەڵناسیی نوێیە"[(١)] (سەرچاوەی ١١٧، ل٢٥). بەڕای وی، ئەم زانستە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی دامالگەرییانەی کۆمەڵگە یاخود دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، یا سیستەمی کۆمەڵایەتی، یا پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی (سەرچاوەی ٤١، ل٤٦٣ و لاپەڕەکانی تر). ***کۆنت*** هەوڵیدا کۆمەڵناسی لە چەمکە ئایینی و میتافیزیکیەکان (سەرووی سروشت) ڕزگاربکات بۆ ئەوەی ئەم زانستە نوێیە کۆمەڵە یاسایەك بدۆزێتەوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕێك بخات. بۆیە ئەم زانستە پێویستی بەم میتۆدە ڕەوشگەریە (Raitive) هەیە کە بە واتای پێویستی بەکارهاوردنی ڕێگەکانی توێژینەوەی چەندێتی نەیەت.

ڕەوشگەرایی (Raiativism) جەختدەکاتەوە لەسەر ئەو میتۆدانەی توێژینەوە کە لە زانستە سروشتیەکان بەکاردەهێنرێن، دەشێ لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان پراکتیزە بکرێن. بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەکۆمەڵایەتییەکان، وێڕای میتۆدی مێژوویی سێ ڕێگەی توێژینەوە هەن کە دەشێ بەکاربهێنرێن، ئەوانیش بریتین لە:

تێبینیکردن، تاقیکردنەوە ( ئەزموون)، بەراوردکردن. بەڕای ***دۆرکهایم*** دەتوانین لە نووسینەکانی ***کۆنت*** دا کۆمەڵێ ئەنجامگیریی سەبارەت رووداوە مێژووییەکان بەدیبکەین کە زۆرپێویستیان بە بەڵگەهێنانەوەیە، چونکە ***دۆرکهایم*** "بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆی کە زۆریش جیاواز نییە لە بیروباوەڕی گشتیی خەڵك، لە پەرەسەندنی مێژوویی توێژیوەتەوە" (سەرچاوەی ٤٦، لا٢٠).

ڕەوشگەرایی (Positivism) بە رای ***کۆنت*** قۆناغی سێیەمە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی هزرییدا. ئەم قۆناغە بە پێچەوانەی قۆناغی یەکەم (ئایینیی) و دووەم (میتافیزیکیی فەلسەفیی)، بە بابەتگەرایی و هەوڵ و تەقەلای زانستیی جیادەکرێتەوە[٢] و بریتییە لە "زانست" و "ئایینی مرۆڤایەتیی" کە بەهۆیانەوە ویستی چاکسازی کۆمەڵگەی مرۆیی بکات و دووبارە رێکیببخاتەوە. ***کۆنت*** زاراوەی "کۆمەڵگە"ی پێناسەنەکردووە، هەروەك چۆن نەیتوانیوە کۆمەڵناسی و سیاسەتناسی بە روونی لێکجوێبکاتەوە (بۆ نمونە بڕوانە سەرچاوەی ٣٢، لا ٥٧٥، ٥٨٠، ٦٧٩، و سەرچاوەی ٢٩، لا٨٨). ***تۆنیس*** (Tounies) بڕوای وایە کەوا "کۆمەڵناسیی ***کۆنت*** بە خێرایی بۆ فەلسەفەی مێژوو گۆڕا، ئەمەش باش حاڵی نەبوونی ***کۆنت*** لە چەمکی زانست بۆ ئێمە دەردەخات" (سەرچاوەی ١١٨، لا٩٢). ***دۆرکهایم***-یش رایەکی داوە کە زۆر لەم رایەی تۆنیس نزیکە (سەرچاوەی ٤٦، لا١٤٧،١٤٣،٢٩،١٤٦؛ سەرچاوەی ٤٧، لا١٨).

***کۆنت*** دانی بە کاریگەری ***مۆنتیسکیو*** (Montesquieu) و ***کۆندۆرسێی*** (Condorcet) لەسەر بیرکردنەوەی ناوە (سەرچاوەی٤١، لا٤٤٤-٤٤٦). هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە قەرزاری پشکدارییەکانی ***ئەرستۆ*** و ***سان پییر*** (Saint-Pierre)و ***سان سیمۆن*** (Saint-Simon)یشە. ئەم پشکداریانە رێبەریان دەکەن لە ئاشکراکردنی رەسەنێتیی راکانی ***کۆنت***، کە ئەم بابەتەش دەمێکە لەلایەن زانا کۆمەڵناسە نوێ و هاوچەرخەکانەوە وروژێنراوە. هەندێکیان



سووربوون لەسەرئەوەی کە بەشێکی کەم و دەگمەن لە نووسینەکانی دەشێ پێیان بگوترێ رەسەن. لە راستییدا گرنگترین پشکدارییەکانی ***کۆنت*** بریتین لە وێدانی فۆرمیکی زانستی (رێکوپێك) بە پرەنسیپە دژەکان لە رۆژگاری خۆیدا. بەڵام "راستییەکەی ئەوەیە ***کۆنت*** تائەندازەیەکی زۆر، دواکەوتوبووە لە پەیبردن بە پێشکەوتنی فرەلایەنی زانستیی لە رۆژگاری خۆیدا... تێنەگەیشتنی لە زۆربەی پەرەسەندنە گرنگەکانی ئەو دەمە کە دواتر بوو بە بەشێکی چەمکەکانی کۆمەڵناسی" (سەرچاوەی ٣٢، لا٥٦٥ هەروەها بڕوانە سەرچاوەی٢٣،لا٧٣،١١٧؛ سەرچاوەی ٢٢، لا١٥). بە تایبەتی پەیوەندی بیروبۆچوونەکانی بە بیروبۆچوونەکانی ***کلۆد دی سان سیمۆن*** (١٧٦٠-١٨٢٥) پێویستیان بەهەندێ روونکردنەوە هەیە. هەرچی ***سان سیمۆن***-یشە بە هزرڤانێکی کۆمەڵایەتی نموونەگەرایی یۆتۆپیایی (Utpian) دادەنرێت کاتێك بڕوای وایە کە ئاسوودەیی مرۆڤ پێویستی بە هاوئاهەنگی (رێکخستن) کۆمەڵگەی مرۆییە، بە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانیشەوە.

لە پەرتوکەکەیدا ***چەند یاداشتێك دەربارەی کۆمەڵگەی مرۆیی*** ( I home Mémoire sure de) کە لە ساڵی ١٨١٣ تەواوی کردووە و لە ١٨٥٩ چاپکرا، ***سان سیمۆن*** ئاماژەی بە پرۆگرام و رایە بابەتگەرییەکانی کردووە چەند ساڵێك بەر لەوەی ***کۆنت*** ببێتە پیشەنگی ئەم بوارە. پەیوەندییەکانی نێوانیان (١٨١٧-١٨٢٣) توێژینەوەیەکی هێنایە بەرهەم بە ناونیشانی ***پلانێکی زانستی زۆر پێویست بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە*** ( Plan of the Scientific Operations Necessry for Organization of Society) و پاش بەچاپگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە بە ماوەیەکی کورت پەیوەندی نێوانیان پچڕا، بەڵام ***کۆنت*** بەردەوام بوو لە کێشمەکێشمی توندوتیژ لەگەڵ هەوادارانی ***سان سیمۆن***، "هەوڵیدا هەموو بەڵگەیەك بشارێتەوە سەبارەت کاریگەریی مەزنی ***سان سیمۆن*** لەسەر راکانی" (پێشەکی سەرچاوەی ٩٩، لا٣٣٧، هەروەها بڕوانە سەرچاوەی ٩٨، لا٢٧٥، و

سەرچاوەی٣٦، ل٣٥-٣٦). ئاشكرایشە ڕێبازە سەرەكییەكانی *سان سیمۆن* جەختیان لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە زانستەكان پێویستە پۆلێنبكرێن بەگوێرەی ئالۆزیان، هەروەها جەختیانكردۆتەوە سەر ئەوەی كە زانستێكی نوێی وەك زانستی سیاسەتناسی (La Science Politique)، دەبێ زانستێكی زیندووبێت و پەی بە چەمكی پەرەسەندن ببات.

بڕواداربوون بەوەی كە گوایە ئەو ڕایانەی *كۆنت* گوتوونی ڕای خۆی نین وای كردووە هەندێ لە بیرمەندان باوەڕیان وا بێت كە نووسیەكانی *مۆنتیسكیۆ* نزیكترن لە كۆمەڵناسی وەك لەمانەی *كۆنت* گوتوونی (سەرچاوەی ٢٢، ل٩٧-١٠٠، سەرچاوەی ٢٣، ل٨٣،١٣). لە ڕاستییشدا *دۆركهایم* زۆر ئەم گوتەیەی دووپاتكردۆتەوە "*مۆنتیسكیۆ* بناخەی ئەم زانستە نوێیەی داناوە" (سەرچاوەی ٤٨، ل١-٦١). سەرەڕای ئەم مشتومڕەی تائێستاش بەردەوامە كەچی مەگەر بە دەگمەن نەبێ كۆمەڵناسی خەلدونی هیچی لێ باس نەكردووە. ئاشكرایشە ئەو پەرتووكەكانی بە بناخەی كۆمەڵناسیی دادەنرێن، بە تایبەتی ئەمانەی كە لە زانكۆ ڕۆژئاواییەكان دانیان پێدانراوە وەك باوە، ناگەڕێنەوە سەر ئیبن خەلدون و پشكدارییە ئیسلامی-عەرەبییەكانی لە زانستی كۆمەڵناسی. بۆ نموونە، یەكێك لەم كتێبانە بەشێكی تایبەتكردووە بە هزرە سەرتاییەكان "بۆ لێكۆڵینەوەی كۆمەڵگە"، كارەكانی *ئەفلاتۆن* و *ئەرستۆ*شی بە ماوەی سەرتایی كۆمەڵناسی داناوە، ماوەی دووەمیش "لە سەدەی شازدەم دەستپێدەكات" (سەرچاوەی٤٤، ل٢٧-٢٨). لەلایەكی تریشەوە، لە نووسینەكانی هەندێ بیرمەند بەتایبەتی زانا كۆمەڵناسەكانی وەك *سۆرۆكن* و *گۆمپلۆفیتز* و *بارنێز* و *بیكەر* دەبینین گرنگیدانێكی بەرچاو دراوە بە پشكدارییەكانی ئەم هزرەمەندە عەرەبە لە بواری كۆمەڵناسیدا. *سۆركن* موقەدیمەی ئیبن خەلدونی بە "یەكەم توێژینەوەی ڕێكوپێكی كۆمەڵناسی و بەتایبەتیش لە زانستی كۆمەڵناسیی لادێی- شارستانی"داناوە [3] (سەرچاوەی١٠٩، ل٢٠).



هەروەك چۆن ئیبن خەلدون بە "باوكی كۆمەڵناسی" و "دامەزرێنەری كۆمەڵناسی" و زانایەكی كومەڵناسی دانراوە. ئەم سیفەتانە بەسەر خۆی و كارەكانی دادراوە بەبێ بوونی هیچ هەوڵێكی دیار بۆ بەووردی سەلماندنی ئەم باسە. ئەمەش هۆیەكی گرنگ بوو لەم هۆیانەی كە پاڵی پێوەنایین بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە بۆ پاڵپشتیكردنی ڕاكانی ئیبن خەلدون بە بەڵگەی تەواو قایلكەر و بڕواپێهێنەر.

**٢- كۆمەڵناسیی خەلدونیی**

ئیبن خەلدون پەی بەمە بردووە كە **ئەلموقەدیمە** بە پشكدارییەكی گرنگ دادەنرێت بەتایبەتی "دۆزینەوەی" زانستێكی نوێی سەربەخۆ. لەم بارەوە گوتوویەتی:

> **ئەم زانستە وەك ئەوە وایە كە سەربەخۆبێت و لە بابەتێك دەدوێ ئەویش *عومرانی ئادەمیی و كۆمەڵبوونی مرۆییە* لە چەند مەسەلەیەك دەدوێ ئەمیش خستنەڕووی ئەوشتانەیە كە گرفت و بارودۆخەكان خۆی لەخۆیدا یەك بە دوای یەك دەرگیری دەبن ئەمەش كاری هەموو زانستێكە لە زانستەكان جا چ ڕەوشگەریی بێ یاخود ئەقڵیی وە بشزانە دوان دەربارەی ئەم مەسەلەیە- عومرانی ئادەمیی و كۆمەڵبوونی مرۆیی شتێكی تازەبابەتە، ڕەوتێكی نامۆ، و سوودێكی زۆری هەیە بە لێكۆڵینەوە و قووڵبوونەوە هاتۆتە كایەوە**[5]. (سەرچاوەی ١، ل٣٨).

زانستی عومران جیاوازە لە سەرجەم زانستەكانی دیكە، بۆ نمونە، زانستی سیاسەتناسی مەدەنیی نییە، چونكە سیاسەت كورتدەبێتەوە لە دەوڵەت یاخود شار بەپێی چەند مەرج و داواكاری دیاریكراو كە جەماوەر دەیسەپێنێ بەسەر میتۆدێك هەڵگری پرەنسیپی پارێزگاری و مانەوەی بێت (سەرچاوەی ١،، ل٣٨). ئەم زانستە نوێیە "زانستێكە بەشێوەیەكی هەڵێنجێنراو دروست بووە، لە تەمەنی خۆمدا نەم

دیوه کەسێك پەی بەم جۆره گوتانه بردبێت، جا نازانم له بێئاگاییان بووه ئەمەش گومان بردن نییه پێیانەوه یاخود لەوانەشه لەم بواره نووسیبێتیان و تەواویشیانکردبێ بەڵام ئەمەی که نەگەیشتۆته دەستمان لەبارەی ئەم زانسته زۆر زێتره لەوەی که گەیشتووه " (سەرچاوەی ١، لا٣٨).

ئیبن خەلدون باوەڕی وابوو یەزدان ڕێنموونی کردووه بۆ دەسکەوتنی "زانستێك" که کۆمەڵه ڕاستییەکی روون و ئاشکرای تیابێت. ئەو به بێلافیەوه گوتوویەتی "ئەگەر توانیبم هەموو تەوەرەکانی ئەم زانستەم باسکردبێت و لەسەرجەم زانستەکانی دی جیامکردبێتەوه ئەوا بێگومان بەپشتیوانی و ڕێنموونی یەزدانەوه بووه. ئەگەر شتێکیشیم لێ لەبیرچووبێ یا بەهەڵە باسمکردبێت ئەوا توێژەر بۆی هەیه چاکیبکاتەوه و چاکەی ئەم کارەشی بۆمن دەگەڕێتەوه چونکه من ڕێخۆشکەر بوومه بۆی و ڕێگەم بۆی ڕۆشنکردووه"[٦] (سەرچاوەی ١، لا٤٠). ئەو له دوا لاپەڕی **موقەدیمەدا** جەختی کردۆتەوه سەر ئەم خاڵە: "به ئەندازەیەك باسمان لەم تەوەرانەی کردووه که ئەوەندەمان پێ بەس بووه، لەسەر هەڵێنجێنەری زانستیش نییه پەی به هەموو تەوەره و باسەکانی ببات، بەڵکو ئەوەی لەسەریەتی ئەوەندەیه شوێن کاری زانستەکه و جۆراوجۆریەتی بەشەکانی و ئەم بابەتەی لێیەوه دەدوێ دیاریبکات و ئەو کەسانەی که لەدوای ئەوەوه دێن شوێن ئەم تەوەرانه دەکەون تاکو بەیەکجارەکی بەجێبیدێنن" (سەرچاوەی ١، لا٥٨٨).

هەروەها ئیبن خەلدون ئەمەی روونکردۆتەوه که لقەکانی زانسته نوێیەکەی پەیوەستن به دانیشتوان و نیشتەجێکردن، و کولتووری رەوەندێتیی و سروشتی گوزەرانکردنیان و، گەلانی شارستان و شارەکانیان، و خەلافەت و، حکومەت و بەشەکانی، و کار و پیشەگەریی، و لێکۆڵینەوەی زانستەکان (سەرچاوەی ١، لا٤١. هەروەها بڕوانه لاپەڕەکانی ٦، ٧، ٣٥، ٤٠). ئەگەر بشمانەوێ چەمك و زاراوەکانی کۆمەڵناسیی هاوچەرخی بۆ بەکاربێنین ئەوا دەتوانین بڵێین که



توێژینەوەکەی پەیوەسته یاخود نزیکدەبێتەوه له هەریەکه له: لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان تاکەکان و ژینگەی سروشتیی، و کۆمەڵناسیی لادێیی (چونکه چەمکی رەوەندێتیی لای ئیبن خەلدون ناوچه لادێنشینەکانیش دەگرێتەوه)، و کۆمەڵناسیی شارستانیی، و کۆمەڵناسیی سیاسی، و کۆمەڵناسیی ئابووری.

جۆراوجۆریی ئەم بابەتانەی که زانستی خەلدونی دەچێته ناخیانەوه ئەگەر، بەهەر شێوەیەك، پەیوەندن هەبێت به زانسته کۆمەڵایەتییەکان(سەرچاوەی ١، لا٣٩،٩٧) بەڵام له هەمان کاتدا لێیان جیاوازن. ئیبن خەلدون گوتوویەتی: مێژووناسان "نەوه تازه پێگەیشتووەکانیان پشتگوێخستووه" (سەرچاوەی ١، لا٥) بۆ نمونه گۆڕینی خوو و نەریتەکان و بیروباوڕەکان. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا گرنگیدانی **موقەدیمه** به جیاوازیی "سەربورده و ئاکار و ترادسیۆنەکان" لەنێوان گرووپه کۆمەڵایەتییەکان، لەوانیش گرووپه ئایینیەکان، جیـــاوازه له گرنگیپێدانی هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر، بەهۆی لەخۆوەگرتنی زانیاری نەناسێنراو، ئەمەش وایکردووه که زانستەکەی تاك لەنێو هاوشێوەکانی. هەروەها **موقەدیمه** به تاکه کتێب دادەنرێت له جەختکردنەوەی لەسەر زانیاری بنیادنراو لەسەر ڕاستییەکان. کاتێك، له داهاتووشدا ئەمه دەبینین، ئامانجی زانستی عومران بریتی بێت له دروستکردنی کۆمەڵه یاسایەکی یەقینیی تایبەت به کۆمەڵگه و گۆڕانی کۆمەڵایەتیی (بڕوانه سەرچاوەی ١، لا٣٥ـ٤٠، و سەرچاوەی ٣، لا٦٤،٦٨)، ئەوا ئەم یاسایانه، ئەگەرچی بەهەمان توندیی یاخود توانست نەبن که زانسته سروشتییەکان هەیانه بەڵام، تا ئەندازەیەکی زۆر، پشتدەبەستێ بەم گشتاندنه روون و ئاشکرایانەی که دەربارەی دیارده کۆمەڵایەتییەکان هەن. ئەم یاسایانەش لەسەر گشتێتیی پراکتیزەدەبن و زۆریش کاریگەرنین به حاڵەته فەردیه دابڕاوەکان (سەرچاوەی ٦٨، لا٣٦،٨،٧). کاتێکیش ئیبن خەلدون لەبارەی "زانست"ەوه

دوابێت ئەوا مەبەستی لەو زانستەیە کە لەسەر زانیارییە یەکانگیرە ڕێکخراوەکان بنیاتنراوە (سەرچاوەی ١٠٢، ل٢١٧).

## ڕێگەکانی توێژینەوە

ئەگەر بمانەوێ تایبەتمەندییە گرنگەکانی زانست لەسەر زانستی عومرانی خەلدونی پراکتیزە بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین کە:

١- **کۆمەڵناسیی خەلدونی زانستێکی تیۆرییە:** کۆمەڵێ تیۆری کۆمەڵایەتیی لە کتێبی **موقەدیمەدا** هەیە. ئیبن خەلدون، زێتر لە بیرمەندە موسڵمانەکانی تر، جەخت دەکاتەوە سەر پێویستی و گرنگی هۆکار و ئەنجام لە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشتنی سەرجەم لایەنەکانی مێژووی ئادەمیی (سەرچاوەی ١٢٩، ل١٩٤).

٢- **کۆمەڵناسیی خەلدونی زانستێکی ئەزموونگەرییە** : لەپێناو دوورکەوتنەوە لە خەملاندن و گەیشتن بە گشتاندنی ڕاست و دروست، پێویستە ئەو ڕێگەنەی توێژینەوە بگرینەبەر کە شیاون. لەبەر ئەم هۆیەشە ئیبن خەلدون ئەم ڕێگانەی خوارەوەی بەکارهێناوە:

أ- **تێبینیکردن:** ئیبن خەلدون بە ڕێگەیەکی گرنگی وەدەستهێنانی مەعریفەی داناوە. (سەرچاوەی١، ل١٨١-١٨٢، ٣٩٩-٤٠٠). ئەزموونە بەرفراوانەکەی ئیبن خەلدون وەك دیپلۆماتێك و گەڕدەیەك و نووسەرێك، و تێبینیە وردەکانی لە ژیانی ڕەوەندێتیی، ڕوانینی لە ژیانی شارستانیی، وای لێکردووە جەختبکاتەوە سەر تێبینی. لە **موقەدیمەشدا** ئاماژەیکردووە بۆ تێبینیکردنی زۆر لایەنی کۆمەڵایەتیی. بێگومان دڵنیاش بوو لە دروستی ئەم زانیاریانە، چونکە هەروەك



خۆی گوتوویەتی،لە ئەنجامی پشکنینێکی ورد و گونجاو بە واقیع دەستکەوتوونە (سەرچاوەی١، ل٩-١٠، ٨٧-٨٩، ١٨١، ٣٤٧-٣٤٨، ٣٦١-٣١٢).

هەندێ لە نووسەران پێیانوایە کە تێبینیکردنی ئیبن خەلدون تایبەتن بە عەرەب و بەربەری باکووری ئەفریقیا، گشتاندنەکانیشی ناکرێ لەسەر گەلانی تری گێتیی پراکتیزە بکرێن (بڕوانە سەرچاوەی ٦٦، ل٩، و سەرچاوەی٧٠، ل٢٠٤). هەر وەك چۆن *نوری* باس لە کاریگەریی ئایینی ئیسلامی و ناوەڕۆکەکانی لەسەر بیرکردنەوەی ئیبن خەلدون دەکات (سەرچاوەی ٨٩، ل٢٥٠). لەمەڕ ئەم مەسەلەیەش بەم شێوەیە دەتوانین بەرپەرچی ئەم بۆچوونە بدەینەوە: یەکەم -زانیارییەکانی ئیبن خەلدون تەنیا لەمەڕ عەرەب و بەربەری باکووری ئەفریقیا نین، بەڵکو فارسەکان و یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان و تورکەکان و گەلانی تریش دەگرێتەوە (سەرچاوەی ١، ل٦، ٢٩، ١٤٦، ٢٥٤-٢٥٦، ٣٥٧-٣٥٨، ٣٦٩-٣٧٠، ٥٦٢-٥٦٤). دووەم: زانیارییەکانی ئیبن خەلدون لە گرووپە نائیسلامیەکانیش قووڵبوونەتەوە وەك: جوولەکە و مەسیحییەکان و زەردەشتییەکان (سەرچاوەی ١، ل٣٤، ٢٣٠-١٣٥، ٣٥٨). بەتایبەتیش لە پەرتوکی **ئەلعیبەر** دا زانیاری زۆر لە سەرچاوە جیاواز و جۆربەجۆرە (ئیسلامی، فەلە و جوولەکە)ەکانی بەکارهاوردووە. هەروەها ***فیچڵ*** (Fichel) گوتوویەتی شوێن هیچ سەرچاوەیەك نەکەوتووە مەگەر دوای پشکنینێکی وردی ئەم سەرچاوەیە نەبووبێ. هەروەها بەدانایی و ئاگاییەوە توانیویەتی لە دروستیی زانیاریەکان دڵنیاببێتەوە، بەتایبەتی کە بە زۆریی گرنگی زێتری داوە بە دیاردە کۆمەڵایەتیی و ئایینیەکانی گەلانی ئیسلامی (سەرچاوەی ٥٢، ل١١٩-١٢٠) کەواتە ئەم گوتەیەی *نوری* گوایە ئیبن خەلدون میتۆدی کۆمەڵناسی لە "تێبینیکردنی ترادسیۆنەکانی مەسیحییەکانی ئیسپانیا" بەکارنەهاوردووە (سەرچاوەی ٨٩، ل٢٤٧) ناکرێ بە هەند هەڵبگیرێت لەبەرئەوەی ئیبن خەلدون، بۆنموونە، ئەمەی ڕوونکردۆتەوە کە ترادسیۆنەکان چۆن چەسپاون و

"ڕەگیان لە ئەندەلوس داکوتاوە" (سەرچاوەی ١، لا٣٧٠). ئەمەشی خستۆتەڕوو کە هەندێ لەم ترادسیۆنە شارستانییانە گوێزراونەتەوە بۆ باکووری ئەفریقیا (سەرچاوەی١، لا٣٧٠-٣٧١). سێیەم: تەنانەت ئەگەر گشتاندنەکانی ئیبن خەلدون لە باکوری ئەفریقیا چڕبوویێتنەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەمە تاکە حاڵەت نییە لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکان. هەندێ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی چڕدەبنەوە لە تاکە کۆمەڵگەیەکی خۆجێتی بچووك، یاخود زانکۆی زانستیی، یان گرووپێکی ئایینی دیاریکراو.

**ب- بەراوردکردن:** ئیبن خەلدون لەچەند ڕوویێکەوە ڕێگەی بەراوردکردنی بەکارهێناوە، بە تایبەتی لە: (١) بەراوردکردنی دەوڵەت لە ڕۆژگاری خۆی بە پێشتر؛ (٢) بەراوردکردنی ماوەی دەوڵەتەکانی سەردەمی ئیبن خەلدون خۆی، بەیەکتر؛ (٣) بەراوردکردنی ماوەی تەمەنی دەوڵەت بە ماوەی تەمەنی مرۆڤ؛ (٤) بەراوردکردنی ڕەوەندێتیی بە خەڵکی شار؛ (٥) بەراوردکردنی زانیارییەکانی خودی خۆی بە زانیاری نووسەرانی تر.

ئیبن خەلدون بڕوای وابوو ئەم ڕێگەیە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان بەڵام هۆشداریی ئەوەشی داوەتە خوێنەرانی کە بەراوردکردنەکانی بەدەرنین لە هەڵە و چەوتی، چونکە بیرچوونەوە و پشتگوێخستن توێژەر بەرەو لاڕێی دەبەن و دووری دەخەنەوە لە گەیشتن بەو ئامانجەی کە تەقەڵلای بۆ دەدات.

ڕەنگە تاك "لە گۆڕان و هەڵگەڕانەوەی بارودۆخەکان تێبگات هەر بۆیەش لە سەرەتادا چۆنی ناسیووە ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و بەراوردی دەکات لەگەڵ ئەوەی دەیزانێ، ڕەنگە جیاوازی نێوانیشیان زۆر بێت، بۆیە دەکەوێتە نێو دۆڵێك لە هەڵە" لەبەر ئەمەشە چاکڕوانین وجێگیری "هەرکەسێ هەڵگریان بێت بەرەو ڕاستی دەبەن و دووریشی دەخەنەوە لە هەڵە و چەوتی" (سەرچاوەی١، لا٢٣٦،



٢٩،٢٨،٩). سەرەڕای ئەمەش پێویستە تاك پەلەنەکات لە نکولێکردن ئەم زانیارییانەی دەیبیسێ دەربارەی دەوڵەتەکانی پێشوو گوایە لە ڕۆژگاری خۆیدا هاوشێوەی ئەم دەوڵەتانە نابینێ، بەمەش "ڕەوشی بوون -وجود- و عومڕان لەیەکتر جودان " (سەرچاوەی ١، لا١٨١).

**پ- ڕێگەی مێژوویی:** ئیبن خەلدون، لە نووسینەکانیدا، کۆمەڵێ زانیاری کۆکردۆتەوە کە پەیوەستە بە بنەما و پەرەسەندنی دەوڵەتانەوە و ڕای زۆر جیاوازبووە لە ڕای مێژووناسانی سەردەمی خۆی کاتێك لە کاریگەری حوکمی ئەم جۆرە دەوڵەتانە، بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، کۆڵیوەتەوە. جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی پێویستە زانیاریە مێژووییەکان بە هشیاریەوە بپشکنرێ، لەبەرئەوەی هەندێ مێژووناس "تێبینی هۆی ڕووداو و حاڵەتەکانیان نەکردووە و لەبەرچاویشیان نەگرتووە، گوتەی هەڵە ڕەت ناکەنەوە و پشتگوێی ناخەن، دواتر لێووردبوونەوە و لێکۆڵینەوە زۆر کەمە... هەڵە و وەهم هاوەڵ و نزیکی هەواڵەکانن" (سەرچاوەی ١، لا٤٤). هەروەها هەندێ لە نووسەران زێدەڕەویدەکەن لە نیشاندانی هەندێ زانیاری بە جوێکردنەوەی سروشتی ئەم ڕووداوانەی کە شیاون و ئەمانیشی کە نەشیاون. بۆیە پێویستە لەکاتی پیشاندانی روداوێکی مێژوویی وەکو خۆی باس لە ڕاستییەکان بکرێت (سەرچاوەی١، لا١٨٢،٤). ئا لێرەدا کۆمەڵێ لەوێریی دیاریکراو هەن کە لە ئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاریە مێژووییەکان دێنە ئاراوە(سەرچاوەی ١، لا٣٥-٣٦):

***یەکەم:*** "لاگیری ڕێچکە و بیروبۆچوونەکان، چونکە ئەگەر دەروون لە حاڵەتی هاوسەنگیدا قبوولی هەواڵی کرد ئەوا مافی لێووردبوونەوە و تێڕامانی پێدەدات تاوەکو ڕاستی لە درۆ جیادەکاتەوە، بەڵام ئەگەر لاگیری بیروبۆچوونێك یاخود باوەڕێکی کرد قەبوولی ئەو هەواڵانەشی کرد کە لەگەڵ ئەو باوەڕە ڕێکدێنەوە ئەو

مەیل و لاگیریەش دەبێتە پەردەیەك لەسەر دیدی ئەو لە رەخنەگرتن و لێووردبوونەوە، ئەو کاتەش درۆ قەبوولدەکات و دەشیگوازێتەوە".

*دووەم:* "باوەڕبوون بە هەواڵدەران و ووردبوونەوە لێیان کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زانستی -تعدیل و تجریح-".

*سێیەم:* "سامگرتوویی لە بەرامبەر مەبەستەکاندا، زۆرینەی هەواڵدەران ئاگاداری مەبەستەکانی ئەو شتانە نین کە لێیان وردەدەبنەوە یاخود گوێیان لێی دەبێت، بۆیە هەواڵەکان بەپێی تێگەیشتن و خەملاندنی خۆیان دەگوازنەوە و دووچاری درۆ دەبنەوە".

*چوارەم:* "وەهمیبوونی راستگۆیی کە زۆربەی کات بە هۆی باوەڕکردن بە هەواڵدەرانەوە دێتە کایەوە".

*پێنجەم:* بێئاگایی لە پراکتیزەکردنی بارودۆخ بەسەر رووداوەکان بەهۆی پێداگێران لە بەدحاڵیبوون و خۆنیشاندان، بۆیە هەواڵدەر چۆن بینیویەتی ئەوها دەیگێڕێتەوە بێئەوەی بە خۆی باوەڕی پێ بێت".

*شەشەم:* "مەراییکردنی خەڵك بۆ کەسانی خاوەن پلەوپایە لە میانەی پێداهەڵگوتنیان و باش پێشاندانیان و پروپاگەندەکردن بۆیان، زۆر کات بەم پروپاگەندەیە هەواڵگەلێکی نادروست دێنەئاراوە، چونکە دەروونی تاك حەز بە پێداهەڵدان دەکات خەڵکانیش چاویان بڕیوەتە دونیا و نازو نیعمەتەکانی پلە و پایە و سەروەت و سامان".

*حەوتەم:* بێئاگایی لە سروشت و بارودۆخەکانی عومران، هەر رووداوێك زاتی بێت یاخود کرداری ئەوا سروشتێکی تایبەتی لە خودی خۆیدا هەیە، مەبەست لەو بارودۆخەیە کە دێتە رێگەی. ئەگەر گوێگر ئاگای لە سروشتی پێداویستیەکانی



رووداو و بارودۆخەکانی هەبوون -وجود- هەبێت ئەمە یارمەتیدەری دەبێت لە لێووردبوونەوە لە هەواڵەکان و جیاکردنەوەی راستگۆیی لە درۆزنی".

وێڕای ئەو هەواڵانەی کە مێژووناسان بەکاریدێنن، ئیبن خەلدون هەواڵە ئایینیەکانی جیاکردۆتەوە لەم هەواڵانەی پەیوەستن بە رووداوە واقیعیە رۆژانەییەکان (سەرچاوەی١، لا٣٥. هەروەها بڕوانە سەرچاوەی ٢٨، لا١٠٥-١٠٧). ئەو مرۆڤەی کە لە زانیارییە ئایینییەکان دەکۆڵێتەوە لەوانەیە پێویستیی بە زانینی یاسا کۆمەڵایەتییەکان یاخود سروشتی ئەم شتانەی کە دەرئەنجامی بەشارستانییبوون نەبێت، لەکاتێکدا سروشی ئایینی (خودایی) تاکە سەرچاوەی زانیارییە ئایینییەکانە کە پێویستە وەکو خۆی وەربگیرێت. تاکە شت بتوانین پیێ هەستین بریتییە لە روونکردنەوەی پاراستنی ئەو راستییانەی کەسێك باسیان لێوەدەکات و خۆی هەڵگری ئەم زانیارییە ئایینیانەیە.

لەم تێبینیانەی سەرەوەدا دەتوانین ئەمە بەدەست بێنین سەرەڕای ئەوەی ئیبن خەلدون کەوتبووە ژێرکاریگەری ئەو بیرکردنەوە تەقلیدیەی لە کۆمەڵگەکەیدا باوبووە، ئەوا توانی زۆر بەڕوونی بابەتێتی و رێگە توێژینەوە ئەزموونگەرییەکەی بچەسپێنێ (بڕوانە سەرچاوەی ٩٥، لا٢٦؛ و سەرچاوەی ٧٧، لا١٧١؛ وسەرچاوەی ١٠٣، لا٢١٣-٢١٤).

**٣-کۆمەڵناسیی خەلدونی زانستێکی کۆمکارییە** (Cumulative):
کۆمەڵگەی مرۆیی بە درێژایی چاخەکان هەمیشە کەوتۆتە ژێر رکێفی گۆڕانکاریەکان. ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کەوا ئەم زانیاری و هەواڵانەی بەدەستمان دەکەوێت پێویستیان بە لێووروبوونەوەو پشکنین هەیە بۆ دڵنیابوون لێیانەوە (سەرچاوەی ١، لا ٥).

ئیبن خەلدون بڕوای وایە کە "ڕاهێنانی زمان بە دیالۆگ و گفتوگۆ لەسەر بابەتە زانستیەکان، بۆ ئەوەی لە مەبەستی نزیکببێتەوە و بەدەستیبهێنێت" ئاسانترین ڕێگەیە بۆ وەدەستکەوتنی توانست و کارامەیی لە زانستەکان (سەرچاوەی ١، ل٤٣١). ئەگەرهاتو هزرمەندێك هەڵەیەکی لە هزرمەندانی تر، تەنانەت گەر خودان ناوبانگیشبن بە نووسینەکانیانەوە، بەدیکرد، ئەوا لەسەر ئەو هزرڤانە پێویستە بە نووسین ئاماژە بە بەرهەڵستی خۆی بکات بەرامبەر ئەم هەڵەیە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا خوێندەڤانانی مەعریفە بتوانن سوودی لێوەببینن و لەم جیاوازیەش بگەن. بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر زانستێکی خودان کەموکوڕی و لەکەدار لە ئارادا هەبێت ئەوا ئەرکی بیرمەندانە ئەم هەڵە و کەموکوڕیانە ڕاست بکەنەوە، بەبێ جێهێشتن و پشتگوێخستنی هیچ کەموکوڕیەك (سەرچاوەی ١، ل٥٣١-٥٣٢). بەڵکو پێویستە بیرمەند ئەمە بۆ شارەزایان ئاشکرابکات کە ئەو کەسانەی کە شوێنکەوتەی نووسینی خەڵکانی ترن، ئەوانە کەسانی تاوانکار و گومڕان. کاتێك کەسێك دەبینین بانگەشەی کارێکی هزری بۆ خۆی دەکات و مافی کارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ کەسێکی دیکە؛ یاخود کەسێك هەڵدەستێت بە ساختەکارییەکی دیاریکراو، وەك ئاڵوگۆڕی هەندێك وشە و گونجاندنی هزرەکان بە شێوەیەکی نوێ، یا زێدەکردنی هەندی زانیاری بێسوود، گشت ئەمانە واتای نەفامی و بێچاوەڕوویی دەگەیەنێت. کەواتە پوختکردنەوەی زانیارییەکان کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی خۆمان ببینین ئەگەر ئەم زانیاریانە بەشێوەیەکی پراکتیکی ڕوویاندابێت نەك ڕەتکەرەوەی لایەنە سروشتیەکان بێت (سەرچاوەی ١، ل٣٧٧). پێمانوایە کە مەبەستی **موقەدیمە** بریتییە لە : جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەم زانیارییانەی کە دەربارەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە دەشێ ڕاستبکرێنەوە و پاکساز بکرێن ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵێ تیۆری یەقینیی ڕاستودروست.



بۆیە ئەم گوتەیەی ***تەها حوسێن*** (سەرچاوەی ٦٦، ل٣٧-٣٨) زێدەڕەوییەکی زۆری تێدایە کە گوایە ئیبن خەلدون ووردنەبۆتەوە لە سەرچاوەکانی و نەیپشکنیون. چونکە یەکەمجار: ئەو زانیارییانەی ئیبن خەلدون خۆی بەدەستیهێناون جوان لێیان ووردبۆتەوە و هەستاوە بە راستکردنەوەی بەشێکی ئەم زانیارییانە. ئیبن خەلدون خۆی لە پەرتوکی **ئەلتەعریف** دا لەسەر ئەم بابەتە دواوە[٧]. دواتر: لە هەندێ لاپەڕەی **موقەدیمە** دا، ئیبن خەلدون هێرشیکردۆتە سەر ئەو خوێندەڤانانەی زانست کە زانیارییەکانیان بەووردی نەپشکنیوە و لێی وردنەبووتنەوە و ئەم چیرۆك و گێڕانەوانەی، کە داتاشراون یاخود بەدەرن لە بەڵگەی ماددیی و پەیوەندیشیان بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکان هەیە، ڕەت نەکردۆتەوە. ڕەخنەی زۆری گرتووە لە هەندێ لە نووسینەکانی ئەو بیرمەندانەی کە بەخاوەن توانا ناسراون، چەشنی: ***تەبەری*** و ***ئیبن ڕوشد*** و ***تەرتوشی*** و ***مەسعودی***. وێڕای ئەوەی ئیبن خەلدون کە ڕوانگەیەکی باشی هەبوو لەسەر ***مەسعودی*** (بەهۆی گرنگیدانی بە ڕێگەی توێژینەوە ئەنجامدان و هەبوونی ڕوانگەی نوێ کۆمەکیی ئیبن خەلدونی کردووە لە لێکۆڵینەوەی چەمکەکانی مێژوو) بەڵام ئیبن خەلدون لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی لێگرتووە چونکە ***مەسعودی*** کۆمەڵێ چیرۆك و شتی پڕوپوچی (خوڕافاتی) خستۆتە نێو نووسینەکانی کە هیچ بنەمایەکی ڕاستودروستی نییە [٨].

**٤- کۆمەڵناسیی خەلدونی زانستێکی بابەتگەرییە** : یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم زانستە، لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە وەکو خۆی. ئیبن خەلدون بە شێوەیەکی بابەتگەری و دوور لە هەڵە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی شرۆڤەکردووە[٩].

بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی، کۆمەڵێ کتێب هەن، وەسفی شتەکان دەکەن کە پێویستە چۆن بن نەوەك خۆیان چۆنن، هەندێکیان گرنگیەکی زۆریان بە ڕابردوو و ئایینده داوە کەچی ئێستایان فەرامۆشکردووە. یەکێك لەم کتێبانەش بریتییە لە - **اراء أهل المدينة الفاضلة**-ی ***فارابی***، کە یەکێکە لە فەیلەسوفە موسڵمانە

ناسراوەکان، نووسیویەتی. واش مەزەندەدەکرێ پەرتوکی ***کۆماری ئەفلاتون*** کاری کردبێتە سەر ***فارابی*** لە هەوڵدانی بۆ وەسفکردنی دەوڵەتی نمونەیی (ئایدیالیستی). هەروەها دەردەکەوێ کاتێك تێبینی ژیانی شارستانیی کردووە بەمەبەستی شکاندنەوە سەرکۆنەکردنیەتی (بۆنمونە سەرچاوەی ٤، ل٩٠) کەچی بەپێچەوانەی ***فارابی*** ئیبن خەلدون دیدێکی واقیعبینانەی هەبوو لەشیکردنەوەی ژیانی شار بە مەبەستی تێگەیشتنی و گونجان تیایدا.

***موحسین مەهدی*** بڕوای وایە کە ئەگەرچی ئیبن خەلدون "بەئاگاییێك و بابەتێتیەکی" دەگمەن رووداوە واقیعیەکانی روونکردۆتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا " کەسێکی ئەزموونگەر نەبوو" (لەسەرچاوەی ٧٧، ل٢٩٣).

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە: یەکەم: سروشت و رەهەندەکانی هەر کارێکی ئەزموونگەریی لە هەموو زانستەکاندا وەکو یەك نین. دووەم: لەژێر رۆشنایی ئەمەشەوە، بەشێوەیەکی گشتی، چالاکییە ئەزموونگەرییەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە هەمان توندی یا ئاڵۆزی نییە کە لە زانستە سروشتیەکاندا بەدیدەکردێت. سێیەم: هەندێ لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی، لە نێوانیشیان هەندێ زانای کۆمەڵناسی، بڕوایان وایە ئەو چالاکیانەی توێژینەوەی زانستی کە پشتدەبەستن بە تێبینیە وردەکان دەبنە هۆی گەیشتن بە مەعریفەیەکی یەقینی کە دەشێ پێی بگوترێ ئەزموونیی (empirtical). ئەم رایەش فەلسەفە پەسندیدەکات و وەریدەگرێت، وشەی "ئەزموونگەریی" پێناسەدەکات بەوەی کە "خودان پەیوەندییە بە شارەزایی و ئاماژەش بە ژیانی واقیعی کرداری دەکات". هەروەکو چۆن فەلسەفە بەم شێوەیە پێناسەی رێبازی ئەزموونگەرایی (Empiricisim) کردووە کە "گریمانێکە دەربارەی سەرچاوەکانی مەعریفە... دەربارەی سەرچاوەی بیروبۆچوونەکان، چەمکەکان، گەردوون... راهێنان... رێگە... یاخود میتۆدی توێژینەوە، ئەم گریمانەش پشت بە تێبینیکردنی راستەوخۆ یاخود



تێبینی هەنووکەیی دەبەستێ" (سەرچاوەی ٩٠-٩٨). وەك چۆن ***دۆرکهایم*** یش بە راشکاویەوە گوتوویەتی مەعریفەی ئەزموونگەرایی دەرئەنجامی تێبینیەکانمانە بۆ چالاکییەکان (سەرچاوەی ٤٦، ل ١٥).

هەروەها ***بۆتۆل*** (Bouthoul) بڕوای وایە بابەتگەری ئیبن خەلدون ئەوەندە بەرتەسك بووە کە بۆتەهۆی ئەوەی هەموو شتێك قبووڵ بکات یاخود بە راستی بزانێت لەمانەیش باوەڕبوونی بە جنۆکە (سەرچاوەی ٣٧، ل٨٩-٩٠). بەر لە هەموو شتێك، خودی ئیبن خەلدون بە روونی باسی ئەمەی کردووە کە ئەم گێڕانەوانەی لەبارەی جنۆکەوەن "مەبەستی پێ لە خراپە و ترسان بووە" ئەم گێڕانەوانەش نابێ پشتی پێ ببەسترێ بەم جۆرەی کە هەیە چونکە ئەمە کارێکی نائاسایی دەنوێنێ: لەبەر ئەوەی جنۆکە نەشێوەی و نەوێنەیەکی تایبەتی پێیەوە زانراوە. بەڵام مەبەست پێی لە دیمەنی ناشیرین و تۆقاندنە لەبەر ئەوەی شتێکی راستییە و هەیە "(سەرچاوەی١، ل٢٦). دواتر: گووتەکانی ***بۆتۆل***، تا ئەندازەیەکی مەزن، دژی گووتەکانی خۆیەتی (لە هەمان کتێبدا) کە گوایە ئیبن خەلدون پشتی بە رێگەی تێبینیکردن بەستووە (سەرچاوەی٣٨، ل ٨٤، ٩٠).

هەروەها دەربارەی بیروباوەڕە ئاینییەکانی ئیبن خەلدون پرسیارێکی تریش وروژێنرداوە کە ئایە کاریگەری گەورەی کردۆتە سەر هەوڵە زانستیەکانی یان نا؟ ئەوەی ئێمە دەیبینین بریتییە لەوەی کە ئیبن خەلدون موسڵمانێکی ئیماندار بووە، بەڵام نەهاتووە زانستی عومرانی بە گوێرەی چەمکە ئاینییەکان شرۆڤەبکات. گەرچی قورئانیشی وەك سەرچاوەیەك بەکارهاوردووە. بەڵام ئەم دەستەواژە ئاینیە جۆراوجۆرانەی کە لە کۆتایی هەر بەشێك لە بەشەکانی **موقەدیمەدا** تێبینیان دەکەین، پێمانوایە، ئەمە لە نەریتەکانی نووسین (کتێب دانان) بووە لە رۆژگارەی ویدا، تا ئەندازەیەك، ئەم نەریتە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

## ٣- ئیبن خەلدون و ***کۆنت***: وێکچوون و جیاوازی

ئیبن خەلدون و ***کۆنت***، سەرەڕای جیاوازی راوبۆچوونەکانیان لە یەکتر، بەڵام لە رووی بیرکردنەوەی زانستیی و رێگەکانی توێژینەوە و هەندێ لایەنی تری گرنگ لە نووسینەکانیان زۆر لەیەك نزیکدەبنەوە:

١- هەریەکەیان وای بۆچووە کەوا زانستێکی هێناوەتە ئاراوە (سەرچاوەی ١، لا٣٨٧، سەرچاوەی ٤١، لا٣٩٩، ٤٨٥-٤٨٦). هەرچی ئیبن خەلدونە بە زانستی "عومرانی ئادەمیی و کۆمەڵبوونی مرۆیی" ناوی بردووە. بەڵام ***کۆنت*** ناوی ناوە کۆمەڵناسی، بابەتی توێژینەوەی هەردوو زانستیش کۆمەڵگەی مرۆییە. ئیبن خەلدون چەندین جار ئەمەی دووپاتکردۆتەوە کەوا ئەم زانستە زانستێکی سەربەخۆیە.

٢- ئامانجی کۆمەڵناسی ***کۆنت*** ریفۆرمی کۆمەڵگەی مرۆییە. کاتێك کە خۆی و هەندێ هزرڤانی تری وەك ***مارکس*** و ***سپنسەر*** گرنگیان داوە بە کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و هزری، بە تایبەتی لە ئەوروپا. ***کۆنت*** لە بیرکردنەوەیدا سەبارەت ئایندەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی زۆر نموونەییتر بوو، لە خەڵکانی تر. بە پێچەوانەشە، ئیبن خەلدون گرنگیداوە بە وەسفکردنی کۆمەڵگەی مرۆیی و بەس، نەك بە دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی، وێڕای ئەم هەوڵانەش کە داویەتی بۆ یەکخستنی نێوان رەوەندێتی و ئیسلام (سەرچاوەی ٢٨). دەشتوانین لە نووسینەکانی ئیبن خەلدوندا ئەم گرنگیدانە بەدیبکەین کە بە دامەزراندن و رووخانی دەوڵەت لەم رۆژگارە داوەیەتی. هەروەها بە هەناردنی چەند دانەیەکی پەرتوکی ***موقەدیمە*** بۆ سەرۆك وڵاتانی باکووری ئەفریقیا، ئەمەش رەنگە لەسەر ئاستی پاراستندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قبووڵ و راڤەبکرێ، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو و بە هێز و جێگیر ببینێ.



٣- ***کۆنت*** ویستی کۆمەڵگە رزگاربکات لە چەمکە ئایینی و میتافیزیکییەکان، (ئەودیوگەریی، سەرووی سروشت) و ئەمەش بە پێداگرتن و جەختکردنەوەی لەسەر قۆناغی رەوشگەرایی یاخود زانستی. بە هەمان شێوە ئیبن خەلدون هەوڵیداوە نووسینەکانی خۆی دووربخاتەوە لە کەوتنە ژێر کاریگەریی میتافیزیکا، بابەتگەرایی و زانیارییە یەقینیەکانیشی دووپاتکردۆتەوە.

٤- هەریەکەیان هەوڵی دۆزینەوەی چەند یاسایەکی تایبەت بە ژیانیکۆمەڵایەتی داوە کە هاوشێوەی یاساکانی زانستە سروشتیەکان بێت، تا بەهۆیانەوە بتوانین لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بگەین و شرۆڤەکان بکەین. ***دۆرکهایم*** دانی ناوە بە پشکداری کۆنت لەم مەیدانەدا، سەرەڕای ئەمەیش پێشنیاری ئەوەی کردووە کە «زانای کۆمەڵناسی، دەروونی خۆی بخاتە هەمان ئەو حاڵەتە زەینەکیەی زانا فیزیایی و کیمیایی و فزیۆلۆژیەکان». بێگومان کاتی "ئەوەش هاتووە کۆمەڵناسی وەك زانستێك خەسڵەتی وردەکاریی یاخود وردبینی وەربگرێت، ئەمەش بناخەی هەموو زانستێکە" (سەرچاوەی ٤٦، لا٤٥-٤٦، ١٤٦، و سەرچاوەی ٤٨، لا٦٣-٦٤).

٥- بە هۆی گرنگیدان بە زانیاریە یەقینیەکان، هەریەکە لە زانستی عومڕان و سۆسیۆلۆژیا (کۆمەڵناسی) توانای پێشبینی (Prediction) کردنیان هەیە.

٦- ***کۆنت*** و ئیبن خەلدون تێبینیکردن و بەراوردکردن و زانیارییە مێژووییەکانیان وەك رێگەیەکی توێژینەوە بەکاربردووە. ئیبن خەلدون لە سەرەتادا وەك مێژووناسێك دەستی بە کارەکانی کرد. بە دامەزرێنەری مێژووی زانستیی (Scientific History) دانراوە (بڕوانە سەرچاوەی ١٠٩، لا ٢٠). هەروەك چۆن ***کۆنت*** لە نووسینەکانیدا جەختیکردۆتەوە سەر رێگەی مێژوویی، کە لە زانستی کۆمەڵناسیدا بۆ ماوەیەکی زۆریش رێگەی توێژینەوە بوو، سەرەڕای ئەوەی دانیشی ناوە بەوەی

بەهۆی ئاڵۆزی یا قورسی بابەتەکانی ئەم زانستە نوێیە ئەوا پراکتیزەکردنی ئاسان نییە و گرانە (سەرچاوەی ٤١، لا ٤٤٥-٤٤٦، ٤٨٤).

٧- هیچ یەکێکیان ڕێگەی چەندێتی (بەتایبەتی ئامار و بیرکاری) لە توێژینەوە زانستییەکاندا بە کارنەهێنانەوە. دەشێ هزرڤانی بەلچیکی ***ئەدۆلف گێتیلێە*** (Getelet) بە یەکەم کەس دابنرێ کە هەوڵیداوە ئامار وەك ڕێگەیەکی توێژینەوەی بەکاربهێنێت لە لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (کەچی ***کۆنت*** و ئیبن خەلدون گرنگیان بەتێبینیکردن داوە). جەختکردنەوەی ئیبن خەلدونیش لەسەر تێبینی لەپێناو گەیشتن بە ڕاستییەکی ڕوون و بێخەوش، وای کردووە هەندێ لە هزرمەندە نوێیەکان بگەنە گشتاندنێك کە دەڵێ: "لە لای ئیبن خەلدون لایەنی لۆژیکی لە تێبینیدا، مەسەلەیەکە لە سەرجەم کارەکانیدا جێگەی سەرنجە" (بڕوانە سەرچاوەی ٤١، لا٣٢، ٢٦٩، سەرچاوەی ١٠٢، لا٤٥).

٨- هەریەکەیان زانستەکەی خۆی جیاکردۆتەوە لە زانستەکانی تر. کۆمەڵناسی ***کۆنت*** جیایە و بریتییە نییە لە سیاسەت یا ئابووری یاخود یاسا، بەڵکو شتێکی جیاوازە. زانستی عومرانی خەلدونییش خودان بابەتی تایبەت بە خۆیەتی، جیایە لە سیاسەت یا وێژە یان فەلسەفە یاخود مێژوو.

٩- ***کۆنت*** خۆی نەبەستاوەتەوە بە تاکە بابەتێکی دیاریکراو بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەم بابەتە، لە کاتێکدا باوەڕیشی وابوو کەوا کۆمەڵگە وەکو گشت چاکترە لە بەشبەشکردنی (سەرچاوەی ٤١، لا٤٩٨، ٥٠٨). ئەمەشی کە پەیوەندی بە ئیبن خەلدونەوە هەیە. ڕەوەندێتی و شارستانێتی و پەیوەندییان بە دامەزراندن و ڕووخانی دەوڵەتەوە بە بەشێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانی و شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکەی دادەنرێت.



١٠- هەردووکیان باوەڕییان وابوو سروشتی ئادەمیزادی، لە بنەڕەتدا، لە هەموو شوێنێکدا وەکو یەکە.

١١- لە دژی تاکگەرایی (Individualism) هاوهەڵوێست بوون.

١٢- ***کۆنت*** ڕاستەروو گوتوویەتی کە خەڵکان هەرگیز یەکسان نین. بەشێوەیەکی گشتی، ئەم دەستەواژەیە هاومانایە لەگەڵ ڕاڤەی ئیبن خەلدون بۆ پسپۆڕیی و کار و پیشەوەریی، هاوشێوەی ئەم گوتەیەشیتی کە دەڵێ "جیاوازی نەوەکان لە بارودۆخیاندا بە هۆی جیاوازی بژێوی ژیانیانەوەیە"، هەورەها دەڵێ: "شکۆمەندی لە نێوان خەڵکدا دابەشکراوە و چین لە دوای چین هاتۆتە خوارەوە لای سەرەوەش بە پاشاکان کۆتایی پێدێت کە هیچ کەسێك لە سەرووی ئەوانەوە نییە، هەرچی لای خوارەوەیە ئەوا بەو کەسە کۆتایی دێت کە نەسوود و نەقازانجی بۆ هاورەگەزی خۆی نییە لە نێوان ئەم دوو چینەشدا کۆمەڵێ چینی دیکەن هەن" (سەرچاوەی ١، لا١٢٠، هەروەها لاپەرەکانی ٣٨٢-٤٨٤، ٣٩٠).

١٣- ڕاکانی ***کۆنت*** زۆر ڕوونترن لە مەسەلەی دابەشکردنی ئەم زانستە کاتێك کە دابەشیدەکات بۆ دوو بەش: وەستاو (ستاتیك- Static) و جوڵاو (داینامیك- Dynamic). هاووێنەی ئەم جۆرە دابەشکردنە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەو نووسینانەی ئیبن خەلدون، کە دەربارەی ململانێی نێوان ڕەوەندێتی و شارستانێتیین، داهاتووە.

١٤- هەردووکیان گرنگیی گۆڕانی کۆمەڵایەتیان تێبینیکردووە، گرنگی زۆریشیان داوە بە گۆڕانی فیعلی لەو کۆمەڵگەیەی کە هەریەکەیان ژیانی تێیدا بردۆتەسەر. بەتایبەتیش ئیبن خەلدون ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستەی ئەو نووسەرانە کردووە لێوەکۆڵینی "گۆڕان"یان پشگوێخستووە کە بابەتێکی گرنگی تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتییە.

١٥- "بڕوابوون و بوونی متمانە بە پەرەسەندن بەرەو پێشکەوتن" خاڵی گرنگ و سەرەکییە لە تیۆرەکەی ***کۆنت*** (سەرچاوەی ٤١، لا٥١٥، لاپەڕەکانی تریش، سەرچاوەی ١١٧، لا٣٠) کە بەشێوەیەکی گشتی بیرۆکەیەکی هەڵەیە: هەروەك چۆن (دامەزراندن و رووخانی دەوڵەتان) خاڵی گرنگی تیۆرەکەی ئیبن خەلدون هەروەها ئەمەشیان، تا ئەندازەیەکی مەزن، هەڵەیە (بڕوانە بەشی شەشەم).

پشکدارییەکانی ئەو دوو هزرڤانە زۆر زۆرن، بەتایبەتی لەم چەمکە نوێیانەی هێناویانەتە نێو ئەم زانستە. بە رای ***شمیدت***، ئەو پێناسەی ***کۆنت*** بۆ کۆمەڵناسی کردوویەتی و ئەم رێگەیانەی توێژینەوەی کە بەکاریهێنانەتەوە هەرگیزاو هەرگیز ناشی بریتی بێت لە هەموو کۆمەڵناسی. ***شمیدت*** جەختیکردۆتەوە سەر ئەوەی کە ئەم زانستە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەر لە ***کۆنت***یش هەر هەبووە. هەروەها بەر ***لەشمیدت***، ***گومپلۆفیتزیش*** ئەم رایەی دووپاتکردۆتەوە، بۆ نموونە، ئیبن خەلدون پێشبینی هەندێ بنەما و دەرئەنجامی ئەم زانستەی کردووە کە ئەمەشی بەلاوە شتێکی زۆر گرنگ بووە.

لێرەشەوە پرسیارێکی بوێرانە دەوروژێنین: ئایا ***کۆنت*** نووسینەکانی ئیبن خەلدونی بینیوە یان خوێندونیەتیەوە؟ بۆ وەڵامدانەی ئەم پرسیارەش پێویستە ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگرین:

یەکەم: دەرکەوتنی ناوی ئیبن خەلدون لە ئەوروپا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٣٦ز، لەو کاتەی کەوا ***ژاکۆب گۆلیۆس*** (Jacob Golus) هەستا بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی ئیبن عەرەبشاە ***عجائب المقدور في اخبار تیمور*** لە شاری لیدن (بڕوانە سەرچاوەی ١٠٥، لا٣٦-٣٧، و سەرچاوەی ٧، لا٦١١).

دووەم: لە ساڵی ١٦٩٧، لە (Bibliothèque Orientate) کورتەیەك سەبارەت ژیانی ئیبن خەلدون بڵاوکراوەتەوە.



سێیەم: لە ساڵی ١٨٠٦ و ١٨١٠ ***سلڤستەر دی ساسی*** (de Sasy) هەستا بە چاپکردنی وەرگێڕراوی فەرنسی چەند بەشێکی کتێبی ***موقەدیمەی*** ئیبن خەلدون. هەروەها ساڵی ١٨١٦ هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی "وەسفێکی زۆر"ی کتێبی ناوبراو.

چوارەم: لە دەوروبەری هەمان کات و ساتدا، لە ساڵی ١٨١٢، ***هامەر پورگستاڵ*** (Hammer Purgstall) توێژینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە، تیایدا باس لەو تیۆرانەی ئیبن خەلدون دەکات کە لە بارەی رووخانی دەوڵەتانەوەیە، ئیبن خەلدونی بە "مۆنتیسکیۆی عەرەب" وەسفکردووە.

پێنجەم: لە دوای ئەمەش، لە ساڵی ١٨٢٢دا، هەستا بە بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوی ئەڵمانی کورتکراوە یاخود لێوەرگیراوی **موقەدیمە** لە ژۆرناڵ ئەسیاتیك (Asiatique Jornal).

شەشەم: هاوکات ***دی ساسی*** و هاوڕێیانی بەردەوام بوون لە بەچاپگەیاندنی وەرگێڕاوی چەند بەشێکی تری **موقەدیمە** (کە دواتر، هەموو پەرتوکەکە بە وەرگێڕداروی بڵاوکرایەوە) (بڕوانە سەرچاوەی ٤٩، لا١٥٠، ١٥١، ١٨٣، سەرچاوەی ٦٤، لا٢٥٤). ئایا ***کۆنت*** هیچ شتێکی زانیوە سەبارەت بە بەشێکی یاخود سەرجەم ئەو وەرگێڕاوە فەرەنسییانەی کە لەبارەی کارەکانی ئیبن خەلدونن؟ ئەگەر ئاوانەبێت، ئایا لەوە ناچێت ئەم مەسەلەیە نائاسایی یاخود نامۆبێت بە تایبەتیش کە ئەو -***کۆنت***- لە کەشێکی چڕوپڕی هزرییدا ژیانی بردۆتەسەر؟ دەشتوانین گریمانێکی تر دەرببرین: هەندێ لە بیروبۆچوونەکانی ئیبن خەلدون بە دەست ***کۆنت*** گەیشتوون لە رێگەی ئەو سێ خوێندەڤانە میسرییەی لەلای ئەودا دەیانخوێند، کە یەکێکیان ***مەزهەر بەگ*** بوو[١٠]. گریمانەی سێیەمیش ئەمەیە: ***کۆنت***، تا ئەندازەیەك، کاریگەر بووە بە نووسینەکانی ***مۆنتیسکۆ***، شایانی باسە ***مۆنتسکیۆ***ش بە هەندێ لە نووسنیەکانی ئیبن خەلدون ئاگاداربووە یاخود پێی

زانیوە، بەم شێوەیە هەندێ لە راکانی ئیبن خەلدون بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەدەست *کۆنت* گەیشتوون، کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەمەیە: هەرچی لە پێشوودا باسکرا تەنها خەملاندن بووە و هیچی تر، سەرەڕای ئەمەش ناشێ خۆمان بێئاگا بکەین لەو جیاوازیە روون و ئاشکرایانەی کە لە ئامانج و پراکتیزەکردنی کۆمەڵناسی *کۆنت* و زانستی عومڕانی ئیبن خەلدوندا بەدیدەکرێت.

ئەم زانستە، خۆی لە خۆیدا، داهێنانێکی کولتووریە: بریتییە لە کۆمەڵێك (یان پێکهاتەی) چەند بەشێکی ناسراوی رێسای کولتووریی، کە ئیبن خەلدون پەی بەم راستییە کولتوورییە بردبوو (سەرچاوەی١، لا٥٢٧-٥٣٠). ئەمەش هۆی باوەڕبوونی ئەو نووسەرانە راڤەدەکات، کە لەو باوەڕەدان گوایە "پشکداریە تازەکانی *کۆنت* زۆر کەمن، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین سەرجەم راکانیشی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو هەموو بیرمەندەی پێش وی "(سەرچاوەی ١٧٧، لا٢٩). هەمان گوتەش لەبارەی ئیبن خەلدون گوتراوە. بە چاوپۆشین لەم تێبینیانەی پێشوو، ئەوا ئەم تێبینیانە نەیتوانیوە رێگە لە بەردەوامبوونی بیروباوەڕی ئەو نووسەرانە بگرێ کە بڕوایان وایە ئیبن خەلدون "بنیادنەری" ئەم زانستە نوێیەیە[11]. تەنانەت ئەو کەسانەی کە گووتویانە "مەسەلەی رەسەنێتیبوونی بیرکردنەوەی ئیبن خەلدون مەسەلەیەکی زێدەرۆییە "کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە ئیبن خەلدون توانیویەتی ئەم زانستە نوێیەی ئەمڕۆ پێیدەڵێین "کۆمەڵناسی" بینادبنێ و پەرەی پێبدات، بەبێ ئەوەی هیچ کەس لەم مەسەلەیەدا پێشی کەوتبێت[12].



## پەراوێزەکان

١- لەوە دەچێ هەرچی پەرتوکێك کە دەروازەی کۆمەڵناسی بێت پشتگیری لەم رایە بکات.

٢- هەروەها *تۆرگۆ* (Torgo)یش بیری بۆ سێ قۆناغەکەی پەرەسەندنی مرۆیی چووە. هەروەك چۆن *بۆدن* (Bodin)یش پێشبینی ئەم سێ قوناغەی کردووە (بڕوانە سەرچاوەی ٣٢، لا٤٧٢-٤٧٣، ٥٠١-٥٠٢).

٣- هەروەها بڕوانە سەرچاوەی ١١١، لا٥٤، سەرچاوەی ٧٨، لا٥٣. *بارنێز سۆرۆکن* بە یەکەم کەس دادەنرێن کە نووسنیەکانی ئیبن خەلدونیان، بەشێوەیەکی کورتکراوە و پوختکراو، پێشکەش بە خوێنەرانی ئەمریکی کردووە.

٤- بڕوانە سەرچاوەی ١٢٢، لا ٢٩؛ سەرچاوەی ٧٣؛ لا١٤٥، سەرچاوەی ٦٧؛ لا ١٨٥؛ سەرچاوەی ٣٧؛ لا ٢٩-٣٨، سەرچاوەی ٩٢؛ لا ١، لا ٧-١٠. *زەینەب خوزەیری* (سەرچاوەی ١٢) دەڵێت: "زۆربەی هەرە زۆری ئەو توێژینەوە عەرەبیانەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠دا هاتوونەتە دەرکەوتن، پشتیان بە ئیبن خەلدون بەستوو وەك زانایەکی کۆمەڵناسی. بۆچی؟ لەبەر شانازییکردن پێیەوە، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی چونکە کۆمەڵناسی زانستێکە لە زانستە نوێیەکان. لەوانەشە لەبەرئەوە بووبێ کە ئەو توێژینەوانە هێشتا بەپێی میتۆدەکانی توێژینەوە لە زانستی کۆمەڵناسیی نوێ رێکنەخرابن، دواتریش خەیاڵیان وا رۆیشتووە کە ئەم هەوڵانەی ئیبن خەلدون داوینی لە کانگای کۆمەڵناسیەوەن (لا ٥) بەڵام لە لاپەڕە (٨٢)ی هەمان سەرچاوەدا

وەك بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو گووتەیەی ***تەها حوسین*** کە گوایە کۆمەڵناسی "جگە لە فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی هچی تر نییە"، ***خوزەیری*** دەڵێ "زانستی کۆمەڵناسی هەر لە دامەزراندینەوە کەوتبووە ژێر کاریگەری فەلسەفەی مێژوو چونکە مێژوو ئەم سەرچاوەیەکە کۆمەڵناسی لەوێوە هەڵقوڵاوە، تەنانەت ***ئۆگەست کۆنت***یش زۆربەی بە دامەزرێنەری کۆمەڵناسی دادەنێن لەگەڵ ئەوەش زۆرجار توێژینەوەکانی تێکەڵ بە فەلسەفەی مێژوو بوونەتەوە".

٥- لە راستییدا وشەی "عومڕان" بە تەنها واتایەکی نییە. بە واتای "رێکخستنی کۆمەڵایەتی" و "مەدەنییەت" (سەرچاوەی ١، و سەرچاوەی ٤، لا٢٥٣)، واتای "دانیشتوان"یش دەگەیەنێت (سەرچاوەی ١، و سەرچاوەی ١٠١)، هەروەها واتە "پەیوەندییە ئادەمییەکان" (سەرچاوەی ٨٩، لا١٩، و سەرچاوەی ٧٧، لا٨٧، یان کولتوور (سەرچاوەی ٧٧، وسەرچاوەی ١٠٥، لا٩٣)، یاخود ژیانی کۆمەڵایەتی (سیڤلانا باتسیڤا: زانستی عومران لە موقدیمەی ئیبن خەلدون دا، وەگێراوە عەرەبییەکەی، الدار العربیە للکتاب، لا٨٨).

ئەو واتایانەش لێرەدا و لە شوێنی دیکەی ئەم کتێبە بەکارهاتوون، بەڵام جەختی زیاتر کراوەتە سەر چەمکی "رێکخستی کۆمەڵایەتی". ئەم چەمکانەش هەریەکێکیان لە رووی واتاوە لەوانی دیکە لە چەمکی عومران نزیکترن. ئەم حاڵە لە کۆمەڵناسی رۆژئاوایی نوێ - هاوچەرخیشدا دووبارەدەبێتەوە، کاتێك کۆمەڵێ پێناسەی جۆراوجۆر بە دیدەکەین کە بۆ وشەی "سۆسیۆلۆژیا Sociology" کراوە، بۆ نموونە: "زانستی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان"، "زانستی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان"، "زانستی گرووپە ئادەمییەکان"، "زانستی رەفتاری کۆمەڵایەتی"، "زانستی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان" (بڕوانە سەرچاوەی ٢٥، لا٢، و سەرچاوەی ٢٦، لا٤٣٧، و سەرچاوەی ٩١، لا٢٢٣).

٦- ***بۆتۆڵ*** (سەرچاوەی ٣٧، لا ٢١) کاتێ ئیبن خەلدون زانستە نوێیەکەی خستەڕوو پێویستی بە بێلافی بوو. ئەم قسەیە قەت ناشێ پەسندبکرێ، بەتایبەتیش کە ئیبن خەلدون دانناوە بەوەی گەیشتن بە کاملبوون یاخود کەماڵ ئەستەمە. لەبارەی کتێبەکەشیەوە گوتوویەتی «من لەدوای



تەواوکردنی ئەم کتێبە لەبوونی کەمتەرخەمی دڵنیام، دانیش بەبوونی ناتەواوی دادەنێم، پێمخۆشە کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕی دەستپاك هەبن و بێن بە دیدێکی رەخنەگرانە هەڵەکانم راستبکەنەوە، نەك بێن بە چاوێکی پڕ لە رەزامەندییەوە سەیری بکەن...» (سەرچاوەی ١، لا ٧). ***فرانز رۆزەنتاڵ*** (F. Rosenthal) لە پەراوێزی ژمارە (١٩)ی وەرگێڕاوەکەی **موقەدیمەی** دەگێڕێتەوە: لە کۆتاییەکانی شارستانی ئیسلامی بۆچوونێك باوبوو کە پێیوابوو بڕوابوون بەوەی هرزمەندانی پێشوو (شتێکی) کەمتر لە کەسانی هاوچەرخ دەزانن، بە جۆرێك لە بێئابڕوویی دادەنرا. ئیبن خەلدونیش سەبارەت بە زانستە نوێیەکەی و هۆی ئەوەی کە کەسانی پێش وی نەچوونەتە نێو ئەم باسە ڕووندەکاتەوە و دەڵێ: «نازانم ئەوانە لەم باسە بێئاگابوونە، ئەمەش گومان پێبردنیان نییە، یاخود رەنگە لەم بوارە شتیان نووسیبێت تەواویشیانکردبێ، بەڵام ئەوەی بەدەستمان گەیشتووە زۆر لەوە کەمترە کە گەیشتووە» (سەرچاوەی ١، لا ٣٨).

٧- بڕوانە ***تۆینبی*** (Toynbee) (سەرچاوەی ١٢٠، لا ٣٢٦) و ***فیچڵ*** (سەرچاوەی ٥٢). ئەو ژمارانەی ئیبن خەلدون سەبارەت باج و سەرانە لە بەغدا و قاهیرە و شوێنەکانی دیکە کۆیکردوونەتەوە، کۆمەڵێ پرسیاری لەلای هەندێ لە نووسەر و شارەزایان دروستکردووە بەمەی کە ئایا ئیبن خەلدون زێدەڕۆیی تێداکردوون یا نا؟

٨- ئەمە زۆر بەروونی لە زۆربەی لاپەڕەکانی **موقەدیمە** دەردەکەوێت: لا ٤-٥، ٩-٢٨، ٣٥-٣٦، ٣٨، ٤٠، ١٤٢، ١٥٥-١٥٦، ٢٦٤-٢٦٥، ٢٧٧-٢٧٨، ٣٣١-٣٣٢، ٣٨٧-٣٨٨، ٥١٦-٥١٧. هەورەها بڕوانە ***فیچڵ*** (سەرچاوەی ٥٩، لا ١١٣) و ***گیلاب*** (سەرچاوەی ٥، لا ٢٦). ئیبن خەلدون بەپێچەوانەی ***ڤیکۆ*** (Vico) توانی خۆی دەربازبکات لە ئەفسانە و خورافات. بە پێچەوانەی ***بۆدن*** (Bodin)یش باوەڕی بە "کاریگەری ئەستێرە و کەلووەکان لەسەر بەخت و چانسی تاکەکان و گەلان و وڵاتان نەبوو (بڕوانە سەرچاوەی ٥٢، لا ١٣٢، ١٣٥).

٩- ژمارەیەك لە توێژەرانی هاوچەرخ خۆیان خزاندۆتە نێو بابەتگەری لە توێژینەوەکانی ئیبن خەلدوندا، لەوانیش ***گیب*** (Gibb) (سەرچاوەی ٥٦، لا ١٦٩)، ***مەهدی*** (سەرچاوەی ٧٧، لا ٧٥)

***رەبیع*** (سەرچاوەی ١٦، لا ٨، ٤٧٧)، ***عیساوی*** (سەرچاوەی ٦٨، لا ٣) ***سیمۆن*** (سەرچاوەی ١٠٥، لا ٢٠)، ***ئەلکین*** (Ulken) (سەرچاوەی ١٢٢، لا ٣١)، ***لاکۆست*** (سەرچاوەی ٧٠، لا ٧٥) و ***تالێبی*** (سەرچاوەی ١٨، لا ٥٣٤).

١٠- لە سەرچاوەی ژمارە -١٣-دا ***عیززەت*** دەڵێ: ***کۆنت*** " لە بارودۆخی رۆژهەڵات دوورنەبوو تاوەکو ئاگاداری بیروڕاکانی ئیبن خەلدون نەبووبێت. هەروەها ***کۆنت*** سێ خوێندەڤانی میسری هەبوو کە ئێمە ئاشنایەتیان لەگەڵ گرنگترینیان هەیە ئەویش ئەندازیار ***مەزهەر بەگ***، ئەو کەسەی ***کۆنت*** خۆی هیوایەکی زۆری پێیی هەبوو بۆ ئەوەی بیروڕاکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبکاتەوە ببێتە پەیامبەری رێبازی رەوشگەریی لەم ناوچەیە کە بەشداریشی لە دروستکردنی پردە خێرخوازییەکان کردووە. ئێمە لە کتێبخانەی قاهیرە کتێبی "پوختەی رێبازی رەشگەریی" ***کۆنت*** مان بە ژمارەی -٣٥٩١- دۆزیەوە کە پێشکەشی کردووە ئا بەو خوێندەڤان میسرییە خۆی لەسەری نووسیوە" بۆ خوێندەڤانی خۆم ***مەزهەرە فەندی*** بەرێوەبەری کاروباری ئەندازیاری لە میسر "ئەمەش لە بەرواری ٢١ی مایۆی ١٨٤٩ دانووسراوە" ***عیززەت*** وێنەیەکی فۆتۆگرافیشی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیدا بڵاوکردۆتەوە.

١١- ***ڤیکۆ*** و ***مۆنتیسکیو*** و ***گێتیلێە*** بە سەرەتا پێشەنگانی کۆمەڵناسی دادەنرێن. دەتوانین ئەم مەسەلەیش تائەندازەیەك بە دۆزینەوەی ئەمریکا بچوێنین. زۆربەی هەرە زۆری خەڵك باوەڕی وایە ***کۆڵۆمبۆس*** دۆزەرەوەی راستەقینەی ئەمریکایە: کەچی رای زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی (مرۆناسی) ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە "هیندیە سوورەکان" بەر لە ١٢ هەزار ساڵ پێش گەیشتنی ***کۆڵۆمبۆس*** ئەوان لەم کیشوەرە بوونە!

١٢- بڕوانە بەشی سێیەمی ئەم کتێبە، و ***سامبلیز*** (سەرچاوەی ٤٠، لا ٣١٢).

## بەشی سێیەم

## کۆمەڵگە و کولتوور و بەکۆمەڵایەتیبوون

ئیبن خەلدون لە کۆمەڵگەی مرۆیی، لە رووی قەوارە و ئەرکەکانی و بزاوتن و ئەو گۆڕانانەی بەسەری دادێن کۆڵیوەتەوە، بەڵام هیچ پێناسەیەکی چەمکی "کۆمەڵگە"ی بۆ نەکردووین. لەم لایەنەشەوە لە نێو بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکاندا تاك نییە. دواتر هەریەکە لە *کۆنت* و *سپنسەر* و *ڤیبەر* و *زیمڵ* هیچیان بەشێوەیەکی رەسمی پێناسەی "کۆمەڵگە"یان نەکردووە. بەلای *کۆنت*ەوە، کۆمەڵگە واتە بنیادی بەکۆمەڵیی بوونەوەرە زیندووەکان، رووخساری ئەم بنیادەش لە ئەرکەکانییدا وەدەرکەوێت و بەرەو ئامانجێکی هاوبەش کاردەکات و هەنگاوداوێت. *سپنسەر*، کۆمەڵگەی بە بنیادێکی سیاسی رێکخراو داناوە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەندامەکان لە هەوڵی هاوئاهەنگدان، چونکە کۆمەڵگەش بوونەوەرێکی زیندووە و پارێزگاری هاوسەنگی و هاوئاهەنگی خۆی دەکات. *ڤیبەر*یش پێیوابوو کۆمەڵگە پشت بەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزانە دەبەستێت کە خودان واتا و مەبەستی خۆیانن. چەمکی کۆمەڵگە لەلای *ڤیبەر*، تا ئەندازەیەك، خاوەن هەمان مانایە لەلای *زیمڵ*، بەڵام *زیمڵ* زێتر قسە لەسەر پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن بە پەسەند دەزانێ. لێرەشدا دەبینین مەبەستی *زیمڵ* لە سیستەمەکانی پەیوەندییەکان سیستەمە



ئاکاریی (پێودانگەیی) و یاساییەکانە، ئەم رایەشی هاوشێوەی ئەم بۆچوون *دۆرکهایم*-ە کە لەبارەی رەفتاری کۆمەڵایەتییەوە هەیەتی، کە دەڵێ: "رەفتاری کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی سادە و ساکاری نییە. ئاکارەکان و چاکەکارییەکان بە هەموو شێوە و جۆرەکانیانەوە هەرگیز بەیەکەوە کۆنابنەوە مەگەر لە کۆمەڵگەوە نەبێت، ئەم پێکهاتەیەش بە گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت" (سەرچاوەی ٤٥، ل٣٣٩).

### ١- کۆمەڵگە: قەوارەیەکی سەربەخۆیە

ئیبن خەلدون هەمیشە جەختیکردۆتەوە سەر پێویستی خەڵك بۆ ژیانێکی رێکوپێکی پێگەیشتوو. هەروەها رایەکی هەیە و زۆریش بە ناوبانگە کە دەڵێ: مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتی "مەدەنی"ە. بە بۆچوونی وی تاك "هەر دەبێ کۆمەڵایەتی بێ" تاکەکان لەپێناو وەدەستهاوردنی گوزەرانیان و پێویستەکانی ژیانیان بەبێ هاوکاریکردنی یەکتر و رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ ناتوانن پارێزگاری لە ژیانیان بکەن (سەرچاوەی ١، ل٤١-٤٣، ١٨٧، ٣٠٢-٣٠٣). لێرەدا دەبینین کە مرۆڤ خودان کۆمەڵی تایبەتمەندی دیاریکراوە کە جوێیکردۆتەوە "لە سەرجەم گیانەوەران" ئەمانیش:

١- توانستی بیرکردنەوە کە توانیویەتی لە ئەنجامی شارەزابوون لە "زانستەکان و پیشەوەری" بەدەستیبێنێ؛ ٢-پێویستبوونی حوکمێکی توندوتیژ و دەسەڵاتدارێکی زۆردار-قاهر- ئەمەش لە "ئەنجامی بیر" و "روانین"ەوە دێتە ئاراوە نەوەکو بە رێگەی غەریزە یاخود لە سروشتەوە (سەرچاوەی ١، ل ٤٠-٤١، ١٨٧، ١٩٢)؛ ٣- تێکۆشان کارکردن لەپێناو وەدەستهێنانی بژێوی لە هەموو روویەکییەوە و هۆکارەکانی ئەم بژێویە"؛ ٤- "عومران، ئەمیش نیشتەجێبوون و دابەزینە نێو شارەکان یان جێگیربوونی رووخۆشیی و دڵخۆشی و جێبەجێکردنی ئەو

پێداویستیانەی کە لە سروشتی کەسانی دەوروبەردا هەیە بۆ نموونە دەستەوایی لە گوزەرانکردندا" (سەرچاوەی١، لا ٤١). لێرەدا دەبینین رووی وێکچوون لە نێوان ئەم رایانەی رابردوو ئەم رایەی ***کۆنت***دا هەیە کە بە توندیی جەختدەکاتەوە سەر ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ و پێویستی ئەم مرۆڤە بە هاورێیەتیکردنی تاکەکانی تر. هەروەها راکانی ئیبن خەلدون لەو بیرۆکەی ***دۆرکهایم***یش نزیکدەبنەوە کە دەڵێ کۆمەڵگە سەرچاوەی بەها شارستانییە بەرزەکانە، وا لە مرۆڤ دەکات لە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی ئاژەڵدا بێت.

***ئیروین رۆزەنتاڵ*** راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە "ئیبن خەلدون بە تێڕامانێکی لە رادەبەدەر بۆ باروردۆخەکانی جیهان بەو شێوەیەی کە هەیە بەهرەدار بووە، تیۆرێکی دەربارەی بنەوان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی هێنایەکایەوە" (سەرچاوەی ٩٥، لا٣٠٨، ٣٠٩، سەرچاوەی ١٠٥، لا٦٤، ٩٩). ئیبن خەلدون خوازیاری دروستبوونی ئەو یاسایانە بوو کە کۆنترۆڵی کۆمەڵی رەوتی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکەن. بەشێوەیەکی تایبەت باسی لە کۆمەڵگە شارستانییەکان و کۆمەڵگە رەوەندێتییەکان (بە لادێیە دابڕاوە لاچەپەکانیشەوە) کردووە و کاریگەری فاکتەرە سیاسی و ئابووری و جوگرافیەکانیشی لەسەر پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵگەیانە خستۆتەڕوو.

چەمکی کۆمەڵگە لە لای ئیبن خەلدون، وەك چۆن لای ***دۆرکهایم***یش هەر ئاوایە، بریتییە لەو مەیدانەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی تێدا روودەدات کە ملکەچی یاساکانن (بڕوانە سەرچاوەی ٤٨، لا٦٣-٦٤، سەرچاوەی ١٣١، لا١٧٦). ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو رایەی ئابووریناسە کلاسیکیەکانە کە دەڵێ لە کۆمەڵگەدا هیچ شتێکی راستیی -حقیقی- لە ئارادا نییە بێجگە لە تاك.



کەچی رای ئیبن خەلدون، کۆمەڵگە راستییەکی سەربەخۆیە. ئەم رایەش هاوڕایە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی ***دۆرکهایم***، کە پێیوابوو ئەم راستییە بەرزترە و جیاکراوەتەوە لە تاك. ***دۆرکهایم*** لەم بارەوە زۆر روونتر بوو، بە تایبەتی کە دەڵێ: "کاکڵەی-ناوەڕۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی هەرگیز ناشێ بە هۆکارە پەتییەکانی دەروونناسی، واتە حاڵەتە هەستییەکانی تاك شیبکرێتەوە". (سەرچاوەی ٤٧، لا١٦، سەرچاوەی ٤٥، لا٩٦).

لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین ئیبن خەلدون یەکەم هزرڤانە کە "کۆمەڵگە"ی کردۆتە بابەتی زانستێکی سەربەخۆی نوێ. بە رای ***بیکەر*** و ***بارنێز*** (Becher and Barnes) ئیبن خەلدون توانیویەتی لە کۆمەڵگەی ئادەمیی بکۆڵێتەوە و شیبکاتەوە و دابەشی بکات بۆ چەند پێگەیەك کە بتوانرێ زانستانە لێی بکۆڵێتەوە، هەروەها توانیویەتی لە زانیارییەکان، چەپکێك گشتاندنی خودان "سوود و بەهای بەردەوام لەو بواری کە بە کۆمەڵناسی ناوی دەبەین" پوختبکات[1].

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئیبن خەلدون جیاوازی لە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان و لاوەکیەکان کردووە. پەیوەندییە سەرەکییەکان، پشت بە ئەوپەڕێ پەیوەست بوون بەیەکەوە و نزیکیی و خزمایەتی دەبەستن "لە پێگەی کوڕ و برا و خزم و لایەنگرانی" ئەو پەیوەندییە کەسیی و گەروگوڕانەن کە بەهۆی پێکەوە ژیانی خەڵکان لەگەڵ یەکتردا دێنەئاراوە (سەرچاوەی ١، لا١٨٤-١٨٥). لە لایەکی ترەوە، پەیوەندییە لاوەکییەکان بریتین لە پەیوەندی لەگەڵ بیانی یاخود بێگانەدا، کە "پەیوەستبوون بە یەکتر لەنێوانیاندا زۆر لاوازترە و هەر بۆیەش یارمەتیدانی یەکتر کەمترە" بەڵام دەشێ پەیوەندیەکی نزیکایەتی -لەم بارەدا- دروستببێ بە تایبەتی لە نێوان کۆیلە و گەورەکەی -خاوەنەکەی- و لەنێوان سەرۆك و دەست و پێوەندەکانی. چەمکی "گرووپە سەرەتاییەکان"

(Primary Group)، بە تایبەتی لەگەڵ نووسینەکانی ***چارلز کووڵی*** ( Charles Cooley) برەوەی سەند. ئەم چەمکەش خۆشویستن یا دڵنەرمی و هاوڕێیەتی دووپاتدەکاتەوە. کە شتێکی "سەرەکی و بنەڕەتییە لە پێکهاتنی سروشت و هزرە کۆمەڵایەتییەکانی تاك (سەرچاوەی ٤٢، لا٢٣٧). بەڵام "گرووپە لاوەکییەکان" (Secondary Group) جیادەکرێتەوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناکەسییەکان (Impersonal). لە لای ئیبن خەلدون، پەیوەندی سەرەکی یا لاوەکی، ئەوا پەیوەندی "ویستراون" و "مەبەست"ی خۆشیان هەیە (سەرچاوەی ٦٣، لا١٠).

## ***تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئادەمیی:***

بە رای ئیبن خەلدون، کۆمەڵگە کۆمەڵێ تایبەتێتی بنەڕەتیی دیاریکراوی هەیە. کە ئەمەش لەپێناو بەردەوامبوونیەتی، لەمانەش:

**١- کۆمەڵگە وەکو گشت -کل- (نەوەك وەکو تاك بە تەنها) بە هێزێکی یەکانگیر دادەنرێت لە بەرامبەر فاکتەرە ئادەمیی و سروشتییەکاندا:** ئەمەش راڤەی، پێویستی کۆمەڵبوونی مرۆیی و پێویستی تاك بە هاوکاریی کەسانی تر بۆ بەرگری لە خۆکردن، دەکات. خۆشگوزەرانی هەر کۆمەڵگەیەك تەنها ناوەستێتە سەر بە هێزیی کۆمەڵگە (لە رووی ژمارەوە)، بەڵکو پشتیش بە یەکگرتوویی ئەم کۆمەڵگەیە دەبەستێ. ئەگەر هاتوو لە کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێ گرووپی بەهێز یاخود بەتوانامان لە هەمان کاتدا بەدیکرد، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە کەوا یەکێك لەم گرووپانە لەوانی تر بەهێزتر بێت یاخود لە سەرجەم گرووپە کۆبووەوەکانی تر بەهێزتر بێت. لە ژێر رۆشنایی ئەمەشەوە دەتوانین بڵێین کەوا کۆمەڵگە بریتییە لە گەورەترین گرووپێك لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو (سەرچاوەی ١، لا٤٢، ١٣٩-١٤٠، ١٩٠-١٩١، ٣٦٠).



**٢- کۆمەڵگەی ئادەمیی پێویستی بە فەرمانڕەوایەك هەیە:** بێگومان خەڵکان هەردەبێ "کەسێك هەبێ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێ و گەندڵییەکانیان، بەشێوەیەکی توندوتیژ، کەمبکاتەوە یاخود نەیانهێڵێت. کۆمەڵگە بەبێ سەرکردە "بەرەو بێسەروبەریەك دەڕوا کە دەردەسەری و تۆوبڕانەوەی ئادەمیزادی لێدەکەوێتەوە". ئەگەر هاتوو سیستەمی فەرمانڕەوایەتی لەسەر "سیاسەتێکی ئەقڵیی" بنیادنرابێ ئەوا پێویستە خەڵکان ملکەچی چاکەکانی فەرمانڕەوابن، پاش ئاشنابوونی فەرمانڕەوا بە بەرژەوەندیەکانیان". مەرجیش نییە ئەم فەرمانڕەوایەش ئایینی بێت، "گەرهاتوو خەڵکان خۆیان رێککەوتووبوون لەسەر یەکسانی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە چ پێویستی بە پێشەوا -بێگومان ئایینی- هەیە و پێویستیش ناکات ئەو پێشەوایە دابمەزرێت" (سەرچاوەی ١، لا١٩٢، ٢٣٠، ٣٠٣). دواتر دەبینین، کەوا سەرۆکایەتی پشتدەبەستێ بەم هێز و دەسەڵاترۆییەی لە ئەنجامی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی "دەمارگیریی" (عەسەبیەت Asabiyah) دێتە ئاراوە.

**٣- ئەم کار و ئەرکانەی کە زۆر پێویستن بۆ خۆشبژێوی کۆمەڵگە، دابەشکراون بەسەر تاکە خودان توانا و لێهاتووەکان:** ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەرمانڕەوا "لە خودی خۆیدا لاوازە، ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەوا گومانی تێدانییە دەبێ داوای یارمەتی لە هاوڕەگەزەکانی بکات". ئەم چالاکیانەش پێویستی بە هاوئاهەنگی هەیە، بۆ ئەوەی پێویستی زۆرترین رێژەی دانیشتوان دابین بکرێ (سەرچاوەی ١، لا ٢٣٥، ٣٦٠). پاش چەندین سەدە، ***کۆنت*** باسی لە پێویستی هاوئاهەنگی ئەم چەشنە چالاکیانە کردووە لەپێناو گەشەسەندنی دەوڵەت (سەرچاوەی ٤١، لا ٥١٠-٥١١). هەروەك چۆن ***دۆرکهایمیش*** جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی کە "کە کۆمەڵگە، پێشکەوتووەکان ناتوان یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن مەگەر بە بوونی دابەشکردنی کار نەبێت" (سەرچاوەی ٤٥، لا ٣٦٥، ٣٩٧،

٤٠٧). بەکورتی، راوبۆچوونی ***دۆرکهایم*** و ***زیمڵ*** دەربارەی دابەشکردنی کار بریتییە لە جۆرێکی جیاوازکاری (Differentiation) لە کۆمەڵگەی ئادەمیی: گواستنەوە لە چوونیەکیی (Homogeneity)ەوە بۆ لێکجوویێبوون (Heterogeneity).

**٤- کۆمەڵگە وەکو گشت لە ماوەی هاریکاریی تاکەکانیدا کاری خۆی دەکات:**

"ئادەمیزادەکان، ژیان و بوونیان مەحاڵە مەگەر بە کۆمەڵبوون و هاریکاری نێوانیان نەبێت" (سەرچاوەی ١، ل٣٩، ٤١-٤٢، ١٧٧، ١٨٧، ١٩٠، ٣٤٦، ٣٦٠، ٣٩٠، ٣٩٠، ٤٢٥). ئەم دەستەواژەیە ئەم گووتەیەی ***دۆرکهایم***مان دێنێتەوە یاد "هەرگیز ناشێ کۆمەڵگە بەردەوامبێ ئەگەر هاتوو پێکهاتووەکانی نایەکگرتوو بوون" (سەرچاوەی ٤٥، ل٣٩٩). لە راستییدا گرنگی هاریکاری لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، زۆرێك لە هزرمەندان بە درێژایی سەدەکانی پێشوو باسیان لێوە کردووە. بۆ نموونە لە ئیسلامدا هەریەکە لە ***ئیخوان سەفا*** و ***فارابی*** و ئیبن خەلدون و ***ئیبن سینا*** جەختیانکردۆتەوە سەر گرنگی هاریکاری لەپێناو مانەوە و بەردەوامبوونی بەختەوەریی و کامەرانیی کۆمەڵگەی ئادەمیی (سەرچاوەی ٣، ل٦٩-٧٠). لە رۆژئاواشدا، ***سپنسەر*** هەستاوە بە جیاکردنەوی دەوڵەت لە کۆمەڵگە، هەرچی کۆمەڵگەیە لەسەر دوو جۆر لە هاریکاری وەستاوە: هاریکارییەکی کەسیی لە خۆوەیی کە کاریگەری نییە بەسەر کۆمەڵگەوە (مەگەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ)، هەروەها هاریکارییەکیش بە مەبەستی نەخشەکێشان و هۆشیاریی کە پەیوەنداره بە کۆمەڵگە وەکو گشتێك (سەرچاوەی ١١٢، ل٤٢٦-٤٢٧).

کەوابوو بوونی هاریکاری شتێکی چاوەڕوانکراوە چونکە "خودی مرۆڤ بەهۆی رەسەنێتی سروشتی و توانا رەوانبێژییە ژیرییەکەی لە چاکەوە نزیکترە وەك لە خراپە" (سەرچاوەی١، ل١٤٢). لەبەر ئەوەش دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان شتێکە لە خودی ئادەمیزادەکاندا بوونی هەیە ئەگەرچی لەیەك رەچەڵەکیشەوە نەبن. سەرەڕای ئەمە هاریکاری فاکتەرێکی گرنگی بەردەوامبوونی



کۆمەڵگەی ئادەمییە ئەوا زۆرجاریش پەنابردن بۆ ناچارکردن و زۆرەملێ "قەدەغەکردن و خۆسەپاندن" روودەدات، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو خەڵکانێك خۆ لە بەرژەوەندی خەڵکانی تر نەزان بکەن یان پێی نەزانن (سەرچاوەی ١، ل٤٢، ٤٩٠-٤٩١).

کۆمەڵگە، وەك چۆن ئیبن خەلدون وایبینوە، قەوارەیەك نییە لەخۆڕا هاتبێتە کایەوە یان دەرئەنجامی رێکەوتێك نییە. لەژێر رۆشنایی ئەمەشەوە ئیبن خەلدون گرنگیداوە بە خۆ خزاندنە نێو پەیوەندییە سیاسی و ئایینی و ئابووری و خۆپارێزی (جەنگی)ەکان، جابەهەر بەشێوەیەك بێت.

هەروەك چۆن پێشتر ئەوەمان روونکردۆتەوە، هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی لەوانیش ***دۆرکهایم*** و ***پیریتۆ*** جەختیانکردۆتەوە سەر کۆمەڵگە وەك سیتسمێکی یەکانگیر و هاوسەنگ.

ئاشکرایشە کە ***دۆرکهایم*** و ***گومپلۆفیتز*** زوبانی "ئەرکگەرایی بایۆلۆژیی" یان وەلانەناوە بەتایبەتی لە جەختکردنەوەیان لەسەر کۆمەڵە چەمکێکی دیاریکراوی وەك "ئامانج" و "مەبەست" و "ئەرك"[٢].

لەگەڵ ئەوەی ئیبن خەلدون لەپێناو پاراستن و بەرگری کردن لە کۆمەڵگە بیرۆکەی کۆمەڵناسی شرۆڤەکردووە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کەوا چەشنی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە لە هەمو ململانێیەك خاڵیە. دوژمنکاری و ستەم دەبنە هۆی جیاوازیی و ناکۆکی و دووبەرەکی. ناکۆکی خۆی لەخۆیدا "دەبێتە هۆی نانەوەی ئاشوب و خوێنڕشتن" (سەرچاوەی ١، ل٤٢-٤٣، ١٨٧-١٨٨، ٣٦٨). کەوابوو، کۆمەڵگە هاریکاری و ململانێی بەیەکەوە لەخۆدەگرێ، هەریەکەشیان گرنگن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ***بیکەر*** و ***بارنێز*** بڕوایان وایە کە بیروبۆچوونەکانی ئیبن خەلدون دەربارەی ململانێ، ئیبن خەلدون دەخاتە ریزی ئەوانەی باسیان لە

تیۆری ململانێ کردووە (سەرچاوەی ٣٢، لا٧٠٦) و لە داهاتووشدا بە تەواوی ئەم بابەتە ڕووندەکەینەوە.

**٥- هەموو کۆمەڵگەیەك پارچە زەویەکی دیاریکراوی هەیە:** "هەموو دەوڵەتێك خودان بەشێکی ملکایەتی و نشینگەیە کە لەمە زێتر مافی ئەو نییە". خەڵکان بەیەکەوە لە نێو سنوورێکی جوگرافیدا کاردەکەن بۆ پارێزگاری و بەرگری لە کۆمەڵگە لە دژی دوژمنان، هەروەها هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی گشت یاساکان بە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەفتارەکان و سەندنی باج و بە داواکاریەکانی تریشەوە. بەڵام ئەگەر "دەوڵەت دوای ئەمە، زێتر لەوەی کە بەدەستیەوەیە، ئەرکی خستە سەرشانی" ئەوا بەبێ پارێزگاری دەمێنێتەوە و "دەبێتە مایەی هەڵڕەخساندن بۆ دوژمن و دەرو دراوسێ" (سەرچاوەی ١، لا١٦١)، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەندامانی کۆمەڵگە ئەو یەکگرتوویەی کۆمەڵایەتییە تۆکمەیەی لە نێوانیاندا هەیە لەدەستیبدەن.

**٦- کۆمەڵگە کولتووری دیاریکراوی خۆی هەیە:** "نەریتەکان سروشتی مرۆڤ بەرەو ئاساییبوون و باویەتی دەگۆڕن چونکە مرۆڤ نەوەی نەریتەکانیەتی" (سەرچاوەی ١، لا ٣٨٤) لەم جیهانەدا کولتوور لە چەند توخم و ئاکارێك پێکدێت، چەشنی ئەو نووسین و رایانەی کە بۆ سەرجەم گەلان و لە گشت چاخێکدا هەیە، ئەو جیاوازیانەی کەوا لە نێوان کەلتوورەکاندا هەیە لە ئەنجامی جیاوازیی لە یاساکان و ڕێکخستنە ئایینییەکان و مەعریفەوە دێتە کایەوە.

**٧- بوونی ئینتیما و لاگیری -الولاء- بۆ کۆمەڵگە:** مانەوەی کۆمەڵگە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەوەستێتەوە سەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی (دەمارگیری) یاخود هەستکردن بە ئینتما و لاگیری بۆ کۆمەڵگە. کەوابوو دەمارگیریی بڕیاری بەردەوامیی کۆمەڵگە دەدات: هەر کاتێ دەمارگیریی بەهێز بوو بێت ئەوا ئەو کاتە



کۆمەڵگە توانیویەتی چێژ بە مانەوەی وەربگرێ. لێرەدا لاوازبوونی دەمارگیریی، واتە "زەبوونیی و خۆبەدەستەوەدان" کە ئەمانیش "تێکشکێنەری چەسپاوی و توندوتۆڵیی دەمارگیریین" (سەرچاوەی١، لا١٤١-١٥٤). دەماگیریی (وەك فاکتەرێکی دەروونی و هێزێکی پاڵنەر و لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مرۆیی) تا ئەندازەیەك دەشی بە هاواتای نەتەوەگەریی دابنرێ. ***خەمیری*** لە پێشەنگی ئەو کەسانە دادەنرێت کە دەمارگیرییان بە نەتەوەگەریی چوواندووە[٣].

## ٢- کولتوور Culture

***ئیدوارد تایلۆر*** (Tylor) پێناسەی کولتوور بەم شێوەیە دەکات، بریتییە لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە مەعریفە و بیروباوەڕ و هونەر و یاسا و ترادسیۆنەکان و... هتد، هەر تاکێك وەکو ئەندامێك لە کۆمەڵگەوە فێریان دەبێ. کەواتە کولتوور بەرهەمی کۆمەڵگەی مرۆییە، ئەمەش بیرۆکەیەکە ئیبن خەلدونیش جەختی کردۆتەوە سەر، کاتێك دەڵێ: بێگومان توخمی مرۆیی لە ئاژەڵان جیادەبێتەوە "بەم هزرەی ڕێنماییی دەکات بۆ وەدەستکەوتنی گوزەرانی و هاریکاریکردنی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی لە ماوەی ئەم گوزەرانەیەدا و بەدەستهێنانی کۆمەڵبوونێکی ئامادەکراوی ئەم هاریکارییە" (سەرچاوەی١، لا٤٢٩). لەژێر ڕۆشنایی ئەمەوە کەواتە کولتوور هەرگیز بەشێوەیەکی لەخۆوەیی یا لەخۆڕاییی نایەتەکایەوە کاتێك کە ڕەگەزەکانی، بەتایبەتی کارە تۆمارکراوەکان، گواسترابێتنەوە بۆ گشت گەلان و گشت دەور و زەمانێك. کەواتە کولتوور شتێکی وەرگیراوە یاخود وەدەستکەوتووە (Learned) خەڵك (لە باوانیان و مامۆستایان و کەسانی ترەوە) لە میانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی تر فێری ئەو شێوازانەی ڕەفتار دەبن کە پێویستیان پێیەتی، سەرپێچیکردنی ئەم ڕێسا ڕەفتارییانە، دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن و سووکایەتیپێکردن یاخود هەر جۆرێکی تری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. ئەمەش چونکە نەریتەکانی «سروشتێکی دیکەن -بێگومان لای تاکەکە-». لێرەشدا ئیبن خەلدون

باسی لە هاوچەشنی ئەو کەسە کردووە کە وادەبینێ باوکی و کەسانی تریش جۆرە جلێکی دیاریکراو دەپۆشن و دەشزانێ ناتوانێ "سەرپێچی پێشینانی خۆی بکات" چونکە ئەو کاتە بە شێتی لە قەڵەمدەدەن (سەرچاوەی١، ل٤٢٩-٤٣٠، لاپەڕەکانی تر).

**گۆڕانی کولتووریی:**

کولتوور، وەك شێوازێکی ژیانی ئادەمیی، شایستەی گۆڕانە، بەمەش "باردۆخی جیهانی میللەتان و نەریتە و باوەڕییان لەسەر یەك ڕێگە و میتۆدی جێگیر بەردەوام نابێت بەڵکو وابەستەی گۆڕانی ڕۆژگار و سەردەم و گواستنەوەیە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر". هەر داتەکانێکیش لە دەوڵەت ئەو بێگومان گۆڕانی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و هاوشانیەتی، چونکە هەموو کۆمەڵگەیەك پشت بە خوونەریتی حوکمڕانان دەبەستێ لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر هاتوو هەندێ لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کە خوازیاری گرتنەدەستی دەسەڵاتن توانیان دەست بەسەر دەسەڵات و حوکم دابگرن "ئەوە بێگومان دەبێ پەنابیەنە بەر نەریتەکانی بەرلەخۆیان و گەلێك دەقیشیان لێوەرگرن، وێڕای نەریتەکانی هاوسەردەمی خۆیان، (سەرچاوەی ١، ل ٢٨، ٢٩). لە بەشەکانی داهاتووشدا ئەو فاکتەرە سیاسی و ئابووری و ئایینییانەی کاریگەریان بەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ڕووندەکەینەوە. هەنووکەش لە باسی گرنگیی فاکتەری جوگرافی دەکەین.

ژمارەیەك لە هزرمەندانی و پاش سەردەمی ئیبن خەلدون چوونەتە نێو باسی ڕۆڵی فاکتەری جوگرافی بەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەش هەندێ هزرمەندی سەدەکانی ناوەڕاست، لەوانیش ***جیۆڤانی ڤیلانی*** (Villani) و ***تۆماس*** و ***ئەکوینی*** و ***مایکل ئەنجلۆ*** و ***ماکیاڤیلی*** و ***بۆدن***، شیکردنەوەی کاریگەری فاکتەری سروشتی بەسەر ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ئیبن خەلدونەوە زۆر



گشتیگرترە لەو شیکردنەوانەی تاوەکو سەردەمی ***بۆدن*** بەردەوامبوون «تەنانەت تاوەکو سەردەمی ***مۆنتسیکوش***»[٤].

ئیبن خەلدون ڕایوابوو کە فاکتەری جوگرافی کاریگەری بەسەر خەسڵەتەکانی مرۆڤەوە هەیە. وەلێ پێیوابوو ڕەشپێستەکان «نەوەی حامی کوڕی نوحن، بەهۆی نزایەکی (نەفرینێکی) باوکی کەلێیکردووە ڕەنگی ڕەشهەڵگەڕاوە». ئەم ڕایەی ئیبن خەلدون کە لە خوارەوە هاتووە حەتمییەتی جوگرافی لای ویمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

**نزای نوح لە حام-ی کوڕی لە تەوراتیشدا هاتووە، بەڵام باسی مەسەلەی ڕەشپێستی ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵکو نزاکە بەم شێوەیەیە کە خودا کوڕەکانی حام بکاتە کۆیلەی کورەزاکانی - حام-و ئەوانەشی ڕەشپێستی بۆ حام دەگەڕێننەوە، لە سروشتی ساردی و گەرمی حام و کاریگەریان لەسەر کەش و ئەو ژینگەی گیانەوەرانی (بوونەوەرانی) تێدا هاتۆتە بوون، بێئاگان. بۆیە ئەم جۆرە ڕەگەزە دانیشتوانی هەردوو هەرێمی یەکەم و دووەم دەگرێتەوە کە ئارەزوویان بۆ کەشی گەرم، بە بەراورد لەگەڵ دانیشتوانی باشوور زۆر زێترە.**

**چونکە هەموو ساڵێك دووجار، هەردوو جارەکەش لە یەکەوە نزیکن، ڕۆژ لە تەوقەسەریان دەدات. ئەمەش بە درێژایی ساڵ بەردەوامدەبێ، ڕووناکیش بەهێزتردەبێ و شکاتیش تەنگیان پێهەدەڵچنێ، بەهۆی ئەم گەرمییە لەرادەبەدەرە پێستیان ڕەشهەڵدەگەڕێ. هاوشێوەیی ئەم دوو هەرێمەش، هەردوو هەرێمی شەشەم و حەفتەمە لە باکوور کە دانیشتوانەکەی سپیپێستەکان دەگرێتەوە، ئارەزوویان بۆ بۆکەشی سارد لەرادەبەدەرە، ڕۆژیش لەسەریان بەشێوەیەکی ئاسۆیی دەبینن نەوەك ستوونی و هەرگیز**

**تیشکی خۆر لە تەوقەسەریان نادات بۆیە پلەی گەرما کەمدەبێتەوە و زۆربەی وەرزەکانی ساڵیش سەرما و سۆڵە ئیدی لەبەر ئەمە رەنگی دانیشتوانەکەی سپیهەڵدەگەڕێ، لە رووی سروشتیانەوە دڕندۆگ دەردەچن. هەروەها لە ئاکامی ئەو سەرما و سۆڵە چاوشین و لووسکە و سوور و سپی دەردەچن (سەرچاوەی١، لا٨٣-٨٤).**

لە رۆژگاری ئیبن خەلدوندا دەبینین زۆر کەس وای بۆچوونە کە ئاکارەکانی رەشپێستان «بەگشتی سووك و چرووکی و هەردەم هەلەکەسەماکردنە، بۆیە دەیانبینی لەگەڵ هەمو ریتم و ئاوازێك هەڵپەی سەمایانە»، بەڵام ئیبن خەلدون ئەم خەسڵەتانەی بۆ فاکتەری جوگرافی گەڕاندۆتەوە، کە دەڵێ: «هەردەم کەش و هەوا کاریگەریان لەسەر ئاکار و رەوشدا بەدیدەکرێ». لە ژێر رۆشنایی ئەمەشەوە رەخنەی لە هەریەکە لە ***گالینۆس*** و ***یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کیندی*** گرتووە، کە گوتوویانە: چەشنی ئەم جۆرە رەفتارانەی رەشپێستەکان بۆ «لاوازیی مێشکیان و ئەقڵ سستییان» دەگەڕێتەوە، ئیبن خەلدون زۆر بەتووندی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم چەشنە راوبۆچوونانە «گۆتەگۆتێکی بێئاکام و بێبەڵگەن» (سەرچاوەی ١، لا ٨٦-٨٧).

### ٣- پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون

وێڕای ئەم رایانەی ئیبن خەلدون کە باسی لێوەکرا، راڤەگەلێکی کۆمەڵایەتی-کولتووریشی سەبارەت بە چەند گرووپێکی دیکە پێشکەشکردووە. تاوتوێی هەندێ باسیشی کردووە وەك ئەو بیروباوەڕەی لە رۆژگاری ویدا باوبوە بۆ نموونە دەگوترا ئەقڵی رۆژهەلات ((بە شێوەیەکی گشتی لە ئەقڵی گەلانی رۆژئاوا کامڵترە و زۆر ژیرتر و جوامێرترن)). پێشیوابوو کە ئەم مەسەلەیە ((بەم شێوەیە نییە، جیاوازی نێوان هەرێمی رۆژهەلات و رۆژئاواش بەم ئەندازەیە نییە)) (سەرچاوەی١، لا٤٣٢-٤٣٣)، ئەگەر جیاوازیش هەبێ ئەوا پێویستە بدرێتە پاڵ یاخود بگێڕێتەوە بۆ



جیاوازی نێوان کولتوورەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. ئەقڵیش، تاڕادەیەکی مەزن، بەرهەمی رەوشی کۆمەڵایەتییە، مەعریفە، بە هۆی تێکەڵسون و ئەو ئەزمونەی کە تاك لەوانی دیکەوە وەری دەگرێت، کەم و زیاددەبێت. هەروەها ئەو لەو بیروبڕوایە دابوو کە هەندێ لە رەوەندەکان زۆر لە شارستان یاخود شارنشیەکان ژیرترن بەڵام پرۆسەی بەشارستانییبوون (بەشارییبوون-Urbanization) و هاوبەندەکانی بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لەم بوارەدا. ئیبن خەلدون دەڵێت: ((ئێمە دەبینین خەڵکانێکی کۆچەری هەن لە بەرزترین پلە و ئاستی تێگەیشتن و کەماڵێتی ئەقڵ و سروشت دان بەڵام ئەمەی کە لەسەر رووی خەڵکی شاردا بە دەردەکەوێت لەم خەسڵەتانە تەنها سەراب و باق و بریقەی پیشەوەری و فێرکردنە)) (سەرچاوەی ١، ٤٣٣-٤٣٤).

مەعریفە شتێکی وەدەستکەوتووە، خەڵکانیش لە زگماکەوە کوێرەوەرن، بەڵام توانستی بیرکردنەوەیان وایان لێدەکات مەعریفە بەدەستبهێنن. تەنانەت ((زانستەکانی جادوگەری -سحر-یش شتێکی وەدەستهاتوون، (ئەو تایبەتیەی لە جادووگەردا هەیە وەك تەواوی هێزە ئادەمییەکان بەهێز دەبێ بەڵام بە راهێنان دێتە بواری کرداری)) (سەرچاوەی١، لا٤٢٩-٤٨٩). بێگومان تێکهەڵسوونی کۆمەڵایەتی کارێکی گرنگە، خۆ لێدوورخستنەوەی دەبێتە هۆی کەمبوونی تێبینی و ئەزموون و مەعریفەی تاکەکەس سەبارەت بەو جیهانەی کە تێیدا دەژێیت، ئیبن خەلدون بۆ روونکردنەوە ئەم بابەتە چیرۆکێك بە نموونە دەهێنێتەوە لە بارەی منداڵێك کە هەر لە سەرەتای ژیانییەوە لەگەڵ باوکیدا زیندانیکراوە. بۆیە باوکی بە هەر شێوەیەك باسی جیهانی دەرەوەی بۆ بکردایە ئەو نەیدەتوانی تێبگات یاخود وێنایبکات، ئەو منداڵە سەبارەت بەو شتانەی کە دوورن لە ئەزموون و تێبینییەکانی نەیدەتوانی بیرکردنەوەیەکی راست و دروست هەبێ، (سەرچاوەی ١، لا١٨٢).

پێناسەی ئیبن خەلدون بۆ بەکۆمەڵایەتییبوون بریتییە لە پرۆسەیەك بە هۆیەوە تاکەکان دەتوانن ((مەعریفە و ئاکار و ئەو ڕێبازە ئایینییەی پەیڕەویدەکەن بەدەستیبهێنن جا چ لە ڕێگەی زانست و فێربوون و گوتنەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی لاسایی و ڕەتکردنی ڕاستەوخۆ بێت)) (سەرچاوەی١، ل٥٤١، هەروەها ٤٣٢-٤٣٥). مەعریفەی تاکیش سنووردارە، بەشێوەیەك کە هەموو تەمەنی بەشی ئەوە ناکات کە هەرچیەکی لە یەك زانستدا هەیە فێری ببێت، تەنانەت ئەگەر بە یەکجارەکیش بەم ئاقارەدا بڕوات. هەروەها بە دەگمەن ((خودان پیشەیەك دەبینینەوە کە بە تەواوی سەری لە کارەکەی دەربچێ و بتوانێ فێرە پیشەیەکی تر بێت و بەهەمان لێهاتوویی لێی تێبگات)) (سەرچاوەی ١، ل٤٠٥، ٥١٨، ٥٣٢).

پرۆسەی بە کۆمەڵایەتییبوون ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوون دەستپێدەکات. تاك لە کاتی لەدایکبوون هیچ جۆرە مەعریفەیەکی نییە، یاخود زەینی لە هەموو زانیارییەك خاڵییە و تەنها لە کاتی بەدەستهێنانی مەعریفە لە (کەماڵێتی) نزیك دەبێتەوە.

لە خێزاندا تاك خووەکان و جۆرەکانی تری ڕەفتار لە ڕێگەی باوانییەوە دەستدەکەوێت، منداڵیش لەم قۆناغەدا دەتوانێ جیاوازی لە نێوان ڕەندێتی و خراپەکارییدا بکات ((ئەمەش بە گونجان لەگەڵ ئەقڵ و بۆچوون و ئارەزووی بەلای کارە ستایشکراوەکان و دوورکەوتنەوەی لە کارە سەرزەنشت کراوەکان)) (سەرچاوەی ١، ل٥١٥). ئەگەر نەوەیەکمان بینی کە هەمیشە هاوشێوەی یا وێچووی باوانیانن ئەو ((باوەڕیان وایە کە کەماڵێتی لەواندا هەیە)) (سەرچاوەی١، ل١٤٧) لێرەدا هەڵەیەکی ***تەها حوسێن*** دەبینین کە گوایە ئیبن خەلدون لە ڕاڤەکردنی ئەم گوتەیە ((گشتی خەڵکان لەسەر ئایینی پێشەواکانیانن)) (سەرچاوەی ٦٦، ل٥٠، سەرچاوەی١، ل١٤٧) دوورتر نەڕۆیشتووە. بەڵام ***تەها حوسێن*** لە پۆلێنکردنی



جۆرەکان شوێنکەوتن یاخود لاساییکردنەوە کە ئیبن خەلدون باسی لێوەکردووە ڕاستیی پێکاوە و بەم شێوەیە پۆلێنیکردووە:

١- سەرکەتوو لاسایی ژێرکەوتوو ناکاتەوە.

٢- ژێرکەوتووان لاسایی سەرکەوتووان دەکەنەوە.

ئیبن خەلدون دەڵێ ((دەبینین کە ژێرکەوتوو وادەکات لە جلوبەرگ و سوارچاکی و چەك بەکارهێنان و شێوەکانی سەرکەوتوو، بەڵکو سەرجەم لایەنەکانی کۆپی سەرکەوتوو بێت)) (سەرچاوەی ١، ل ١٤٧) هەندێ لە بیروبۆچوونە سەرپێیەکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بە لاساییکردنەوە تا ئەندازەیەکی مەزن، ڕێکدێنەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی ***تارد*** (Tard) دەربڕیوون بە تایبەتی لاساییکردنەوەی کەسانی خودان پێگەی کۆمەڵایەتی نزمتر لەوان (بڕوانە سەرچاوە ٤٨، ل ٣٤٣).

ئەوەی لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتبوون چاوەڕوانکراوە، خێزان بێتە سەنتەرێکی سۆزداری: «دڵۆڤانی و دەماگیریی بۆ خزم و نزیکان کە ئەمە لە سروشتی ئادەمیزادییدا هەیە و دەبێتە هۆی هاریکاریی و یارمەتیدانی یەکتر». ئەمەش شتێکە لە کەسانێك نایبینین کە ڕەچەڵەکیان یەکەوە لێکجیاوازە (سەرچاوەی١، ل١٢٨). هەر لە خێزانەوە تاکە ئایینەکەی وەردەگرێت یا وەدەستیدێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش ئیبن خەلدون فەرموودەیەکی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) دێنێتەوە: «هەموو لەدایکبووەك -منداڵێك- بە سروشتپاکی -موسڵمان- لەدایکدەبێ، بەڵام باوانی دەیکەنە جوولەکە یاخود فەلە یان ئاگرپەرست» (سەرچاوە ١، ل١٢٣).

فێرکاران -مامۆستایان- و ریشسپیان (بەساڵاچووان) لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبوون کۆمەڵێکی گرنگن. تاکەکان لەمیانەی ئەو شێوازەی ڕەفتار کە بە دەستیدێنن ((کە هاوکاریانە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ

ئەوانی دیکەدا)) چەشنی خوو و نەریت و پێوەرەکان و زمان و مۆسیقا و راڤە ئایینیەکان. دەشێ ئەم پرۆسەیەش بە بەشێکی قۆناغی فێرکردنی رەسمی (Formal) یا فێرکردنی گشتی دابنرێت. ئیبن خەلدونیش جەختیکردۆتە سەر ئەوەی کە «فێرکردنی زانست پیشەیە»، لەبەرئەوەی ئەقڵی ئادەمیزادیی دەتوانێ مەعریفە و «راستییپێکان لە فێربوونی زانستەکان و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتنی» بەدەستبهێنێ:

**گەیاندنی زانستەکان بۆ خوێندەڤانان شتێکی سوودمەندە ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی پەیتاپەیتا بێت واتە بەرەبەرە یاخود کەم کەم، لە دەستپێکدا ئەو بابەتەی فێریدەکرێ کە بنەمای زانستەکەیە هەوڵدەدرێت بۆ نزیکخستنەوەی بابەتەکە بەشێوەیەکی گشتی شرۆڤەبکرێ لەمەشدا توانای ئەقڵی و ئامادەیی وی بۆ قەبوولکردنی ئەوەی فێریدەکرێ لەبەرچاوبگیرێت تادەگاتە کۆتایی زانستەکە لەو کاتەدا ئەو لەو زانستە توانستێك وەدەستدێنی کە کەم و لاوازە و مەبەست لێی ئامادەکردنی بووە بۆ تێگەیشتنی زانستەکە و بنەماکانی، لێرەشەوە (مامۆستاکان) دووبارە دەیگێڕنەوە ناو زانستەکە لە وانەگووتنەوەدا بۆ پلەیەکی بەرزتری دەبەن بە بەیانکردن شرۆڤەکاریەکە تەواو دەکات و لە گشتگیری دەردەچێت هەموو جیاوازی و رووخسارەکانی بۆ باسدەکەن تادەگاتە دووماهی زانستەکە بەمەش توانستەکەی تۆکمە دەبێت دووبارە ئەم کارەی پێدەکات، بەڵام ئەمجارە بە توندتر و هەموو شتێکی ئاستەنگ و گرنگ و داخراوی بۆ روونده‌کاتەوە بەم جۆرە لەژێر سایەی فێرکردنێکی سوودمەندانە توانستەکە گەشەدەکات (سەرچاوەی١، ل٥٣٣)**



بەڵام هەندێ فێرکار لەم رێگە کارایە لە فێرکردندا بێئاگان، کە جەختدەکەنەوە سەر رەتکردن بۆ قوتابی و رووبەڕووی کۆمەڵە گرفتێکی شاراوەی زانستی دەکەن و داوای لێدەکەن خۆی بە چارەسەکردنیان خەریکبکات، ئەمەش لەم باوەڕەوەدێت کە ئەم رێگەیە زۆر دروست بێت بۆ فێرکردن:

**زۆر لەو مامۆستایان سەردەمەدا بینیومانن بێئاگان لە رێگەکانی فێرکردن و سوود لێوەرگرتنیان. هەر لە دەستپێکدا کۆمەڵێ تەوەری داخراوی زانستەکان دەخەنە بەردەم خوێندەڤان و داوای لێدەکەن چارەی بکات، پێشیانوایە ئەمە راهێنانێکە بۆ فێربوون و رێگەیەکی راستییشە و داواشی لێدەکەن چاودێری ئەم مەسەلەیە بکات و فێری ببێ بە باسکردنیان بۆ ئامانجی زانستەکان و بنەماکانی و بەرلەوەی ئامادەی تێگەیشتنی هەبێت ئەو مەسەلانەی بۆ تێکەڵ بە یەك دەکەن، بەڵام قەبووڵکردنی زانست و ئامادەیی بۆ تێگەیشتن پلە پلە دەبێت. خوێندەڤانیش لەسەرەتادا لە توانایدا نییە تەواوی فێرببێ مەگەر کەم شتێك نەبێت ئەمیش لە رێگەی نزیکخستنەوە و گشتگیری و نموونەی هەستەکی... ئەگەر لە سەرەتادا، کە هێشتا توانای تێگەیشتنی و هوشیاری نییە و ئامادەیشی بۆ زانستەکە نییە، باسی مەبەستەکانی بۆ بکەیت ئەوا زەینی کوێرە و ئەمەش والێکدەداتەوە لە گرانی زانستەکە خۆیەتی بۆیەشە تەمبەڵدەبێ و قەبووڵی ناکات خۆی لێبەدووردەگرێ و هەموو ئەمانەش بەرئەنجامی خراپی فێرکردنن (سەرچاوەی ١، ل٥٣٣-٥٣٤).**

بەهەر جۆرێك بێت ئەوا خودی مرۆڤ لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبوون پاڵنەری سەرەکیە. کاتێك کە ئارەزووی بۆ خوێندن بەدەردەخات ئەوا ئەم پرۆسەیە دەشێ

بەبێ بوونی ئاستەنگێکی زۆر بەجێبەجێبکرێ. بەپێچەوانەشەوە کاتێك کە هەوەسی لە بەدەستهێنانی مەعریفە نەبوو ئەوا لە داهاتوودا پێویستی بە کاتێکی زۆرتر دەبێت بۆ ئەم مەبەستە [٥] (سەرچاوەی ١، ل٤٢٩-٤٣٠).

ئیبن خەلدون پێوایە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتییبووندا زمان هۆکارێکی گرنگی دیکەیە، ئەم نموونەیەشی بۆمان هێناوەتەوە: «گریمان منداڵێکی عەرەب لەنێو عەرەبان پێگەیشتووە و گەورەبووە ئەوا فێری زمانەکەیان دەبێت و رێسای زمانەوانی و رەوانبێژیشیان چاك شارەزا دەبێت تاکو بەسەر تەواوی مەبەستەکانی -زمانەکە- رادەگات».

واتە ئەگەر زمانی عەرەبی نامۆ بێت بەلای تاکەوە ئەوا لە فێربوون شارەزابوو لە رێساکانی ماندووبوون دەبینێ. زمان خۆی لە خۆیدا گرنگە چونکە بە هۆیەوە تاك دەتوانێ هەستی خۆی دەربڕێ، ((خەڵکان زۆر پێویستیان بە دەربڕینی سروشتی هاریکاریی و کۆمەڵبوون هەیە)) (سەرچاوە١، ل٣٩). زۆربەی ئەم مەبەست دەربڕینانەش زارەکی دەبێت، وێڕای رەمزەکانی نووسین کە لە لای هەموو گەلان بایەخی خۆی هەیە.

ئەگەر ئەم خەسڵەتە کولتووریانەی بەکۆمەڵایەتییبوون لە تەمەنێکی زوودا بەدەستبهێنرێت چەسپاوتر دەبن، ئەم شڕە زمانەی لە لایەن ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەگەڵ هاوڕێ و سەرۆك و ئافرەتەکانیان بەکاری دێنن، ئەمیش دەگێڕێتەوە «کە زۆریان دەبینی لە کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ گەورە پیاوان و هاوسەرەکانیان و ماڵ و منداڵەکانیان قسەی بێسەروبەر دەکەن بەبێ ئەوەی رێگرێك لەبەردەمیاندا هەبێت ئەمەش بە هۆی راهاتنیان لەسەر خوویێکی بەد کە هەڵسانە بەکاروکردەوەی خراپ» (سەرچاوەی ١، ل٥٥).



ئیبن خەلدون بڕوای وابوو کە موسیقا شێوەیەکی دیکەی دەربڕین و گوزارشتکردنە لە رەفتاری مرۆیی. گوێگرتن بۆ مۆسیقا و گۆرانی دەبێتە هۆی چێژوەرگرتن و بزواندنی هەست و سۆز، کە لە مەستبوون دەچێ، یارمەتی تاکیش دەدات بۆ ئەوەی بە هێمنی رووبەڕووی ئاستەنگەکان ببێتەوە تەنانەت لە کاتی جەنگەکاندا رووبەڕووی دوژمنانی ببێتەوە. «بێگومان دەروون گوێبیستی ئاواز و دەنگەکان دەبێت شادمان و دڵخۆش دەبێت رۆحیش کەیفێکی وای سازدەبێت وا بەسەر ناخۆشیەکاندا زاڵ بێت ئامادەیی تێدا دەبێت کە ئەو رێگەیەی گرتوویەتیەبەر تا مردن لەگەڵی بڕوات». خەڵکانیش ئەم رەفتارە بە هۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەیان فێربیوونە. ئەم بیروڕایانە نزیکە لەوەی ***ئیخوان ئەلسەفا*** سەبارەت بە مۆسیقا گوتوویانە (بڕوانە سەرچاوەی ٢، بەشی ١، ل١٣٢-١٣٣).

دەتوانین بیروڕایە گرنگەکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بە پرۆسەی کۆمەڵایەتی لەم کۆتەی **موقەدیمە**دا کورت بکەینەوە:-

> **بێگومان مرۆڤ کوڕی خووەکان و رەوشتە باوەکانییەتی، نەوەك کوڕی سروشت و میزاجی خۆی بێت، ئەوەشی لە باوردۆخەکاندا ناسیویەتی بۆتە ئاکار و سیما و خووی وی کە ئەمەش شوێنی سروشتی وی دەگرێتەوە، تۆ سەیری ئادەمییەکان بکە ئەم راستییەت بۆ دەردەکەوێت (سەرچاوەی١، ل١٢٥).**

هەروەك چۆن بینیمان و لە هاتووشدا دەیبینین، ئیبن خەلدون میتۆدی تێبینی لەپێناو پراکتیزەکردنی پرەنسیپەکانی هۆکار و ئەنجام (Cause & Effect) بەتایبەتی لەسەر کۆچەریەکان بەکارهاوردووە. رەوەندەکان لە ئەنجامی ستایلەکانی گوزەرانە تایبەتیەکانیان لە بیابانەکاندا، ناتوانن جیاواز بن لەوەی لەسەری

راهاتوون. ئەو هۆزەی لە بیاباندا ئەمجێ و ئەوجێ دەکات بەرەو لەناوچوون دەچێ ئەگەر هاتوو دەسەڵاتی شمشێری لەدەستدا و وازی لە دڕندەی هێنا.

پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتییبوون وایکردووە (تەنانەت تائێستاش) کەسی کۆچەری بەرەو ئاقاری شیعر و هۆنراوەدا بچێ نەوەك بەرەو ئاقاری زانست، چونکە زانست میزاجێکی هێمن و لەسەرخۆ دەخوازی ئەمەش کەسی کۆچەری قەت فێری نەبوو (یا پێی رانەهاتووە).

زانا کۆمەڵناسە نوێ و هاوچەرخەکانیش جەخت دەکەنەوە سەر گرنگی فەزای کۆمەڵایەتی. ***کۆنت*** ئاماژەی بەمە کردەوە کە تاکەکان ناتوانن خۆیان لە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم فەزایە رزگار بکەن (سەرچاوە ژمارە ٤١). وەك چۆن ***دۆرکهایم*** گوتوویەتی تاك بەبێ وەدەستهێنانی خوو و هێما کولتوورییەکان هەرگیز ناتوانێ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت (سەرچاوەی ٤٥، ل٤٢٣).

کەچی ***زیمل*** زۆر دوورتر رۆیشتووە لەمەی کە دەڵێن: کۆمەڵناسی بریتییە لە «لێکۆڵینەوەی جۆرەکانی بەکۆمەڵایەتییبوون». ***کۆلی*** رای وابوو کە خود (Self) وەك واباوە بەرهەمی فەزای کۆمەڵایەتییە، کاتێك کە تاك دەڕوانێتە خۆی ئەوا ئەو نیگایەی بەندە بەوەی کە لە خەڵکانی دیکە چاوەڕوانیدەکات (سەرچاوەی ٤٣، ل١٥٢). هەروەها تێگەیشتنی ***جۆرج میدی*** لەمەڕ پێشینییەکانی کۆمەڵگە وابەستەی تێڕوانینی خەڵکە، کاتێك تاك بیردەکاتەوە ئەوا لەگەڵ ئەوانەی «دیکە»دا دەدوێ (سەرچاوەی ٨٣، ل١٥٢-١٦٤).

***میلز*** (C.Wright Mills) گوتەنی بەمەشەوە تاك رایەکانی، ئەگەر لۆژیکیانە یا دروست نەبێت، هەڵیاندەسەنگێنی یاخود تاوتوێیان دەکات (سەرچاوەی٨٤، ل٦٧٣).



## ٤- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

ئیبن خەلدون بڕوایوابوو، هەروەك چۆن لە دوایشدا خودایی ئینگلیزییش (الربوبية الانكليزية) وای باوەڕهێنا، دوای ئەوەی کە جیهان هاتە دروستکردن ئەوە یەزدان وازی لێهێنا بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسا کۆمەڵگەییەکان بەڕێوە بچێت بەبێ ئەوەی دەستی بخاتە نێویەوە. تەنانەت پێغەمبەرانیش بەگوێرەی یاساگەلێکی کۆمەڵایەتی توانییان پەیامەکانیان بڵاوبکەنەوە، بەبێ هەوڵدان بۆ گۆڕینی زۆربەی نەریت و پێوەرە کۆمەڵگەییەکان. «ئەمەش حاڵی پێغەمبەران بوو دروودو سڵاویان لێ بێت لە بانگەوازیکردنیان بۆ یەزدان لەنێو خێڵیەکانیان و دەماگیرەکانیان، ئەگەر یەزدان بیەوێت ئەوا تەواوی گەردوون پاڵپشتی ئەم پێغەمبەرانەیە، چونکە کاروبارەکان وەك چۆنە ئاوا بەڕێوەی دەبات)) (سەرچاوەی ١، ل١٥٩).

ئاینی پێناوێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، بەڵام کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئایینەوە زەروورەت بەرهەم ناهێنێت. ئیبن خەلدونیش ئەمەی دەرخستووە کە کۆمەڵگەگەلێك هەن کە بەبێ ئاین ژیاون و دەژین. «رەنگە بوون و ژیانی مرۆڤ بەبێ ئاین ئاسایی بێ ئەمەش فەرمانڕەوا بەخۆی دەیسەپێنێت یانیش بەو دەمارگیرییەی کە دەتوانێ بەهۆیەوە ملکەچیان بکات و بیان خاتە سەر ژێر رکێفی خۆی (سەرچاوەی، ل٣٤-٤٤).

ئیبن خەلدون بڕوای وابوو کە مرۆڤ «لە کاری چاکە نزیکترە وەك لە کاری خراپە». کە بە ئاکارگەلێکی تایبەت بە خۆی لە سەرجەم بوونەوەران جیادەبێتەوە «لەمانەیش زەروورەتبوونی دەسەڵاتێکی دابینکەر». چونکە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئادەمیی هەردەبێ «دابینکەرێکیان هەبێ نەیەڵێت ململانێ لە نێوانیاندا روودبات ئەو ململانێیەی کە لە سروشتە ئاژەڵیەکەی ئەواندا هەیە ئەمیش ستەم و

دوژمنکاریه» (سەرچاوەی١، لا٤٣). بوونی ئایین بە یەکێك لەپێناوە گرنگەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دامەزراوەی ئایینی تێگەیشتنێکی فراوانی بۆ بەرژەوەندیەکانی گەل هەیە. بەهۆی ئایینیشەوە «ساناتر بەڕێوەدەبردرێن و کۆدەکرێنەوە، چونکە ئایین توندوتیژی و خۆبەگەورەزانین، کە دەبێتە هۆی ئیرەیی و کێبرکێ، ناهێڵێت» (سەرچاوەی١، لا١٥١). لێرەشدا ئیبن خەلدون هاوڕایە لەگەڵ ***کۆنت*** و ***دۆرکهایم*** و بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کە گوتوویانە ئایین (وەك دامەزراوەیەکی ئایینی) بە یەکێك لە گرنگترین پێناوەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئادەمیی دادەنرێت(٧).

کەواتە، رای ئیبن خەلدون کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە دوو جۆر پێکدێت: ئایینی و سیاسی، جیا لە رێسا ئایینەکان دەبێ «لەم مەسەلەیە بگەڕێنەوە بۆ رێساگەلێکی سیاسی سەپێنراو کە هەموو دانی پێدادەنێن و فەرمانەکانی جێبەجێدەکەن». ئەم یاسا کۆمەڵگەییانەش پەیوەندی بە زۆر لایەنی کۆمەڵگەوە هەیە وەك داوێنپیسی یان کوشتن یا هەر ستەمێکی «گەندەڵانە ئەنجامبدرێت» مەترسی بۆ سەر (مانەوەی رەگەزی ئادەمیزاد) هەبێ. بۆیە پێویستە گازاندە لە سزادانێکی یاسایی نەبێت کە بەسەر دز و رێگردا دەسەپێنرێ، چونکە دزی بە جۆرێك لە ستەم دادەنرێت، لەبەرئەوەی کەسی دز نەك هەر توانای دزیکردنی هەیە و بەس تر، بەڵکو کەش و هەوایەکی سامناکیش دەخولقێنێ «.... سامناك کە هەڵ بۆ ئەم دزە دەڕخسێنێ بۆ دزین و بەتاڵابردنی ماڵ» (سەرچاوەی١، لا٢٨٩). هەروەها ئیبن خەلدون بڕوای وابوو کە پێژاردنی (غرامة) ماڵیی وەك سزایەك دژ بە تاوانکاران، خۆی لە خۆیدا بەس نییە چونکە پێژاردنی ماڵیی هەندێ جار هاندەرێکە (وەك کۆسپ یاخود رێگربێت) بۆ تاوانکردن، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو تاوانەکە ترسناك



بێت، ئەم جۆرە هەڵوێستانەش دەبێتە هۆی کەموکوڕی کۆمەڵایەتی و ئاژاوە (سەرچاوەی ١، لا١٥٢).

ئەم بیرمەندە عەرەبە دەریخستووە ستەم زۆر جۆری هەیە:

> **وامەزانن ستەم بریتییە لە سەندنی ماڵ و موڵك لە دەست خاوەنەکەی بەبێ بەرامبەر کە ستەم ئاوا ناسراوە، بەڵکو زۆر لەوە گشتگیرترە هەر کەسێ موڵکی کەسێك ببات یان کارەکەی لێ زەوت بکات یا داوای شتێکی لێ بکات یا شتێکی بەسەردا بسەپێنێ کە شەرع نەیسەپاندبێ هەموو ئەمانە ستەمکارین، سەندنی باج بە ناهەقانە ستەمە ئەوەی ئەنجامی دەدات ستەمکارە ئەوەی کە دەی بات ستەمکارە ئەوەی مافی خەڵك پێشێلدەکات ستەمکارە ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی دەست بەسەر موڵکی خەڵك دادەگرێ ستەمکارە هەر ئەوانەش وادەکەن دەوڵەت دووچاری داڕمانی عومڕانی بێت دواجار دەبێتە هۆی بێهیوابوونی خەڵك بە دەوڵەت (سەرچاوەی١، لا٢٨٩).**

هەروەها ئیبن خەلدون پەی بەمەبردووە کە رەنگە لادان لە رێساکانی رەفتار رەنگە لە پیاوانی دەسەڵاتی خۆیانەوە سەرچاوەبگرێ:

> **هیچ کەسێك ناتوانێ ستەم ئەنجامبدات مەگەر خۆی ستەمکار نەبێت بۆیە لەلایەن خەڵکی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواوە ئەنجامدەدرێت، هەرلەبەر ئەمە ستەمکاری زۆر سەر زەنشتدەکرێ و بەردەوام دەترسێنرێت بۆ ئەوەی کەسی ستەمکار خۆی رێبەرێتی بکات (سەرچاوەی١، لا٢٨٩).**

## پەراوێزەکان

١- بڕوانە ***بیکەر*** و ***بارنێز*** (سەرچاوەی ٣٢، لا ٢٧٧). چەشنی ئەم رایەی ئیبن خەلدون گوویەتی، تا ئەندازەیەك، هەندێ لە بیرمەندان گوتوویانە: ***حوسێن*** (سەرچاوەی ٦٦، لا٥٨) ***حوسەری*** (سەرچاوەی ٧، لا٢٣٦)، ***سیمۆن*** (سەرچاوەی ١٠٥، لا٢٣، ١٢١)، ***عەنان*** (سەرچاوەی ٤٩، لا١٢٢)، ***وارفینگ*** (سەرچاوەی ٦٧، لا١٨٥).

٢- بڕوانە ***دۆرکهایم*** (سەرچاوەی ٤٧، لا١٦٢)، ***گومپلۆفیتز*** (سەرچاوەی ٥٩، لا٢٦)، ***شەروانی*** (سەرچاوەی ١٠٣، لا١٩٦)، ***عالم*** (سەرچاوەی ٢١، لا٩١). هەندێ لە نووسەران دەڵێن: لە نێوان ئەرکگەرایی (Functionalism) و مارکسیزم وێکچوون هەیە. بڕوانە ***بەعلی-پرایس*** (سەرچاوەی ٢٧، لا٣٤١-٣٤٢).

٣- ***خەمیری*** (Khamiri) لە پێشەنگی ئەو کەسانەدا دەنرێت کە دەمارگیری بە نەتەوایەتی یا نەتەوەگەری دەچوێنن (سەرچاوەی ٦٩، لا١٩٤-١٨٥). هەروەها بڕوانە ***رەبیع*** (سەرچاوەی ٩٣، لا٧) ***بەتاح*** (سەرچاوەی ٣١، لا١٩٩-٢٠٤)، ***حورانی*** (سەرچاوەی ٦٥، لا٧٨)، ***ریتەر*** (Ritter) (سەرچاوەی ٩٤، لا٢٢)، ***سپولەر*** (Spuler) (سەرچاوەی ١١٥، لا٢٥٣) ***فوئاد بەعلی*** (گوتارێك دەربارەی «دەماگیری») کە لەم زووانە (بۆ کاتی خۆی: وەرگێر) بڵاوبۆتەوە لە
Encyclopedia of Modern Islamic world (Oxford University Press 1995)

٤- هەندێ لە هزرمەندان ئەم رایەیان بەم شێوەیە یا بەشێوەیەکی دیکە گوتووە لەوانیش: ***بیکەر*** و ***بارێنز*** (سەرچاوەی ٣٢، لا٢٧٨، ٣٥٠-٣٥١، ٣٥٤)، ***کەیرنز*** (Cairns) (سەرچاوەی ٣٩، ٣٢٢-٣٢٣)، ***سۆرۆکن*** (سەرچاوەی ١٠٩، لا٢٣)، ***سۆرۆکن*** (سەرچاوەی ١٠٦، لا١٠، ١٠٠) ***شەروانی*** (سەرچاوەی ١٠٣، ٢١٥).



٥- ئیبن خەلدون پێی وابوو هەموو خەڵك روویان لە خوێندنی زانست نەکردووە، ئەمەش جۆرێکە لە پڕکردنەوەی دەستبەتاڵی: «فێربوونی زانست شتێکی کەماڵییە یاخود پێویستەکییە» (سەرچاوەی ١، لا٤١).

٦- ***موقەدیمە*** لا٢٥٨، سەرنجبدە وشەکانی ئیبن خەلدون لە کاتی ئاخاوتنیدا سەبارەت بە ***ئەرەستۆ***: «ئەو هۆیەی کە ***ئەرەستۆ*** باسی کردووە ئەگەر باسی کردبێت» ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئیبن خەلدون کتێبەکانی ***ئەرەستۆی*** نەخوێندۆتەوە ئەوەشی لە بارەی ***ئەرەستۆوە*** زانیویەتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆبووە. ئەگەرنا خۆی دڵنیادەکردەوە، بۆیە هشیاریی زانستی بابەتیانە لە دەستەواژەکانی ئیبن خەلدون بە روونی دەردەکەوێت.

٧- زۆر لە بیرمەندان ئەمەیان گوتووە، بڕوانە ***کۆنت*** (سەرچاوەی ٤١، لا٥٢٨)، ***دۆرکهایم*** (سەرچاوەی ٤٧، ٤٧٤-٤٧٥)، ***ڤێبەر*** (سەرچاوەی ١٢٧، لا٢٧٣-٢٧٤، ٢٨٣، ٢٨٦-٢٩٠)، ***تۆنیس*** (سەرچاوەی ١١٨، لا٦٣-٦٤، ١٨٩، ٢١٩-٢٢٦، ٢٧٤).

## بەشی چوارەم

### دەمارگیریی

دەماگیریی (هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی) بە گرنگترینی ئەو زاراوانە دادەنرێت کە ئیبن خەلدون لە نووسینەکانیدا بەکاریهێناون، دەشێ بگوترێ کە دەکارگیریی لای وی هۆکاری پەرەسەندنی کۆمەڵگە و بناغەی تیۆرکەیەتی سەبارەت بە سووڕی مێژوویی. ئەم بەشە لە تایبەتیە دیارەکانی دەمارگیری، هەروەها رۆڵی لە گەشەسەندنی دەوڵەت دەتوێژێتەوە. دوو بەشی داهاتووش، بەشێوەیەکی بەرفراوان، لە سووڕی مێژوویی دەکۆڵنەوە.

دەمارگیری -عصبیە- لە رەگوڕیشەی وشەی عەرەبی -عصب- یاخود -عصابە- وەرگیراوە، واتە پەیوەستکردنی کۆمەڵە تاکەکان بە گرووپێکی دیاریکراو. لەوە دەچێ ئەم وشەیە لە رۆژگاریدا بەکارهێنرابێت، لە **موقەدیمە**شدا هیچ پێناسەیەکمان بۆی نەدۆزیەوە. رەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە وەرگێڕانی واتای ئەم وشەیە رێکەوتنێك لە ئارادا نەبێت. لەم وەرگێڕاوانەش «رۆحی گرووپ»، «هاوکاریەتی» (Partisanship)، «حیزب»، «هەستی هۆزچیەتی»، «رۆحی هۆز»، «دڵسۆزی هۆزچییەتی»، «پەیوەندی خوێن»، «زیندەگەرایی»، «هەستکردن بە یەکگرتوویی»، «یەکبەستوویی هاوبەش»، «هەستی هاوبەستەیی»، «ئەقڵی



گرووپ»، «هەستی گرووپ»، «هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی». واپێدەچێ واتا فەرەنسیەکەی چەمکی دەمارگیری لەلای ***دیسلان***(Deslane) یاخود وەرگێڕاوەکەی «Esprit decorps»ە «رۆحی گرووپ»و وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەشی کە ((هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی)) (Social Solidarity)ە نزیکترین واتای چەمکی دەمارگیری بن.

***سیمۆن*** بڕوای وایە لەنێوان هەر دوو وشەی دەمارگیری و ((هاوبەستەیی)) (Solidarity) جیاوازیەك هەیە. هەرچی هاوبەستەییە لە پلەیەکی سەرووتری داماڵکاری (تجرید)دایە، هیچ فۆرمێکی کۆکردنەوەشی نییە بەڵام سەبارەت وشەی دەماگیری بە بەراورد لەگەڵ وشەی هاوبەستەیی مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە. دەمارگیری رەنگدانەوەی یەکبەستوویییەکی کۆمکاریی پتەوە نەك یەکبەستوویەتی گشتی ئاسایی. بۆیە ***سیمۆن*** پێشنیاردەکات کە وشە عەرەبییەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە لەبەر زەحمەتی وەرگێڕانی ئەم وشەیە بەشێوەیەکی لواو یاخود شیاو کە مەبەستی خۆی بپێکێ (سەرچاوەی ١٠٥، لا ٥١-٥٢، ٥٧، سەرچاوەی ٩٧، لا ٥٧-٥٩). ***ئان شمیل*** (Schimmel) لە وەرگێڕانی هەندێ بەشەکانی **موقەدیمە**دا، وشەی عەسەبیەتی وەکو خۆی (بەبێ وەرگێڕان) نووسیوەتەوە (سەرچاوەی ١٠). لە راستییشدا هێشتنەوەی ئەم وشە عەرەبییە شتێکی ویستراوە، نەك تەنها لەبەر زەحمەتی پێناسەکردنێکی تەواوی وشەکە بەڵکو لەبەر ئەوەشە وشەکە، بەگوێرەی تێڕوانیمان، نەناسراوە و لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەدەبیاتی عەرەبییدا بەدەگمەن نەبێت بەکار نەهاتووە. ئەوەی بەلای ئێمەوە لەم بەشەدا گرنگە تەنها و تەنها ئەم وشەیە نییە بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی لای ئیبن خەلدون. دەمارگیری لە دیدی ئیبن خەلدوندا واتە هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی. لەژێر رۆشنایی ئەمەشەوە وشەی ((کۆمەڵایەتی)) لێرەدا ئاماژەیە بۆ گرووپێکی خۆجێیەتی یاخود گەلێك کە لەسەر بستە زەویەکی دیاریکراودا ژیان بەسەردەبات و خودان شێوازێکی

ژیانە کە هەوڵی پاراستنی دەدات. کەواتە، دەمارگیری پەیوەستییەکی کۆمەڵایەتیی ئاساییە دەکرێ، بە هۆیەوە هێز و یەکبەستوویی و چەسپاوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بپێورێت. لێرەوە دەشێ بە ریشاڵی ماسولکەکانی جەستەیی مرۆڤ کە بەیەکەوەبەستنی گۆشت و ئێسك دەپارێزێ بچوێنرێ. جگە لەوەی ئەم یەکبەستووییە (دەمارگیری) پشت بە پەیوەندی خوێن نابەستێ. دەمارگیری چەمکێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سروشتی (Physical) و سیاسییە زۆر بە روونی دەردەکەوێت و تەنها پەیوەستیش بە گەل یاخود خێڵە رەوەندییەکان نییە.

لە دەمارگیریدا تاك، (رەچەڵەك و شوناسی) دەچێتە پاڵ ئەو گرووپەی تیایدا ئەندامە و وەك ئەم گرووپەش بیردەکاتەوە و وەك یەکەیەك (Unit) کاردەکات:

**تاکە هۆزێك لە چەند بنەماڵە و دەمارگیرییەکی جیا جیا پێکدێت، جا دەبێ دەمارگیریەك هەبێت لە هەموویان بەهێزتربێت ملکەچ و گوێڕایەڵیان بکات، بە جۆرێك تەواوی دەمارگیرییەکانی دیکە تێکەڵ بەو دەبن واش دێتە بەرچاو کە یەك دەمارگیری مەزنە، ئەگەر وانەبێت ئەوا گرفت روودەدات دەبێتە هۆی جیاوازی و بۆ یەکتر داهێنان. (سەرچاوەی١، ل١٣٩).**

بەم دەمارگیرییە ((یەکگرتووەش بەرگریکاری و بەرەنگاربوونەوە و پارێزەریی و داواکاری...)) دێتە ئارا ((ئەگەر گرووپێك دەمارگیریەکەی ناخۆشی لەسەر لانەبات چۆن دەتوانێ بەرگری بکات و داوای شتی دیکە بکات، چونکە دووچاری ملکەچی و سەرشۆڕی بووە کە رێگرە لە بەردەمی)). ئەو تاکانەی بە دەمارگیریەکی بەهێز جیادەکرێنەوە وەکو خوویەك هەست بە ترس لە چەوساندنەوە یاخود دوژمنکاری ناکەن (سەرچاوەی ١، ل ١٤٢). بە کورتی دەتوانین بڵێین کەوا روحی گرووپگەریی



یاخود یەکگرتن (دەمارگیری) وا لە تاك دەکات خۆی بۆ گرووپەکەی تەرخان بکات و لە روانگەی ئەندامێتی بۆ ئەم گرووپەوە بڕوانێتە جیهان.

لێرەدا وێکچوونێك لە نێوان دەمارگیری و هەستی (ویژدانی) کۆمکاریی، کە ***دۆرکهایم*** باسی لێوەکردووە، هەیە. ((ویژدانی کۆمکاریی سەرچاوەی ژیانە)) و هاندەرێکە بۆ وەستان ((لە دژی هەموو دوژمنێکی ناوەوە و دەرەوەی گرووپ)). سەرەڕای ئەمەش، سروشتی ویژدانی کۆمکاریی پەیوەندی بە تاوان و سزاوە هەیە. کاردانەوە رووەوە تاوان شتێکی گشتی و کۆمکارییە، ئەم هەستەش لە کۆمەڵگەیەوە دێتە ئارا کە تاوانی دژ بە ((تاك بە هێرشێکی ئاڕاستەکراوی دژ بە کۆمەڵگە)) دادەنێت یا دژ بە هەستی کۆمەڵانی خەڵك، بەمەش سزادەدرێت (سەرچاوەی٤٥، ل٨٤، ٩٠-٩١، ٩٦، ١٠٢-١٠٥، ١٢٩، ١٣٣، سەرچاوەی٤٧، ل١٦).

هەروەها چەمکی دەمارگیریی خەلدونی هاووێنەی بیرۆکەی ***ماکیاڤیلی*** (Machiavelli)یە سەبارەت بە رەندێتی (فەزیلەت-Virtû). نزیکیشە لە بیرۆکەی ***ڤیکۆ*** دەربارەی ((سروشتی گشتی گەلان)) کە ئەمیش بریتییە لە ((یەکەیەکی دەروونی)) یاخود هەستێکی ئاڵوگۆڕی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە-یەکەیەکە لە حکوومەت و ئایین و یاسا و خووەکاندا رەنگدەداتەوە (سەرچاوەی ١٢٤).

هەنوکەش رەهەند یاخود لایەنەکانی چەمکی دەمارگیریی خەلدونی بە دوور و درێژی رووندەکەینەوە:

١- **دەمارگیری**، گەرچی لە لای رەوەندەوە بەهێزترە وەك لە لای خەڵکی شار، بەڵام تەنها بە رەوەندەوە وەك چۆن هەندێ لە نووسەران چەشنی ***ئارنۆڵد توینبی*** (Toynbee) و ***نور*** و ***ئەرنێست گیلنەر*** (Gellner) وای بۆچوونە، پەیوەست نییە (سەرچاوەی١٢٠، ل٤٧٣-٤٧٤، سەرچاوەی٥٥، ل١٧-٢٠، ٢٤-٣٨، ٧٢-٩٥، ١٧٤-١٧٥، ١٨٠، ٢٤٤). ئیبن خەلدون وەك بناغەیەك بۆ راڤەکردنی مێژوویی

ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە کۆچەری و شارستانییەکان ئەم زاراوەی بەکارهێناوە. دواتریش دەبینین کە چۆن تیۆرەکەی تا ئەندازەیەکەی زۆر چڕدەبێتەوە لە چەمکی دەمارگیری و رۆڵی لە گواستنەوەی لە یەکێك لەم دوو کۆمەڵگەیە (مەبەست کۆچەری و شارستانییە) بۆ ئەوەی تریان (بڕوانە بەشی پێنجەم و هەشتەم).

**٢- پێویست ناکات دەمارگیری لەسەر پەیوەندی خوێنی بنیادنرابێت.** مرۆڤ بە زگماك ئاوایە کە ئارەزووی یارمەتیدانی خزمانی (نزیکەکانی) هەیە. جا ئەم پەیوەندییە هەر چۆنێك بێت، ئەوەی گرنگە رێزی کۆمەڵایەتییە. ئیبن خەلدونیش پەی بە هەبوونی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی لە گرووپی ناخێزانی و ناهۆزایەتی بردووە، چونکە دەمارگیری لە ئەنجامی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی پشتبەستوو بەئەزموونگەلێکی دووروودرێژی ئاڵوگۆڕ و لە ئەنجامی چالاکییە پیشەوەرییە جۆراوجۆرەکان دێتە ئاراوە. لێرەشەوە ئیبن خەلدون جەخت لەسەر تێرامانە کۆمەڵایەتییە قوڵەکەی خۆی دەکاتەوە، رەنگە ئەم رایەشی زۆر جیا بێت لە راڤەکردنی *خوزەیری* و *شورەیت* و *حەبابی* (بڕوانە سەرچاوەی١٢، سەرچاوەی١٧، سەرچاوەی ٧١).

**٣- دەمارگیری دیاردەیەکی سروشتی گشتییە،** تەنها بەگەلێکەوە پەیوەست نییە. ئەوەتا ئیبن خەلدون ئاماژە بە بوونی دەمارگیری دیکەی نەتەوە ناعەرەبەکان دەکات چەشنی فارس و عیبری و ئاشوری و گریك و رۆمان و تورك و بەربەرەکان (سەرچاوەی١، لا ١٤٥-١٤٧ و لاپەرەگەلێکی تر).

**٤- دەمارگیری پەیوەندی بە ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگەوە هەیە.** *رەبیع* پێیوایە دەمارگیری یەکێکە لەو دیاردانەی کە لە ئەنجامی شێوازی ژیانی ئابوورییەوە تایبەتمەندیگەلێکی دیاریکراوی وەرگرتووە. ئەو -ئیبن خەلدون- کارلێکێکی جەدەلیی (دیالێکتێکی) لە نێوان رەگەزەکانی ئابووری و کولتوورییەکانی دەمارگیری نیگا دەکات چونکە هیچ جەمسەرگیرییەکی (Poloization) داماڵراو



لە هۆ و ئەنجام لە لێکۆڵینەوەی ئیبن خەلدون لە رەوەندێتی و شارستانییەتیدا نییە. ((هەرچەندە دەمارگیری بەرایی بەهێزە و ماك و مۆرکی تایبەت بە خۆشی هەیە کەچی ئاکامی ستایلی گوزەرانکردنی رەوەندێتییە))[1]. بە تێپەڕبوونی کات و ساتیش دەبێتە هۆی سەرەکی گۆڕینی ئەم جۆرەی گوزەرانکردن بۆ جۆرێکی دیکە کە تەواو جیایە لە ناوچە شارستانییەکان[2].

**٥- دەمارگیریی پەیوەندییەکی زۆر پتەوی هەیە لەگەڵ ئایین** (وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و پێناوێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی) و ئایین هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی زێتر دەکات، ئەمە بیرۆکەیەکە *دۆرکهایم*یش جەختی لەسەر کردۆتەوە، کە بڕوای وابوو ئایین دەبێتە هۆی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی و یەکبەستوویی و ((یەکبوون))، واتا وا لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات یەکگرتوو بن و کار بۆ مانەوەی کۆمەڵگە بکەن (سەرچاوەی ٤٥، لا ٣٤١، ٣٩٩). رەنگە ئەو تێبینەی *ڤیکۆ* کە گوایە ((ئەگەر ئایین لە لای خەڵکدا نەما، ئەوا هیچ شتێکیان لەلادا نامێنێ یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی بەردەوام لە کۆمەڵگەدا بمێننەوە)) (سەرچاوەی ١٢٤، لا ٢٤٦) پێچەوانەی بیروبڕوای ئیبن خەلدون بێت کە بڕوای وابوو کۆمەڵگەی ئادەمیزادی دەتوانێ بەبێ ئایینێك بژیێت و بەردەوامیش بێت.

ئەم پێداگرتنەی ئیبن خەلدون لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی ئایین (یەکبوونی کۆمەڵایەتی خەڵك) لە دەستکەوتەکانی عەرەب کە لە دوای مسوڵمانبوونیان بەدەستیانهێنا بەدەردەکەوێت. کاتێك روحی هۆزچییەتی (دەمارگیری) لەگەڵ هەندێ لەلایەنەکانی ئایین تێکەڵ بوو ئەو کاتە عەرەبەکان بوون بە ئایینپەروەرێکی -دیندارێکی- زۆر بەهێز و پەرۆشییەکی زۆریان نواند (سەرچاوەی ١، لا ٤٣-٤٤ و لاپەڕەکانی تر) و دڵسۆزی و لە خۆبووردنیان بۆ ئیسلام بە تایبەتی پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) کاتێك دەمارگیرییەکەیان رووبەڕووی دژایەتیکردنی (کافرەکان) بووەوە لە دەرەوەی خاکی عەرەب (عەرەبستان). ئەوەی

لێرەدا پێویستە باسی لێوەبکەین ئەوەیە کە دەمارگیری هیچ کاتێك ڕێگریان نەبوو لە پشتبەستن بە ناعەرەب و ناموسڵمانان بەتایبەتیش لە زانست و وێژە و هونەرەکان. بێگومان ئیبن خەلدون بڕوایوابوو کە خودی ئایین پێویستی بە دەمارگیری یاخود هاوبەستەی کۆمەڵایەتییە، زۆر نموونەشمان بە بەڵگە بۆ دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ((بانگەوازی ئایینی بەبێ دەمارگیری هیچ بە هیچ ناکات)) (سەرچاوەی ١، لا ١٥٩-١٦١، ٢٠٤).

٦- **دەمارگیریی کاریگەریی زۆری بەسەر سیاسەتەوە هەیە،** بەبێ دەمارگیری بەهێز، هیچ فەرمانڕەواییەك ناتوانێ دابمەزرێت و هیچ دەوڵەتێکیش ناشێ دروست ببێت. ئەگەر هاتو ئەم دەمارگیرییەیان لە لانەما و دەوڵەت بەرەو لاوازی چوو ئەوا ((کەموکوڕییەکان زێتر دەبن)). بۆیە ((ئەم جوامێریەی کە خودانگەلی دەوڵەتەکە هەیانە پەیوەستە بەهێزی دەسەڵاتیان و دەستڕۆییان بەسەر خەڵکەوە، جوامێریش تاکو لەناوچوونی دەوڵەت لەگەڵیاندا دەبێت)) (سەرچاوەی ١، لا ١٧٩، ٣٧٦). دەشێ ئەولایەنانەی دەمارگیری کە پەیوەندیان بە سیاسەتەوە هەیە بەم شێوەیە پوختی بکەینەوە:

ا- جێگیریی و چەسپاوی سەرۆکایەتی پشت بە باڵادەستی دەبەستێ، باڵادەستیش پشت بە دەمارگیری دەبەستێ.

ب- تاك پێویستی بە هاریکاری و پاراستنی گرووپەکەیەتی (حکومەت، دەوڵەت)، کە لە هەمان دەمارگیری تێیدا هاریکارە.

ج- چەك هێزی گرووپ زێتر دەکات، بەڵام پێویستی بە شتێکی دیکە هەیە بۆ بەرگریکردن لە دژی دوژمنان: ئەویش دەمارگیرییە (لایەنگریی و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی تۆکمە).



د- دەمارگیری هەر تەنها واتای موڵك یاخود دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی یا نفوزێکی کۆمەڵایەتی ناگەیەنێت، بەڵکو واتای رەفتاری چاکیش دەنوێنێت، وەکو ((لێبوردن لە هەڵە... ئارامگرتن لەسەر کاری نەشیاو و پەیمان بردنە سەر و خەرجکردنی پارە لەپێناو پاراستنی نامووسی خەڵك و بەرز ڕاگرتنی شەریعەت و بەرز ڕوانینین لە زاناکانی هەڵگری دەمارگیریین.. ملکەچی بۆ ڕاستی و پاڵپشتیکردنی ڕاستییخوازان و هەقدانی بێلافی بەرامبەر بێدەسەڵاتان و گوێگرتن لە گازاندەکان.. چاونەپۆشین زۆرداری و فێڵ و ساختەرکاری)) (سەرچاوەی١، ١٤٣). بەمەش لە نێوان سەرکردەکان و شوێنەوتەکان پێکەوەگونجان و ریز لە یەکترگرتن لەنێوانیان دێتە ئاڵۆگۆڕکی[٣].

هـ- تەمەندرێژی دەمارگیری (تەمەنی دەوڵەت) پشت بە هێز لە رووی ژمارەوە ((ڕێژەی بەرێوەبەرانی)) دەبەستێت (سەرچاوەی ١، لا ١٦٣).

و- دەوڵەت (یاخود حکومەتی شارستانی) ئامانجی دەمارگیرییە، ژیانی شارستانی (دوورکەوتنەوە لە پێویستییە گوزەرانیەکانی ژیانی و خواستنی پشوو و پێناوەکانی رابواردن) ئامانجی خەڵکی رەوەندە، ئەمەش بە هێزی دەمارگیرییەکان نەبێت نایەتە دی. بەبێ پرۆسەیەکی بە شارستانییبوون و بەبێ کولتوورێکی شارستانییانە ناشێ هیچ دەوڵەتێك دروست ببێ. کولتووری شارستانییش (بۆ نموونە زانینی وردی پیشەکان) ئەنجامی خۆشگوزەرانییە، خۆشگوزەرانیش لە پاشکۆکانی سامانە، سامانیش یەکێکە لە ئەنجامەکانی دروست بوونی دەوڵەت، تۆڕێکی تێکەڵاوە لە پەیوەندی سووڕیی یاخود خوییە. مەزنیی دەوڵەت پێگەی ئەو دەوڵەتە لە شارستانێتی دەستنیشاندەکات)) (سەرچاوەی ١، لا ١٧٤). بەڵام نیشتەجێبوونی خەڵکی شارەکان دووچاری هەژموونی سیاسییان دەکات، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا فراوانە و بەهۆیەوە ناچاریان دەکات گوێڕایەڵی بن و بەرژوەندییەکانی بپارێزن جا چ لەخۆوەبێت یان بە پارە، پاشانیش جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان

له هەرێمەکەی خۆیاندا دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانڕەوا بەمەش عومرانیان راست دەبێت، یانیش بە ناچارکردن ئەگەر توانی ناچاریان بکات تەنانەت ئەگەر بە نانەوەی کێشە بێت لە نێوانیاندا بە جۆرێك کە بەشێکی وان دەچنە ژێر کۆنترۆڵی وی و لە رێگەی وانیشەوە، ئەوانی دیکە ملکەچدەکات، ئەوانی تریش گوێڕایەڵی ئەو دەکەن چونکە ئەگەر وانەکەن عومرانیان تێکدەچێت، رەنگە نەتوانن ئەو ناوچانە جێهێڵن و بۆ شوێنی دیکە کۆچ بکەن چونکە شوێنەکانی تر لە لایەن رەوەندەکانەوە ئاوەدانکراونەتەوە و دەستی بەسەرداگیراوە، رێگە بەکەسی دیکە نادەن بچێتە ئەوێ بۆیە ئەو کەسانە هیچ پەناگەیەکی تریان جگە لە ملکەچی بۆ هەرێمەکان (شارەکان) نییە ئەوان (واتا کۆچەریی) بە گشتی بەسەر خەڵکی هەرێمەکاندا زاڵن. (سەرچاوەی ١، لا ١٣٣).

بە تێڕوانینی ئێمە ئیبن خەلدون دەمارگیری بە هێزێکی پاڵنەر بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی ئادەمیزادی داناوە، وا دەردەکەوێت کە هەر ئەمە بناغەی تیۆری ئیبن خەلدون بێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە دان بەوەدابنێین کە ئەگەرچی دەمارگیری دیاردەیەکی گرنگ و سەرەکییە، بەڵام تاکە هۆکار نییە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگە. دواتریش نیشانی دەدەین کە ناشێ ئەم تیۆرە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ململانێی نێوان رەوەندێتی و شارستانێتی شرۆڤە بکرێت. کە ئەمەش دەرەنجامێکی گرنگە لە دەرەنجامەکانی دەمارگیری.

هەندێ لە شوێنکەوتووانی هزری خەلدونی چەمکی دەمارگیری بە "پەرستنی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی ئەم دەسەڵاتە" دادەنێن. ناشێ ئەم رایەش قبووڵ بکرێ. کاتێك ئیبن خەلدون ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە سەرۆك یاخود دەسەڵاتدار پێویستی بە دەمارگیرییەکی بەهێزە مەبەستی ئەو بیرمەندە عەرەبە موسڵمانە ئەوە نییە هێز خۆی لە خۆیدا واتا راستی یاخود راستپێکان. دەمارگیری مۆرك یاخود جیاکەرەوەیەکی رەوەندییە، ئیبن خەلدون لە چوار چێوەی تێگەیشتنە رەوەندییەکەی



خۆی لێی کۆڵیوەتەوە. ئاغای رەوەندانیش کە خودان دەمارگیرییەکی تۆکمە و پتەوە هەمیشە بە سەرکردەیەکی باش لە قەڵەم دەدرێت[٤]. چونکە لە کەسێتی ئەودا هێز و سەرڕاستی پێکەوە کۆبوونەتەوە، کەوابوو وەکو بینیمان، دەمارگیری زێتر لەوەی کە هەژموونێکی کۆمەڵایەتی بێت، واتای ئاکاری چاك و تایبەتمەندییە و پایە بەرزەکانی سەرۆکایەتیش ئەگەیەنێت.

ئیبن خەلدون لە کۆمەڵگەیەکدا ژیاوە کە دەمارگیری باڵی بەسەردا کێشابوو، خودی خۆیشی لە نێو رەوەندەکاندا ژیانی بەسەر بردووە و بەچاوی خۆی بەهێزی دەمارگیرییانی بینیوە. لە پەرتوکەکەیدا لە ***موقەدیمە***شدا زۆر نموونەی سەبارەت بە کاریگەریبوونی دەمارگیریی بەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان تێدایە، کە ئێمە تەنها دوو نموونە دەهێنینەوە:

١- وێڕای ئاراستە واقیعیە هاوسەنگەکانی ئیسلام، کەچی کاریگەری ئەم ئاراستانە لەسەر بیرکردنەوەی رەوەندە عەرەبەکان کارانەبوو. پاش ١٣ ساڵ ئامۆژگاری و دەمەتەقێی گەرموگوڕ بەڵام تەنیا یەك تاکەکەس (ئەبو زەڕی غەففاری) هاتە نێو ئایینی ئیسلام.

کەچی کاتێك دەمارگیری ئیسلامی بەهێزبوو ئەو کاتە رەوەندی عەرەب پۆڵ پۆڵ نێو ئایینی یەزدان {﴿ورأیت الناس یدخلون في دین الله افوجا﴾ (سورەتی ١١٠ ئایەتی ٢)}. هەروەها زۆربەی هەرەزۆری هۆزەکانی عەرەبستان نوێنەری خۆیان بۆ لای پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) نارد و رازیبوونی خۆیان بە ئایینە نوێیەکە راگەیاند.

٢- ئیبن خەلدون ئەو کەسانەی سەرکۆنەدەکرد کە بانگەوازی ئایینی، بەهۆی بیرە نموونەییەکانیان (میسالیەکانیان) دەکەن دوودڵی و هەراسانیان لە کۆمەڵگە دەنایەوە. بێگومان ئەوانە بە هۆی نەفامی و بێئاگاییان لە رێساکانی دەمارگیری لەناو دەچن. کاتێکیش ئیبن خەلدون لەسەر بنەمای ئیسلامی «فەرمانکردن بە

چاکە و نەهیکردن لە خراپە)) (کە ئەوان شالاوەکانیان لەسەر ئەم گوتەیە بنیادنابوو) دەیکۆڵیەوە ئەوا پێیوابوو ئەمە ئەرکی هەر کەسێکە کە پێی هەستێ. ئەگەر هاتوو کەسێك بە ئاشکرا توانای چاکەکاری و چاکەکردن یاخود نەهیکردن لە خراپەی نەبوو، ئەوا لەسەری پێویستە لە دڵ و زەینیدا ئەمە جێبەجێبکات. چونکە یەزدان داوای هیچ کارێك لە مرۆڤەکان ناکات مەگەر ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە)) (سەرچاوەی ١، لا ١٥٩-١٦١، ١٩٦).

ئەگەر هاتوو تاك دەمارگیرییەکی نەبوو یاخود هیچ حیزبێك پشتگیری نەبوو لە فەرمانکردن بە چاکە و نەهیکردن لە خراپە ئەوا دەبێ ملکەچی بڕیاری هەر کەسێکی خودان دەمارگیری بێت جا ئەو کەسە چاك بێت یا خراپ. لە راستییدا ئەمە ئەو کارەیە کە ئیبن خەلدون خۆی پێی هەستاوە. ئەوەی شایانی باسە ئیبن خەلدون دانیناوە بەوەی کە گرووپ بەبێ دەمارگیریش جێگیر و بەردەوامە. کەساسی و کۆتبەندی تێکشکێنەری تۆکمەیی و بەتینی دەمارگیریین، چونکە کۆتبەندیان و کەساسییان بەڵگەیە بۆ لەدەستدانی دەمارگیرییان، کاتێك (خاوەن دەمارگیرییەکان) ملکەچبوونە ئەوا توانای بەرگرییان نەماوە بۆیە چاکترە توانای بەرەنگاری و داواکاریشیان نەمێنێت. (سەرچاوەی ١، لا ١٤١، ١٤٢). ئیبن خەلدون نموونەیەکیشی سەبارەت بە نەوەی ئیسرائیل هێناوتەوە کاتێك کە موسا (د.خ) موڵکی (شام)ی خستە بەردەستیان، بەڵام ئەوان دەستەوەستاوبوون و گووتیان ((هەتا ئەو قەومە زۆردارەی تیایەتی نەچنە دەرەوە (خوای گەورە بەتوانای خۆی وەدەریان دەنێ) ئێمە نایەینە ناوی... کاتێکیش هیچی لەگەڵیان پێنەکرا - موسا- ئینجا دەستیان لاسارییکرد و یاخیبوون و گووتیان: ئەی موسا.. بەخۆت و خوایەکەت بڕۆن لەگەڵ ئەو قەومە زۆردارە بجەنگن)) (سەرچاوەی١، لا١٤١). کەواتە ئیسرائیلیش پێویستان بە ئازایەتی یاخود چاونەترسی و بوێری بوو. ئەمانەش دوو لایەنی گرنگی دەمارگیرین. وێڕای ئەمە ئیبن خەلدون دانی بە



دروستبوونی دەوڵەت لە شوێنکدا کە خاڵی بێت لە دەمارگیری ناوە لە رۆژگاری ویشدا لە میسر و شامدا ئەوهابوو ((کە خاڵی بوون لە هۆز و دەمارگیرییەکان... بۆ نموونە دەسەڵاتی میسری لەوپەڕی خۆشگوزەرانی و تۆکمەییدا بوو ئەمەش بە هۆی کەمی یاخیبووان و دەمارگیرەکان)) (سەرچاوەی ١، لا ١٣٢، ١٥٢، ١٦٥).

خۆ ئەگەر ساڵانێکی زێتر بژیایە ئەوا عوسمانییەکان (تورکەکان)ی دەبینی کەوا لە ئاسیای ناوەڕاستدا بە دەمارگیرییەکی جیا لە دەمارگیری هۆزایەتی راپەڕین. ئەم حاڵەش دەشێ بەسەر ئەو نەتەوانەی، دیکەشدا بسەپێ کە زەوی و نیشتمانی خۆیان کۆنترۆڵکردووە. وێڕای ئەمەش، سوپای هاوچەرخی ئامادەکراو بە چەکی نوێ لە توانایدا هەیە هەر راپەڕینێکی رەوەندییانەی بنیادنراو لەسەر دەمارگیری تێکبشکێنێ، کە ئەمەش لە کۆتایی سەدەی هەژدەم لە نەجد (عەرەبستانی سعودی) بەسەر گرووپێکی رەوەندی بە هێزدا هات. کەچی ئەم گرووپە جارێکی دیکە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدان دووبارە هەڵیاندایەوە بەڵام ئەم جارە لە دروستکردنی دەوڵەتێك، کە تا ئەندازەیەکی مەزن پشتی بە دۆزینەوەی بیرە نەوتەکانی نێو بیابانەکان بەستبوو، سەرکەوتن. دەشێ ئەو نموونەیەش بە هاوێردە -شاز- دابنرێ، لەگەڵ ئەمەشدا خۆ ئەگەر ئیبن خەلدون تێبینی ئەم سامانە بێشومارەیەی بکردایە کە لەلای هەندێ دەوڵەتی عەرەبی کۆبۆتەوە ئەوا لە راستی تیۆرەکەی دڵنیای دەکردینەوە: سامان بەبێ دەمارگیریی وا لە عەرەبەکان دەکات لەبەرگریکردن لە خۆیان دژی دوژمنانیان دەستەوەستابن، بەڵکو وایان لێدەکات بێتوانا بن لە داواکردنی مافەکانیان تەنانەت ئەگەر ئەم مافانە زۆر رۆشنیش بن. لەبەرئەوە هزرڤانی عەرەب -ئیبن خەلدون- بڕوای وایە حەق بەبێ ئەوەی هێزێك پاڵپشتی بێت شتێکی مەحاڵە.

گومان لەوەدا نییە کاریگەری دەمارگیریی و بەها رەوەندییەکان لەسەر جیهانی عەرەبی تا ئەمڕۆش روون و ئاشکرایە. ***ئەرنێست گیلنەر*** (Gellner) لە کۆتایی

پەنجاكانی ئەم سەدەیە (سەدەی بیست) هۆزە مەراكیشییەكانی بینیوە كە چوونەتە پاڵ پارتە سیاسییەكان. سوێندی وەفاداریشیان بۆ ئەم پارتانە خواردووە وەك یەكەگەلێكی هۆزایەتی؛ گرنگی سیاسەتیش لەلای هۆزە یەمەنییەكان لە سەدەی بیستەمدا زێتربووە و كەمنەبۆتەوە (بۆ نموونە بڕوانە سەرچاوەی ٥٥، لا ٥٧، ٢٢٤). هەڵبژادنە پەرلەمانییەكانی كوێتیش لە ساڵی ١٩٨٤ ئەوەیان دەرخست كە هەزارانی خەڵك لایەنگیری هۆزایەتییان دووپاتكردەوە. ئەم جەنگە ئاسمانییەی حوزەیرانی (یۆنیۆی) ١٩٨٤ كە بووە هۆی كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەیەكی جەنگی ئێرانی لە لایەن سعودییەوە، وای كرد میرێكی سعودی بە راشكاوانە بڵێت كە گێتی رێز لە حەق دەگرێت ئەگەر هاتوو هێزێك پاڵپشتی ئەم حەقەی كرد[٥]. ئیبن خەلدون هیچ رووبەڕووبوونەوە و ململانێیەكی لە نێوان حەق و هێزدا بەدی نەكردووە، هەردووكیشیان لە دامەزراوەی دەمارگیریدا كۆدەبنەوە.



## پەراوێزەكان

١- لادێیە دوورە پەرێزەكانیش دەچنە ئەم ریزەوە.

٢- وێڕای *رەبیع* (سەرچاوەی ٩٣، لا ٢٥٤) هەندێكی دیكەش بەرەو ئەم بیرۆكەیە چوونە، جا بەهەر شێوەیەك بێت، بۆ نموونە *ژۆزێف شپنگلەر* (سەرچاوەی ١١٣، لا ٢٩٠، ٢٩٢، ٢٩٤-٢٩٥)، *سارتن* (سەرچاوەی ١٠٠، لا ١١٧) *ئەڵكین* (Ulken) (سەرچاوەی ١٢٢، لا ٢٩)، *شەروانی* (سەرچاوەی ١٠٣، لا ١٨٧-١٨٨، ١٩٦).

٣- بگەڕێوە بەشی پێنجەمی ئەم پەرتووكە.

٤- دەشێ دەمارگیری لە كولتووری رەوەندێتییدا بە پارتێكی سیاسی لە ناوچە شارستانییەكاندا بچوێنین. لە بەرژەوەندی گشتی خەڵكدایە كە جێنیشن (خلیفە) یاخود پێشەوایەكیان لە بەهێزترین پارتەكانی گەلدا هەبێت. **موقەدیمەی** ئیبن خەلدون (سەرچاوەی ١، لا ٢١٦، ٢٢٤).

٥- رۆژنامەی (الاوقات العربیە) كە بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە (كوێت، ٣٠، حوزەیرانی "یۆنیۆ" ١٩٨٤، لا ١).

## بەشی پێنجەم

### سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەت

ئەم بەشە وەك ئەنجامێكی گرنگ لە ئەنجامەكانی دەماگیریی، لەمەڕ دەوڵەت دەكۆڵێتەوە و باس لە هەڵەكانی فەرمانڕەوا یاخود دەسەڵاتی توند دەكات. هەروەها ئەم بەشە بەراوردێك لەنێوان راوبۆچوونە سیاسییەكانی ئیبن خەلدون و راوبۆچوونی هەندێك لە زانا رۆژئاواییەكان دەگرێتە خۆی.

مەبەست و ((ئامانجی سروشتیی)) دەمارگیریی دەوڵەتە. رەنگە هێز و گرنگی دەماگیریش لە پەیوەندی خوێنەوە سەرچاوە بگرێت. بەڵام (بەڕای ئیبن خەلدون) دەوڵەت لە پەیوەندییەكانی خوێن فراوانتر و گەورەترە. هەروەها لە سەركردایەتی (سەرۆكایەتی)یش زێترە. بەڵكو دەوڵەت بریتی یە لە باڵادەستی و ((زاڵبوون و فەرمانڕەوایی بە زۆر)) (سەرچاوەی ١، لا ١٣٩ لاپەڕەكانی تر).

هەر كاتێك دەمارگیریی سەركەوت ئەوا بە سروشتی خۆی، هەوڵی زاڵبوون دەدات بەسەر هۆزەكانی تر كە خاوەن دەمارگیریی دیكەن: ((تاكە هۆزیی هەرچەندە هەمە جۆرە و پەرت و بڵاوی تێدا بێت، هەردەبێت خاوەنی دەمارگیرییەك بێت كە لە گشتیان بەهێزتر بێت و بەسەر هەموو ئەوانی تردا زاڵبێت و باڵیان بەسەر راكێشێت و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هەموو دەمارگیریی تر تیایدا بتوێنەوە و



شێوەی یەك دەمارگیریی گەورە بگرن)). خۆ ئەگەر دەمارگیرییەك لەگەڵ ئەوانی دیكەدا لە رووی هێزەوە هاوشان و یەكسان بێت، ئەوە هەر دەمارگیرییەك هەوڵی پاراستنی خۆی و ئەوەی كە هەیەتی بۆ تاكەكانی دەدات. ئەم دیاردەیەش لە لای زۆر لە هۆز و نەتەوەكانی جیهان بەدیدەكەین (سەرچاوەی ١، لا ١٣٩-١٤٠).

لە روانگەی ئیبن خەلدونەوە، دەوڵەت دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی سروشتییە، كە بەبێ هاوكاری و رێكخستنی كۆمەڵایەتی ناتوانێ یا ناكرێ بەردەوام بێت.

بۆیە پێویستە پێودانگێكی سیاسی هەبێت كە خەڵكی كاری پێبكەن و بۆی ملكەچ بن، واتا پێویستە حاكمێك یا سەرۆكێك هەبێت كاروباری دەوڵەت بە رێوەببات سەرپەشتی میللەت بكات. (سەرچاوەی ١، لا ١٨٧-١٩٢...).

ئیبن خەلدون باسی لەوە كردووە كە مەبەست لە خەلافەت چییە؟، هەروەها ئەو هۆكارانەی كاری تێدەكەن چییە؟ بەڵام ئاماژەی بەوە نەكردووە خەلافەت چاكترین جۆرەكانی حوكمڕانی بێت. پارێزگاریكردنی فەرمایشتە ئایینییەكان و بەڕێوەبردنی كاروبارە سیاسییەكانی دەوڵەت لە ئەركەكانی خەلافەتن. لێرەدا چوار (هۆكار) یا مەرجمان هەیە كە پەیوەندیمان بە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ئیمامەت (یاخود سەركردایەتی ئایینی)ەوە هەیە كە ئەمانەن: زانست (ئیجهاد)، دادگەری، ساغی و سەلامەتی هەستەوەر و ئەندامەكان:

**ئیمامەت پێویستی بە كامڵبوون لە خەسڵەت و بارودۆخ سەبارەت بە دادگەریش لەبەرئەوەی پلەو پایەیەكی ئایینە بۆیە دەڕوانێتە هەموو ئەو پلە و پایانەی دیكە (وەك ئیمامەت) كە خۆی مەرجێكە تێیاندا. ئەمە (كە پلە و پایەی ئایینیەكەیە) گونجاوی وشیاوی بەمەرج پێنەبەخشیوە. هیچ گومان و ناكۆكی لەسەر ئەوە نییە بە پەراوێزكردن و نەمانی دادگەری (لە ئیمامەتدا) بە هۆی**

**تاوانی (گوناه) گەورە و دووڕووی لە ناخییەوە و ئەنجامدانی قەدەغراوەکان (المحظورات) و هاوشێوەکانی، یا سڕینەوەی دادگەری بە هۆی سەرهەڵدانی بیدعە (نوێ یا دەستکاری) لە رووی بیروباوەڕەکان کارێکی نابەجێ و نادروستە. لێهاتوویش ئەوەیە لە دیاریکردن و چەسپاندنی سنوورەکان چاونەترس بێ، توانای بەرپاکردنی جەنگی هەبێت و خاوەن بینایی و تێڕوانینێك بێت سەبارەت بە جەنگ و شارەزابێت بە چۆنیەتی هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی بە جەنگ بەرپابکەن. هەروەها بە دەمارگیری و رەوشی خەڵك زانابێت، بەهێز و لە ئاستی ئەرك و ماندووبوونەکانی سیاسەت خۆڕاگربێت، بۆ ئەوەی توانای هەموو ئەو کار و ئەرکانەی هەبێت کە پێی سپێردراون لە پاراستنی ئایین و جیهادکردن لەگەڵ دوژمن و راگرتن و سەپاندنی و رێکخستن و دابینکردنی بەرژەوەندییەکان. سەبارەت بە ساغی و بێکەموکوڕی هەستەوەر و ئەندامەکان، وەك شێتی (کەم عەقڵی) و کوێری و کەڕی و ناتەواوییەکی دیکە تر کە ئەندامەکانی لە کارکردن پەکدەخات. مەرجە کەلێی بە دوور و سەلامەت بێت، بە هۆی کاریگەری ئەمە لەسەر ئەنجامدانی کارەکانی** (سەرچاوەی ١، لا ١٩٣).

ئەم بیرۆکەیەی ئیبن خەلدون لە هەڵوێستی موعتەزیلەکانەوە نزیکە، کە باوەڕیان وابووە هەرکاتێك موسڵمانان کۆبوون لەسەر بنەماکانی داوەری و جێبەجێکردنی یاسا یەزدانییەکان، ئەوکاتە پێویست بە هەڵبژاردنی یا هەبوونی ئیمام نابێت، چونکە چیتر زەرورەتیی نامێنێت. بەڵام دەبێ بزانین ئەمە نکوڵیکردن، لە رۆڵ و گرنگی ئایین لەسەرکردایەتی سیاسیدا، نییە. ئەوەتا ئیبن خەلدون باس لەوە دەکات "عەرەبەکان نەیانتوانی دەسەڵات {حوکم} بەدەستبێنن، مەگەر بە بۆیەیەکی



(صبغە) ئایینی نەبووایە، جا هەر لە پەیامبەرێتیی یا خەلافەت و یان کاریگەرییەکی گەورە و فراوانی ئایین لەسەر کۆمەڵانی خەڵك". چونکە ئایین " کۆنترۆڵێك بوو لەنێو -کۆمەڵانی خەڵك- خۆیان، خووڕەوشتی خۆبەزلزانین و کێبڕکێی لەنێوان هەڵگرتن کۆیکردنەوە و بەڕێوەبردنی بۆ ئاسانکردن". لەژێر کاریگەری ئایین عەرەب دەتوانن یەکگرن و کاروبابەتەکان رێکبخەن و چەندین کاری سەرسوڕمێن ئەنجامبدەن. حکومەت لە سەرەتایی پێکهاتن (دروستبوون)ی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دادپەروەرە، بەڵام دواتر هەوڵی بەزۆر بەڕێوەبردن و فشارخستنە سەر هاووڵاتیان دەدات و دەبێتە حکومەتێکی گەندەڵ (سەرچاوەی١، لا١٥١،٣٠).

## ١- خەسڵەتەکانی حوکم

خەڵکی بەناچاری پێویستیان بە کەسێك دەبێت چاکە و بەرژەوەندیەکانیان بپارێزێت و هانیان بۆی بدات، و لە خراپەکاری و هەرچی زیانبەخشە دووریان بخاتەوە، ئەگەر بە زۆریش بێت (سەرچاوەی١، لا٢٣٠). ئەم خەڵکانەش سیفەت و خەسڵەتە تایبەتی و کەسییەکانی حاکمیان بەلاوە گرنگ نییە وەکو: کەڵەگەتی و زل و زەبەلاحی و جوانی روخسار و زۆری زانیاری و جوانی دەسخەت و نووسراوەکانی یا زیرەکی، بەڵکو ئەوەی بەلایانەوە گرنگە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیانە لەگەڵیدا.

کەواتە، لە خەسڵەتە چاکەکانی حوکمڕان بێلافیی و بێفیزیی (خۆبەگەورەنەزانین- تواضع) و ناسینی تاکەکانی گرووپەکەیەتی و رێزگرتنی هەست و خواستەکانیانە، بۆیە رێزلێنانی ئالوگۆڕی نێوان هەردوولا لایەنێکی گرنگی دەمارگیریی پێکدەهێنێت.

خۆ ئەگەر بەکەمیزانین و ڕێزی لێنەگرتن (بە چاوێکی سوك سەیریکردن یا سوکایەتی پێکردن) ئیتر ئەمە وایان لێدەکات خۆشی لێ تاڵ بکەن و ڕێزینەگرن و لە شوێنەکەی بە یەکێکی تر بسپێرن (سەرچاوەی١، ل١٣٧). ئیبن خەلدون حوکمڕانانی کرد بە دوو جۆر، دوایی ئەویش **پیگۆرس** (Pigores) بۆ هەمان جۆر دابەشی کردوون: سەرۆك و ستەمکار. کاتێك ستەم دێتە ئاراوە ئەوا هیچ شوێنێك بۆ دەمارگیریی نامێنێتەوە. سەرەتای ستەم واتا نەمانی سەرۆکایەتیی (سەرکردایەتیی)، و لاوازی هاوبەندی لە نێوان تاکەکان و لەناچوونی (نەمانی) دەمارگیریی.

لە خەسڵەتە گرنگەکانی حوکمڕان هاوسەنگیی ڕەفتاری (هەڵوێستی) سیاسیی. ئەگەر فەرمانڕەوا هاوسەنگ و لە هەڵەکانی میللەتەکەی چاوپۆشیکرد- لێببووردەبێت- ئەمە مادەکان کە زێتر متمانەی پێببەخشن و خۆشەویستی بۆ هەڵگرن و مەرگ ویست بن لەکاتی جەنگ لەگەڵ دوژمنەکانیان (سەرچاوەی١، ل١٨٩). بەڵام ئەگەر توندوتیژانە بوو لەگەڵیان و توندڕە و دڵڕەقانە سزاکانی دەسەپاند و لە کەموکورەکانیان دەگەڕا و خەریکی تۆمەتبارکردن و تۆمەت هەڵبەستنبوو بۆیان، ئەو کاتە ترس و چاوشۆڕیی و کەساسیی کۆی خەڵکان دادەگرێ، جا بەهەر شێوەیەك بێت هەر لەمەراییکردن و تەڵەکەبازییەوە تا درۆکردن. هەوڵی خۆدەربازبوون دەدەن. ئیدی بەم پێیە خوو بەم خەسڵەتانەوە دەگرن و دیدگە و ڕەوشتیان بەهۆیەوە ناپەسنددەبێت (سەرچاوەی١، ل١٨٨-١٨٩).

هەروەها لە کۆسپ و تەگەرەکانی حوکمڕانی و زیرەکی لەڕادەبەدەری حوکمڕانە "بۆیە بەڕای ئیبن خەلدون، هاوسەنگیی (لە زیرەکی) پەسندترینیانە". چونکە حاکمی لە ڕادەبەدەری زیرەك و هۆشمەند بێئاگادەبێت یا خۆی بێ ئاگا دەکات لە پێداویسییەکانی خەڵك و خواست و ئارەزووەکانیان پشتگوێ دەخات. و داوای ئەنجامدانی کاری وا دەکات کە لە توانای خەڵکەکە بەدەربێت ئەمەش بەهۆی تیژبینی و گەیشتن بە ئەوەی لە دوای بابەتەکانەوە هەیە و ئەوان پەیپێنابەن و



توانای ئاگاداربوون و بەدەستهێنانی دەرەنجامەکان بەر لەوانی تر لە ڕێگەی بنەما هۆکارییەکانیەوە....". بەم پێیە خەڵکی دەبن بە قوربانی بۆ ژیری و زیرەکییەکەی، ئەمەش دواتر ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی جەور و ستەم و حوکمڕانییەکی خراپیشی لێبکەوێتەوە، بەلامانەوە زۆر سەیر و نامۆ نییە حوکمڕانێکی وا هەبێت پێشێلکاری -مافە- ڕەوا و ڕاستییەکان بکات.

ئەمانە هەمووی گرنگی هەبوونی کۆمەڵە پێودانگەیەکی سیاسیی بۆ ڕووندەکەنەوە کە پێوستن بۆ ئەوەی خەڵکی کاری پێ بکەن و لەپێناو سەقامگیربوون و بەردەوامبوونی دەوڵەت و کۆمەڵگە پێیەوە پەیوەستبن (سەرچاوەی١، ل١٨٩). حوکمڕان ناتوانێ بەتەنیا ئەرك و بەرپرسیاریەتەکانی حوکم جێبەجێبکات" ناچارە پشتی بە هاوڕەگەز و ئەندامانی تر ببەستێ" (سەرچاوەی١، ل٢٣٥). ئیبن خەلدون وای بۆچووە لەو کاتەی پیاوانی سیاسەت بایەخ و سەرنجیان ئاراستەی ڕاستییەکانی جیهانی دەرەوە دەکەن، ئەوا زانایان، بەهۆی ڕاهاتنیان لەسەر قووڵبوونەوە و چوونە نێو ناخی واتاکان و داتاشینیان لە مانا هەستۆکییەکان و ڕوونکردنەوەی بابەتەکان لە زەین لە کۆی بابەتە گشتییەکان و هەبوونی دیدێکی یا تێڕوانینێکی هزرییانە، دورترین کەس دەبن لە سیاسەت و ڕێبازەکانی. (سەرچاوەی١، ل٥٤٢). لێرەدا ئیبن خەلدون خاوەن ڕایەکی زۆر باوەڕ پێهێنەر و لۆژیکییانە نییە. بەشێوەیەکی گشتی، دەبێت ئێمە باس لەوە بکەین کە ئەو -ئیبن خەلدون- مرۆڤی هاوسەنگی (مامناوەندی)، چ لە ڕووی ژیری و چ لە ڕووی لەش ساغییەوە، پەسند دەکرد. چونکە ئەو -جۆرە- مرۆڤە بە پێی پێوست خۆی بەکاری ڕۆژانە خەریك دەکات، و "بۆ هەر بابەتێك حوکمێکی شیاو هەڵدەبژێرێ، هەر جۆرە (گرفتێك) بەپێی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا ڕووی داوە، و ئەو کەسانەی کە لە چێوەکەی دان،حوکمی تایبەتیان بۆ دەدات، حوکمکردن بە گشتگیری و پێوانەکاری نابەستێتەوە و لەسەرتاپای تێڕوانینەکانی بابەتە هەستپێکراوەکان پشتگوێناخات و (بە پێچەوانی

زانایەکان) لە زەینی خۆی بە دەریناننانێت" بۆیە دەکرێ متمانە بە کەسێکی لەم چەشنە بکرێت چونکە "ئەو بە هەست و دەرونێکی پاك و پڕ لە لێپرسینەوە دەڕوانێتە سیاسەتەکەی و تێڕوانینێکی ڕاست و دروستی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی"(سەرچاوەی١، ل٥٤٢-٥٤٣). بە کورتی مەرجی گرنگ و پێوست بۆ ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵوت بریتیە لەوەی کە ئەندامێك بێت لە گرووپێکی خاوەن دەمارگیرییەکی بەهێز لە ڕێگەیەوە بتوانێت ئەندامانی ئەم دەمارگیرییە کۆ بکاتەوە و یەکیان بخات.

جگە لەمانەش میللەتی خاوەن هێز (ئەوە دەمارگیرییەکەی بە هێزە) توانای فراوانبوونیان هەیە (کە دواتر فراوانبوونی دەوڵەتە)، چونکە تاکەکانی (لە دەمارگیریی یە بێ هێزەکان) ، بۆ زاڵبوون و ستەمکردن.. و بە کۆیلەکردنی تایفەکانی تر، بەتواناترن، بەهۆی ئەو هێز و توانایەی هەیانە بۆ شەڕکردن لەگەڵ میللەتانی تر". زۆرجار دەوڵەت لەکاتی حوکمڕانیکردنی گرووپ و کۆمەڵەی جیاواز دووچاری زۆر گیروگرفت دەبێتەوە"ئەو وڵاتانەی کە هۆز و دەمارگیریی زۆری تیایە، بە دەگمەن یا بە کەمی دەبینرێ دەوڵەت تێدا باڵا دەست و حوکمڕۆبێت. هۆیەکەش بۆ جیاوازی لە رابۆچون و ئارەزوو ئاڕاستەکان دەگەڕێتەوە، لەپشت هەر راو ئارەزوویەکیش دەمارگیرییەك هەیە کە ئەوانی تر رەتدەکاتەوە بۆیە بەرەنگاربوونەوە و وەستان لە رووی دەوڵەت زۆر دەبێت و دەرچوون لە فەرمایشت و دەسەڵاتی رووددەدات (سەرچاوەی١،ل١٤٥-١٦٤).

لەوکاتەی حوکم دەگاتە قۆناغی سەقامگیری و جێگربوون هێز و دەسەڵاتی دەمارگیریی دەست بە کەمبوونەوە و لاوازی دەکات، ئەمەش هەمان ساتە کەتیایدا ستەم سەرهەڵدەدات و دواتریش تەشەنەدەکات و بڵاودەبێتەوە، نموونەیەکی گرنگیش بۆ ئەو ستەمەی دەبێتە هۆی روخانی دەوڵەت بریتیە لە بەکارهێنانی نفوز و دەسەڵاتی سیاسیی لە کاروباری بازرگانیی و کشتوکاڵیی و پیشەکانی تردا. ئیبن



خەلدون وەسفی ئەم رەفتارەی کردووە بەوەی کە رێگە و ئامرازێکی ناسروشتییە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و هەروەها بە هەڵەیەکی گەورەی لەقەڵەمداوە چونکە دەبێتە هۆی گرفتی زۆر و لە زۆر لایەنەوە زیان بە سەرتاپای خەڵکی دەگەیەنێ بۆ نموونە: نارەحەتکردنی وەرزێر(فلاح) و بازرگانەکان لەکاتی کڕینی کەلوپەل و گیانلەبەران و تەگەرەخستنە بەردەم هۆکاری ئاسانکردنی"(سەرچاوەی١،ل٢٨١-٢٨٢). ئیبن خەلدون پەی بەمەش برووە زۆرجار ئەمە هەڵەی بازرگان و وەرزێرەکانە چونکە خۆیان لەسەرەتا هانی حوکمڕانیان داوە کە لەم کاروبارانە ئاگاداربێت (سەرچاوەی١ ,ل٢٨٣).

بەڕای ئیبن خەلدون زۆر رێگەی تری بژێوی نائاسایی یا ناسروشتی -ناشەرعی- هەن (سەرچاوەی،ل٢٨٨-٢٩٠):

١- بەتاڵانبردنی پارەوپوڵی دەوڵەت (باج) لەلایەن حاکمەوە، (دواتر باس لێوەدەکەین).

٢- هەڵاتنی لێپرسراوەکانی حوکم خاوەن پلەوپایە بەرزەکان (بەخۆو بەو پارەو پولانەی کە چنگیان کەتووە لەماڵ و سامانی دەوڵەت بۆ وڵاتێکی تر، چونکە ئاوا باشتر و خۆش و ئاسانترە بۆ خەرجکردن و خواردنی بەروبومەکەی. ئەمە رێگەیەکی ناسروشتییە چونکە لێرەدا ئەم پارەوپولە لە بری یاخود (نرخی ئەنجامدانی کارەکانیان) نییە.

٣- کارخستنە ئەستۆ و ژێردەستەکردنی خەڵکی بە ناڕەوا... چونکە نرخی کار بریتیە لە دەستکەوت و رزق و رۆزی (هەر کرێکارێك دەبێ پاداشتی کارەکەی وەرگرێت) ئەم رێگە و شێوازە، تاریك و تاڵترینیانە و گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر تێکچونی عومڕان.

٤- زەوتکردنی ماڵ و موڵك لە دەستی خاوەنەکەی بەبێ هیچ هۆیەك و بێ هیچ بەرامبەرێك. ئەمە رەفتارێکە پاساوی بۆ ناهێندرێتەوە، ئەگەر شەرع لە هەموو ئەم رووداوانە ئامادەیی هەبوو و رێگەیدا بە فرت و فێڵ لە کڕین و فرۆشتن و ئاگای لە بردن و خواردنی پارە و ماڵی خەڵکی بوو، کە بەناهەق زەوتدەکرا، ئەوکاتە هەر کارێك لە لایەن حکومەتەوە ئەنجام بدرێت بە رێگەی هێز و زۆرلێکردن بە زوڵم و ستەم و لادان دەزانرێت و ئایینیش رەتیدەکاتەوە و قبوڵی ناکات، ئەمە جگە لەوەی کە دوورکەوتنەوەیەکە لە مەرج و پێداویستییەکانی حکومەتی سیاسیی. لەکاتێکدا ئەوە حوکمکردنی سیاسییە (حکومەتە) کەوا لە خەڵك دەکات، بە مەبەستی جێبەجێکردن و گەیشتن بە ئامانجە دونیایەکانیان، لە بەکارهێنانی ئامرازەکان رێگەیەك بگرنە بەر و خاوەن تێڕوانینێکی دروست و گونجاوبن. بێگومان بنەما و رێسا ئایینییەکان، بۆ نموونە خەلافەت مرۆڤ دەگەیەنێت بەرەوشتێك کە بە تیڕوانینێکی ئایینی دەناسرێتەوە بە مەبەستی جێبەجێکردن و وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان لەم جیهانە و لە جیهانەکەی تریشدا. لاوازی و نەمانی کاریگەری ئایینی دەبێتەهۆی زوڵم و ستەم و زۆرداری و داپڵۆسین. باوەڕبوون بە رێنیشاندەر بە رێگەچارەیەك بۆ دورکەوتنەوە لە زوڵم و ستەم. چونکە رێنیشاندەر "ئەو رێنیشاندەرە ئایینییە"وەکو مەسیح لە ئایندە دەردەکەوێ بۆ رزگارکردنی خەڵك لە رکێفی ستەمی کۆمەڵایەتیی باو.

**٢-فاکتەرەکانی رووخان و داتەپینی دەوڵەت.**

ئیبن خەلدون پێیوابوو کە دەوڵەت دەبێت لەسەر دوو بنەما بنیادبنرێت:

**١- دەمارگیریی**، بە هێز و جەگاوەران گوزارشتی لێوە دەکرێت.

**٢-ماڵ و سامان:** کە یارمەتی جەنگاوەران دەدات و لەهەمان کاتدا پارێزگاری لە ئەرکەکانی حوکمکردن دەکات.



هەر شێوان و ناهاوسەنگییەك کە دەوڵەت دووچاری دەبێتەوە لەم دوو بنچینەوە دەستپێدەکات و بۆی دەچێت. ئیبن خەلدون زۆر جەختی لەسەر بنەمای یەکەم دەکاتەوە. دەمارگیریی لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر جیاوازە و گۆڕانی تێدا روودەدات، بەڵام لاوازبوون و بێهێزبوونی لە دەرەنجامی خۆشییەکانی ژیان و تەرەفەوە* دەبێت. تەرەف، خۆی لەخۆیدا، ئەگەرێکە بۆ رووخان و لەناوچوونی دەوڵەت (سەرچاوەی١، ل٢٩٤-٢٩٧). بەشێوەیەکی فراوانتر ئیبن خەلدون کە گرنگترین هۆکارەکانی رووخانی دەوڵەت بریتین لە:

**١- لاوازی کاریگەری ئاین:** ئاین بەو فاکتەرە دەژمێردرێت کە هەڵدەستێت بە یەکپارچە و یەکگرتنی خەڵك و کێشە و گرفتەکانیان لادەبات. ئەمەش بەتایبەتی لەسەرەتایی دروستبونی دەوڵەت روون و ئاشکرایە. لەم قۆناغەدا هیچ شتێك لەبەردەم ئەم خەڵکە نابێتە ئاستەنگ و ناوەستێت بەهۆی هاوشێوەی لەراوبۆچوون و دیدیان بۆ ژیان. لێرەدا خەڵکی بەگشتی، لەپێناو بە دیهێنانی ئامانجە گشتییەکانیان، ئامادەیی خۆبەختکردنن. بەڵام کاتێك ئەم مۆرکە ئایینییە گۆڕانکاری بەسەردا دێت ئەوکاتە گرووپ و کۆمەڵەکان تەنانەت دەوڵەتیش رووەو نەمان دەچێت. "عەرەبەکان کاتێك کە وازیان لە ئاین هێنا" توشی لاوازی و سەرگەردانیی بوون لەمەڕ پرسە سیاسییەکان (سەرچاوەی١، ل١٥١-١٥٢،١٥٨). ئیبن خەلدون دانی بەوەداناوە عەرەبەکان لە هەموو نەتەوەکان کەمتر قبوڵی ملکەچی -خەڵکانی- دیکە دەبن، ئەوان ملشۆڕناکەن، بە ئاواتەخوازیی و خوێنگەرمی دەناسرێنەوە و -هەردەم- دەیانەوێت ببنە سەرۆك و پێشەوا. کەواتە

* تەرەف: لە وشەی (ترف)ی عەرەبییەوە وەگیراوە کە ئیبن خەلدون بە واتای زیادە مەسرەسفی لە رادەبەدەر بۆ شتی جوانکاری ناپێویست بەکاریهێناوە. لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەکمان نەدیتەوە رێك بەم واتایە بێ بۆیە وشە عەرەبییەکەمان وەکو خۆی بەکارهێناوەتەوە.

لەڕووی سیاسییەوە، ئایین، فاکتەرێکی هاندەرە بۆ یەکبوون و سەرکەوتنیان. بە پێچەوانەشەوە لاوازی ئایینی نەك تەنانەت دەیانگەیەنێتە لەناوچوون و نەمانی دەسەڵاتی سیاسییان، بەڵکو هەروەها زوڵم و زۆرداریيشیان لەنێوان دینێتەئاراوە (بڕوانە سەرچاوەی١٩٠،١-١٩٦).

**٢- تەرەف:** ڕەنگە تەرەف لەسەرەتایی پێکهاتنی دەوڵەت سوودی هەبێت، بەڵام فاکتەرێکی نێگەتیڤانەشە ئەگەر بە خراپی بەکارهێنرا. کاتێك ئەوانەی بە کاروباری دەوڵەت هەڵدەستن دادەمەزرێن، خۆشی و چێژی خۆشگوزەرانی دەیانبات و لە دەریای تەرەف و ئارەزووکانیاندا نغرۆدەبن، دواتر هەڵدەستن بە کۆیلە و ژێردەستەکردنی براکانیان لە هەمان نەوە(جیل) و لەڕێگەی ڕوو دەزگاکانی دەوڵەت بڵاویاندەکەنەوە (سەرچاوەی١، ل١٤٦). ئەمانە (کاربەدەستان) و هاوشێوەکانیان پێوستیان بە خولام و خزمەتکاران هەیە، ئەمەش "بەهۆی ئەوەی زۆربەی لووتبەرزەکان (المترفعین) یا خاوەن پلەوپایەکان خۆیان بەرز بە دوور رادەگرن لە ئەنجامدانی یا دابینکردنی پێداویستییەکانی -خوارەوەی خۆیان- یا ئەوەتا هەر توانایی دابینکردنیان نابێت بەهۆی ڕاهاتن و پەروەردە و خوگرتنیان بە تەرەف و باری خۆشگوزەرانی (سەرچاوەی١، ل٣٨٤). ئیبن خەلدون هەر چەندە لە دژی بەکارهێنانی خەڵك بێت بۆ ئەم جۆرەکارانە، چونکە پێیوابوو مەگرە بەدەگمەنە یەکێك بدۆزینەوە کە جێگەی ڕەزامەندبوون و متمانەبێت، هەروەها ئەوە ئەم حاڵەتانەی بەپێی خەسڵەتە سروشتی یەکانی مرۆڤ پێپەسندە "(سەرچاوەی١، ل١٤٦-٣٨٤). سەرەڕای ئەمانەش زۆری تەرەف دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەمارگیریی و دواتریش بەرەو نەمانی دەبات.

**٣- پشتبەستنی حاکم بە بەکرێگیراو و ئەو دەستە و پیاوانەی کە سەر بەو گرووپانەن کە هیچ پەیوەندی یەکیان نە بە دەوڵەت و نە بە دەمارگیرییەوە نییە:** ئەمیش، واباوە، بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان بەکاریان دەهێنێن. حاکم یا حوکمڕان



پێیوایە ئەمانە لە خەڵکانێکی تر چاکترن و بە تواناترن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ناخۆشی و گرفتەکانی جەنگ و برسێتیی و نەبوونیی. لە ڕاستیدا، حوکمڕان ئەمانە دژ بە میللەتی خۆی بەکاردێنێت، کاتێك ڕق وکینە لە لایەن خەڵك بۆی پەیدادەبێت. هەروەها بۆ ڕێگەگرتن لە میللەت و دوورخستنەوەیان لە دەست بەسەر حوکمداگرتن بەکاریاندێنێت. حوکمڕان تەنها دەستەی پیاوانی تایبەت خەلاتدەکات بە خەڵات و پاداشت و ڕێزگرتنیان و وەکو کەس و ئەندامانی بنەماڵەکەی بەشیان بۆ دادەنێت و کارو پیشەی گرنگ و شوێنی پڕبایەخیان دەخاتە ئەستۆ(سەرچاوەی١، ل١٨٣، هەروەها ل١٤٠-١٤١). بەڕای ئیبن خەلدون، ئەم هەڵوێستە لەناوچوونی دەوڵەت ڕادەگەیەنیٚ(بڕوانە بەشی شەشەم).

**٤- دەستبەسەراگرتنی حاکم و ستەمکردنی لە هەندێکی هەرە نزیکەکانی خۆی:** بەهۆی پشتبەستنی حوکمڕان بەو گرووپ و کۆمەڵانەی هیچ پەیوەندییەکیان بە دەمارگیرییەکەیەوە نییە، و بەهۆی سەرقاڵی حوکمڕان بە خۆشی ژیان و تەرەفەوە. ئەمە وا نزیکەکانی حوکمڕان دەکات دەست بەسەر حوکم دابگرن و دەسەڵات بگرنە دەست و حوکمڕانیش دەسبەسەربکەن و لە گشت دەستڕۆییەك و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بیشۆرێنن. ڕەنگە حوکمڕان لە دوای ئەوە هەوڵێك بدات بۆ دەرچوون لە چنگی ئەو بەسەرداگرتن و ستەم لێکردنەو جارێکی تر دەسەڵات بگەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەستی خۆی و بکەوێتە وێزەی ئەوانەی بەسەریدا زاڵبوون، جا چ بە کوشتیان یا تەنیا بە لادان و لابردنیان لەو پلەوپایانەدا، بەڵام ئەوەیان کەم و بە دەگمەن ڕوودەدات (سەرچاوەی١، ل١٨٥-١٨٦).

**٥-داپڵۆسین یا ستەمکاریی (الاستبداد):** کاتێك حوکمڕان دەتوانێت دەسەڵات بە تەواوی بەسەر حوکم دابگرێت، ئەو کاتە دەستدەکات بە داواکردنی شکۆمەندێتیی تەنها بۆ خۆی، و هەوڵدەدات بەپێی توانا خۆی لە میللەت و کۆمەڵانی خەڵك دووربگرێت. هەڵدەستێت بە دامەزراندنی کەسێك کە پیشەو ئەرکی تەنها ئەوەیە

کە ڕێگە لە خەڵکی بگرێت بۆ ئەوەی پێی نەگەن (وحوکمڕان نەبینن) و ئەو کەسە(الحاجب)ی پێ دەڵێن واتە پاسەوان -حیمایە-. بەم پێیە پەیوەندی حوکمڕان تەنها لەگەڵ کەسە نزیکەکان و دەستەی هاوڕێ و هەڤاڵانییەتی و ئەوانەوە پەیوەستە. لەو ماوەیەی حوکمڕان جڵەوی حوکم دەگرێتە دەست، رەنگە لەلای وی کۆمەڵە خەسڵەتێکی سەیر و لاسار دروست ببێت کە تەنها ئەوانەی لێیەوە نزیکن پێی دەزانن. بچووکترین دەرچوون لە فەرمان و ئارەزووکانی حوکمڕان ئەمانە دووچاری سزادەکاتەوە "ناحەزی سەبارەت بە ئەمانە دەداتە پاڵ ئەوانە، گوایە ئەمانە مەترسییەکن بۆ سەر موڵکەکەی و بەم بیانووە دەست بە سوکایەتییپێکردن و کوشتنیان دەکات". ئەم ڕووداوانە هەموو ئەو میللەتانە پێیدا تێپەڕیوون کە کەوتوونەتە ژێر ستەم و بە پرۆسەی داپڵۆسیندا تێپەڕیون، لە ئەزموونەکانیان فێرە واتای ستەم بووبن. وەکو دەرەنجامێك بۆ زۆرداری و ستەمکاریی هەستی خۆبەخواوەندزانین (تألە) لە لای حوکمڕان دروست دەبێ و بە هەموو توانای هەوڵی مانەوەی تێدا دەدات(سەرچاوەی١،ل٣٧٧،٢٩٥-٣٩٢،٣٧٨). "دەرچون لە رکێفی دەسەڵات زۆر سەختە" بە تایبەتی لە کاتی حوکمی کەڵگایی و بەرتەسکبوونی چوارچێوەی دەوڵەت و ئەوەی تێیدا ڕوودەدات لە بێشکۆیی و خووبە شەڕگرتن. ئیدی "بە دەگمەن ئەگەر یەکێك بێت و کارێك بە ئەوەی تر بسپێرێ تەنانەت ئەگەر باوك یا برا یا گەورەی خێڵ (و بنەماڵەکەشی) بێت، مەگەر کارێکی بچووك بێت ئەویش بەوپەڕی زۆری و بەهۆی شەرمەوە"(سەرچاوەی١،ل٢٨٤،١٥٠). سەرەڕای ئەمانە، ئیبن خەلدون جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە میللەت پێوستی یە یەك حوکمڕان (یا فەرمانڕەوا هەیە). چونکە بەڕێوەبردنی (یا فەرمانڕەواییکردنی) کۆمەڵە تاکێك بێگومان واتا جیاوازی و رەنگە دژە راستی لەنێوانیاندا، بگەیەنێت. کە دواتر لاوازیی و پەرتەوازەبوون و نەمانی دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. ئاشکرایە، کە ئەم گشتگیریکردنەی، ئیبن خەلدون، لەسەر تێبینی و سەرنجدانەکان



و شارەزایی و لێزانین و ئەزمونەکانی بنیادکراون دەربارەی سروشتی و رەهەندەکانی ژیانی سیاسی زێتر لە دەوڵەتێك.

**٦-دەستدرێژکارییەکانی حوکم بۆ سەر ژیانی ئابووریی:** لە موقەدیمەدا پەیوەندی لەنێوان سیاسەت و ئابوورییدا زۆر ئاشکرایە، بەتایبەتیش لەنێوان تێکچوونی ژیانی(باری)ئابووری و ڕووخانی دەوڵەت:

**باج لە سەرەتای پێکهاتنی دەوڵەت دابەشی بەسەر ئەندامانی(خەڵکی) خێڵ و دەمارگیریی دەکرێت بەپێی ئاستی دەوڵەمەندی و دەمارگیرییان، ئەمەش بەهۆی پێوستپێبوونیان (پێوستی دەوڵەت بەو خەڵکە) لە سەرەتایی دامەزراندنی دەوڵەت... وەلێ کاتێك سروشتی دەسەڵات گەشەکرد و خاوەنی دەوڵەت دەستی بە جەور و ستەم لە خێڵ و نەتەوەکەی کرد (واتا گەیشتن بەو قۆناغەی کە تیایدا ئەو توانایەی هەبێت) ئەوکاتە هەڵدەستێت بە دوورخستنەوەیان و ناهێڵێت هیچیان لەو باجانەی کە کۆدەکرێنەوە، چنگبکەوێت ، مەگەر ئەوەندەی لە خەڵکەوە دەستیان دەکەوێت و لە ڕێگەی زەوتکردنەوە... تا لێرەدا لایەنگران و پیشەوەران رۆڵێکی بەرچاو دەبینن و ڕێگە خۆشکەرن بۆ وەستانەسەرپێ و پتەوبوونی دەوڵەت، ئینجا لەو بارودۆخەدا کە خاوەن دەوڵەت باج وەرگرتن تەنها تایبەت بەخۆی دەکات یاخود زۆرینەی بۆ خۆی دەبات و دەستی بەسەردادەگرێت و هەڵیدەگرێت بۆ بەکارهێنانی لە دابینکردنی پێداویستی و جێبەجێکردنی کاروباری خەڵك. بەم جۆرە سەروەت و سامانی زۆر دەبێت و گەنجیینە کۆدەکاتەوە، خەزێنەکانی پڕ دەبن و رووبەری موڵك و دەسەڵاتی فراوان دەبێت، و لەئاست خێڵ و هۆزەکاندا هەڵوێستی**

**گۆڕانکاری بەسەردادێت. بارودۆخی دارودەستە و نیزکەکان یا کەسوکاری پەرەدەسێنێت و ماڵ و موڵکیان فراوان دەبێت و رووەو کۆکردنەوەی پارەوپوڵ و خۆشگوزەرانی دەچن.. دواتر خاوەن دەوڵەت دووچاری تەنگەژە دەبێت و پێویستی بە پارەوپوڵ دەبێت (بۆ دابینکردنی پێداوستییەکانی خەڵك، چونکە خاوەن دەوڵەت هەر خەریکی پارەکۆکردنەوە دەبێت لەبری ئەوەی بۆ بەرژەوندی گشتیی بەکاری بهێنێت، لایدەدات و بۆخۆی گلیدەداتەوە)، ئەمەش وادەکات وەچە و نەوەی دارودەستە و کاربەدەستانی دەوڵەت ئەو سەروەت و سامانەی کە باو وباپیرانیان، بە چەندین رێگەی نادروستی، هەڵیانلوشیووە، جارێکی تر بیگەڕێننەوە.. لێرەدا خاوەن دەوڵەت خۆی بە شایەنی ئەو موڵکە دەزانێت کەلەمەوبەر (لە دەوڵەتەی پێشتر هەبووە) دەستهاتووە.. بۆیە لێیانی زەوتدەکات و بۆ خۆی دایدەبڕێ و بەرەبەرە و یەك دوای یەك، بەپێی پلەوپایەکانیان لێیاندەستێنێتەوە... بە نەمان و لەناوچوونی کاربەدەستی و پیاوانی، زیان و نەهامەتی بەسەر دەوڵەتدا دەکەوێتەوە** (سەرچاوەی١، ل٢٨٣-٢٨٤).

لە ئەنجامی بەفیڕۆدانی لە رادەبەدەری پارەپول و بەهۆی تەرەف و کەمی داهاتەوە، ئەگەری توشبوونی دەوڵەت بە تەنگەژیەکی ئابووریی سەرهەڵدەدات. ئەمەش واتە ناچاربوونی بۆ دانانی باج لەسەر کەلوپەلەکان، هەروەها لەسەر چالاکییە ئابوورییەکانی خەڵك. جارێکی تریش بە بەشداریکردنی (خاوەن دەوڵەت) لە دەستکەوتەکانی باج و کارمەند و حاکمی ولایەتەکان و ئێسکسوواندنیان کاتێك وامەزەندەدەکەن کە بەشێکی گەورە و زۆریان چنگ کەوتووە لە پارەی باج کۆکردنەوە و ژمێریار و ژماردنەکان وەدەریناخەن (سەرچاوەی١، ل٢٨١).



ئیبن خەلدون تێبینی ئەو لێکچوون و هاوشێوەبوونەی لەنێوان پەککەوتەی دەوڵەت و بە سالاچوون خەڵەفانی (Senility) مرۆڤدا هەیە، کرد. پەککەوتن و بێهێزبوونی دەوڵەت سروشتی دەبێت لەوکاتەی کە وەك هەموو رووداوە سروشتییەکانی لێدێت کە چۆن ئەمەپیریە لە سروشتی گیانلەبەردا روودەدات، و پیر و پەککەوتەیش لە نەخۆشییە درێژخایەنەکانە کە ناتوانرێ چارەسەبکرێت یا نەهێشترێت و لابردرێت، چونکە سروشتییە و بابەت یا رووداوە سروشتییەکانیش ناگۆڕدرێن (سەرچاوەی١،٢٩٤).

هەروەها ئیبن خەلدون تێبینی ئەمەشی کردووە، بەشێوەیەکی گشتیی، دەوڵەت لە ناوەندا بەهێز و پتەودەبێت چونکە دەوڵەت لە ناوەند یا لە سەنتەر بە بەراورد لەگەڵ -ناوچە- دوور یاخود سەرانسەریدا، لەوپەڕی دایە. ئەو کاتێك دەگات بە سەرانسەرێتیەکە مەبەستە، پەکی دەکەوێت و بێتوانا دەبێت لە گەیشتن بە قۆناغی دوای ئەوە... دواتر ئەگەر پیری و پەککەوتەیی و لاوازیی گەیشتیٚ ئەو کاتە دەست دەکا بە هەڵوەشانەوە و لێکبوونەوە دەکات و ئەمەش لە پەل و لێوارەکانییەوە دەستپێدەکات... لەو ساتانەدا حاکم و سەرکردە و سەرۆك کارەکانی (ولاه الاعمال) ولاتانی هاوسیٚ، بەر لە ئەوانی تر، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە (ئەو شارانەی دەکەونە لێواری دەوڵەت) دەدەن.(سەرچاوەی١، ل١٦٤،١٦٢).

کاتێك کە خەڵکی دەمارگیری لەدەستدەدەن ئەوا تووشی لاوازی و پەرتەوازەیی دەبن، دووچاری کەساسی و تا ئەو رادەیەی کە ناتوانن پارێزگاری و بەرگری لە خۆیان بکەن، دەبن بە ژێر دەستەی هەموو دەسەڵاتخواز و سەرکوتکەرێك و خۆراکی هەموو بخۆرێك... و زۆر جار روودەدات کە هەندێك لە رەشە خەڵك و کەم و کورت سەردەکەون کە دەبنە خاوەنی دەمارگیریی (سەرچاوەی ١، ل ١٤٨، ٣٨٧).

## ٣- بەراوردی ئیبن خەلدون بە بیرمەندانی دیکە

کۆمەڵێك لە بیرمەندان بەر لە سەردەمی ئیبن خەلدون، هەڵساون بە ئەنجامدانی باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بابەتی دەوڵەت یاخود حکومەت وەك دامەزراوەیەکی سیاسی.

ئەو ململانێیەی لە نێوان سترەککتۆری پەرستن "هیکل العبادة" و کۆشك (القصر) هەیە ئەوەی کە *وێلز* (Wales) لە لێکۆڵینەوەی دەبارەی ژیاری سۆمەری ئاماژەی پێکردووە[1] دەکرێ بە شێوەیەك لە شێوەکانی لەهەر شوێنێکی کە خاوەن شارستانییەتێکی دونیای یا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بێت بەدی بکرێت.

هەر چەندە ئیبن خەلدون تەنها تێبینی حوکمی رەها (ئۆتۆکراسی) کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ دەوڵەت گەلەك بەپێزتر و لەبارتر دادەنرێت لە شیکردنەوەکەی هەریەك لە *ئەفلاتۆن* و *ئەرستۆ*. ئیبن خەلدون هەستاوە بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئەخلاق (Ethics) و بە دوای حکومەتی نموونەیی نەگەڕاوە، بیری لە حکومەتە یۆتۆپیایی نەکردۆتەوە.

هەروەها ئیبن خەلدون لە بیرمەند و زانا مسوڵمانەکان لە رووی راڤەکردن و شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی جیاوازە، جگە لەمەش شێواز و ستایلی بیرکردنەوەی بەوە دەناسرایەوە و جیادەکرایەوە کە بە رادەیەکی زۆر دونیاییە. بۆ نموونە *فارابی* لە (شاری رەندێتی *المدنیة الفاضلة*)دا، مەزەندەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یۆتۆپی دەکرد، بە هەمان شێوەش *ئیخوان ئەلسەفا* هەڵگری بیروبۆچوونێکی لەم جۆرە بوون کە لە نامەکانیان باسیان لێکردووە.

ئیبن خەلدون پێیوابوو کە قسەکردنیان لەسەر شاری رەندێتی زێتر گریمانە، ئەگەرچی پەیدابوونی شارێك بەم چەشنە بە لایانەوە دوور و دەگمەن بێت (سەرچاوەی ١، سەرچاوەی ٣، لا١٠١-١٠٥).



دەشێ بیروبۆچوونی ئیبن خەلدون لەگەڵ هی رۆژئاواییەکان بەراوردبکەین:

### **ماکیاڤیڵی** Machiavelli:

هەریەکێ لە ئیبن خەلدون و *ماکیاڤیلی* لە ئەزموونی کاری خۆیانەوە و شارەزاییان سەبارەت بە کاروباری دەوڵەتەوە هەبووە. هەر ئەم ئەزموونەش بوو کە پاڵی بە ئیبن خەلدون نا بۆ ئەوەی **موقەدیمە**کەی بنوسێت *ماکیاڤیلی*شی بەرەو ئەوە برد کتێبی میر (الامیر- The Prince) بنوسێ. هەر یەکێکیان چۆنیەتی تێکچوونی دەوڵەتیان بینی، هی یەکەمیان لە باکووری ئەفریقیا و هی دووەمیان کە لە ئیتاڵیا. بەم پێیە هەردووکیان سەرنەکەوتن لە بینینی دەوڵەتێکی جێگیر و بەهێز یا نموونەیەك لەم بابەتە.

**بەشێوەیەکی تایبەتی:**

١- هەردووکیان گرنگیان بە شیکردنەوە و راڤەکردنی سیفەتەکانی حوکمڕان، چ پەسەند و چ ناپەسەند، داوە بۆ نموونە: بە رای *ماکیاڤیلی* میر یا حوکمڕانی سیاسەتمەدار نموونەی ئەو مرۆڤە ستەمکار و دیکتاتۆرەیە کە لەپێناو مانەوەی لەسەر حوکم پەنا بۆ رێگە و شێوازی توندوتیژ دەبات.

ئەمە وای لە خەڵکی کردووە تاکو ئەم رۆژگارەمان بۆ گوزارشت کردن لەم جۆرە رەفتارە چەمکی (سیاسەتی *ماکیاڤیلی*) بەکاربهێنن، بەڵام *ماکیاڤیلی* ئاماژە بەوە دەکات کە هەرێمەکان (مقاطعة) بوونیان دەکەوێتە مەترسییەوە کاتێك دەسەڵات تیایدا بەرەو حوکمی رەها دەڕوات، هەر بۆیەش میر یا حومکڕانی زیرەك ئەوەیە کە هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەك بێت دڵسۆزی خەڵك وەدەستبێنێ (سەرچاوەی ٧٦، لا ٦٥).

٢- ئیبن خەلدون و *ماکیاڤیلی* زێتر لە *ئەفلاتون* و *ئەرستۆ* جەختیان لەسەر گرنگی جیاکاری تەواو و یەکجارەکی لە نێوان ئەخلاق و سیاسەت کردۆتەوە زۆر لەمەش

دوورتر رۆیشتوون و باسیان لە لابردنی کاریگەری ئایین لەسەر دەوڵەت کردووە، دەتوانین بڵێین کە هەڵوێستی ئیبن خەلدون و ماکیاڤیلی لە دەوڵەت عەلمانییانە (الدنيوية- Secular) بوو.

٣- تێبینی مەترسی پشتبەستن بەو کاسەلێس و بەکرێگیراوانەیان کرد، کە دواتر دەبنە فاکتەرێك بۆ روخانی دەوڵەت، ئەمەش وەکو ***ماکیاڤیلی*** دەڵێ بەهۆی ئەو کۆمەڵە خەسڵەتانەی پێیان دەناسرێنەوە، وەك زاڵنەبوون بەسەر هەست و دەروندا، دڵسۆزنەبوون، ئازایی و دلێری نواندن لە ئاست هاورێکانیان، و ترسنۆکی و بێوورەیی لە بەرامبەر دوژمندا (سەرچاوەی ٧٦، لا ٧٣).

٤- جەختیان لەسەر یەکپارچەیی و یەکێتی سیاسی کردۆتەوە وەك سەرچاوەیەك و هۆکارێك کە ناتوانرێ پشتگوێبخرێ لە حوکمڕانیکردن و سەرکەوتن لە جەنگەکان و ژیانی سیاسیدا. (تاڕادەیەك، دەمارگیری-العصبية- لەلای ئیبن خەلدون هاوواتا و نزیکە لە چەمکی Virtûی ***ماکیاڤیلی***). بەڵام کاتێك ئێمە میر و دواتر (***موقەدیمە***) دەخوێنینەوە جیاوازێکی زەق بەدی دەکەین:

ئیبن خەلدون زۆر بە روونی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی بەرەدرخستووە و خوێنەر دەتوانێ نووسراوەکانی هەست بە چەمکەکانی کۆمەڵناسی بکات، ئەمە سەرەڕای گشتاندنەکانی سەبارەت بە ژیانی سیاسی کە واقیعیانەتر و فراوانترە لەوانەی ***ماکیاڤیلی***.

**بۆدن** (Bodin):

دەکرێ بەراوردێك لە نێوان راکانی ئیبن خەلدون و ***ژان بۆدن*** (١٥٣٠-١٥٩٦) بکەین. بە رای ئەم دوو زانایە دەوڵەت لە ئەنجامی هێزەوە دروست دەبێت، کە دواتر زۆر لە زانایانی کۆمەڵناسی ئەم بیرۆکەیە دەخەنەڕوو و جەختی لەسەر دەکەنەوە، لەوانەش: ***لستر وارد*** (Ward)، ***سمنەر*** (Sumner)، ***گومپلوفیتز*** (Gmplowicz)، و



***ئۆپنهایمەر*** (Oppenheimer)، ئەوانەی پێیان وابوو کە دەوڵەت لەسەر بنچینەکانی چەوساندنەوە و ستەمکاریی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت.

دەکرێ بڵێین لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان شێوازی بیرکردنەوەی هەریەك لە ئیبن خەلدون و ***بۆدن*** لە چۆنیەتی شیکردنەوە و راڤەکردنی کۆمەڵایەتی بۆ کولتوور و کۆمەڵگە ئەمە وێڕای جەخت کردنەوەی هەردووکیان لەسەر گرنگی رێکخستنی کۆمەڵایەتی[٢]. ئەم جۆرە لێکچوونەش رەنگە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کولتوورەکانەوە بێت، هەرچۆنێك بێت، بایەخ نەدان یا بەکەم زانینی ئەو هەوڵانەی ***بۆدن*** کە لە هزری کۆمەڵایەتی پێشکەشیکردوون کارێکی دروست نییە، بە تایبەتیش لە بابەتی دیکە (جگە لە بابەتی دەوڵەت).

**ڤیکۆ** (Vico)

بە ئەنجامدانی بەراوردێکی خێرا لە نێوان راو بۆچوونەکانی ئیبن خەلدون و ***ڤیکۆ*** دەردەکەوێ کە تێڕوانینی ئەم دوو زانایە بۆ دەوڵەت وەك: دیاردەیەکی سروشتی و زەروری بووە، کە خاوەن ئامانجی دیاریکراوی خۆیەتی بەشی دابێت بە تێر و تێروتەسەلی خاڵ و رووی لێکچوون لە نێوان بیر و راکانیان سەبارەت بە سەرهەڵدان و تێکشکانی کۆمەڵگە و شارستانێتیی دەخاتەڕوو.

**مۆنتسکیۆ** (Montesquies)

***مۆنتسکیو*** وەك ئیبن خەلدون جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە دەڵێت : تاکەکان بۆ خۆپاراستن پێویستان بە یارمەتی و پشتبەستن بە دەستە و گرووپە خاوەن هێزەکانەوە دەبێت و حاکمی ستەمکار تەنها بیر لە یەك شت دەکاتەوە ئەویش مانەوە و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی (سەرچاوەی ٨٧، لا ٢٥). بەڵام ***مۆنتسکیو*** زۆر روونتر ئاماژەی بە هەڵوێستی دژ بە چەوساندنەوە و داپڵۆسین و ستەمکاری کردووە بە رای وی حکومەتی دیکتاتۆری لە دۆخێکی گەندەڵبوونی

بەردەوامە و لە ژێر حوکمڕانییەکی لەم چەشنەدا تەنانەت باشترین یاساکانیش بە نادروستی و خراپی بەکاردەهێنرێت (سەرچاوەی ٨٧، لا ٢٧، ١١٥، ١١٦).

سەرەنجام هەردوو زانا و بیرمەند گەیشتوونەتە ئەوەی حوکمڕانی میانەڕەو (بەلای ئیبن خەلدون) و دانا و تەندروست (وەك *مۆنتیسکیۆ* دەڵێ) رەنگدانەوە و کاریگەریەکی پۆزەتیڤانەی لەسەر میللەت دەبێت (سەرچاوەی ٨٧، لا ١١٦).

ئەمە جگە لەوەی هەردووکیان کۆیلایەتی رەتدەکەنەوە، هەردووکیان تاووتوێیان لەسەر گرفتی دەستێوەردانی حکومەت و حاکمەکان لە کاری بازرگانیدا کردووە. چەندین جار جەختیان لەسەر ئەو رایە کە دەڵێ پێویستە حاکم یاخود میر لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانەدا بەدوور بێت، کردۆتەوە.

### **کۆنت** (Conte):

هەندێك لە بیروڕاکانی *ئۆگست کۆنت* نزیکیەك بە خۆیانەوە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئیبن خەلدون دەبینن دەتوانین بڵێین:

١- هەردوو زانا لە روانگەیەکی مێژوویی و شیکاریی بابەتی دەوڵەتیان چارەسەر کردووە.

٢- رووی ئاماژەیان بە پێویستی دابەشکردنی کاری بەرهەمهێنان کردووە لەپێناو گەشەسەندن و پێشکەوتنی دەوڵەت. *ئیمیل دورکهایم*یش زۆر جەخت لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەکاتەوە و وەك ئیبن خەلدون پێیوایە کە حکومەت هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی ئەو کەسایەتیانەی کە خاوەن چەند توانا و پسپۆریەکن (بۆ ئەوەی لە شوێنە ئیدارییەکانیان دابنێن).

٣- هەردوو زانا دەرفەتی بینینی چۆنیەتی رووخان و هەڵوەشانەوەی بنەما کۆمەڵایەتییە کۆنەکانیان بۆ رەخسابوو. هەریەك لە ئەوان خۆزگەی دروستبوونی



دەوڵەتێکی جێگیری دەخواست کە بتوانێ هۆکارەکانی مانەوە بۆ خۆی دابین بکات و بەبێ راڕایی ئەو ئامرازانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنیت کە پێویستی پێدەبن. ئەمەش لە جەختکردنەوەی ئیبن خەلدون تێبینیدەکەین کاتێك ئاماژە بۆ رۆڵی دەماگیریی (العصبیة) و گرنگییەکەی بۆ پتەوکردن و یەکخستنی گرووپەکان دەکات.

هەروەها لە شیکردنەوەی *کۆنت* بۆ کۆمەڵگە ئەوە بەدیدەکەین کە چۆن بە گیانلەبەرێکی زیندووی چواندووە ئەو بوونەوەرەی بە گشتی و پێچاکتر و گرنگترە لە بەشەکانی کە لێی پێکهاتووە (سەرچاوەی ١، لا ٤٨٩، ٥٠٨).

### **ئۆپنهایمەر** (Oppenheimer)

بەهەمان شێوەی ئیبن خەلدون جەختی لەسەر گرنگی تێرکردن و دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکان دەکاتەوە بە مەبەستی گەیشتن و جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکان.

پاساوی *ئۆپنهایمەر* بۆ هۆیەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەت بریتییە لە: شوانکارەکان پەنادەبەنە بەر جەنگ بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن، ئەو سروشتە شەڕاوی شەڕانگێزنیەکەی تاکە رەوەندەکان فاکتەرێکی گەورە و گرنگە لە دامەزراندنی دەوڵەت. دەوڵەت ئەو کاتە پێکدێت کە ئەمانە هێرشدەبەنە سەر خەڵکانێکی تر یا دەست بەسەر دەوڵەتێکی دراوسێیان بە سیستەمە ئابووریەکەیەوە دا دەگرن و دەیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە (سەرچاوەی٩، لا٣١، ٢٧، ٤٥، ٥٦، ٢٧٦).

لەم چەند دێرەدا دیارە کە چۆن بیروڕاکانی *ئۆپنهایمەر* لە ئەوەی ئیبن خەلدونەوە نزیکە وەك ئەوە وایەکە لێرەدا لاپەڕەکانی **موقەدیمە** بخوێنینەوە.

**ڤیبەر** (Weber):

ماكس ڤیبەر پێیوابوو كە خەڵك بە گشتی یاخود میللەت بە هۆی ئەو بەها و مەبدەئانەی هەیەتی و بە هۆی ئەو كولتووره هاوبەشەی كە خاوەنیەتی لە دۆخێكی گونجاو و لەبار، لە رووە كۆمەڵایەتییەكەی، دەژێت، كە لێرەدا چەمكی گونجاندنی یا چوونیەكیی (Homogeneity) كۆمەڵایەتیی بۆ بەكارهێناوە.

هەروەها دەكرێ بە ئەندامبوون (هاونیشتمانیبوون) بوون لە نێوان تاكەكان، بەبێ هەبوونی خزمایەتی یا پەیوەندێكی خوێنی دروست ببێت (سەرچاوەی١٢٧، ل١٧٣).

ئەم دەستەواژانە لە بیروبۆچوونەكانی ئیبن خەلدون دەچن، ئەوەی لەمەوبەر ئاماژەی پێكرا كەوا دەوڵەت زۆر لە پەیوەندییەكانی خوێن فراوانترە، هەریەك لە ئیبن خەلدون و *ڤیبەر* باس و لێكۆڵینەوەیان سەبارەت بە شێوازە كلاسیكیەكانی حوكمگێڕان كردووە، هەریەكێكیان چەندین نموونەی هێناوەتەوە بۆ روونكردنەوەی دیدگە و بۆچوونەكانیان هەردوو زانا لەسەر ئەوەی حاكم ئەركی بەڕێوەبردنی خەڵكە نەك سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەشێوەیەكی ستەمكارانە كۆكن (سەرچاوەی١٢٧، ل٣٤١-٣٤٢). لەم بارەوە ئیبن خەلدون بۆ رۆشنكردنەوەی بیروڕاكانی چەندین نموونە لەسەر ژیانی رەوەندێتی دەهێنێتەوە.

بە كورتی ئیبن خەلدون دەوڵەتی بە دیاردەیەكی دونیایی (مەدەنی) دادەنا و بە دیاردەیەكی سروشتی دەزانی كە گرنگترین ئەركەكانی كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵایەتی و پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكانە. تا رادەیەكی زۆر دەتوانین بڵێین؛ كە ئەو تێبینیانەی ئاماژەیان پێ كراوە تاڕادەیەكی زۆر رەنگدانەوەی ژیانی سیاسی ئەو كاتەن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەنجامدانی هەر بەراوردێك لە نێوان ئەم تێبینییانە و رووداو و بارە سیاسییەكانی ئەم سەردەمەمان لە زۆربەی ناوچە و هەرێمەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیا و جیهانی سێیەم



بەشێوەیەكی گشتی راستی و دروستی شیكردنەوە و راكانی ئیبن خەلدونمان سەبارەت بە رووداوە سیاسییەكان بۆ دەسەلمێنێ بە تایبەتیش ئاماژەپێكردنی بە شێوازی حوكمی رەها (ئۆتۆكراسی) و ئەو نایەكسانییەی كە لێوەی دەكەوێتەوە چۆن رێگە بۆ لەناوچوونی دەوڵەت خۆشدەكات.

# پەراوێزەکان

١- H.G. Wells, Outline of Histoty (New York: Garden City Publishing Co., 1932), pp.215-216.

٢- جگە لەم زانایانە هی تریش هەن پاڵپشت لەم رایەدەکەن. بڕوانە ***بیکەر*** و ***بارنیز***. (سەرچاوەی ١، ٣٢، لا ٣٤٩-٣٥١، ٣٥٧-٣٥٨، ٧٠٧-٧٠٨)، هەروەها ***سمنەر*** (سەرچاوەی١١٦، لا٧٠٤، ٧٠٩)، ***دیورانت*** لە W. Durant, The Study of Civilization (New York: Simon and Schuster, 1942), p.23.

## بەشی شەشەم

### شێوازی بازنەیی مێژوو

ئەم بەشە دەچێتە سەر باسکردنی رووخسارەکانی داتەپینی دەوڵەت و چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی تازە.

دواتر ئەو بەشە بەراوردێك لەنێوان تیۆرەکەی ئیبن خەلدون لەمەڕ بزاوتی بازنەیی مێژوو لەگەڵ تیرۆرەکانی هەریەك لە ***ڤیکۆ*** و ***تۆرگۆ*** و ***مارکس*** و ***گەمبلۆڤیتز*** و ***شبنگلەر*** و ***سۆرۆکن*** و ***تۆینبی*** سەبارەت بە مێژوو وەك بازنە دەکات.

### ١- تیۆرە دیالێکتیکییەکەی ئیبن خەلدون:

لە دیدی ئیبن خەلدون رووخانی دەوڵەت دەبێتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی کۆمەڵگە و جێگیر نەبوون و شڵەژانی بنەما شارستانییەتییەکەی. لەسەر شوێنەواری ئەم دەوڵەتە (دەوڵەتی رووخاو) وەك ئەنجامێکی گواستنەوە و هەنگاونان لە قۆناغی ژیانی سەرەتایی (رەوەندیی) بەرەو قۆناغی ژیانی شارستانی دەوڵەتێکی دیکەی دادەمەزری.

ئەم پرۆسەیە، لە ئەنجامی یان بە هۆی ئەو فاکتەرە سەرنجراکێشانە و ئەو خۆشگوزەرانی و تەرەفەی کە لە شارەوە هەیە، و هیچ چاری نییە هەر روودەدات.



بەم پێیە دەوڵەت بە پێنج قۆناغی جیاواز تێدەپەڕێت. لە هەر قۆناغێکدا ئەوانەی پێی هەڵدەستن خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو قۆناغە وەردەگرن کە جیاوازە لە قۆناغێکی دیکە و گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێ و بە هەمان شێوە نامێنێتەوە (سەرچاوەی ١، لا ١٧٥-١٧٦):

**قۆناغی یەکەم:** قۆناغی لەناوبردنی ستەمکار و زەواڵەکان و هەرەسپێهێنانیان و بەدەستهێنانی چەك و تەقەمەنی (تۆپهاوێژ) و لابردن و تێپەڕاندنی ناهەمواری و کۆسپ و تەگەرەکان "و دەستگرتن بەسەر موڵك و دەرهێنان و داپچڕینی لە چنگی دەوڵەتی پێشوو". لەم قۆناغەدا، حاکم یا فەمانڕەوای تازە و نوێ "شان بەشانە لەگەڵ شوێنکەوتەکانی و لە هیچ شتێکدا خۆی لەوان جیاناکاتەوە. چونکە ئەمە لە پێداویستییەکانی دەمارگیرییە".

**قۆناغی دووەم:** لەم قۆناغەدا فەرمانڕەوا "دەست بە داپڵۆسینی هۆزەکەی خۆی دەکات و بە تەنیا دەست بەسەر موڵك -و دەسەڵات- دادەگرێت رێگە بە هاوکاریی و هاوبەشی کەسانێکی تر نادات و دەکشێ بەسەر دەست درێژکاراندا". هەروەها لەم قۆناغەدا حوکمڕان "سەر گەرمی سازدان و ئامادەکردنی دارودەستەیەك بۆ خۆی و کۆکرنەوەی پیاوان و دەستوپێوەند و پیشەوەران و زێدەڕۆیی لەم کارە دەکات بۆ لوت شکاندنی ئەندامانی دەمارگیریی و هۆزەکەی کە هاوبەشی دەکەن" لەوەی کە بە دەستیان هێناوە." لە موڵك و داهاتەکانی دووریاندەخاتەوە و هەوڵی بێبەشکردنیان دەدات" و حوکمڕانی تەنها بۆ خۆی و خاوخێزانەکەی دەهێڵێتەوە.

**قۆناغی سێیەم:** قۆناغی ئارامی و حەسانەوەیە و "بۆ کۆکردنەوەی بەروبومی دەسەڵات و موڵك و هەموو ئەوانەی کە سیستی ئارەزوو مرۆڤ بۆی دەچێت لە کۆکردنەوەی پارەوپوڵ و نەمری شوێنەوار (تخلید الاثار) و ناوبانگی رۆیشتن". حوکمڕان دەستڕۆیی و دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێت بۆ کۆکردنەوەی باج "و

کۆنترۆڵکردنی داهات و خەرج و ژمێریاری مووچە...دروستکردنی باڵەخانە و بیناسازیی... و باڵەخانەی بەرز و فراوانکردنی شارەکان و ڕێگەدان بەهاتنی شاندەی کەڵەپیاوانی هۆز و تیرەکان و ناودارانی میللەتان"، ئەمە جگە لەوەی فەرمانڕەوا -لەم قۆناغەدا- گرنگی و بایەخێکی بەرچاو دەدات بە شوێنکەوتە و دارودەستە و نزیکەکانی"سەبارەت بە بارودۆخی ژیانیان بە بەخشینی پارە و پوڵ و پلە و پایە پێیان و دابەشکردنی موچەی سەربازەکان لە هەموو مانگێك " تاکو وای لێدێت سیمای تەرەف و خۆشگوزەرانی بە لەسەر روو و جل و بەرگەکانیان دەردەکەوێت... لە ڕۆژانی ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکان کە دەبێتەهۆی پیاهەڵدانی لە لایەن دەوڵەتە ئاشتیخوازەکان و چاوترساندنی وڵاتە شەڕخوازەکان. ئەم قۆناغە دواهەمین قۆناغی داپلۆسینە چونکە دەسەڵاتداران لە گشت قۆناغەکانی پێشوو هەوڵیانداوە بە بیروبۆچوونە تایبەتەکانی خۆیان، شکۆمەندی بۆ خۆیان بنیادبنێن، و ڕێگە ڕۆشنکەرەوە بن بۆ ئەوانی دوایان".

**قۆناغی چوارەم:** بریتییە لە"قۆناغی ڕەزامەندبوون و ئاشتیخوازیی، لەم قۆناغەدا خاوەن دەوڵەت ڕەزامەند و دڵشادە بەوەی لەلایەن پێشینەکان بنیادکراوە"، بۆیە بە تەواوی شوێنکەوتەی ڕێوشونەکانیان دەبێت "و بە چاکترین ڕێبازەکانی پیادەکردن و بە شوێنچوون شوێنیاندەکەوێت، وایبۆدەچێت کە دەرچوون و لادان لەو ڕێگە و شێوازانەی کە ئەوان پیادەیاندەکرد گەورەترین زیانیپێدەگەیەنێت و پێیوایە کە ئەوان، بەو شکۆ و پایەبەرزییەی کە ئێستا ئەوخاوەنێتی، زانا و چاوڕوونتربوونە.

**قۆناغی پێنجەم:** بریتییە لە "قۆناغی زۆرخەرجیی و دەستبڵاویی، لەم قۆناغەدا خاوەن دەوڵەت دەستدەکاتە بەفیڕۆدانی هەرچی ئەوانی پێشوو کۆیانکردۆتەوە لە ڕێگەکانی رابواردن و ئارەزووپەرستی و چێژوەرگرتن و بەشینەوەی پوڵ بەسەر هاوڕێ و نزیکەکانی و لە دانیشتن و دیوەخانەکانی و لە کۆکردنەوەی دۆستی خراپ... و سپاردنی کاری گرنگ بە کەسانێك کە ناتوانن پێی هەستن و



جێبەجێیبکەن..."، ئەمە وێڕای نەبوونی متمانەی نە بە گەورە پیاوانی نە شوێنکەوتەکانی، ئەمەش تورەی و رقهەڵسانی ئەوانی لێدەکەوێتەوە، "جگە لە پشتگیریی نەکردنیان لێیەوە و دواکەوتن لە فەرمانەکانی، هەروەها بەفیڕۆدانی موچەی سەربازان و سەرمایەی دەوڵەت بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی و خۆی بە دوورگرتن لێیان و بەئەستەم بینینی ، دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەم سەربازانە و بەم شێوەیەش ئەو دەبێتە تێکدەری ئەوەی پێشینەکەی دایانمەزراندبوو و لەناوبەری ئەوەی بنیادیاننابوو. لەم قۆناغەدایە کە سروشتی پیری و پەککەوتەیی لە دەوڵەتدا سەرهەڵدەدات و دووچاری ئەو کودەتا و دەردە درێژخایەنانە دەبێتەوە کە نەچارەی هەیە و نە لێیدەبێتەوە تا لەناویدەبات".

لەناوچوونی دەوڵەت واتا دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، بۆ نموونە: ململانێی نێوان ڕەوەندێتیی و شارستانێتیی، بازنەی سەرهەڵدان و لەناوچوونی دەوڵەتانی لێدەکەوێتەوە یا لێ پەیدا دەبێت. کە ئەمەش پرۆسەیەکی دیالێکتیکییە (جەدەلی). چونکە هەر قۆناغێکی نوێ بەهۆی ململانێی دژبەیەکەکان لە قۆناغی پێشوو سەرهەڵدەدات. کەواتە گۆڕان لە دەوڵەت بریتییە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دیالێکتیکیی ئاڵۆزی نێوان بنەمای ئابووریی کۆمەڵگە و فاکتەرگەلێکی تری وەك دەمارگیریی.

لە لای ئیبن خەلدون هیچ حەتمیەت سەبارەت بە چەمکی دەمارگیریی لە ڕەوەندێتیی یا لە شارستانێتییدا نییە: لەکاتی وەرچەرخان و هەنگاونان لە ڕەوەندێتیی بۆ شارستانێتییەو هۆکارەکان دەبنە ئەنجام، و ئەنجامەکانیش دەبنە هۆکار (بڕوانە سەرچاوەی٩٣، لا٥٤،٤٣-٥٥). دەکرێ بڵێین ئیبن خەلدون دوو مەرجی سەرەکی دۆزیوەتەوە کە کاردەکەنە سەر بنجینەی گۆڕانی دیالێکتیکیی:

١-بوونی جۆرێك لە جەمسەرگیریی (Polarization) لە سیستەمی بەهاکانی هەردوو کولتوور، کە دەبێتە هۆی کارلێککردن لەنێوانیاندا، ئەمە جگە لەوەی هەر کولتوورێك دەبێت خاوەن یا هەڵگری چەند خەسڵەتێك بێت کە لە لایەن ئەوی ترەوە نییە. بەم پێیە دەکرێ ئەم بزووتە دیالێکتیکییە لە ئەنجامی ویست و ئارەزووی هەر کولتوورێك بۆ وەرگرتنی ئەوەی کە نییەتی لە کولتوورێکی تر، دروستببێت.

٢-دەبێ لەهەمان کولتووردا جەمسەرگیرییەك هەبێ کە نییەتی پێویستییەتی.

ئیبن خەلدون پێیوابوو بازنەی ژیانی دەوڵەت هاوشێوەی ئەو قۆناغانەیەکە تاك پێیدا تێدەپەڕێت، و خۆلادانی لێ نییە، وەك لەدایکبوون و هەرزکاریی و گەنجێتیی و پیربوون و مردن. سەرجەم ناوەندە تەمەنی دەوڵەت بریتییە لە چوار نەوەی یەك بە دوای یەك، ئەم ژمارەیە تەنها نموونەیەکە نەوەك ڕەها و نەگۆڕ. ئیبن خەلدون گوتویەتی "ئەم چوار مەرجە -واتە چوار قۆناغە- لە ژماردندا وەك بڵێی گشتاندنێکە -واتە لە زۆربەی جاردا وایە-، دەنا خۆ دەکرێ کە خانوویەك نەگاتە چوار قۆناغیش کاتێك دووچاری لەناوچوون و داڕمان بێتەوە، یاخود بۆ پێنجەمین و شەشەمین -قۆناغ- بڕوات، بەڵام ئەم مانەوەیە رووەو نەمان و هەرەسهێنانە" (سەرچاوەی١، ل١٣٧). ئیبن خەلدون، لە شوێنێکی تریش لە موقدیمەکەی، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوەی ئەو دەیڵێت لە لای هەندێك لە میللەتان روویان داوە بۆ نموونە: لە لای فارسەکان کە "ماوەیان -تەمەنی دەوڵەتەکەیان- بۆ هەزاران ساڵ رۆیشتووە  درێژەی کێشاوە، هەروەها لە لای قیبتییەکان و نەبتییەکان و رۆم و عەرەبە سەرەتاییەکانی وەك عاد و سەمود و عەمالیقە و قەومی توببەع" (سەرچاوەی١، ل٣٥٨). رۆڵ و کاریگەری عەسەبیەت لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دەوڵەت، لێرەدا، روون و ئاشکرایە: ئەگەر دەمارگیریی بەهێز بێت ئەوا دەوڵەتیش بەهێز دەبێت، کاتێکیش دەمارگیریی لاواز دەبێت ئەوە نیشانەیە



بۆ ئەوەی کە دەوڵەت لە ڕێگەدایە و بەرەو نەمان دەڕوات. ئەمەش وا دەکات گرووپێکی تر کە خاوەن دەمارگیرییەکی بەهێزن دەست بەسەر حوکم دابگرێت.

کەواتە پاڵپشتی بەهێزی تیۆرە دیالێکتیکییە کۆمەڵایەتییەکەی ئیبن خەلدون بریتییە لە دەمارگیریی نەك ماندووبونی تاکەکان: وا دیارە ئیبن خەلدون جگە لە شوێنگە یا پێگەیەکی لاوەکیی، هیچی تری لە پێشکەوتنی مێژوویی، بە تاك نەداوە، دەمارگیریی رۆڵێکی، وەك رۆڵی یەزدان لەلای سۆفیەکان، دەبینێت. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئیبن خەلدون کاریگەری ویستی یەزدانی لە ڕاڕەوەی (صیرورة) کۆمەڵایەتیی بەلاوە بنێت یا نکوڵیی لێوەبکات. لەڕاستیدا ئەو وەکو موسڵمانێکی بڕوادار، باوەڕێکی دوور لە گومانی بە ویستی یەزدان هەبوو، کە لە سەرووی (یا لە پشتی) گشت دیارە کۆمەڵایەتیی سروشتییەکانە. هەر وەك دیاریشە یەزدان کارێکی پێچەوانەی ئەو یاسایانەی بۆ خۆی دایناوون نەکات. ئەگەر یەکێ هەبێ کە تیۆری دیالێکتیکیی سۆفیگەریی بەوەی کە لە لای ***هیگڵ*** (Hegel)هەیە، بچوێنێ ، ئەوا دەشێ ئیبن خەلدونیش بە ***مارکس*** بچوێنرێ. ئیبن خەلدون پێوابوو کۆمەڵگە، وەك سروشت، لەلایەن پرۆسەی دیالێکتیکییەوە (Dialectical Process) کۆنترۆڵ دەکرێت، وەلێ پێیوابوو دیالێکتیکیی سۆفیگەریی بۆیە و ماکێکی ئایینی و ئایدیالی زۆر گەورەیە ، هانمان نادات تاکو لەسەر ڕاڕەوەی واقیعیی کۆمەڵگە، پڕاکتیزەیبکەین. ئیبن خەلدون دیالێکتیکیی سۆفیگەریی -بەم شێوەیە- وەرگرت (وەك چۆن لەمەوبەر ***مارکس*** دیالێکتیکیی ***هیگڵیی*** ئاوا وەرگرت) وایکرد سەرپێبوەستێت. کاتێك کە تیۆری سۆفیگەریی وەرگرت و رووە رۆحانییەکەی لێداماڵی و روو و شێوەیەکی نوێی پێبەخشی، کە پشتی بنەمایەکی مادیی یا کۆمەڵایەتیی بەستبوو[1].

ئیبن خەلدون بە پشتبەستن بە تێبینییە تایبەتیەکانی توانی بەم چەند گشتگیریانە بگات. لەو ماوە زەمەنییەی کە تیایدا ژیاوە، توانی هەندێك لەو دەوڵەتە

ئیسلامیانە بینیٚ کە بەو پرۆسە یا ئەو بازنەیەدا تێپەڕبووبوون (هەر هەموویان بە بەرزبوونەوەی بنەماڵەی دەسەڵاتدار دەستپێدەکات و بەکەوتنیان کۆتایی دێت). ئەو جووڵە بازنەیەی مێژوو -بەر لەئیبن خەلدون- لە زەینیەتی ئیسلامییدا نەناسرابوو، واتە ئیبن خەلدون وێنەیەکی کێشا لەگەڵ تێڕوانین یا بیرۆکە ئایینیی بۆ مێژوو زۆر جیاواز بوو. کاتێك بیروڕاکانی ئیبن خەلدون زادەی ئەو سەردەمە بوو تێیدا ژیابوو رەنگدانەوەیەك بوو بۆی، ئەمە وادەکات ئێمە زۆر بە روونی ئیمڕۆ تێبینی ئەو بێتواناییەی خەڵکی لادێ و رەوەندەکان کەین لە هێرشبردنیان بۆسەر ناوچە شارستانییەکان -شارەکان-، چونکە ئەم شارەی ئیمڕۆ وەك ئەوەی لەمەوبەر نییە کە شوێنگەی لاوازیی و بێدەسەڵاتیی بوو (بڕوانە بەشی چوارەم).

رەنگە پرسیارێك لێرەدا خۆی قووتدەکاتەوە: ئایا دەکرێ بیروبۆچوون شرۆڤەکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بە سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەت بە تیۆر لەقەڵەمبدرێن؟ ئەمەش بۆ پێناسەکردنی چەمکی تیۆر پەلکێشماندەکات. ئەگەر تیۆرمان بەوە پێناسەکرد کەوا: بریتییە لەو گشتاندنەی (یا گشتاندنێکە) پەیوەندی بەو دیاردانەوە هەیە کە تێبینیکراون و بە چەند شێوازێکی زانستیی و رێکخراو توێژینەوە و لێکۆلینەوەیان لەمەڕ ئەنجامدراوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئیبن خەلدون تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە لەدانانی تیۆرێك سەبارەت بە دەوڵەت کە لەسەر پێوەر و فاکتەری و دەمارگیریی بنیادنراوە. بەکارهێنانی رێبازی بەراوردکاریی (منهج القارنة) (بۆ-ماوەی- حەوت سەدە لە سەردەمی ئیسلامیی) تواناداریی کرد کە بەم گشتگیریانە بگات ، بەتایبەتیش لە باکووری ئەفریقیا. هەروەها توانی، بە شێوەیەکی تایبەت، تێبینی وێکچوونەکان (التشابهات) بکات لە شوێن و ساتە جیاکاندا. بەڵام سەرەڕای ئەمانەی کە ئاماژەمان پێکردن، تیۆرەکەی لەبواری پراکتیزەکردندا زۆر بە سنووردارێی مایەوە، چونکە ناکرێت لەسەر ناوچە جیاجیاکان لە جیهان لەماوە زەمەنییە جیاوازەکاندا، پراکتیزە بکرێت. هەبوونی



تیۆری بە کەڵك و سنورداری لەم بابەتە، لەکاتی ئێستاماندا، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر و لە کۆمەڵناسیشدا بەدیدەکرێت. پێوستە بەر ڕەچاوی ئەوە بکەین کە تیۆر پەیوەندی بە توێژینەوەی زانستیی سەبارەت بە (راستییە کۆمەڵایەتیەکان) هەیە، کە رێگە و دەرفەتی دەستکاری و چاکسازی و بژارکاری و تەنانەت رەتکردنەوەشی لە بارودۆخێکی دیاریکراوی مێژوومان پێدەدات.

ئایا ئیبن خەلدون بیرمەندێکی رەشبین بووە؟ هەندێك لە زانا و بیرمەندان ئیبن خەلدونیان بە رەشبین لەقەڵەمداوە. نەك هەر ئەوەش بەڵکو هەمان هەڵسەنگاندنیان بۆ تیۆرە دیالێکتیکییەکەی هەبووە، بە بەهانەی ئەوەی کە سەیری مێژوو دەکات وەك ئەوەی هیچ ئامانج و مەبەستێکی لە دواوە نەبێت، لەسەر ئەم رێڕەوش بیروڕاکانی رووەو بێباوەڕی و گومان دەچن. جگە لەمەش ئیبن خەلدون بەوە وەسفکراوە بە باوەڕی جەبریەت (قەزا و قەدەر) بووە نەك بە پەرەسەندن (سەرچاوەی٤٠، ل٣١١،٣٠٨، سەرچاوەی١٢٢، ل٣٧، سەرچاوەی٦٦، ل١٠٢)، بەڵام ئەم وەسفانە سەبارەت بە ئیبن خەلدون هیچیان راست نین لەبەر ئەم چەند هۆیانە:

١- رەشبینی، یا رەشبینگەریی (المذهب التشاؤمي)، دەکرێ بڵێین ئەو هەستەیە لەلای ئەو کەسە دروستدەبێت کە موقەدیمە دەخوێنێتەوە. بەڵام بێگومان ئەم هەستە هەڵەیە. ئەگەر چی شێوازی بازنەیی(Cyclical Pattern) -ئەوەی کە ئیبن خەلدون سەبارەت بە هەڵەی مێژوو خستیەڕوو- بێ کۆتایی بێت و خۆی دووبارە بکاتەوە. بەڵام دەتوانین بڵێین هەموو رووداوەکان لە لایەن یەزدانەوە دێن و خزمەت بە مەبەستەکانی دەکەن کە ئەمیش رێنمایکردنی خەڵکە بۆ رێگەی راست و دروست.

٢- بیروڕاکانی ئیبن خەلدون هۆکاریین. دەتوانین لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بگەین و کاتێکیش دەگەین بە هۆکارەکانیان، راڤەیانبکەین. کەوابێ ئیبن خەلدون باوەڕی بە جەبریەت نەبووە یا جەبریی نەبووە.

٣- بەڕای ئیبن خەلدون، رووخانی دەوڵەت واتای رووخان و کۆتاییهاتنی ئەو کۆمەڵگەیە نابەخشێت. ئێمە لەمەوپێش (لە بەشی سێیەم) بینیمان کە خودی کۆمەڵگە دوایی رووخانی دەوڵەتیش بوونی هەر بەردەوامە.

٤- ئەو تیۆرەی ئیبن خەلدون گوزارشت و بەرجەستەکردنی ئەو رووداوانەیە لە رۆژگاری وی روویانداوە، وەك: ژیانی سیاسیی نائارام (گێژەڵوکاوی)، سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەت، حوکمی داپڵۆسێنەر، گەندەڵبوون و لاساریی حوکمڕانەکان بەر لە رووخانی دەوڵەت.

٥- بەشێوەیەکی گشتیی، چەمکی پەرەسەندن چەمکێکی نوێ و تازەیە، لەهەمان کاتیشدا، لەلای موسڵمانان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نامۆبوو.

٦-ئیبن خەلدون لایەنە مادیەکەی کولتووری پشتگوێنەخست، ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە (لەبەر گرنگی ئەم لایەنە) کە ئەنجامێکە، و هەر دەبێ لە پرۆسەی بەشارییبوون و ژیانی شارستانییدا(Urbaninism) رووبدات.

٧- ئیبن خەلدون توانی تێبینی ئەو ئەنجامە ئاکاریی و ئەخلاقییانە بکاتە کە بەهۆی رووخانی دەوڵەت سەرهەڵدەدەن: گەڕانەوە بۆ شێوەی ژیانی سەرەتایی کە زۆر پابەند و جەخت لەسەر دابونەریت و پێودانگەکان دەکاتەوە (سەرچاوەی٧١، ل٣٩-٤١).

٨-ئیبن خەلدون زۆر جەختیکردۆتەوە سەر گرنگی هاوکاریی و هەماهەنگی و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتیی و بە فاکتەری پۆزەتیڤانەی رێکخستنی کۆمەڵایەتیی و حوکمڕانی جێگیریی هەژمارکردوون.

**ئایا ئیبن خەلدون هیچ تیۆرێکی سەبارەت بە ململانێی کۆمەڵایەتیی داڕشتووە؟**

بیروبۆچوونەکانی ئیبن خەلدون بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەتەوە هەیە، و جەختکردنەوە و پێداگرتن لەسەر پرەنسیپی هۆکاریی



بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، لەکاتێکدا بیروبۆچوونە ئایینییەکان سەبارەت بە چاودێریکردنی یەزدانی زاڵ بوو بەسەر زەمینی خەڵکدا، ئەمە هانی هەندێك لە زانا و نووسەرانی دا ئیبن خەلدون لەگەڵ کۆمەڵە هزرمەندێك دانێن کە باسیان لە تیۆری ململانێی کۆمەڵایەتیی کردووە. هەروەها ئیبن خەلدون کرا بە یەکێك لە بیرمەندە دیار و پێشەواکان کە ئاماژەیان بە بابەتێکی هاوشێوەی رێبازی داروینیی کۆمەڵایەتیی (Sacial Darwinism) کردووە (بڕوانە سەرچاوەی٣٢، ل٧٠٦-٧٠٨،٧٤١).

بەپێی ئەم راڤەکردن و لێکدانەوانەی بەم دواییە، دەشێ بڵێین کەوا ***ژان بۆدن*** ئەکتەرێکی ترە لەم پایە و کارەدا، هەروەها ***گومپلۆڤیتز*** پشت بە شێوەیەکی ئاشکراو روونتریش لەوە باسی لەم بابەتە کردووە (ئەگەرچی لەهەمان کاتیشدا، رەنگە، زۆر زێدڕۆییانەتر بووبێت) و توانی تاڕادەیەکی زۆر کار بکاتە سەر بیرۆکەکانی *لستەر وارد* تا ئەو رادەیەی کە هانی بدات بۆ هەڵبژاردنی- دەستنیشانکردنی- یەکێتی تر لەوانەی کە باسیان لە تیۆری ململانێکردووە، ئەویش *ئۆپنهایەر*ە، ئەو -کەس-ەی توانی بیروبۆچوونی زۆر لە بیرمەندان کۆبکاتەوە، کە ئیبن خەلدونیش یەکێکیانە. *ئۆپنهایەر* بە یەکێك لە داکۆکیکرە زەقەکانی ئەو بیرۆکەیە (هزرە) دادەنرێت کە دەڵێت: دەوڵەت لە دەرەنجامی ئەو ململانێیەی لە نێوان گرووپە جیاکان، بە تایبەتیش جوتیار و رەوەندەکان، پەیدابووە.

وێڕای رێزگرتنی زۆری بۆ ئیبن خەلدون، بەڵام ئەم نووسەرە ئەڵمانیە تەنها ئاماژەی بە چەند راوبۆچوونێکی دیاریکراوی ئەو بیرمەندە عەرەبە[٢] کردووە، کە دەگونجێت لەگەڵ ئەو بەرنامەی کە بۆ خۆی دەربارەی چاکسازی کشتوکاڵی لە کتێبەکەیدا بە نێوی (**دەوڵەت**-Der Staat) کە ساڵی ١٩٢٦ لەچاپدراوە و بلاویکردۆتەوە. لەڕاستیدا، ئەوەی ئیبن خەلدون سەبارەت دیالێکتیکیی کە لە بەسەرهات و رووداوە

مێژووییەکاندا ئاماژەی پێکردوون، جگە لە کۆمەڵە گشتاندنێکی مێژوویی، لەسەر بنەمای تێبینی وردەوە دامەزراون، هیچی تر نییە.

بەم پێیە ئیبن خەلدون هیچ زەحمەتێکی تایبەتی نەکێشاوە بۆ دانان یا گەشەپێدانی تیۆری ململانێ لەسەر حوکمڕانییەتی، و جەنگ...هتد، گشتیان دیاردی کۆمەڵایەتیی سروشتیین و هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی لێیانەوە خاڵیی نییە. کۆمەڵگە دینامیکییە و گۆڕانیش دیاردەیەکی چاوەڕوانکراوە. سەرەڕای ئەمانەش، ئێمە هیچ ئاماژە پێکردنێکی ئیبن خەلدون کەوا شەڕ (جەنگ)ی وەك چارەسەرێك و ڕێگەیەك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی (Social progress) بەرز ڕاگرتبێ. جەنگ و هاووێنەکانی، لە شێوزەکانی خۆبەختکاری و خەباتکردن یا ململانێ، ئامرازگەلێکن، خەڵکی بۆ بەدیهێنان و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانیان، لە ژیاندا، بەکاریانهێناوە.

جەنگ، ناکۆکیی سیاسیی، و گەندەڵبوونی سیاسیی، دژە ئەنجامی (نتائج معکوسة) لێدەکەوێتەوە چ لەسەر دەوڵەت و چ لەسەر هاوسەنگیی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گشت، خۆ نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کە ئیبن خەلدون داکۆکی زۆری لە بیرۆکەی هاوکارییکردن وەك ئامرازێك بۆ ژیانی سەرکەتوو، و جێگیر، گونجانی کۆمەڵایەتیی، کردووە. جەختکردنەوەشی لەسەر گرنگی سیستەمی کۆمەڵایەتیی بە مەبەستی دامەزراندی دەوڵەتێکی جێگیر و سەقامگیر، لەهەمان بیرۆکەی ***گیدینگس*** سەبارەت بە کۆ هۆشیاری(Conscious of Kind) دەچێت (سەرچاوەی ٣٢، ل٢٧٨) وەك چۆن پشتگیریی لە گوتەکانی ***لاکۆست*** Lacoste دەکاتەوە (سەرچاوەی٥٠، ل١٥٥) کەوا گرنگترین حەز و ئارەزووی ئیبن خەلدون بریتیبووە لە بوونی دەوڵەتێکی بەهێزی دامەزراو لەسەر بنچینە و بنەمای جێگر.

**ئایا ئیبن خەلدون لە شوێنکەوتەی قوتابخانەی ئەرکگەرایی (الوظیفیة)بووە؟**



حەز و ئارەزوو پێویستی و ئاواتەخوازیی ئیبن خەلدون بۆ هەبوونی حوکمگێڕانێکی جێگیر، مەرج نییە بیکات بە یەکێك لە شوێنکەوتەکانی قوتابخانەی ئەرکگەرایی.

هەر چەندە کە قوتابخانەی ئەرکگەرایی جەخت لەسەر چەمکەکانی جێگیریی و "کامڵبوون" و "هاوسەنگبوون" دەکاتەوە، بەڵام دەشکرێ "ئەرکگەرایی"، بە شێوەیەکی بەرفراوان، پێناسەبکەین بەوەی زۆر جۆر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکان دەگرێتەوە.

### ٢- بەراوردکردنی ئیبن خەلدون لەگەڵ هزرڤانانی تر:

ئیبن خەلدون تاکە بیرمەند نییە کە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەت ئەنجامدابێ. بۆ نموونە: زانا ***پۆلیبۆس*** (Polibius) (٢٥-١٢٣ پ.ز) لە سروشتی بازنەی بەڕێوەچوونی مێژوویی کۆڵیوەتەوە بەڵام وا پێدەچێت کە بیروڕاکانی بە ئیبن خەلدون نەگەیشتبن (سەرچاوەی ١٢، ل ٢٩١، سەرچاوەی ٣٢، ل ٢٠٠). هەرچی ***ئۆگۆستینۆس*** بازنەی مێژوویی مرۆڤایەتی بە جۆرێك دەبینێ لە یەزدانەوە بۆ یەزدان.... و لە بەهەشتی سەر زەمین بۆ بەهەشتی ئاسمان بێ. واتا ئەو کەمینە هەڵبژێردراوە بازنەیەك تەواو دەکەن تەنها ئەندامانی شاری یەزدانی، تێبینی ئەوە دەکرێت کە بیرکردنەوەی ***ئۆگۆستینۆس*** جیاوازێکی ئەوتۆی لەگەڵ بیرکردنەوە ئیسلامییەکە نییە، کە هاوشێوەن لە بۆچوون و چەمکی ئافەریدەی جیهان کە چەمکی خواوەندە (الاله) ئەوەی پڕ بە واتای وشە خاوەن زانست و توانای تەواوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئیبن خەلدون خاوەن بیرکردنەوەیەکی واقیعییانە بووە. تێڕوانین یا بیرۆکەی (بازنەی مێژوو) لە لای وی ئەگەرچی، تاڕادەیەك، هاوشێوەی تیۆرە کۆنەکانە، بەڵام بە پێشکەوتووتر دادەنرێت (بڕوانە سەرچاوەی ١١٣، ل ٢٨٣، سەرچاوەی ٣٩، ل ٢٥٥، ٢٧٦).

جگە لەمانەی ئاماژەمان پێکردن کۆمەڵە بیرمەندێکی تریش هەن باوەڕیان بە شێواز و قۆناغی یەك بەدوای یەکی کاتەکانەوە هەبووە لە سەرهەڵدان و رووخانی (دەوڵەت) و (کولتوور و شارستانییەت)ەکان.

## ڤیکۆ (Vico)

بڕوای بەوە بوو کە هەر نەتەوە یان کولتوورێك (Culture) بە هەمان قۆناغدا تێپەڕدەبن (سەرهەڵدان، گەشەسەندن، پێ گەیشتن، رووخان، پەرتەوازەبوون). (سەرچاوەی ١٢٤، بەندی ٣٤٩) **ڤیکۆ** دەڵێت:

لە سەرەتادا، خەڵك هەست بە پێداویستەکانیان دەکەن، بۆیە بە دوای ئەوەی سوودی لێوە دەبینن، دەگەڕێن دواتر روو لە حەسانەوە دەکەن. دڵ و دەروونیان بەرەو چێژەوەرگرتن و رابواردن دەچێت و تاڕادەی بەدڕەوشتی و تێکچوون لە نێو رابواردن و زێدەڕۆیی دەخولێنەوە و جەنجاڵ دەدەن، کە هەر لە شێتبوونەوە دەچێت. بەمەش رەسەنایەتی و ناوەڕۆکەکانیان لەدەستدەدەن. واتا سەرەتادا سروشتی مرۆڤ سادەیە لە دواییدا پتەو و توند دەبێت، ئینجا مانناوەندی ((یا میانڕەو)) و دواجار بەدڕەوشت ((دووڕوو و بێباوەڕ)) (سەرچاوەی ١٢٤، لا ٧٨-٧٩، بەندی ٢٤١ و ٢٤٢ و لا ٣٣٨-٣٣٩).

بەپێی ئەم دەستەواژانە ڤیکۆ وەك ئیبن خەلدون پێیوابوو شێوازی ژیانی شارستانیی خەڵکی بۆ بێ دەسەڵاتی پەلکێش دەکات. (سەرچاوەی ١٢٤، لا ٤٢٣، بەندی ١١٠٥، هەروەها ژێدەری ١، لا ٣٧٢-٣٧٣).

ئەو چارەسەرییەی **ڤیکۆ** بۆ ئەم بارودۆخەی پێشکەش دەکات بریتییە لە گەڕانەوە بۆ بەربەریەتی سەر لە نوێ گەشەسەندن و سەرهەڵدانی کولتوور و تێپەڕبوونی بە هەمان بازنەدا، یا وەکو ئەوەی ئیبن خەلدون گووتوویەتی گەڕانەوەیە بۆ رەوەندێتی و جارێکی دیکە سەرهەڵدانی دەوڵەتە لە رێگەی و سەرهەڵدان و پەیدابوونی



دەمارگیرییەکی نوێ و بەهێز. هەردوو هزرڤان جەختیان لەسەر ئایین و سەرکردایەتی سیاسی وەك دوو فاکتەری پێویست و گرنگ لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی مرۆیی کردۆتەوە. چونکە ئەمە ئایینە کە هەستی وابەستەبوون، یا شوێنکەوتەیی بە تاکەکان و یەکپارچەیی بە کۆمەڵگە دەبەخشێت.

**ڤیکۆ** ئەو بیرۆکەیەی دەخاتەڕوو دەڵێت: (کاتێك تاك دەبێت بە پادشا یا حوکمڕان ئەوە پێویستە خەڵك پشتگیری لێبکەن) (سەرچاوەی١٢٤)، هاوشێوەی بیروبۆچوونی ئبن خەلدونە کە دەڵێت حوکمڕان شایەنی گوێڕایەڵی و رێزلێنانی میللەتە.

ئەگەر هەندێ جار حوکمڕان ناڕەوا و نادادپەروەرانە هەڵسوکەوت بکات، بەڵام دەبێ چاوپۆشی لێبکرێ یاخود ناکرێ ئەمە بکەینە پێودانگە و لەگەڵ خەسڵەتە چاکەکانی بەراوردبکەین کە لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ میللەتدا دێتە ئاراوە. حاکم خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی گرنگی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییە و بەبێ وی ستەم و ناسەقامگیری لەناو کۆمەڵگەدا پەرەدەسێنێ.

بە بڕوای ئیبن خەلدون: سەرەوەت و سامان پایەیە، توانا بەخشە و خەڵکی لە رێگەی ئەمەوە دەتوانن ژێردەستەکانیان بەکاربهێنێن و ئەوانەی هاوڕەگەزیانن چۆنیان بوێت رێگەیان پێبدەن یا لێیان بگرن و بە زۆر دەسەڵاتیان بەسەردا بسەپێنن و بەسەریان زاڵبن و ناچاریان بکەن کە سودمەندی بکەن و زیانی لێ بەدوور بگرن و لە هێنانەدی و جێبەجێکردنی ئامانج و رێنماییە سیاسییەکان داکۆکی لێبکەن (سەرچاوەی ١، لا ٣٩٠).

ئیبن خەلدون زۆر بە توندی رەخنە و ناڕەزایی خۆی ئاڕاستەی پیاوانی زانست و زانیاری دەکات ئەوانەی گرنگی دەستەی فەرمانڕەوایان (پیاوانی حوکمڕانی) و رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان کەمدەکەنەوە، ئەم هەڵوێستەی بە ناڕەوا و نابەجێ داناوە و بە جۆرێك لە خۆبەزلزانی و لوتبەرزی داناوە، کە ناکرێت هیچ پاساوێکی هەبێ.

وا دیارە تارادەیەکی زۆر ئەو تاکانەی پەسەنددەکرد کە خۆڕەپێشکەر و بەشان و باڵی هەر فەرمانڕەوا و حوکمڕانێك هەڵدەدەن بۆ ئەوەی بڕێك پارە و پووڵیان دەستکەوێت، ملکەچی و پێداهەڵگوتن لە هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئەم خانەدانی پایەیە کە لە ڕێگەیەوە دەستکەوت و ئاسودەیی خۆشگوزەرانی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر بڕوانین دەبێت زۆرینەی خەڵکی خاوەن ماڵ و سامان و ئەوانەی بە ئاسوودەی (خۆشبەختی) گەیشتوون هەر لە ڕێگەی خۆبردنە پێشەوە. هەر بەهۆی ئەمەشە زۆر لەوانەی کە لووت بەرز و خۆبەگەورەزانن، ناگەن بەو سەروەت سامانە: بەڵکو تەنها پشت بەو دەستکەوتانەی لە کار و پیشەکانیان چنگیان دەکەوێت دەبەستن. بۆیە چارەنووسیان رووەو هەژاری کەم دەرامەتی دەڕوات (سەرچاوەی ١، لا ٣٩١).
ئەم بیروڕایانەی سەرەوە دەقاودەق هاوشێوەی بیرکردنەوە (واقیع بینەکەی) ئیبن خەلدون کە خێر و شەڕ دوو رووی گرنگی یەك راستی و حەقیقەتن، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەریەك لە ئیبن خەلدون و **ڤیکۆ** هاوڕان لەسەر ئەوەی ستەم و چەوسانەوە هەرگیز تاسەر نامێنن.

## **تۆرگۆ** (Turgot)

ئەوەی ***تۆرگۆ*** ئاماژەی پێکردووە بەناوی خولی جەنگ یا (دورة المعركة- Combat Cycle)، ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە کە چۆن مێژوو بە چەند قۆناغێك یاخود گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی، یەك بەدوای یەك، خێرا و هێمن تێپەڕدەبێت.

ئەم چەند دێڕ و دەستەواژانەی خوارەوە کە لە نووسراوەکانی ***تۆرگۆ***وە هەڵبژێردراون، بۆمان ئاشکرا دەکەن کە تا چ رادەیەك بیروڕاکانی لە را و بیرکردنەوەی ئیبن خەلدون نزیکبۆتەوە، ***تۆرگۆ*** دەڵێت:



بەربەرییەکان توانیویانە لە هەندێك ماوەی مێژوویدا دەسەڵات بەسەر زۆر گەلانی، خاوەن کولتوورێکی ئاڵۆزتر و پێشکەوتووتریش بسەپێنن، بەڵام خۆیانیان لەگەڵ گونجاندووە. هەروەها دەڵێ:

بەربەری دەبنە شارستانی، ژیانی شاریش وادەکات زەنگینتر و ئارامتر و زێتریش بگونجێن و لەسەر خۆشگوزەرانی رابێن، بەڵام ئەوان، لە ماوەیەکی زۆر کورت هێز و گۆڕیان لەدەستدەدەن کە لە سایەیدا هێرشبەر و سەرکەوتوو بوون، مەگەر بەخۆیان رابگەن و سنوورێك بۆ ئەم دەستبلاویە دابنێن، ئەگینا هەر خودی ئەم هێرشبەرانە هێرشیان دەکرێتە سەر و لە لایەن بەربەری دیکەوە ژێردەستە دەکرێن. چونکە هێرشبەرە تازەکانیش لەو ماوەیەدا بەهێز و گوڕ و تینن. بۆیە لەم قۆناغەدا یاریدەدەرێکی باشە هونەر و یاساکان پێشکەوتنێکی بەرچاو بە خۆیانەوە ببینن، بەر لە روودانی گەندەڵی و داتەپین. (سەرچاوەی ١٢١، لا ٧٥)

## **مارکس** (Marx):

دەتوانین بیرۆکە یا تێڕوانینی ***مارکس*** لەمەڕ مێژوو بە بازنەیی یاخود شێوەیەکی خولەیی بچوێنین، بە گەڕانەوە و پشتبەستن بە تێڕوانینی وی لە کۆمەڵگەکە چۆن پێیوابوو هەر کۆمەڵگەیەك بەرەو چەندین قۆناغی یەك بەدوای یەك و پێشکەوتووتر لەوەی کە تیایدایە هەنگاو دەنێ.

هەر لە شیوعیەتی سەرەتایی ئەوەی ***ئینگلز*** (Englesh) بە تێروتەسەلی لە کتێبەکەی (نەژادی خێزان- اصل العائلة- Origin of the family) باسی لێوەکردووە، تا سیستەمی کۆیلایەتی (لە رۆما و یۆنانی کۆن)، تا سیستەمی دەرەبەگایەتی (سەردەمی ئیبن خەلدون)، تا سەرمایەداری، تا کۆتایی بە شیوعیەت دێت، بەڵام گەڕانەوە جارێکی تر بۆ سەرەتا ئەم جارەیان لەسەر ئاستێکی بەرزی پێشکەوتن (Development) دەبێت[٣].

هەریەك لە *مارکس* و ئیبن خەلدون هەستاون بە ئامادەکردنی چەمکی گۆڕانی مێژوویی کە شێوازی ململانێیە، کە بە سروشتە دیالێکتیکییەکەی دەناسرێتەوە، بە جۆرێك کە هەر قۆناغێکی (بەدواداهاتوو- متعاقب) لەسەر پاشماوەی ململانێ لە نێوان دژەکانی قۆناغی پێشوو دادەمەزرێت و سەرهەڵدەدا.

چەمکی خەلدونی بۆ گۆڕان، ئەگەرچی تەنیا دەربارەی خولی سەرهەڵدان و داڕووخانی دەوڵەتە (بە پێچەوانەی تیۆرەکانی *مارکس* کە زیاتر بایەخیان گەشەسەندن دەدا)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا رای هەردوو زانا هاوشێوەیی و گونجانێکی پێوە دیارە: کە ئاماژەکردنە بە چەند گۆڕانێك دیالێکتیکی.

سەرهەڵدانی گۆڕان  هاوکاتی (چەمك و گریمانە و بیردۆزکانی *مارکس*) لە سەدەی نۆزدەهەمدا، پاڵی بە *مارکس* نا متمانەی زێتر بە وتەکانی هەبێ کەوا مێژووی گشتی کۆمەڵگەکانی ئەو کاتە بریتییە لە مێژووی ململانێ چینایەتی (سەرچاوەی ٨١، لا ٥٧، سەرچاوەی ٨٢، لا ٧).

لە کاتێکدا ئیبن خەلدون چەمکەکەی (سەبارەت بە گۆڕان) بەستبۆوە بەو بارودۆخەی لە سەردەمەکەیدا بەدیدەکرد وەك: ململانێی نێوان میللەت و خەڵکی بیابانی لەگەڵ خەڵکی نێو شار. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ، پێ لەسەرئەوە داگرین لە بیرکردنەوەی دیالێکتیکییەکاندا، پشتی بە بنچینە و بنەماگەلێکی میتافیزیکی (لە سەرووی سروشتەوە)، نەبەستووە. بەڵکو رەنگ و ریشاڵەکانی چۆتە نێو پەیوەندییە مێژووییە راستەقینەکان بێگومان لێکۆڵینەوە و بەدوا گەڕانیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان دەمانگەیەنێتە بە چەمکی ماتریالێزمی مێژووییەوە، خۆ زۆر کات بەکارهێنانی زاراوەی ماتریالێزمی مێژوویی (Historical Materialism)، پەسەندتر دەکرێت لە زاراوەی ماتریالێزمی دیالێکتێکیی (Dialectical Materialism)، کە بەکارهێنانی دووچاری جۆرێك



لە تێکەڵی و بزربوونمان دەکات لە نێوان فاکتەرە بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەرەکان لە مێژوودا، ئەوەی لە کاتی قسەکردن لەسەر پەیوەندییە دیالێکتیکییەکەی دێنە ئاراوە (سەرچاوەی ٢٧، لا ٣٣٩).

## **گەمپلۆڤتس** (Gumlpowicz):

پێیوابوو کە پرۆسەی مێژوویی (Historical Process) بریتییە لە سەرهەڵدان و تێکشکانی ژمارەیەکی بێکۆتایی لە شارستانییەتە یەك بە دوای یەکەکان و هەماهەنگی ئەو هزرەی مارکسی کرد کە دەڵێ: گۆڕان بە گشتی یا زۆربەی کات لە رێگەی ململانێی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانەوە روودەدات کە دەکرێ لە روانگە مێژووییەوە کە پێناسەیەك بکرێت. *گەمپلۆڤیتز* لە سەرئەنجام گەیشت بەوەی کە پرۆسەی ململانێ سەرەتا بە رەنجخۆیی -استغلال-کردنی ئابوورییەوە سەرهەڵدەدات.

وەك ئەوەی تێبینیدەکەین، تا رادەیەك ئەم رایە نزیکە لە رای ئیبن خەلدون دەربارەی بابەتی رەنجخۆریی -استغلال- ئابووری حوکمڕان (بەرپرسیارەکانەوە). هەروەها ئێمە لێکچونێکی سەرنجراکێش بەدیدەکەین ئەویش چەمکی دەماگرییە لە لای ئیبن خەلدون و لەلای گمپلۆڤتیز کە گوتوویەتی: هیچ دەوڵەتێك سەریهەڵنەداوە مەگەر کۆمەڵێك لە لایەن کۆمەڵێکی دیکەوە دەستبەسەر و ژێردەستە نەکرابن هەر کەمینەیەکی هێرشبەر و سەرکەوتوو لە توانایدایە کە دەسەڵات بەسەر زۆرینەدا بگرێت و بشیچەوسێنەوە، هۆی ئەمەش و توانای ئەم کەمینەیە کە بە خۆڕاگری و یەك پارچەیی و یەکێتییە بە هێزەکەیان دەناسرێتەوە.

بێگومان ئەم خەسڵەتانەشە سەرچاوەی سەرەکی هێز و بەردەوام بوونی هەر کۆمەڵێکی مرۆییە (بڕوانە سەرچاوەی ٥٩، لا ٣٦، هەروەها سەرچاوەی ٣٩، لا ١٩٣-١٩٧، ٢٠١).

### شپنگلەر (Spengler):

*شپنگلەر* لە کتێبی داڕووخانی رۆژئاوا (The Decline of the West)دا، دەروانێتە مێژووی مرۆڤایەتی کە بریتییە لە سەرهەڵدان و داڕمان و پەرتەوازەبوونی کولتوورەکانن هەر قۆناغێك بە چەندینیی کۆمەڵێکی: منداڵیی، هەرزەکاریی، پێگەیشتن (پیاوەتی) (Maturity)، پیری و پەککەوتەیی تێپەڕدەبێ. *سارتۆن* (Sarton) ئەم گوتانە (یا ئەم دابەشکردنە) بۆ ئیبن خەلدون دەگەڕێنێتەوە و دەیکات بە پێشەوا (سەرچاوەی ١٠٠، لا ١٧٧٠).

بە رای *شپنگلەر*، شارستانێتیی (Civilization) دوا قۆناغ یا قۆناغی کۆتاییە (دواتر تەواو بوون... چونکی مەرگ بەدوای ژیان دێت)، ئینجا ئەم قۆناغە دەناسرێتەوە سیفەتدار دەبێت بە جۆرێك لە شێوازی ژیانی شاری و بە کۆمەڵە بەهایەك کە خۆیان لە زانست و پارەوپول دەدۆزنەوە دەناسرێنەوە نەوەك ئەو بەهایانەی لە ئایین و خوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بەرجستە دەکرێت، بۆ نموونە هاوسەرگیری گەڕانە بەدوای سێکس نەك هەستی باوکایەتی یا دایکایەتی. رەنگە ئەم شارستانییەتانە تاماوەیەکی زۆر درێژەبکێشن و جارجاریش بە ماوەی نوێبوونەوە و خۆسازدانەوە تێپەڕبن، بەڵام لە کۆتاییدا حەزی مانەوە لەدەستدەدات هەندێك جاریش شارستانییەت، بەر لە مردنی تووشی کودەتایەك دەبێت خۆی لە بزووتنەوەیەکی ئایینی نوێ یاخود شەپۆلێکی سۆفیگەری یا شتێکی لەم بابەتەوە دەردەخات.. لە راستییدا هەر ئەمەش بوو کە لە کۆتایی شارستانییەتی ئیسلامی روویدا (بۆ نموونە: سەرهەڵدانی رێبازەکانی سۆفیگەریی) (سەرچاوەی ١١٤، هەورەها بڕوانە سەرچاوەی ١١٥، لا ١٨٨-٢٨٩).

دەکرێ، بەشێوەیەکی گشتی، بڕیارێك لەسەر نووسنیەکانی *شپنگلەر* بدەین بەوەی کە تا رادەیەکی زۆر لە زانستی کۆمەڵایەتی دووردەکەوێتەوە، بێتواناش بووە



لەوەی سەرکەوتووانە جیاکردنەوەیەکی روون ئاشکرا لە نێوان هەریەکی لە چەمکەکانی شارستانێتیی و کولتوور و کۆمەڵگەدا بکات.

### سۆرۆکن (Sorokin):

*سۆرۆکن* وای بۆدەچوو کە کولتووره مرۆڤایەتییەکان لە سەرەتادا بە قۆناغێك سەرهەڵدەدا کە نموونەیەییە (Ideational) ((خەیاڵی و وێناکردنە و لە سەرووی هەستەوە))یە، یەکپارچەیە (یەکگرتوو) و رێگە بەدەوری تاکە بنەمایەکی بەرزی حەقیقەت... یاخود سیستەمێکی کولتووری یەکگرتوو دەدات کە لەسەر بنەمای هەبوونی خوداوەندێك کە گشت بەها راست و دروستەکان و حەقیقەت دەنوێنێ، دادەمەزرێت و بونیاد دەکرێت (سەرچاوەی ١٠٧، لا ١٩).

ئەمەش لە خەسڵەتەکانی سەدەی ناوەراستە لە رۆژئاوا، هەروەها لە کولتووری براهمانییەکان یا هیند، بوزییەت و تاویزم لە چین (Taoism) دەردەکەوێت. وێڕای دەرکەوتنی بیرۆکەیەکی نوێ کە پێیوابوو حەقیقەت و بەها راستی و دروستەکان لە هەمان کاتدا هەستەوەری و ماتەمن ((کە دەبێتنە هۆی تێکدان و لەناوبردنی قۆناغی وێناکردنی، نموونەگەریی، ئەوەی لە سەرەتادا هەیە)) ئەمەش دەقاودەقە لەگەڵ چەمکی ماددی و زانستی بۆ حەقیقەت دەکرێ شتێکی حەقیقی لە رێگەی هەستەوەرەکانەوە دەرکیان پێبکرێت. بە هۆی ئەوەی کە مەرج نییە کولتوور یەکسەر روو لەم راستییە بکات. بۆیە لێرەدا تێکەڵاوێك بەدیدەکرێت و بەرەو قۆناغێك دەچێت (*سۆرۆکن* بە قۆناغی نموونەگەریی (Idealistic) ناوی دەنێت) و لە ئاستەکانی ئەزموونکاری هەستۆکی (الحسية التجريبية) و سەرووی هەستەوە (فوق الحسية) پێکدێت... لە کولتووری رۆژئاوادا، قۆناغی نموونەگەریی دەقاودەق لە سەدەکانی سێزدە و چواردەهەمدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە هەوڵ و کۆششی *تۆماس ئەکوینی* بۆ تێکەڵکردنی بیروڕا ئایینییەکان لەگەڵ فەلسەفە

ئەزمونکاریەکەی *ئەرستۆ* بەڵگەیە بۆ ئەم قۆناغە، بەپێی رای *کایرنز* (Cairns): *سۆرۆکن* لە رێگەی شیکردنەوە و راڤەکردنێکی هەمەلایەن بۆ گەورە کولتوورێك هەر لە: هونەرە جوانەکان، زانستەکان، فەلسەفەو ئایین، ئەخلاق و یاسا، دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان... هتد، هەوڵی ئەوەی داوە کە بیرۆکەکانی بسەپێنێت و راستییان بسەلمێنێت (سەرچاوەی ٣٩، لا ٣٨٠-٤٠١).

بە رای *سۆرۆکن* هیچ کات سیستەمێکی رەها و قبوڵ نییە بۆ راستیی، دەکرێ بازنەی راستی ئامێز لە هەریەکێك لەم سێ کولتوورانەدا بوونی هەبێت. هەر بۆیەش جۆرە دووبارەبوونەوەیێك هەیە، کە هۆیەکی دامەزراندن و سەرهەڵدانی کولتوورێکی نوێ و تازە لەسەر شوێنەواری کولتووره کۆنە کە دەگەڕێتەوە، ئەم رایانە سووربوونی *سۆرۆکن* سەبارەت بەوەی تیۆرەکەی (تیۆری گۆڕانی کولتووری و کۆمەڵایەتی) شێوە بازنەیی نییە بەتاڵدەکاتەوە [٤].

سەرەڕای ئەمە *سۆرۆکن* نە دیاری کردووە و نە بەئاشکرا ئاماژەییە بەوە کردووە کە بۆچی یەکێ لە لایەن یاخود قۆناغەکانی کولتوور زێتر لەوانی دیکە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێت.

بیروڕای *سۆرۆکن* تادێت و دوورتر دەکەوێتەوە لە قسەکانی ئیبن خەلدون، تەنها لەیەك خاڵدا نەبێت ئەویش روانینە گشتییەکەی *سۆرۆکنە* بۆ نەمانی شتەکان کە لێرەدا لە بیروڕای ئەو بیرمەندە عەرەبییە -ئیبن خەلدون- نزیکدەبێتەوە گوتوویەتی: ئەم جیهانە رەگەزیە بەوەی کە تیاشیدایە گیانلەبەرێکی گەندڵە نەك لە خود و رەوشەکانیدا و مانەوەش تەنها بۆ خوداوەند (سەرچاوەی ١، لا ١٣٦، ١٤٨). بە پێچەوانەی نووسراوەکانی ئیبن خەلدون، دەتوانین کاریگەری ئایینی (مەسیحی- رۆژهەڵاتی) لەسەر باسەکەی *سۆرۆکن* دەربارەی سێ قۆناغەکەی کولتوور



ئاشکرایە، هەمان شێوە لەسەر قۆناغەکانی پێشکەوتنی کولتووریی ( Cultural Development) ئەوەی *تۆینبی* ئاماژەی پێکردووە، پراکیتزە دەکرێت.

**تۆینبی** (Toynbee):

تۆینبی باوەڕی بە شێوازی بازنەیی هەبووە لە سەرهەڵدان و دارمانی شارستانییەتییە گەورە و زلهێزەکان. ئەم شێوازە بازنەیی -خولەکییە- چوار قۆناغ یاخۆ ماوە دەگرێتەوە: سەرهەڵدان، گەشەسەندن داتەپین، دواتر شتیەڵبوون (گەندەڵبوون). هەر قۆناغێك خاوەن چەند سیفەتێکی تایبەت بە خۆیەتی کە لە ئەوانی دیکەی جیادەکاتەوە.

کاتێك خەڵکە سەرەتاییەکان دووچاری بارودۆخی قورس و ناخۆش بوونەتەوە، توانیویانە بەرەنگارییبنەوە و لە ئاستیدا وەڵامدانەوەیەکی دیار و سەرکەوتووانەیان هەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە قۆناغی یەکەمی شارستانێتیی سەریهەڵدا. قۆناغی دووەمیش بە هۆی بەردەوامبوونی ئەم بەرەنگارییەوە سەرهەڵدەدات، ئینجا بە هۆی ئەوەی هەندێك لە تاکەکانی نێو کۆمەڵگە خاوەن چەند خەسڵەتەکی تایبەتن کە بە گشتی باڵاترن لە خەسڵەتە مرۆییەکان ئەمە توانای دەستپێشخەریکردنیان لە پرۆسەی پێشکەوتن پێدەبەخشێ، جۆری ئەم کەسایەتییە داهێنەرانە شوێن پرۆسەی پاشەکشە و گەڕانەوە، (Of with drawal Return) دەکەون.

پێویستە ئەمانە لە پانتایی کار بکێشرێنەوە بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانیان بەدیبهێنن کە پەیوەندی بە سروش و دۆزینەوەوە هەیە، دواتر پێویستە لە سەریان بگەڕێنەوە بۆ بواری کار و کۆمەڵگە بۆ سەر شێوازی ئەو ژیانە نوێیەی کە بیریان لێکردۆتەوە بگوازنەوە. خۆ ئەگەر هیچ یەکێ لەم بەرەنگاریانە نەبوو ئەوە شارستانێتیی هەرەسدێنێت و ناتوانێ بەردەوامی بە گەشەسەندن و پێشکەوتنەکەی

بدات. ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی پرۆسەی داهێنانکاری لەلایەن کەمینەی داهێنەر لە دەستدانی یەکێتی و هاوبەستەیی کۆمەلاّیەتی.

ئێستا ریگە والآیە بۆ قۆناغی کۆتایی، لێکترازان و شیتەڵبوونی شارستانێتیی کە لە دابەشبوون و پارچە و پارچەبوونی ژیانی کۆمەلاّیەتی و رۆحی کۆمەڵگە خۆی دەنوێنی لێرەدا، پەرچەکردانی زۆرینە لە دژی کەمینە بریتی دەبێت لە کۆکردنەوەی هێز و کۆمەکی هەوڵ و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان کە زێتر بە دۆزینەوەی کلێسا یا ئایینێکی کۆکەرەوە دەبێت. سەبارەت بەو خەڵکانەی کە لە دەرەوەی ئەم شارستانییەتەن، ئەوە هێزی خۆیان کۆدەکەنەوە و لە نێو (دەستە بەربەریەکانی جەنگ- عصابات الحرب البربرية) دەتوێنەوە بە مەبەستی هێرشبردنە سەر بنکە و بارەگاکانی دەوڵەت تاکو دەکەوێت.

***تۆینبی*** پێیوابوو کە ئایینی مەسیحیەت چارەسەری راستەقینە و تاکە هیوایە بۆ رزگارکردنی شارستانییەتی مرۆیی[٥] (سەرچاوەی ١٢٠، لا ١٨٧).

وەکو تێبنییدەکەین، هەریەك لە ئیبن خەلدون و ***تۆینبی*** رێککەوتوونە لەسەر ئەوەی نا یەکێتی و پارچەیی و ناکۆکییە ناوەکییەکان ترسناکترین فاکتەرن بۆ لەناوچوونی شارستانییەت.

هەروەها هاوڕان سەبارەت بەوەی کە کەمینە (اقلية)، لە ماوەی پرۆسەی شیتەڵبوون و توانەوە، دەبنە ستەمکارێکی چەوسێنەر و ئەوپەڕی حەز و ئاوات و داخوازییەکانیان دێتەدی.

***تۆینبی*** دەڵێت ئەم کۆمەڵەیە (هەرچی باج هەیە، ئەوەی لە رێگەی میللەتەوە چنگی کەوتووە، لە جەنگەکان و بۆ تێرکردنی پێداوێستییەکانە لە رابواردن)[٦] خەرجیدەکات و بە فیڕۆیدەدات. ئەم باسکردنە یا وەسفکردنە دەقاودەق لەگەڵ



بیروڕاکانی ئیبن خەلدون و هزرەکەی ***ڤیکۆ*** سەبارەت بە لەناوچوونی شارستانێتیی رێکدێتەوە.

* * *

ئەگەر سەیری شیکردنەوە و راڤەکردنی تیۆرەکانی سەرهەڵدان و دارمانی شارستانێتیی (کولتوور، دەوڵەت)ەکان بکەین، ئەوە بەم خالاّنەی خوارەوە دەگەین:

١- بەبەراوردکردنی (***شپنگلەر***) لەگەڵ بیرمەندانی دیکە، دەبینین کە ئەو تارادەیەك سەرەڕۆیانەو کەمتر بابەتیانەبووە و لە دەربڕینی بیروڕاکانی خۆسەپێن بوو.

٢- ئەگەر بیروڕای ئیبن خەلدون لەگەڵ بیر و بۆچوونەکانی ***ڤیکۆ*** و ***شپنگلەر*** و ***سۆرۆکن*** و ***تۆینبی*** بەراوردبکەین، ئەوە بیروڕاکانی ئەم بیرمەندە عەرەبییە وەکو ***کایزنز*** دەڵێت: (بە پلەیەکی سەرسوڕهێنەر تازە سەردەمین) (سەرچاوەی ٣٩، لا٣٣٦، ٣٥٣).

٣- هەریەك لە ئیبن خەلدون و ***ڤیکۆ*** و ***شپنگلەر*** هاوڕان دەربارەی ئەوەی کە (حوکمی مەدەنی) یاخود (پاشایەتی) یا (ئیمپراتۆریی) سەرەتا لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا سەرهەڵدەدەن (ئەوانەی پشت بە داد و یەکسانی دەبەستن).

٤- بەپێی رای ئیبن خەلدون و ***گومپلۆڤتیز*** و ***تۆینبی***، کەمینەی هێرشبەران بە یەکگرتوویی و سەرگەرمی چاونەترسی دەناسرێتەوە، ئەوە وایان لێدەکات کە بتوانن دەسەلاّتی خۆیان بەسەر زۆرینە بسەپێنن و ئیستغلالیشیان بکەن، ئەم هەڵوێستەش بەسە بۆ ئەوەی بانگی روخان و دارمانی دەوڵەت و شارستانێتیی بدات ئەگەرچی ئەم رۆژگارەش زۆری مابێت.

٥- هەندێك پێیانوایە راوبۆچوونەکانی ئیبن خەلدون و ***ڤیکۆ*** و ***گومپلۆڤتیز*** و ***شپنگلەر*** دەربارەی پێشکەوتن (Progress) رەشبینانەن.

٦- گشتگیرییەکانی ئیبن خەلدون و ***شپنگلەر*** بە (جەبری) یا (قەدەر)ی (Fatalistic) لە قەڵەمدراون.

٧- هەریەکێك لە ئیبن خەلدون و ***ڤیکۆ*** و ***سۆرۆکن*** و ***تۆینبی*** (وەك ***ئۆگەستین***) جەختیان لەسەر گرنگی هێزی یەزدان کردۆتەوە بیروباوەڕە ئایینییەکانیان بە گرنگترین فاکترە ئەکتیڤەکان دانا لە یەکخستن و چالاککردنی شارستانییەتە گەورەکاندا. ***تۆینبی*** لێکۆڵینەوەکەیدا دیدگەیەکی سۆفیگەرانەی بەکارهێناوە. (بڕوانە سەرچاوەی ٣٩، لا ٣٢٣-٣٢٤، ٣٤٣، ٣٤٩، ٣٥٢، ٤٢١، ٤٦٢).

دەتوانین کەموکوڕی و خاڵی لاوازی لە نووسینەکانی هەموو بیرمەند و زاناکان، ئەوانەی باسیان لە سەرهەڵدان و ڕووخانی شارستانێتیی و دەوڵەت کردووە، بدۆزینەوە. بۆ نموونە: ئەو بیروڕایانە ئیبن خەلدون هێناویەتی لە کەموکوڕی خاڵی نییە، تۆ سەیر کە دەبینی بیرکردنەوەیەکی ڕێژەییە، تەنیا دەتوانێ گوزارشت و نوێنەرایەتی و شوێن و کاتەکەی خۆی بکات، دەکرێ ئەمە سەبارەت بە کەسانێکی تریش بگووترێت کاتێك دەبینین زۆرینەی گشتگیری و پێشبینیەکانیان هەرەسدێنێت.

وێڕای لاوازی کەموکوڕی دیالێکتیکی خەلدونی، هەوڵ و لێکۆڵینەوەی خۆی سەبارەت بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی ئەنجامدەدا. هەوڵی گەیشتن بە پەسەندترین و چاکترین جۆرەکانی حوکم (یا دەوڵەت) نادات، بەڵکو جەخت لەسەر جووڵە یا سەرهەڵدان و داڕووخانی دەوڵەت دەکاتەوە کە ڕوودەدات و خۆی تەواو دەکات، نەك گەیشتن بە دۆخێکی بەرز و باشتر، بەڵکو بۆ شتێکی جیاواز دەگەڕێت، بە جۆرێك کە لە یەك کاتدا کۆن و نوێ بگرێتەخۆی و تێکەڵ بە یەکدی بکات، کەواتە نموونەی ئیبن خەلدون نەگۆڕ و چەقیو نییە، چونکە وەك ***سیمۆن*** دەڵێت، بەدوای ئاڵوگۆڕی بەردەوامی ژێردەستە دەگەڕێت (بڕوانە سەرچاوەی ١٠٥، لا ٦٤، سەرچاوەی ٥٥، لا ٣١، ٥٤).



سەرەڕای ئەو کەموکوڕیانەی لە تیۆرەکانی سەرهەڵدان و داڕمانی دەوڵەت و شارستانییەتەکاندا هەیە، دەتوانین. ئەم تیۆرانە وەك یارمەتیدەرێك بۆ جێگیرکردنی بنەمای مێژوو وەك زانستێکی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنین لەگەڵ ئەمەشدا تیۆرەکان چەند خزمەت و مەبەستێکی زانستی دەگەیەنن: هیچ حکومەتێك نییە، هەرچەندە چەوسێنەر و ستەمکاربێت، بتوانێ لە حوکمڕانی بەردەوام بێت چونکە هەمیشە دیالێکتیکی کۆمەڵایەتی لە کاری خۆی بەردەوامە، کە دڵنیامان دەکاتەوە، کاتێك سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات، ناتوانێت هەمیشە بەردەوامبێت.

## پەراوێزەکان

١- ئەم گوتەیەی خوارەوە ***ئەنگلز*** (Angles) وەریگرتووە، کە بە تیۆرە دیالێکتیکییەتی ئیبن خەلدون دەچێت: ئیسلام ئایینی خەڵکی رۆژهەڵاتە، بە تایبەتی عەرب، واتا خەڵکی شارستان ئەوانەی لە پیشەسازی و بازرگانی کاردەکەن لە لایەك و رەوەندەکانیش (Bedouis) لە لایەکی تر. لێرەدایە ئەو بەرەنگارییەی کە ماوە ماوە لەنێوانیاندا روودەدات،. چونکە خەڵکی شار دەوڵەمەند و خۆشگوزەران دەبن لەگەڵ بەدەمهاتن و نەرمی نواندنیان لە پابەندبوون بە یاسا، لە کاتێکدا رەوەندەکان لە هەژاریدا ماونەتەوە، توند رەوشتن بە هۆی ئەم هەژارییەوە بە چاوێکی پڕ لە حەسرەت و تەماحکارییەوە دەڕواننە سەروەت و ئەو چێژەوەرانەی (کە لە شاردا هەیە). دواتر لە ژێر ئاڵای پەیامبەرێك (یا رێنوێنێك) کۆدەبنەوە بۆ سزادانی ئەوانەی لە فەرمایشت و ئامانجە ئایینییانە هەڵگەڕاونەتەوە، کەواتە جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ رێزلێنانی یاساکان و بڕوای راست و رەوا و کۆکردنەوەی گەنجینە (سەروەت)ی دەرچووەکان (لە ئایین)، وەکو دەستکەوێتك، بێگومان، لە دوای تێپەڕبوونی (١٠٠) ساڵ خۆیان دەکەونە هەمان بارودۆخ کە هەڵگەڕاوانی (پێشوو) تیایدا بوون: بۆیە ناچار بۆ گەڕاندنەوەی بارودۆخە بۆ رەوتی ئاسایی پێویستان بە پاڵاوتنێکی لە رێگەی دەرکەوتنی نێردراوێکی نوێوە روودەدات: بەم پێیە بازنەکە دەستپێدەکاتەوە و دروست دەبێتەوە.

ئەمانە گشتیان بزووتنەگەلێکی بە ئایین رووپۆشکراون، لە کاتێکدا کە هۆیەکانی ئەمانە ئابوورییە... و بەرەنگاربوونەوەش لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دی روودەدات (ساتە تازەکان، بە



زمانی ئەڵمانییە، بەشی یەکەم (١٨٩٤-١٨٩٥، لا ٥). ئایا ***ئەنگلز*** ئیبن خەلدونی ناسیووە؟ ئەمە تەنها پرسیارێکە سەرەڕای نەبوونی هیچ بەڵگەیەك، ***سیمۆن*** ئەگەری ئەوەی خستەڕوو کە زۆر ئاساییە وەرگێڕاوە فەرەنسییەکەی کتێبی **موقەدیمە** لە ماوەی شێستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، گەیشتبێتە دەست ***ئەنگلز*** و ***مارکس***، چونکە ئەوان زۆر گرنگی و بایەخیان بە چاپکراوە زانستی و بابەتییەکان دەدا (بڕوانە سەرچاوەی ١٠٥، لا ٦٥).

٢- بڕوانە (سەرچاوەی ٣٢، لا ٢٦٧) لەم سەرچاوەدا هەریەك لە ***بیکەر*** و ***پارنز*** نازناوی (ورژێنەری تیۆرەکانی ئیبن خەلدون) دەدەنە پاڵ ***تۆینهایەر***.

٣- ***ڤینابل*** (Venable) پێیوابوو ***مارکس*** و ***ئەنگلز*** (Engels) هەمیشە، باس لە سۆسیالیستی بێچینایەتی دەکەن بە بیانووی ئەوەی لە قۆناغی داهاتوو چاوەڕوانکراوە، نەك قۆناغی کۆتایی مێژوو بێ، لە کاتێکدا نووسینەکانیان، هەندێك جار بەشێوەیەکی ئاشکرا، جەخت لەسەر نەشیاوی هەبوونی قۆناغێکی کۆتایی ((کۆمەڵایەتی یان مێژوویی)) دەکاتەوە. (بڕوانە سەرچاوەی ١٢٣، لا ١٧٤) ئەوەی شایانی پێکەنین و جێگەی ئاماژە پێکردنە وێنەی حاڵەتی مرۆڤە ((لە کاتی جێبەجێ بوونی بازنەی دیالێکتیکی)) کە هاوشێوەی بیرۆکە مەسیحییەکەیە سەبارەت بە مەملەکەتی ئاسمان کە بریتییە گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ بەهەشتی عەدن ((قۆناغی شیوعیەت لە لایەن مارکسییەکانەوە)) بەهەمان شێوەیە بەڵام کە لە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتندا دەبێت (سەرچاوەی ٣٩، لا ٢٩٢-٢٩٥).

٤- بڕوانە راڤەی ***سۆرۆکن*** لە دواهەمین کتێبەکانی بەر لە کۆچکردنی (سەرچاوەی ١١٠، لا٦١٣-٦٤٩).

٥- هەروەها بڕوانە ***بەتز*** (Butts) (سەرچاوەی ٣٨، لا ٤، ٥، ٨، ١١، ٩-١٣، ١٧-١٨)، ***بارنێز*** (سەرچاوەی ٢٩، لا ٧٢٣)، ***کەیرنز*** (سەرچاوەی ٣٩، لا ٤٢٠، ٤٢١، ٤٣٠). ئیبن خەلدون خۆی نموونەیەکمان لەسەر وتەکانی ***تۆینبی*** بۆ باسدەکات سەبارەت بە پاشەکشە و گەڕانەوە. خۆکێشانەوەی ئیبن خەلدون بۆ حەشارگەیەکی ئارام لە نێو هۆزی (عەریف)،

خۆئازادکردنی له ململانێ و کێشمه کێشەکانی شار، یارمەتیدەری بوو بۆ روانین بیرکردنەوەی لەسەرخۆ و قوولّ بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ کێشە ئالۆزەکەی. بەواتایەکی دی، ئامادە بوو بۆ وەرگرتنی ئیلهام، یاخود وەك ئەوەی ***برگسۆن*** ناوی ناوە (Elan Vital). کاتێك ئیبن خەلدون (بەپێی پێناسەی ***تۆینبی***) لەو کشانەوە مێژووییە گەڕایەوە بوو بە کەسایەتیەکی جیاواز و چاوەڕوانی پێشبینیکردنی رەوتێکی بەسوودی له ژیاندەکرد بۆ نموونەك ئەو دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانەی لەمەوبەر خزمەتی کردبوون ئێستا له بینینی ویدا شایانی هیچ خزمەتکردنێك نین، وا دیارە که تەنها بە ئەکتەری قۆناغی پەرتەوازەیی (دارِمای دەوڵەت)ی دانان لە جوولەی دیالێکتیێکی کۆمەڵایەتییدا.

٦- چەند دێرێك له کتێبەکەی ***مۆنتسکۆ***دا هەن: Considerations on the causes of the Grandeur and Decadence of the Romans (بۆ نموونە بڕوانە لاپەڕە ١٠٣)، وا خۆی نیشاندەدات کە لە ستایلی بازنەی مێژووی نزیکدەبێتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

(هۆکارگەلێکی گشتی هەن، ماددی یاخود ئەخلاقی... کاردەکەنە سەر هەرشێوە حوکمێکی پادشایی له سەرهەڵدان، بەردەوامبوون، رووخان و پەرشوبڵاوبوونی). هەروەها بڕوانە ***ئایرۆن*** (سەرچاوەی ٢٣، لا ١٤-١٥).

# بەشی حەوتەم

## پرۆسەی بەشارییبوون و ژیانی شارستانی

ئەم بەشە لە شار دەکۆڵێتەوە، وەك ئەوەی جێگەنشنێك بێت یاخود کایەیەك بێت کە بە شێوازێك لە بیرکردنەوە و رەفتارکردن دەناسرێتەوە، تا رادەیەکی زۆر لە شێوازی ژیانی رەوەندیی و لادێیی جیاوازە.

ئەم بەشارییبوونە (یا شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی لە شاردا) پەیوەستە بە پرۆسەی شارستانییبوون. بەم پێیە ئەم بەشە باس لە زیادبوونی دانیشتوان و پەیوەندییەکانی نێوان رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی شاردا دەکات، و دەرئەنجامی ئەم پەیوەندییە لەسەر رەفتاری تاکەکان دەخاتەڕوو.

هەورەها ئەم بەشە هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی تیۆرەکانی ئیبن خەلدون لەگەڵ تیۆری ***لویس ویرس*** و کەسانی تر کە ئاماژەیان پێکردووە، جگە لە باسکردنی کەموکوڕی ئەم گشتاندنانەی کە کراون.

### ١- پرۆسەی بەشارییبوون

پرۆسەی بەشارییبوون یا بەشارستانییبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی چاوەڕوانکراوە. چونکە ئامانجی ئەو رەوەندانەیە کە بەدوای ژیانێکی ئارام و خۆش و خۆشگوزەرانی



دەگەڕێن. ئەم خەڵکانە وەك وڵاتیگەلێکی سەرکەتوو، پێویستیان بە دامەزراندنی شار یاخود پایتەختێکی نوێ نییە، بەڵکو دەتوانن پارێزگاری و سوود لەهەر شارێك وەربگرن کە لەلایەن حوکمڕانی پێشوو بەکارهێنرابێت. بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ رەنگە واتای دروستکردنی شارێکی نوێ ببەخشێت، بۆ نموونە: دروستکردنی بەغدا لە سەرەتای حوکمڕانی عەباسی، قاهیرە دوابە دوای حوکمی میسر لەلایەن فاتمیەکانەوە (سەرچاوەی ١، لا ٣٤٢، ١٢١-٣٤٣). دروستکردنی شار قوناغی یەکەم پێکدەهێنێت لە تەمەنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت کە لە پۆپکەی سەرهەڵدان و چالاکیدایە.

قۆناغی دووەمیش بریتییە لە پێگەیشتن (النضج)، کە لە دوایەوە قۆناغی پیربوون (النحرف) دێت، ئیبن خەلدون باسی لە قۆناغی منداڵی نەکردووە، بەڵام بیرۆکەکانی سەبارەت بە پێشکەوتنی شار وێکچووە لەگەڵ ئەمانەی کە (***گریفت تایلۆر***) Giffith Taylor ئاماژەی پێکردوون (سەرچاوەی١، لا١٠١). هەردووکیان باسیان لەو فاکتەرگەلانە کردوە کە بەشداری لە پێشکەوتنی شارستانی دەکەن، زۆر ئاشکرایە ئیبن خەلدون زێتر گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی داوە، شاریش لەلای وی وەك لەمەوبەر ئاماژەمان پێیدا، دیارەیەکی کۆمەڵایەتییە.

### پێداویستییەکانی نەخشەکێشان بۆ شار

ئیبن خەلدون پێیوابوو بۆ دامەزراندنی شارەکان وەك شوێنێك بۆ نیشتەجێبوون و خۆپاراستن پێویستدەکات تیایدا رەچاوی لابردنی ناخۆشییەکان بکرێت بە خۆپاراستن لە مەترسییەکان و هۆکارەکانی و هەوڵی هێنانی سوودمەندەکان و ئاسانکردنی کاروبار لە دامەزراوەکان بدرێت. پێداویستییەکانیش بەم شێوەن:

١- شوێنگە و جێگەی شار (لە پانتاییەکی رێگە لێگرێت، یان ئەوەتا لەسەر پانتایی یاخود بانی چیایەکی سەخت و سەرکەش بێت، یاخود ناوچەیەکی

دەوردراوبێت بە رووبار یا دەریایێك بۆ ئەوەی نەکرێ بە ئاسانی پێی بگەن مەگەر بە هۆی پردێك یان بە کارهێنانی بەلەم و کەشتییەوە نەبێت، بەم جۆرەش بۆ دوژمن ئاستەم دەبێت کە پێی بگات).

٢- ((ئاووهەواییەکی سازگاری هەبێت بۆ دووربوون لە نەساغی و نەخۆشی.... و هەروەك دیارە ئەو شارانەی پاکی ئاو و هەوا تیایدا رەچاو نەکراوە، زۆربەی جار رێژەی نەخۆشیان تیادا زۆرترە)).

٣- ئاسانکاری لە رێگەی هاتووچۆ، بۆ نموونە: وەك هەبوونی دەریا یان رووبارێك، مەبەست لەمەش نزیکییە لە دەریایەك بۆ ئاسانکردنی گەیشتنی پێداویستییەکان لە ولاتە دوورەکانەوە.

٤- هەبوونی کانی و سەرچاوەی ئاوی سازگار.

٥- بە پیتی و سەوزی لەوەڕگاکان، بۆ گیانلەبەران.

٦- هەبوونی کێڵگە لە نزیك ناوچە شارستانییەکان.

ئیبن خەلدون پێیوابوو ئەم پێداویستی و ئەم مەرجانە رێژەیینە و بە پێی ئەو بارودۆخەی شوێن و جۆری خانووبەرەکان دەیخوازن رەچاودەکرێن.

ئەم مەرجانە لە سەردەمی ویدا بەڵکو تا سەردەمانێکی زۆریش لە مێژووی مرۆڤایەتی، لە دامەزراندنی شاردا زەرووری و پێویست بوون، بەڵام ئیمرۆ زەرووری نییە کە شار بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکات، پێویست بێ لە ناوچەیێکی دوور دابمەزرێت، یاخود بۆ نموونە: بە هۆی ئاسان بوونی هاتووچۆکردن پێویست ناکات لەوەڕگەکان لە سەنتەری شارەوە نزیك بن.

کاتێك ئەم مەرجانەی سەرەوە دابینەدەبن، دەبێت پێداویستییەکانی شار بۆ بیناسازی لەبەرچاو بن (سەرچاوەی ١، لا ٣٤٤، ٣٤٢-٣٤٥) کە بریتین لە:



١- کۆبوونەوەو هەبوونی دەستی کار (کرێکاران)، زۆری ژمارەی کرێکاران پێویستە و زەروورییە ئەگەر دەوڵەت گەورە و بەرفراوان بوو. لەم حاڵەتانەدا دەست بەهێنانی کرێکاران لە ناوچە دوورەکان و کۆکردنەوەیان دەکرێت.

٢- هاوکاریکردنی کرێکاران.

٣- بەکارهێنانی ئامێرەکان ئەوانەی هێز و توانا دووهێندە دەکەنەوە و پێویستن بۆ جێبەجێکردنی کارە قورسەکانی بیناسازی کە زۆرجار تواناکانی مرۆڤ لە ئاستیدا دەبەزێت)) ئا لێرەدا گرینگی پیشەسازییە ئەندازەییەکان (الصناعة الهندسية)مان بۆ ئاشکرا دەبێت بە تایبەتی لە گواستنەوەی ئامێرەکان.

ئیبن خەلدون کەمی بینا و ئاوەدانکاری لە ئیسلامدا بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێنێتەوە (سەرچاوەی ١، لا ٣٥٧-٣٥٩):

١- عەرەبەکان، لە سەرەتای بەشارییبوونیان، ((زێتر بە نێو رەوەندێیتیدا رۆچووبوون، سەنعەت و پیشەگەریش دوابەدوای شارستانێتیی دێن یا پاشکۆی ئەون)).

٢- ئایینی ئیسلام «لە سەرەتاکانیدا رێگەی بە هیچ جۆرە زێدەرۆیی و دەستبلاوییەك لە بیناسازیدا یا دروستکردنی بینا نەدەدا بەبێ هیچ هۆ و مەبەستێك».

٣- کەم چاودێریکردنی عەرەبەکان «بۆ هەڵبژاردنی چاك لە کاتی نەخشەکێشانی شارەکان.... و رەچاونەکردنی ئاووهەوای پاك و کێڵگە و لەوەڕگاکان». ئیبن خەلدون ئاماژەی بەوە کردووە عەرەبەکان لە کاتی نەخشەکێشان بۆ هەریەك لە کوفە و بەسرە و قەیرەوان ((تەنها رەچاوی لەوەڕگای وشترەکانیان کردبوو کە نزیك چۆلەوانی، شوێنی دێو و درنجەوە بوون، ئەمەش وایکرد لە شوێن و بارودۆخی سروشتیو گونجاو بۆ شار دووربن، هیچ جۆرە کەرستەیەکی لێنەبوو کەوا ئاسانکاری لە درێژەپێدانی ئاوەدانکاری تیایاندا لە پاش نەخشەکێشانەوە بکات))، بە واتای هیچ سەرچاوەیەکی

لێنەبوو بایی بژێوی دانیشتوانی بێت، بەڵام ئیبن خەلدون لەم گشتاندنانەی بەهەڵەداچووە، چونکە ئیمڕۆ بەسرە دووهەمین شارە دانیشتوان -لە عێراقدا-.

## قەبارە و چڕی دانیشتوان

بەڕای ئیبن خەلدون، شارەکان لێك ناچن، لێك نەچوونیشیان دەکرێ لە رووی قەبارەوە بێت، قەوارەی شار یاخود چڕی دانیشتوان بە چەندین هۆکارەوە بەندە، گرنگترینیان کۆچکردنە، هۆکارەکانی کۆچکردنیش بریتین لە:

١- داگیرکردنی شار و نیشتەجێبوونی داگیرکەران تیایدا.

٢- خۆشگوزەرانی، کە خەڵکی بۆ کۆچکردن بەرەو شار هاندەدات.

٣- دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکان، ئەمەش بە سوودوەرگرتن لەو ئاسانکاریانەی کە شار پێشکەشیدەکات.

٤- فاکتەری ئابووری، کە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ قەوارەی شار (مەبەست ئەوەیە کە هەر چەندە ئابووری باش بێت، ئەوەندەیتر شار گەورەتر دەبێت).

٥- پشتبەستنی خەڵك بە ((یارمەتی و پارێزگاریکردنی دەوڵەتێکی بەهێزتر لێیان)) کە زۆربەی کات پایتەختەکەی ناوچەیەکی شارنشینییە (سەرچاوەی١، لا٣٤٣). کەواتە، گەورەیی عومرانی شار (بریتییە لە زۆری دانیشتوانی) (سەرچاوەی١، لا٣٥٩)، هەروەها دەبێت پێداویستی و گرفتەکانی خەڵك لەبەرچاو بگیرێت. (خەڵکی لە شارەکاندا بە هۆی زۆریی ژمارە و قەڵەباڵغییان تەنانەت دەست بە هەوا و ئاسمانیشەوە دەگرن و هەوڵی سوودوەرگرتن لە روخساری بیناکانیشەوە دەدەن، ئەمەش کاولکاری و زیان بەخشین بە دیوار و دەوروبەری لێدەکەوێتەوە، لەوێ تاك هەوڵی رێگەگرتن لە ئەوانی دی دەدات و رێ لە هاوسێکانیشی دەگرێت مەگەر کەسێکی خاوەن مافێکی دیاریکراو بێت ((ئەو



کاتە نەتوانێت رێگەی لێبگرێت))، کێبەرکێ لەسەر رێگەوبان و ئاوەڕۆ و زبڵ و پاشەڕۆی جۆگەڵەکانیش دەکەن (سەرچاوەی ١، لا ٤٠٨-٤٠٩).

ئاشکرایە شیکردنەوەکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بە رێکخستنی کۆمەڵایەتی لە شار و بیروڕاکانی دەربارەی قەوارەی دانیشتوان و ئەو گرفتانەی کە لە ئەنجامی دروست دەبن، لەگەڵ گوتەی پێشەوایانی زانستە کۆمەڵایەتییە نوێخواز و سەردەمییەکان زۆر جیاوازنییە.

بەشێوەیەکی گشتی، بیروڕاکانی ئەو سەبارەت بە قەبارە و چڕی دانیشتوان و نەگونجان یان (جیاوازی خەسلەتەکانیان)، نزیکە لەو بونیادە کۆمەڵایەتییە یا ئەو مۆرفۆلۆژیا کۆمەڵایەتییەی ***دورکهایم*** باسی لێوە کردووە، هەروەها نزیکە لە شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە شارستانییەکانەوە ((یاخود تیۆری بەمەدەنیبوون- نظرية التمدين (Urbanism)ی ***ویرپ*** هەر وەك چۆن لەمەو بەدوا ئەمە بەدیدەکەین.

ئیبن خەلدون باسی لەوە کردووە کە زۆربوونی دانیشتوان واتای بەرفراوان بوونی شار دەگەیەنێت، بە جۆرێك هەندێك ناوچەی وا دەگرێتەوە کە پێشتر بۆ شار ئامادە نەکراوە، یا شار نەبووە ئەمە لە بەغدا و هاوشێوەکانی بەرچاو دەکەوێ. «کاتێك بەغدا بریتی بوو لە چەندین گەرەك و ناوچەی پێکەوە نوساو و نزیك لە یەك کە ژمارەیان لە چل گەڕەك رەتیدەدا، بریتی نەبوو لە تاکە شارێك کە یەك چوارچێوە دەوری بدات، ئەمەش بە هۆی ئاوەدانی و بیناکاری زۆری دانیشتوانی بەهەمان شێوەش حاڵی قەیرەوان و قورتبە و مەهدییە لە شارستانییەیی ئیسلامی هەر وابوو هەروەها شاری قاهیرەش کە بەدوایانەوە هات» (سەرچاوەی ١، لا ٣٤٣)

بەرفراوانبوونی شاری گەورە، وەك ئەوەی لە بەغدا روویدا، رێك ئەمەیە کە ئیمڕۆ ناوی دەنێین پرۆسەی (دەوروبەری شارستانی Suburanization). هەرچی

پەیوەندی بە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شاریشەوە هەیە، ئەوە ئیبن خەلدون دەیگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:

١- زۆرلێکردن و چەوساندنەوەی میللەت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستەم و توندیپژی لە لایەن ((حکومەتێکی گەندەڵ))، ئەمەش ڕوودەدا کاتێك کە باج وەرگرتن (الجبایات) کەم دەبێتەوە.

٢- قاتوقڕی و برسیەتێکی زۆر، بە تایبەتیش کاتێك خەڵك لە وەرزێری و بەرهەمهێنان دەست هەڵدەگرێت.

٣-سەرهەڵدانی پەتا و نەخۆشی، زۆربەی کاتیش هۆیەکی بۆ پیسبوونی هەوا و ژینگە زۆری دانیشتوان دەگەڕێتەوە (سەرچاوەی ١، لا ٣٠١-٣٠٢).

**٢- بەمەدەنییبوون: شێوازی ژیانی شارستانی** Urbanism

بە ڕای ئیبن خەلدون شار خاوەن قەبارەێکی گەورەیە و بە چڕی دانیشتوان و هەمەجۆری و جیاوازی لە بارودۆخی (دانیشتوانی) دەناسرێتەوە، کەوابێ ڕێکخستن و گونجاندنی چالاکی شارستانییەکان زۆر پێویستە. هەندێك لەم چالاکیە شارستانییانە کارێکی پێویستە بە مەبەستی یا لەپێناو مانەوە و بەردەوامبوونی ژیانی شارستانی، بەڵام خۆ هەندێك چالاکیش هەن کە خەڵکی تەنها لەپێناو تەرەفدا واتا خۆشگوزەرانی و داهاتەوە ئەنجامیدەدەن (سەرچاوەی١، لا٣٧٦-٣٧٧). زۆربوونی دانیشتوانی شار واتای هەمەچەشنی پیشە و زۆری ئەو کارنە دەگەیەنێت کە تاکی پسپۆر لەم پیشەیە پێی هەڵدەستێ. واتا ((کاتێك بیناسازی لە شاردا گەورە و مەزن دەبێت و دانیشتوانی زۆر دەبن، ئامێر و ئامرازەکانیش لەو کاتەدا زۆر دەبن بە پێی زۆری و هەمەجۆری کارەکان، پیشەوەرانیش ژمارەیان زۆرتر دەبێت تا ئەو ڕادەیەی پێداویستی و ئامانجەکان جێبەجێدەکەن)). ئەگەر هاتوو ژمارەی دانیشتوانی شار کەمیکرد، ئەم شێوە پیشەسازییانە (یاخود



کارەکان بە گشتی) لەکورتیدەدەن، کە ئەمەش نەبوونی ((کارایی و لێزانی لە بنەما و یاسا و بڕیارەکانی لێدەکەوێتەوە)). (سەرچاوەی ١، لا ٣٥٩).

کەواتە زۆری دانیشتوان دەبێتە هۆی چالاکبوون و گەشەسەندنی پیشەسازی و زۆربوونی فرۆشتن و داهات لە شارەکان و ((خۆشگوزەرانی ڕوو لەو کەسانە دەکات کە بەم کارانە هەڵدەستن)). هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی شار زیاد بکات، ژیانی تەرەفیانە و خۆشگوزەرانی زێتر دەبێ، بە بەراود لەگەڵ ئەوانەی کە لە ناوچەی شاری بچووکتر دەژین.

هەر خۆی لە خۆیدا داواکردن و خواستنی تەرەف و خۆشگوزەرانی واتای پێشکەوتن و سانابوونی پیشە و گرنگیدان بە ڕووکارجوانی لەو پیشانەدا دەبەخشێت. ئیبن خەلدون وەك نموونەیەك بۆ زێدەڕۆیی و لەخۆدەرچوونی تەرەفیانەی شارستانی باس لە چاندنی ئەو درختانە دەکات کە بێ بەرونومن (زڕن) ئەمە بە هێمایەك دادەنێت بۆ نزیکبوونەوەی لەناوچوونی میللەت (لێرەدا درەخت هێمایەکە نەوەك هۆکار، بۆ لەناوچوونی گەل و شارستانییەتەکەی):

**کاتێك بارودۆخی تاکەکان یەکە بە یەکە گەندەڵ دەبێت، ئەوە سیستەمی شاریش تێکدەچێت و لەناودەچێت، هەر ئەمەشە مەبەست و واتای گوتەکانی هەندێك لە خەڵکی تایبەت و دەستەبژێر کەوا ئەگەر شار دار نارنجی تیادا زۆر بوو ئەوە موژدە و ڕووخساری کاول بوونیەتی. هەتا ئەو ڕادەیەی کە زۆرینەی خەڵك خۆیان لە چاندنی نارنج بە دووردەگرن. هەرچەندە کاوڵکاری مەبەست نییە و خەسلەتێکیش نییە لە نارنج، بەڵکو مەبەست و واتاکەی ئەمەیە کەوا بایەخی باخچەکان و هەڵبەستنی جۆگەڵە و ئاوەڕۆکان لە هێنانەکایەوە و لێکەوتەکانی شارستانییەتن.... خۆ هیچ**

**مەبەستێکشی لێیانەوە نییە جگە لە شێوە دیمەنەکەیان نەبێت و تەنها دوابەدوای هونەربازی لە ڕێگە و شێوازەکانی تەرەفەوە دەچێنرێن. ئائەمەیە ئەو قۆناغەی کە لەگەڵیدا مەترسی لەناوچوونی شار و گەندەڵبوونی سەرهەڵدەدات. (*سەرچاوەی ١ ، ل٣٧٣*).**

لە هەمان شوێن لە کتێبەکەی، ئیبن خەلدون نموونەیەکی دیکەی هێناوەتەوە کە باس لە چاندنی ژاڵە دەکات، کە تەنها بۆ مەبەستی ڕەنگ بەخشین بە باخچەکان بە ڕەنگی سپی باو و سووربا‌و بەکاردەهێندرێت کە ئەمەش هەر لە ڕێگەکانی تەرەفەوەیە. هەروەها وەك نموونەیەکی، پێکەنیناوی تەرەف لە سەردەمی خۆیدا ئیبن خەلدون باس لەوە دەکات کە تەنانەت سواڵکەری شارە گەورەکانیش حاڵخۆشتربوون لە سواڵکەرانی ناوچە شارە بچووکەکان:

**سەبارەت بە بارودۆخی هەژاران و سواڵکردن، ئەوا سولکەرێك لە (فاس) حاڵخۆشترە لە سواڵکەرێکی تلمسان یان وەهڕان لە فاس دا بینیم کە چۆن لە ڕۆژانی قوربانیدا، سواڵ بۆ نرخی قوربانییەکان دەکەن. هەروەها بینیم کە سواڵی کەرستە و ئامرازە تەرفیەکان دەکەن، سواڵی خواردنی وەك: گۆشت و ڕۆن و تاموبۆی خواردن چێشت خۆشی و پۆشاك و قاپ و ئامان وەك: سەتڵ و گۆزە دەکەن. خۆ ئەگەر سواڵکەرێك لە تلماسان و وەهران داواکارێکی وابکات ئەوە دووچاری نارەزاییکی زۆر و توندوتیژی و دەرکردن دەبێتەوە. لە باسی باردۆخی قاهیرە و (شارەکان) لەم سەردەمەدا پێمان گەیشتووە کە تەرەف و ئاستی (داهاتەکانیان) دەوڵەمەندی گەیشتۆتە رادەیێك کە جێگەی سەرسوڕمانە. هەتاکو وای لێهاتووە زۆر لە هەژارانی مەغریب بۆ میسر کۆچبکەن بەهۆی ناهەمواری ژیانیان و ئەو هەولانەی کە پێیان دەگات سەبارەت بە**



**خۆشگوزەرانی و ئاستی تەرەفیهی لە میسر کە لە شوێنی دی زێترە (سەرچاوەی١، ل٣٦١-٣٦٢).**

ئەو خۆشگوزەرانی کە تاکی شارستان تیایدا دەژی هێز و تواناکانی لاواز دەکات بەجۆرێك ناتوانێ پێداویستییەکانی ژیانی یەکێکی دیکەی دابین بکات (تاکی شارستان لە ئاست دابینکردنی پێداویستییەکان بێتوانایە، یا ئەوەتا لە بێدەسەلاتییەتی بە هۆی ئەو خۆشییەی کە پێی ڕاهاتووە، یا ئەوەتا لە خۆبەگەورە زانینیەتی بە هۆی پەروەردەبوونی لەسەر تەرف و خۆشگوزەرکردنی. هەر دوو حاڵەتیش هەر ناپەسند و نادروستن، هەروەها بێتوانایە لە لابردنی هۆکارە مەترسیدارەکان لە سەری.... بەم پێیەش ئەو لەسەر ئەو هێزەی یائەو دەستەو پاسەوانانەی کە پارێزگاری لێدەکەن)) باڵگرانیە. (سەرچاوەی ١، ل ٣٧٤).

هەروەها ئیبن خەلدون بەم شێوەیە وەسفی شار دەکات و دەڵێ:

**زێتر شەڕ فشاڵکردن و تەڵەکەبازی لە وەدەستهێنانی بژێو لە ڕێگە دروست و نادروستەکانییان لێدەردەکەوێت، بە دڵ و دەروون بیر لەمانە دەکەنەوە و تیایدا ڕۆدەچێن و ڕوو لە کۆکردنەوەی شێوازەکانی فێڵبازی دەکەن، بۆیە دەیان بینیت لە درۆکردن و فێڵ و تەڵەکەبازی و دزیکردن و هەڵگەرانەوە لە بیروباوەڕ و ریباکردن لە کڕین و فرۆشتنندا بوێرترن. دواتر دەبینی لە شێوازەکانی بەدرەوشتی و بێباوەڕی و ڕێچکە و ڕێبازەکانی و دەستپێشخەری کردن لێی و بانگەوازی بۆ کردنی و ڕێگە خۆشکردن بۆی و بێ شەرمی بڵاوکردنەوە و باسکردنی تەنانەت لە نێو خزم و کەسوکاریشیان شارەزان... شار دەبێت بەو دەریایەی کە شەپۆڵ بە خەڵکی نەفس نزم دەدات، پڕ لە بەدرەوشت و هاوشێوەکانیان**

**دەبێت و کۆمەڵێك لە تازە پێگەیشتوانی نێو دەوڵەت لە پایە وەرگران و دارودەستە و پیاوانیان ئەوانەی پشتگوێخەری لە پەروەردەکردنیاندا کراوە و خوڕەوشتی خەڵکانێکی دی بەسەریاندا زاڵ بووە، تەنانەت ئەگەر لە بنەماڵەی خانەدان و ناودارانیش بن ئەوا هەرتووشی لاریی و لەوێری دەبن. بێگومان خەڵکی هاوشێوە و یەکسانن و جیاوکە و پایەبەزری لە نێویاندا بە پێی ڕەوشت بەرزیان و وەرگرتنی ئاکاری باش و لابردنی بەدڕەوشتییەوە دەبێت، ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەوشتی خراپ نە چاکی ڕەچەڵەکەی و نە پاکی پەرێزی بە کەڵکی دێن و ڕزگاری دەکەن *(سەرچاوەی ١، ٣٧٢-٣٧٣)*.**

وێڕای ئەمانەش دەڵێت: "لە خراپییەکانی شارستانێتیی و ونبوونە لە نێو ئارەزوو -شەهوات- لەوانەش ئارەزووە سێکسییەکان، وەك: خیانەتی هاوسەریەتی و لادانی سێکسی (الشذوذ الجنسي).

لادانی سێکسییە دەبێتە هۆی تێکچوون و نەمانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، هۆیەکەشی نەمانی توانای وەچەنانەوەیە لەلای ئەو کەسانە. هەرچی زیناشە، مەبەست لێی ئەوەیە هیچ کەسێك نازانێ کێ کوڕیەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی نەمان و لە دەستدانی سۆزی سروشتی ئەوەی کە مرۆڤ لە ئاست ڕۆڵەکانی هەستی پێدەکات، جگە لە بەرپرسیاریەتەکەی لە ئاستیاندا. (سەرچاوەی ١، لا ٣٧٣).

کورتەی باس، دابەشکردنی کار و پسپۆڕی خەڵکی فێرە شارەزایی و هاوکاری دەکات، کە ئەمەش وایان لێدەکات لە کاروباری ژیانی شارستانییان زاناتر و وریاتر بن. ئەم لێزانیەشیان وادەکات شێوازەکی تایبەت و جۆرە ڕەفتار نواندنێکی دیاریکراو لە کاتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەخۆی، شارستانییەکان



نەریتی تایبەتیان هەیە لە پەیداکردنی بژێوی ژیانیان و خانووبەرە و بیناکاری و بابەتەکانی ئایین و دونیا و بەم پێیەش لەگشت کار و ڕەوشت و مامەڵە و گشت هەڵسوکەوتەکانیان) (سەرچاوەی ١، لا ٤٣٣).

**ڕێڕەو و شێوازی ژیانی شارستانی لە ئەنجامی پارە و ئاسوودەییە، ئەم دووەش خۆیان دەرئەنجامی شێوازی ژیانی شارستانیین، هەریەکەیان ڕێگە بۆ ئەوەی تریان خۆشدەکات وەلێ نائاسایشی لە باردۆخی ژیانی مەدەنی، ئافرەتان، خۆشگوزەرانی و تەرەفی لە ڕادەبەدەر، لاوازی کاریگەری ئایین، نەبوون یا لاوازبوونی دەمارگیری، پشتبەستن بە خەڵکانێکی نامۆ بۆ خۆپاراستن، ئەمانە فاکتەرگەلێکن لەگەڵ یەکتریدا بۆ تێکدان و کاولکردنی شار هەماهەنگن (سەرچاوەی ١، لا ١٣٩-١٤٤، لاپەرەکانی تریش).**

**٢- بیر و ڕاکانی ئیبن خەلدون بێ کەموکوڕی نین:**

١- هەروەك دیارە، دژایەتییەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان ئەو خەسڵەتە نێگەتیڤانەی ژیانی شارستانی لەگەڵ هەندێك دەستەواژەی تر کە ئیبن خەلدون ئاماژەی پێکردبوون، بۆ نموونە: ناکرێ چاکەوسوودێکی زۆر هەبێت بەبێ ئەوەی کەمێك لە خراپە و زیان نەبێت)

٢- وێڕای تێبینیکردنی ڕووخان و تێکشکانی هەندێك لەو دەوڵەتانەی کە گەیشتوون بە پلەی زێدەڕۆیی لە تەرەفەوە، بەڵام ئەم جەختکردن و پێداگرتنە زۆرەی لەسەر ئەوەی تەرەف یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی تێکچوونی شارستانێتیی جێگای باوەڕ و گومانشکێن نییە، و زێدەڕۆییەکی پێوە دیارە. هەروەها ئەو خەسڵەتانەی بە خەڵکی شاریی لکاندووە یائاڕاستەی ئەوانی کردووە و

ئەوانی پێوەسفکردووە، بۆ نموونە: بەدڕەوشتی و شەڕ، تەڵەکەبازی، قومارکردن، فرتوفێڵ، دزیکردن، بریتین لە گشتاندنێکی سەرتاپایی.

هەموو خەڵکی شاریش، تەنانەت خودی ئیبن خەلدونیش خاوەنی ئەم خەسڵەتانە نین، پێویستە دانبەوەش دابنێین ئیبن خەلدون شیکردنەوەیەکی گونجاو باوەڕپێهێنەری پێشکەشکردین، کاتێك کە باسی لەو پەیوەندییەی نێوان تێکچوونی ئایین (وەك لە کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵایەتی) و زیادبوونی لادان و لاساریی لە شارەکان.

٣- شارنشینی بەشداریکردنی پۆزەتیڤانە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بۆ نموونە جەختکردن لەسەر خوێندن و فێربوون دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هونەر و زانستەکان، ئیبن خەلدونیش خۆی دانی بە هەبوونی ئەم خەسڵەتانە لە نێو شاردا ناوە، هەروەها ئاماژەی بە پچڕان و نەمانی دواکەوتوویی و کوێرەوەری لەنێو عەرەبەکاندا بە هۆی بەکاربردنی کتێب و توانای هەڵێنجان، بەم پێەش تێگەیشتین گەیشتە پلەی کەماڵی و بوو بە و زانست و جۆرێ لە پیشەوەری......

بەم جۆرە ئەوەی باسمانکرد لە بارودۆخی بەغدا و قورتوبە و قەیرەوان و بەسرە و کوفە کاتێك کە ئاوەدانی (دانیشتوانی) تیادا زۆر بوو لە سەرەتای ئیسلام ئەو کات شارستانێتیی هەر لە زانست و خوێندن و لە هەمو جۆرەکانی زانست و هەڵێنجانی پرسەکان و هونەرەکان پەرەیان سەندو لە لای خەڵکی پەسەندکران، ئەمەش بە پێچەوانەی ((ئەوانەی لە لادێ و ناوچە نامەدەنییەکان پەروەردەبووینە)).

ئیبن خەلدون باس لەوە دەکا کە چۆنی وانەی بیرکاری لە ژیانی شارستانی بە تایبەتیش بەکارهێنانی لە بابەتە بازرگانییەکان پێویستە. نموونەی ئەم زانستانە، دانیشتوانە شارنشینیەکان بە زانیاری و پسپۆڕی و زیرەکی ئامادە دەکات (سەرچاوەی ١، لا ٤٢٨-٤٢٩).



٤- دەمارگیری تەنها لە ژیانی کۆچەریی خێڵەکی چڕنەبۆتەوە، بەڵکو لە شوێنگە شارستانییەکانیش هەیە، هەرچەندە کە لەوێ بێهێز و لاوازترە، رەنگە شێوەیەکی تر بەخۆیەوە ببینێت، دەکرێ شێوەی کار جێبەجێکردن و گونجان و ئاسانکاری لە کار و دامەزراوەکانی نێو شار بەخۆیەوە ببینێت، وەك دامەزراوەی ئابووری، کە ناکرێ لەوێ دەمارگیریی بەشێوەیەکی بنەڕەتی نەمێنێت و بوونی نەبێت، مەگەر تەنها شارەکە کاولبێت و نەمێنێت.

٥- شوێنی مزگەوتە ناودار و گەورە و پیرۆزەکان لە رابردووەوە تاکو ئێستاش هەر لە شارە گەورەکان بووە، وەك: مەککە و مەدینە و قودس، ئەمەش رووبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکاتەوە، ئایا بۆچی ئەو مزگەوتە گرنگ و گەورانە لە ناوچەی شارستانییەکان دروستکراون؟ ئایا ئەمە هێمایەك نییە بۆ ئەوەی نموونەی ئەم جۆرە دامەزراوە ئایینییانە بە پێی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان ئەویش زۆرپڕ بایەخدەبێت و گەشەدەکات.

### ٣- بەراوردکردنی ئیبن خەلدون لەگەڵ هزرڤانانی تر:

بابەتی ژیانی شارستانی بیری زۆر بیرمەندانی راکێشا، بۆ نموونە: کتێبەکەی ***فاڕابی*** (آراء أهل المدينة الفاضلة)، کتێبێکی خەیاڵی و میسالییە، چونکە کارێکی خودی و تاکە کەسییە و پشتی بە خەملاندن بەستووە.

لەم بابەتە هەوڵدانێکی هاوشێوەی ئەمەیان هەیە، کە ***ئیخوان ئەلسەفا*** لە کتێبەکەیان بە ناوی نامەکانی ئیخوان ئەلسەفا (رسائل اخوان الصفاء) ئەنجامیانداوە و نوونەیەکی لەم بابەتەیان خستۆتەڕوو. سەرەڕای ئەوەی ژیانی شار، لەم جۆرە لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەدا، وەك رەنگدانەوەیەك بۆ دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و بێڕەوشتی و بەدەڕەوشتی دەردەکەوێت، بەڵام خۆدەکرێ و وابووەکە ئەم خەسڵەتە نێگەتیڤانە بەشێك لە ژیانی لادێش پێکبێنن، هەروەك چۆن

دەکرێ و شیاوە کە ئەو خەسڵەتە پۆزەتیڤانەی دراونەتە پاڵ ژیانی لادێ لە شاریش بوونی هەبێت.

## ڤیکۆ:

بە رای ئیبن خەلدون دەوڵەت دیاردەیەکی سروشتییە کە بە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و دواتر تێکچوون و دارمان دەڕوات. ئەمانەش لایەنێکن لە تیۆرە دیالێکتیکییەکەی ئیبن خەلدون.

خەسڵەتەکانی خەڵکی شاریش بە هۆی ئەم دەستبلاویەوەیە کە لە ئەنجامی لاوازی کۆمەڵایەتی و پەرتەوازەیی و نەمانی سەرهەڵدەدات. دوابەدوای سێ سەدە لە کۆچی ئیبن خەلدون، ***ڤیکۆ*** بە چەند دەستەواژەیەکی هاوشێوەی ئەوانەی ئیبن خەلدون کە دەربارەی ژیانی شارستانی گووتبوونی، هاتە گۆ، بەتایبەتیش سەبارەت بە فاکتەری تەرەف و دەستبلاوی:

کاتێك کە خەڵکی ناپەسند و سووك و خراپ، بە حوکمی سروشتە خراپەکەیان، بوونەتە بەندەی ئارەزووە بێسنوورەکانیان وەك تەرەف و نێرەمۆکی (مەبەست لێرەدا خۆچواندنی هەر رەگەزێك بە رەگەزەکەی تر و لەچاوکردنەوەی لە رووکەش و هەڵسوکەوتیان) و تەماحکاری و لە خۆباییبوون و خۆبەگەورەزانی و ئیرەیی و خودسوکی و بێنرخی بەم پێیە چێژوەرگرتنی ئەمانە بەهەر شێوازێك بێت لە ژیانە بێکەڵکەکەیان واتای گەیشتنیان بە هەموو سیفاتە نزم و نابەجێکان، کە لە لای کۆیلە و دۆڕاوەکاندا هەیە، دەگەیەنێت، هەروەها ***ڤیکۆ*** جەختیکردۆتەوە، وەك چۆن ئیبن خەلدون لەمەو بەر ئاماژەی پێکردووە، کەوا شارنشین یاخود شارستانەکان دوابەدوای ئەوەی پێداویستیە زەرووریەکان دابیندەکەن، پاڵی لێدەدەنەوە و روو لە تەمبەڵی و حەسانەوە دەکەن دەبن بە هاودەمی چێژ و تەرەفەوە.



بە رای ***کیرنز: ڤیکۆ*** تەواو پشتگیری لە بیرورایی ئەو بەهرەمەندەی پێش خۆی کە ئیبن خەلدونە و دەڵێت: شارستانییەتی خەڵکی شارەکان، مرۆڤ لاواز و بێهێز دەکات، بە هۆی پیادەکردن و خەختکردنەوەیان لەسەر ژیانی چێژ و حەسانەوە و تەرەف، بەهۆی ئەو ژیانە پڕ لە فرت و فێڵ و دووڕوویییانەوە (سەرچاوەی ٣٩ هەروەها ٣٤٥).

## بۆدن و رۆسۆ

بۆدن وەسفی دانیشتوانی شاری کردووە بەوەی ئەوان ((زمان زانتر و دەمکراوەتر و لێهاتووترن و بە مەکر و دەستورترن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە دوور لە دەریا و رێگەکانی هاتووچۆ دەژین)) (سەرچاوەی ٥٦٤، ١-٥٦٨). هەروەها ***رۆسۆ*** پێی وابوو کە تەرەف و چێژەوەرەکان و جوانییە فریودەرەکان کەسایەتی گەندەڵدەکات و وا لە خەڵك دەکات کە خو و خاسیەتە چاکەکان لەدەست بدەن. (بڕوانە سەرچاوەی ٧٦، لا١).

## دۆرکهایم

***دۆرکهایم*** لە کتێبی «دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگە» رایەکی هاوشێوەی بیرۆکەکەی ئیبن خەلدون دەربارەی تەرەف و هونەرەکان خستۆتەڕوو: هونەر تەرەفە، بەهرە و لێهاتووییە، دەکرێ لە بارەیەوە بگوترێ کە بە دەستهاتن و بە خاوەن بوونی شتێکی جوان و خۆشی بەخشە، بەڵام خۆ زەرووری و ئیلزامیش نییە، و هەر شتێکیش کە زەرووری نەبێت ناکرێ خۆی بسەپێنێت. هونەر ئەو چێژەیە کە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانمان و لە دەرەنجامی هەڵسان بە چالاکی- کارێکی بێمەبەستەوەیە، لە کاتێکدا رەندێتی یا فەزیلەت زۆرمان لێدەکات پەیڕەوی رێگە دیاریکراوەکانی بکەین (کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابێ) و خاوەن ئامانجێکی دیاریکراو بێت. تەنانەت ئەو شتانەی کە ئیلزامین پابەندبوونیان پێوەدیارە.

## سترۆنگ

له یەکێك لەو وتارەکانی دەخوێنینەوە: کاتێك شار گەشەدەکات و پێشکەوتوو و دەوڵەمەند دەبێت، ئەو کاتە حەز و ئارەزووە مرۆییەکان بواری زۆر بۆ گەندەڵیی دەهێننە ئاراوە. لێرەدا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کەوا توێژینەوەگەلێك هەن کە پشتیان بەراستییەکان بەستووە، تێبینی و سەرنجەکانی ئیبن خەلدون زیندوو دەبارەی نیشتەجێبوون دووپاتدەکەنەوە و پشتگری لێدەکەن، ئەوانەی کە چۆن لە شار، پەیوەندییان بە لادان لە بەها نەریتییەکانەوە هەیە.

## ویرس (Wirth)

ئەو پێناسەیەی ***لویس ویرس*** بۆ شار دەیکات، و ئەو سێ پێودانگەی بۆ بەشارییبوون دایناوە، کە قەبارە و چڕی و نەگونجانی کۆمەڵایەتییە، ئیبن خەلدون شەش سەدە بەر لەو ئاماژەی پێکردوون بۆ نموونە: چەمکی شارستانێتیی لەلای ئیبن خەلدون هەمان واتای بەشارییبوون لە لای ***ویرس*** دەگەیەنێت، کە شێوازێکە لە رەفتار، یاخود جۆرێك لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کە بە ئاڕاستەی عەلمانییەتدا دەڕوا. بەڵام ئەوەی لە بیرۆکەکانی ئیبن خەلدون بەدیدەکەین بریتییە لە سنووری جیاکەرەوە لە نێوان بەشارییبوون و وەك پرۆسەیەك و بەشارییبوون وەك ستایل (شێوازێك) بۆ ژیانی شارستانی، کە زۆر ئاشکراتر لەوەی لە وتارەکەی ***ویرس*** دەربارەی بەشارییبووندا هەیە، بە دەردەکەوێت. لە راستییدا، ئەو پێودانگانەی بۆ بەشارییبوون کە ***ویرس*** بەکاریهێناون، دەگمەن و دانەسقەی جۆرەکانیان نەبووینە، بەڵکو لە ***دۆرکایم*** و ***ماکس ڤێبەر*** و ***زیمڵ***یش ئاماژەیان پێکردوون. بەتایبەتیش راکانی ***دۆرکایم*** سەبارەت بە پەسندکاری کۆمەڵایەتی (یاخود، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییان بە قەبارەی دانیشتوان و شار دەقاودەقە لەگەڵ راکانی ***ویرس*** و ئیبن خەلدون). ***دۆرکایم*** گرنگییە کۆمەڵایەتییەکەی زۆربوونی



دانیشتوانی کۆمەڵە خۆجێییەکان وەکو شاری رەچاوکرد، رایەکی هاوشێوەی رای ***وۆرس***مان دەخاتەبەردەست. ***ڤیبەر*** گوتوویەتی: (لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، زۆری دانیشتوان و گەورەیی قەبارەی کۆلۆنی واتی نەمانی پەیوەندییە کەسایەتییە ئاڵۆگۆڕکراوەکان ئەوەی هەمیشە لە لادێ بوونی هەیە) بە پێچەوانەی ***زیمڵ***، ***ڤیبەر*** نەیدەویست کە شیتەڵکاریی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی شێوەکانی رەفتاری تاکە کەسی جێگیر بکات. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەکای ***زیمڵ*** و ***سپنسەر*** و ***ویرس*** و ئیبن خەلدون دەبینین خاڵی گرنگ بریتییە لە ((زەینی شارستانی)): بە لای ***زیمڵ*** ((هەرچەندە هەڵوێستی بێباکی ناسراوە لە ژیانی شارستانی، بەڵام خۆ هیچ دیاردەیەکی تاکە کەسی (دەروونی) دیاریکراومان نییە، کە هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا لەسەر شار پیادە بکرێت)) (سەرچاوەی١٠٤، ل٤٠٨-٤١٠، ٤١٣). بەشێوازێك لە شێوازەکان، زۆر نووسەران ئاماژەیان پێداوە لەمانەش ئیبن خەلدون و ***دۆرکایم*** و ***ویرس*** (سەرچاوەی٤٥، ل٣٩٩). سەرەڕای ئەمانە، ***زیمڵ*** ئاماژەی بە فاکتەرێکی تر کردووە کە فاکتەری ئابوورییە، و بە خاڵی هاوبەشی نێوان گشت بەها مرۆییەکانی دانا (سەرچاوەی١٠٤، ل ٤١٢-٤١٤) لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە ئەم تێبینییە زۆر جیاوازە لەگەڵ چەند تێبینییەکی تر کە هەندێك لە بیرمەندان ئاماژەیان پێی داوە وەك: ***شپنگلەر***، ***ئۆپنهایمەر***، ***ویرس*** و ئیبن خەلدون (سەرچاوەی٩٠، ل٢٣٨، ٢٤١، سەرچاوەی١٣٢، ل١٦-١٨، سەرچاوەی١، ل٣٦٨-٣٦٩). جێگەی سەرنجە هیچ کامێك لە ئیبن خەلدون و ***ویرس*** یا ***زیمڵ*** رێبازێکی لێکۆڵینەوەی پتەویان بەکارنەهێناوە، زۆربەی زانیارییەکانیان بە رادەیەکی بەرچاو لەسەر رێبازی تێبینیکردن بنەماکردووە، ***زیمڵ*** درکی بەکاریگەری شۆڕشی پیشەسازی کرد لەسەر گەشەسەندنی شارە ئەورووپییەکانی وەك بەرلین کە ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی ١٨٩٠ بە رێژەیەکی زۆر پەرەیسەند. هەروەها ***ویرس*** تێبینی ژمارەیەك لەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و زانستیانەی کرد کە لەسەر شارە

ئەمریکییەکان بە دیارکەوتن. هەروەها ئیبن خەلدون سەرنجی گەشەسەندنی هەندێك لە شاران و گیروگرفتەکانیانی دا، بە تایبەتی لە باکووری ئەفریقیا. راوبۆچوونەکانی ئەم هەرچەندە لەسەر تێبینیکردنەوە بونیاد کرابێت، بەڵام مەحاڵە بەبێ تاوتوێکردن و رەخنەگرتنەوە قبوڵکبرێن بیروراکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بەتەرەف وەك فاکتەرێکی شارستانی ((گەندەڵبوونی شار و پەرتەوازەبوونی دانیشتوانی)) جۆرێك لە زێدە گرنگیپێدانی تێدایە. ***ویرس*** بەشێوەیەکی رون و ئاشکرا واتای ئەو چەمکی نەگونجانی کۆمەڵایەتی نەزانیوە کە وەك پێودانگێك بۆ بەشارییبوون.

ئەم چەمکە ناتوانرێ وا بە ئاسانی بۆ هەندێ کۆمەڵگە تەقلیدییەکان بەکاربهێنرێت. زۆر لە لێکۆڵینەوەکانی جیهانی سێیەم ئاماژە بە نەبوونی بەڵگەی باوەڕپێهێنەر دەکەن بەوەی کە ژیانی شارستانی پەیوەندییەکانی خوێن (نەسەب) بێهێز دەکات یاخود دەبێتە هۆی شلەژانی باری کۆمەڵایەتی یا ژیانێکی نائارام دەهێنیتە ئاراوە (کە گووتەکانی ***ویرس*** ئاماژەی پێدەکەن). زۆر لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئاماژەیانکردووە بەوەی ژیانی خێزانە رەوەندەکان بۆ شار وەکو خۆی بە جێگیری ماوەتەوە، پەیوەندییەکانی خزمایەتی (خوێن) پتەوتربووە لەوەی کە پێشتر هەبووە. بۆ نموونە: رەوەندەکان لە چەند ناوچەیەکی بچووك و دیاریکراودا گرددەبنەوە، لەوێدا جەخت لەسەر بەهاو نەریت و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەنەوە (بڕوانە ٧٢، ٢٤، ٣٠). زانا ***سیمۆن*** گووتەیەك دەداتە پاڵ ئیبن خەلدون: ((شارنشینەکان بەواتای راستەقینەی خێزان خاوەن خێزان نین)) (٥٣، ١٠٥) لەراستییدا، بە پێچەوانەی ***ویرس*** (سەرچاوەی ١٣٢، لا٢١) و هەندێك لە بیرمەندە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان، ئیبن خەلدون هیچی شتێکی دەربارەی لاوازبوونی رۆڵ و گرنگی کۆمەڵایەتی خێزان نەنوسیوە. بەشێوەیەکی گشتی، هیچ شتێ لە ***موقەدیمە***دا باس لە خێزان ناکات وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەڵگەیە



لەسەر ئەوەی خێزان دووچاری هیچ لێکترازان (التفسخ- نەمانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی) نەمانی سەقامگیری نابێتە (بەپێی رای ئیبن خەلدون).

رەنگە نەریتەکان لاواز بن، بەڵام ((زۆر لە خەڵکی شارەکان لە رێگەی ژن و ژنخوازی بوونەتە خزم و یەك ئەوی تر بۆ لای خۆی رادەکێشێت تا خزمایەتییەکی نزیك دەکەوێتە نێوانیانەوە و ئەو هاوڕێیەتی و دژایەتییەی کەوا لە نێوان هۆز و تیرەکاندا هەیە لەوێ دەیدۆزێتەوە، دواجار دەبنە بەش و تیرە)) (سەرچاوەی١، لا ٣٧٧). لەبەر رۆشنایی ئەم زانیارییانەی سەرەوە، وادیارە کە سەپاندنی گشتگیری لەسەر بەشارییبوون وەك شێوازێکی دیاریکراو لە رەفتارکردن یاخود ژیانیکۆمەڵایەتی کارێکی قورس و ئەستەم بێت، بەڵام ئەم تەگەرانە لە کاتی لێکۆڵینەوەی پرۆسەی بەشارستانییبوون کەمتر دەبێتەوە.

## پەراوێزەکان:

١- بەم پێودانگە گرنگیدان پسپۆڕیی و دابەشکردنی کار لەو ناوچانەی چڕی دانیشتوانی زۆرە چاوەڕوانکراوە. هەریەك ***کۆنت*** و ***دۆرکایم*** زۆربوونی چڕی دانیشتوانیان بە پسپۆڕیی لە بواری خۆشگوزەرانی بە دابەشکردنی کار بەستۆتەوە. هەروەها ***محەمەد عەلی نەشئەت*** لەو باوەڕەدا بوو ئیبن خەلدون، پێی وابووە زیادبوونی دانیشتوان بەرزبوونەی ئاستی گوزەرانی لەگەڵدایە، واتە بە پێش ***مادشاڵ*** کەوتووە کە گوتوویەتی: ((زیادبوونی دانیشتوان زیادبوونێکی بەرچاوی ئامرازەکانی تێرکردنی حەزە مرۆییەکانی لەگەڵدایە)) (سەرچاوەی ٨٨، لا١٨-١٩).

٢- بڕوانە ***مارتدیڵ*** (سەرچاوەی ٨٠. لا ١٨-١٩) و کتێبەکەی ***سترۆنگ***

J.Strong: The Twentieth Century city, New York, 1898.

٣- ***ویرس*** خۆی ئەمەی گوتووە (سەرچاوەی ١٣٢، لا ١١).

## بەشی هەشتەم

### نموونەیەکی خەلدونیی: ڕەوەندێتیی و شارستانێتیی

ئەم بەشە ڕاڤەکردنێکی تیۆرتەسەل بۆ ڕاوبۆچوونەکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بە ڕەوەندێتیی و شارستانییەت، وەك نموونەیەکی پۆلێنناسی (Typology) و وەك جۆرێك لە بیرکردنەوە کە لەمەوبەر نەناسراو بووە لەلایەن بیرمەندەکانی پێشووتر، دەخاتە ڕوو.

هەروەها ئەم بەشە ئەم پۆلێنکارییە لەگەڵ ئەوانەی زانایانی تر ئاماژەیان پێکردووە، بۆ نموونە: وەك ***تۆنیس*** و ***دۆرکهایم ریدفێلد*** (Redfield) و ***بیکەر*** (Becker) بەراورد دەکات:

#### ١- ڕەوەندێتیی و شارستانێتیی

ئیبن خەلدون هەڵسا بەدابەشکردنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی مرۆیی بۆ دوو بەشەوە: ڕەوەندێتی (ژیانی سەرەتایی) و شارستانێتی (ژیانی شارستانی- یا مەدەنی). هەرچەندە ڕەنگە چەمکی ڕەوەندێتی زۆر ورد و شیاو نەبێت، بەشێوەیەکی گشتی، ڕەوەندێتی واتا ژیانی بیابان، یا کولتووری سەرەتایی ڕەوەندێتی دەگرێتەوە. وەلێ چەمکەکەی ئیبن خەلدون (کە مەبەستی لێرە بە ڕەوەندێتییە) هەریەك لە خەڵکی بیابان و دانیشتوانی لادێ دوورەکانیش



دەگرێتەوە. دانیشتوانی ئەم ناوچە بچووکانە، ئەوانەن کە بەشێوازەکانی ژیانی سروشتی ڕاهاتوون، هەر لە کشتوکاڵی تاوەکو پەروەردەکردنی مەڕومالاّت، هەروەها ئەوانەش کە بەدوای شوێن و سەرچاوەکانی ئاودا دەگەڕێن بۆ گیانلەبەر و مێگەلەکانیان واتا شوانە و ڕەوەندەکان دەگرێتەوە (سەرچاوەی ١، لا ١٢١).

ڕەوەندێتی (ژیانی ڕەوەندیی -خێڵەکی) و شارستانێتیی (بەشارییبوون -ژیانی شار) هەردووکیان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی سروشتین.

((جیاوازی نەوەکان لە ڕەوش و بارودۆخیان بە هۆی جیاوازی کار و ڕەفتاریانە لە دابینکردنی بژێوی ژیانیان)) (سەرچاوەی ١، لا ١٢٠، چەندین لاپەڕەی تر) دەکرێ بە جۆرێك لە تیۆرتەسەلی بەراوردێك لە نێوان ئەم دوو شێوازە بکەین:

١- ڕەوەندێتی پێش ژیانی شارستانی کەوتووە. کۆچەری بەر لە شار و جێنشینەکان هەبووینە و لە شار دێرینترن، بیابانەکان سەرچاوەی ئاوەدانین (عومرانن) و شارەکانیش درێژکراوەی ڕەوەندەکانن. کەوابێ شارەکان قەرزاری دەواری ڕەوەندەکانن، چونکە زۆربەی دانیشتوانی شار بە نەژاد بۆ گوند و لادێکانی دەوروبەرییان دەگەڕێنەوە. باری خۆشگوزەران و تەرەف لە شاردا هانی تاکەکەس دەدات کە تیایدا بمێنێتەوە، لە بیرکردنەوە لە بارودۆخی لادێ و گەڕانەوە بۆی دووریدەخاتەوە ((مەگەر تەنها بۆ کارێکی زەرووری نەبێت کە پاڵی پێوەبنێت بۆ گەڕانەوە یان بە هۆی بوونی کەموکوڕێك بێت لە هەلومەرجی شارەکەدا)) (سەرچاوەی ١، ١٢٢).

٢- قەبارەی دانیشتوان کەمترە لە ناوچە ڕەوەندنشینەکان، ئەوێ بە بەراورد لەگەڵ شارەکاندا بەکەمی چڕی دانیشتوانی دەناسرێتەوە، هۆی ئەمەش بۆ بەردەوامبوونی کۆچکردنی خەڵکی دەرەوەی شار بۆ شارەکان دەگەڕێتەوە، وەلێ قەبارە (گەورەکە)ی شار واتای زۆری چالاکی و جۆراوجۆری بارودۆخەکان، دەبەخشێت.

٣- کار و پیشەکان لە رەوەندێتییدا ئالۆز و هەمەچەشن نییە، وەك چۆن لە شار و شارستانییەتدا وایە. رەوەندەکان ئەوانەن کە بەشێوازەکانی ژیانی سروشتی هەر لە کشتۆکاڵی هەتاکو پەروەردەکردن و بەخێوکردنی مەڕوماڵات راهاتوون، کشتوکاڵ لە هەموو پیشەیەك دێرینترە، تەنانەت لە ژیانی شارییش بە تەمەنترە، خەڵکی بەگشتی پشتی پێدەبەستن. (سەرچاوەی ١، لا ١٢١).

کشتوکاڵ رووێکی سروشتی بژێوی ژیانە بە هۆی ئەوەی کە سادە و سروشتی و خۆرسکە (فطریة) بۆیە پێویستی بە زانست و تێڕوانین و لێزانینێکی ئەوتۆ نییە. بەدەگمەنیش تاکێکی خەڵکی شار بەم کارە هەڵدەستێت، چونکە بە کارێکی نەشیاو و بێبایەخی دەزانێت وێڕایی ئەمە، گشت کارە شارستانییە هەمەچشنەکان لاوەکین و پاشکۆی کاروپیشەکانی رەوەندێتیین. (١، لا ٤٠٦، ٣٩٤، ٣٨٣).

٤- پسپۆڕی لە ناوچە شارە ئاشکراو روونترە. هەمەجۆری پیشە لە شار، بە پێچەوانەی کشتوکاڵی، پێویستی بە پسپۆڕی و زانینێکی تەواو (کامڵ) هەیە. ئەم (کامڵبوونە)ش لەو کاتەدا روودەدات کە ژمارەیەکی زۆر لە شارەزا و پسپۆڕ و بەهرەداران ئامادەن. (سەرچاوەی ١، لا٣٥٧، ٤٠٠).

٥- ژیانی خەڵکی رەوەند بەوە دەناسرێتەوە کە لە پێداویستییە زەرورییەکان چڕبۆتەوە. خراپی باری ژیان دووچاری هەلومەرجی دژواریان دەکاتەوە. لە کاتێکدا شارستانەکان، دەسکەوتەکانیان لە دەسکەوتی خەڵکی رەوەند زۆرترە، چونکە بارودۆخی ژیانیان لە سەرووی پێداویستییە زەرورییەکانە، بژێویشیان بەپێی ماندووبونیانە. بە هۆی خۆشی ژیان، شارستانەکان وەکو خەڵکی رەوەند خاوەن تەندروستێکی زۆر باش نین کە زۆر لەش ساغن ((دەبینین چۆن ئەوانەی لە خەڵکی رەوەند و خەڵکی شارەکانیش لە خۆشی و چێژ نقوومبووینە، کاتێك دەکەونە نێو سالآن و دووچاری قاتوقڕی دێن، چۆن بەر لە خەڵکانی تر دووچاری لەناوچوون



دەبنەوە.... کەواتە لەنێوچووانی قاتوقوڕییەکان کوژراوی دەستی ئەو تێری و خۆشییەی پێشترن کە پێی راهاتوون نەوەك ئەو برسییەتی و نەبوونییەی کە دووچاری بونەتەوە و بەسەریان داهاتووە (سەرچاوەی ١، لا ٨٧، ٨٩، ١٢٠-١٢١).

٦- خەڵکی رەوەند ئازا و بوێرترن لە خەڵکی شار. هۆی ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکی شار لەسەر جێگەی حەسانەوە و خۆشی، پاڵیان لێداوەتەوە و کەوتوونەتە نێو تەرەف و (نیعمەت) و خۆشگوزەرانییەوە، دەگەڕێتەوە. هەرچی ئەرکی پارێزگاریکردنیشە لە ماڵ و سامان و خاوخێزانیان، داویانەتە دەست حاکم و والی ولآت، ئەوەی بەڕێوەیان دەبات و ئەو دارودەستەیەی ئەرکی پارێزگاری لێکردنیان دەگرێتە ئەستۆ (سەرچاوەی ١، لا١٢٥).

٧- دیموکراسییەت لە کاری سەرکردە لە رەوەندێتییدا زۆرتر و زەقترە: وەلێ ئەو سەرکردە یا ئەو سەرۆك هۆزەی کە بێلاف و لێبووردەیە لەگەڵ دارودەستە و پیاو و پەیوەندییەکانی و رێز لە را و هەست و سۆزەکانیان دەگرێت، بەڵام کاتێك حوکمڕانی لە شار جێگیر دەبێت دەگۆڕێت و وەردەگەڕێت، هەر ئەو دەبێتە کەسێکی دڵڕەقی بێهەست، دەست بە سوکایەتیی پێکردن و بە نزمی سەیرکردنیان دەکات. رەنگە هەر لەو حاڵەتەدابێت، ئەو هەستەی کە بریتییە لە شانازیکردن و هەستکردن بە دەستەڵات، ئەوەی کە دارودەستەکەی بە هۆی سەرکەوتنیان بەسەر شارنشینەکان هەستیان پێدەکرد روو لە کەمبوون بکات و نەمێنێت. لێرەدا تەرەف فاکتەرێکی گەورەیە بۆ دروستبوونی شوورە لە نێوان سەرۆك هۆز و هۆزەکەی، کە ئەمەش وا لە ئەندامانی هۆزەکەی دەکات، رق و کینەی لێهەڵگرن و هەوڵی تێکدانی رەوشەکەی بدەن و سووك بێتە بەرچاویان و بکەن، بۆ جێگرتنەوەی پاڵپشتی یەکێکی تر.

به رای **پیگۆرز** (Pigors) ئەو حوکمڕانییە ئۆتۆکراتییە دەبێتە دەسبەسەراگرتن و سەپاندن (هیمنة- Dominationy) نەوەك سەرکردایەتیکردن (زعامة- Leadership).

هەرکاتێکیش ئەمە روویدا، ئەوا دەمارگیریی بەرلەوەی بە تەواوی پەرشو بلاوبێتەوە پێبەپێ هێز و پتەوی خۆی لەدەستدەدات.

٨- دەمارگیری لەلای خەڵکی رەوەند بەهێزترە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خێڵ یاخود ئەو کۆمەڵانەی کە دەمارگەری یەکیان دەخات دەتوانن لە بیابان یا لە نزیکی یەوەکە بژین. ئەوە دەمارگەرییە هێز و توانای پارێزگاریکردنیان لە خود و ماڵ و سامان لەلا دروستدەکات. هەر ئەمەشە کە دەشێ روونی بکاتەوە بۆچی رەوەند (لە خەڵکی شار ئازا و بوێرترن) چونکە ئەوان خۆیان هەڵدەستن بە بەرگریکردن لە خۆیان و ئەم ئەرکە بە کەسانێکی تر ناسپێرن و بۆ ئەم کارە متمانە بە خەڵکانی تر ناکەن... هەر بۆیە بەهێزی لەلایان بۆتە خوو و خەسڵەتێك و ئازایەتیش بۆتە رەوشتێك (سەرچاوەی ١، لا ٢٢٥، لاپەڕەی تریش).

٩- پاکی بنەچە و رەچەڵەك لە رەوەندێتییدا ئاشکراتر و روونترە. چەندین نەوە لە خەڵکە سەرەتاییەکان لە بیابان پێگەیشتوون و لە گوند و لادێ دوورەکان گەشەیانکردووە، و بنەچە و رەچەڵەکی خۆیان بە خۆپاراستن و خۆبەدوورگرتن لە تێکەڵبوون (لە رێگەی ژن و ژنخوازیە) لەگەڵ ئەوانی تردا پاکتر و جێگیرتر کردووە.

ئەمەش کارێکی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی شارنشینەکان پێی راهاتوون، چونکە رەچەڵەکە لە لای ئەوان تێکەڵن، تێکەڵاوی لە نێوان شارنشینەکان لەگەڵ عەجەم و غەیرە عەجەمیش روویداوە. هەروەها ئەمە لە زۆر ناوچەی تریش روویداوە کە عەرەبەکان بۆ فتوحاتی ئیسلامی روویان تێدەکرد لەوانەش ئەندەلوس (سەرچاوەی ١، لا ١٢٩-١٣٠)



١٠- خەڵکی رەوەند بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی شار روو لە خێرترن. خەڵکی شار دەناڵێنن بە دەست هونەرکاری و چێژ وەرگرتن و لێکەوتە و داهاتەکانی تەرەف و کرانەوە و دونیاویستی و زێدەڕۆیی لە سێکسبازی و گەندەڵبوونی دڵ و دەروونیان بە خوڕەوشتگەلێکی نابەجێ و ناپەسەند روو لە شەڕکردن و دوورکەوتنەوە لە چاکە و خێر ئەو رێگانەی کە گەیەنەرن پێی.... تا ئەو رادەیەی کە هەرچی شوورەیی هەیە لە کاروبارەکانیان نامێنێت، تەنانەت زۆرێك لەوان دەبینیت کە لە کۆڕ و دانیشتنەکانیان و لەلایەن گەورە و کەسوکاری خێزانەکانیان دەم بە گوتەی ناشیرن و نابەجێ دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی هەستی شوورەیی بتوانێت رێگەیان لێبگرێت بە هۆی راهاتنیان لەسەر شەڕ و رەوشتی خراپ و بە دیارکەوتنی لە گوفتار و کرداریان.

خەڵکی رەوەند هەرچەند رووەو دونیا بڕۆن، بەڵام رۆیشتنەکەیان لە چوارچێوەی پێویستی دەرناچێ و سنورنابەزێنێ (لە پێداویستییە زەرورییەکانی ژیان دەرناچێ) نە بۆ تەرەف و نە بۆ هۆکارەکانی سێکسبازی و حەز و ئارەزووکانە و شوێن رێگەکانیان ناکەون (سەرچاوەی ١، لا ١٢٣). بەکۆمەڵایەتییبوون (التنشئة الاجتماعیة) لە بلاوبوونەوەی بەدرەوشتی و ریایی و قومارکردن و غەش و فێڵبازی و دزی و جەردەیی لە شاردا بەرپرسیارە. هەر ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییەیە کە لە هەبوونی خەسڵەتی پەسند و چاك (دووربوون لە لاری و گەوجێتی و بێبەری بوون لە خوارێتی توانست و بەهرەکان و بێگەردبوونیان لە رەوشتی ناشیرن و نابەجێ) لە رەوەندێتییدا بەرپرسیارە (سەرچاوەی ١، لا ١٥١).

١١- خەڵکی رەوەند لە خەڵکی شار خواناسترن. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی بیابان و ناوچە لادێیەکان، بە پێچەوانەی شارنشینەکان، دڵ و دەروونیان لەسەر برسێتی و بێبەشی لە چێژ وەرگرتن و خۆشییەکان راهاتووە. بۆیە دەبینیت خەڵکانی لە خواناس خەڵکی بیابانن یا لەو شارنشینانەی کە خۆیان

لەسەر برسێتی و بێبەشی لە چێژ و ئارەزووەکان رادێنن، ئەوان باوەڕیان پتەوترە و زێتر خواپەرستییدەکەن لەو خەڵکەی کە بە تەرەف و خۆشگوزەرانی راهاتوون، بەڵکو لەشار و شارۆچکەکاندا خەڵکێکی ئێجگار کەم لە خواناس و خواپەرستان بەدیدەکەین ئەمەش بە هۆی ئەو بێئاگایی و دڵڕەقییەی کە باڵی بەسەردا کێشاون (سەرچاوەی ١، لا ٨٩).

١٢- گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە رەوەندێتییدا کەمترە. لە ناوچە رەوەندییەکاندا هەر یەك لە خوو و نەریت و زمان و شێوازەکانی تری رەفتارکردن بوونی جۆرێك لە بەردەوامی لە بەرجەستەدەکەین (سەرچاوەی ١، لا ٣٥٧).

بەڵام کاتێك رەوەندەکان لە شار جێگیردەبن، ئەوە ناتوانن لەبەردەم هەنگاوەکانی ژیانی شارستانی بوەستن، بە لەدەستدانی دەمارگەریش ئەم خەڵکانە نەریتەکانیان لەدەستدەدەن، کەواتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لە ژینگەی شارستانییدا، پرۆسەیەکە کە هیچ دەرفەت و هەڵاتنی لیَ نییە.

١٣- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی رەسمی لە شاردا زەقتر و دیاترە. دەکرێ لە رێگەی بەکارهێنانی هێز و فشاری حکومییەوە، رێگە لە ستەم و شەڕانگێزیی بگیرێت، بەڵام ئەمە کاتێك کە ئەم ستەمە لە لایەن خودی حاکم خۆیەوە روونەدات (سەرچاوەی ١، لا ١٢٧). ئەم جۆرەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی (رەسمی) لە لای بەدوەکان بوونی نییە. ئەوەی لێیانەوە بیستراوە ئەوەیە کە بەڕێوەبردنیان لە هەموو خەڵك سەختترە بەهۆی دڕندەیی و لووتبەرزی و ماندوونەبوونیان و کێبڕکێی بەردەوامی لە نێوانیاندا لەسەر سەرۆکایەتی، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر بەدەگمەن راوبۆچوونەکانیان یەکدەگرێتەوە (١، لا ١٥١). کەواتە، تاکە بەندی پەیوەندی کە بە یەکتریان دەبەستێتەوە، دەمارگەریە هەر لە خودی خۆیدا هێزێکی پێکبەستەیە،



چونکە ئەوان بە گشتی ملکەچی رێساکانی نەریتی هۆزن، ئەوەی لێیان چاوەڕواندەکرێت رێزگرتنی ئەم نەریتانەیە.

١٤- شارنشینەکان زێتر بایەخ بە خوێندن و هونەر و زانست دەدەن، هەرچەند شارەکان قەبارەیان گەورەتر بێت ئەوەندە بایەخدانی بە زانست زێتر دەبێت، بۆ نموونە: ئەو کاتەی کە شارە ئیسلامییەکان گەشەیانکرد، لە ئەنجامی بەکارهێنانی کتێب (قورئانی پیرۆز) و دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکان کوێرەوەری لە نێو عەرەبەکاندا بنبڕبوو.

**ئەمە بوو روویانکردە زێترکردنی قوتابخانە و تەکیە و حوجرە و پەرستگاکان و دابینکردنی شوێنی تایبەت بۆیان و بۆ منداڵەکانیان تاکو چاودێری بکەن یاخود سودێکی لیَ بەدیبکەن، ئەمە جگە لە رێگەنیشاندانیان بۆ کاری چاکە و وەرگرتنی پارەوپول لە بری (سەردانیکردنی خەڵك بۆ سەر مەزارەگە) بۆ جێبەجێبوونی مراز و کارەکانیان. بەم شێوەیە ئەوقافەکان ((ئەو ناوچانەی بۆ مەبەستی ئایینی دابیندەکرێن)) زۆربوون و پەرەیان سەند لە بەرامبەریشان ئەو دەسکەوت و داهاتەی کە لێیان وەدەستدەهات زیادبوونێکی ئێجگار زۆری بەخۆیەوە بینی، ژمارەی خوێندەڤانانی زانست تادەهات، بەپێی زۆری دەسکەوتەکانیان زێتردەبوون. خەڵکی لە عێراق و مەغریبەوە بە مەبەستی خواستنی زانست روویان تێیدەکرد، ئابەم شێوەیە بازاڕی زانستەکان پەرەیان سەندو گەشەیان بە خۆیانەوە بینی....** (سەرچاوەی١، لا٤٣٤-٤٣٥).

سەرەڕای ئەمەش، هونەری دەرمانسازی لە داخوازی و پێداویستییەکانی کولتووری شاری بوون. خۆ ئەگەر جۆرە دەرمانسازێکیش لە لای رەوەندەکان

هەبووبێت ئەوە بەشێوەیەکی گشتی پشتی بەئەزموونە تاکەکەسییەکان بەستووە ئەزموونێکی کوراتکراوە لە چەند کەسانێك لە رێگەی میراتگری مەشایخی گەڕەك و بەساڵاچووانی بەدەستیان کەوتووە. رەنگە هەندێ دروست بن بەڵام خۆنەپشتی بە یاسایێکی سروشتی دەبەستێ و نە بەپێی میزاج و ویستەوەیە (سەرچاوەی١، لا٤٩٣).

بەشێوەیەکی گشتی، داهێنراوە زانستییەکان رەگی پتەو و بەهێزیان لە کولتووری شارستانییدا هەیە (سەرچاوەی١، لا ٤٣٤). شارنشینەکان لە رەوەندەکان زیرەکترن، دیدگەشیان بۆ رووداوەکان فراوانترە. کولتووری شارستانی رێگە خۆشکەر و یاریدەدەرە بۆ زیرەکبوون تاکی شارستانی ئەوەی سوود لە داهێنانە هەنووکەییەکان و شارەزایی و لێزانینی پێشینەکانی وەردەگرێت. ئەمانە گشتیان پسپۆڕی و لێزانی بەکارە دەستی و توانستی پیشەوەریی دەبەخشن...... و داهات و ئەوەی تاکی کۆچەریی پێی نایزانێت. سروشت و فیترەو دڵ و دەروونی خەڵکی کۆچەریی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فیترەی خەڵکی شار نییە. ئێمە کەسانێك دەبینین لە خەڵکی رەوەند کە پلەی لە تێگەیشتن و کەماڵی عەقڵ و سروشتی هیچی لە شارییەك کەمتر نییە، بەڵکو ئەوەی لەسەر خەڵکی شار بە دەردەکەوێت زێتر باق و بریقە و جوانکارییەکانی خوێندنە. (١، لا ٤٣٣-٤٣٤).



## نموونەیەکی خەلدونی بۆ رەوندێتیی و شارستانێتیی

| رەوندێتیی | شارستانێتیی |
| --- | --- |
| ١-پێش شارستانێتیی بوونی هەبووە. | ١-لەرووی دروستبوونەوە قەرزاری رەوەندێتییە. |
| ٢-ژمارەی دانیشتووانی کەمە و چڕییەکەشی نزمە. | ٢-ژمارەی دانیشتووانی زۆرە و چڕیەکەشی بەرزە. |
| ٣-کارو پیشە -تێیدا- دیاریکراوە:کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە. | ٣-کارو پیشە-تێدا-جۆراو جۆرە، بەڵام لاوەکی و شوێنکەوتەی پیشە و کارە دەستیەکانن. |
| ٤- کار دابەشکردن و پسپۆریی -تێیدا- سادە و ساکارە. | ٤- دابەشکردنی کار-تێدا-ئاڵۆزە و کۆمەڵی پسپۆڕیی دەخوازێ. |
| ٥-ژیانی ئابووریی سەختە و لە پێداویستیە زەروورییەکان چڕ دەبێتەوە. | ٥-ژیانی ئابووریی بە گونجاویی و دابینکردن دەناسرێتەوە. |
| ٦-ئازاترن. | ٦-ترسنۆکترن. |
| ٧-سەرۆکایەتی-تێیدا- دیموکراتییە. | ٧-حوکمڕانیی -تێیدا- دیموکراسی بەرەو لاوازیی دەچێت و تاکو سستمێکی داپڵۆسێنەر جێی دەگرێتەوە. |
| ٨-دەمارگیریی-تێیدا- بەهێزە. | ٨-دەمارگیریی تێدا لاوازە، و بەرەو نەمان دەچێ. |
| ٩-بنەچە و رەچەڵەکیان رەسەنە. | ٩-بنەچە و ڕەچەڵەك-ی تاکەکانی-تێکەڵەیە. |
| ١٠- زێتر روو لەچاکەن "دوورن لە خووە سەرزەنشتکراوەکان-لاسارەکان-" | ١٠-ئاڕاستەی بەرەو تاوان و خاسیەتە لاسارەکانە. |
| ١١-بەدینترن. | ١١-زۆر کەم ئامادەیی خودا پەرستیان هەیە. |
| ١٢-خو و نەریتەکان-تێیدا-چەسپاو و جێگیرن، زۆر کەم ملکەچی گۆڕان دەبن. | ١٢-بێئەملا و ئیملا، گۆڕان-تێدا-چاوەڕونکراوە. |
| ١٣- جەختکردنەوە لەسەر کۆنترۆلێکی کۆمەڵایەتیی نەریتیی(نارەسمیی). | ١٣- تێیدا- پەنادەبرێتە بەر یاساگەلێکی حکومیی یا رەسمی بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتار. |
| ١٤- بڵاوبوونەوەی یاخود کەمی نەخوێندەواریی. | ١٤-جەختکردنەوە لەسەر فێربوون-خوێندەواریی- و سوود وەرگرتن لە ئەدەب و زانستەکان. |
| ١٥-بە شێوەیەکی گشتی، زیرەکی و لێزانییان کەمترە. | ١٥-بەهۆی چالاکیە زانستیەکان...و هتد، زۆر هۆشیاترن. |

ناکرێ هەندێك لە گشتاندنەکانی ئیبن خەلدون لەسەر ڕۆژگاری ئێستاماندا جێبەجێکرێ ڕەنگە هەندێك کۆچەری ئازا و بوێرتربن لە هەندێك شارنیشین، بەڵام ناکرێ بوترێ کە هەموو خەڵکی شار ترسنۆکترن ترن لە خەڵکی ڕەوەند. جگە لەمەش شار چیتر جێگەی مەترسی پەلاماردانی ڕەوەندەکان نین، چونکە خەڵکی شار سوپایەکی نیزامی و هێزی ئاسایش پارێزگاریان لێدەکات، جگە لەمانەش سەربازی فریاکەوتن و میلیشیاکان و کۆمەڵەی بەتوانا و چاونەترس دەیانپارێزن. ئەمەش واتا جۆری چەك، نەك هێزی جەستە بڕیاری ئاستی پارێزگارییکردنەکە دەدات. هەروەها ڕەوەندەکان لەکاتی ئێستادا، وەك شارییەکان، ملکەچی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەتی مەرکەزین. هەروەها لە سەردەمی ئیبن خەلدون، ڕەوەندەکان لە زۆر کار پشتیان بە شار دەبەست، چونکە ئەوان بە هۆی سروشت و شێوەی بوون و بارودۆخەکەیان پێویستان بەشارەکان هەبوو، تاکو لە بیابان بن، هەتاکو نەبووبن بە خاوەن موڵك و توانای دەسگرتنیان بەسەر شارەکاندا نەبێت، ئەوە پێویستیان بە خەڵکەکەیەتی و گوێڕایەڵییان دەکەن هەر کاتێك داوایان لێبکەن بەپێی بەرژەوەندی ئەوان دەجولێنەوە.... سەرۆك لێرەدا داوای گوێڕایەڵی و ملکەچبوون و کارکردن لەپێناو بەرژەوەندییەکانییان لێدەکات ئەمەش یا ئەوەتا بە خۆشی لە ڕێگەی خەرجکردنی پارە و مووچە بۆیان و دواتر وەدەرخستن و پێدانی ئەو شتومەکە زەرووریانەی پێویستیان پێیەتی لە شارەکەی، کە ئەمەش وەستان و هەڵسانەسەرپێ عومرانەکەیانی لێدەکەوێتەوە، یا ئەوەتا بە زۆری لێکردن ئەگەر ئەمەی بۆ ڕەخسا و توانای بەسەردا شکا (سەرچاوەی ١، لا ١٥٣).

هەروەها سەبارەت بە شێوازی بژێوی ژیان، ئیبن خەلدون چەندین جارەی کردۆتەوە کەوا ژیانی ڕەوەند بە پێچەوانەی ژیانی خەڵکی شار تەنها پەیوەستە بەوەی، کە زەرووری و پێویستە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە، بە هۆی گۆڕانکاری کولتووریەوە، دەبینین زۆر لە خۆشی و چێژی ژیانی شارستانی لە بیابانەکانی سعودییە و کوێتدا



بەدیدەکرێن. هەرچی سەبارەت بە گوتە و بیروڕاکانی ئیبن خەلدونیشە کەوا ڕەوەندەکان لە خەڵکی شار بڕوادارترن، ئەوە پرسیارێك دێنێتە ئاراوە کە: ئایا ئەگەر ووردبینەوە و بزانین، چ وایان لێدەکات لە خەڵکی شار ئایینپەروەرتر -دیندارتر-بن ؟

ئاشکرایە خوێنەر لێرەدا هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێهێنەر لە نووسراوەکانی نادۆزێتەوە. تەنها ئاماژەکردنیشی بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕەوەندەکان بە برسێتی و خۆدوورگرتن لە ئارەزوو و سێکسبازیی ڕاهاتوون مەرج نییە نیشانەی بڕوادارتربوونیان بێت. ئیسلام هەر لە سەرهەڵدانیەوە، تاڕادەیەکی زۆر، ئایینێکی شارستانییە. هەروەك لەمەوبەریش ئاماژەمان پێیدا، هەر سێ مزگەوتە گەورە و پیرۆزەکان کە (مەککە و مەدینە و قودسە) دەکەونە شوێنگەی شارستانییەوە.

دەکرێ لێرەدا پرسیارێکی تریش بکەین، ئایا ئیبن خەلدون لایەنگری ڕەوەندێتییە و بەسەر شارستانییەتدا پەسندیدەکات؟

ئیبن خەلدون پێیوایە ڕەوەندەکان، توانای کوشتن و زاڵبوونیان هەیە. بە هۆی ئەوەی ((مرۆڤ هەر بە سروشت خۆی بە سەرۆك دەزانێت)) واتا حەز بە سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ئەوانی تردا دەکات، کەواتە کەسی ڕەوەند ئەگەر ژێردەست و ملکەچی مرۆڤێکی تر بێت مرۆڤێکی ناکامڵە، چونکە وەك کەمایەتیەك لە پیاوەتی وایە. کەوابێ بەم پێیە: ملکەچنەبوون و سەرپێچی کردن بەتام و چێژە بە هۆی ئەو دەرچوونەی لە چوارچێوەی حوکم و ملکەچنەبوون بۆ سیاسەت ڕوودەدات.

ئەم خەسڵەتەش کە ملکەچنەبوونە ئەگەرچی لە سروشتیدا پێچەوانەی عومڕان بێت و لەگەڵیدا نەگونجێت بەڵام وایان لێدەکات جۆرە جیاوازیەکیان لەگەڵ خەڵکی شارستانەوە پێوەدیاربێت. هەروەها بەپێچەوانەی شارنشینەکان، ڕەوەندەکان لە کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕاناکەن ئەوەی کە هۆز بەسەریانیدا دەسەپێنێت. جگە لەمەش بەدوەکان خۆیان لە هەرچی فێڵ و قومارکردن و داوێنپیسی و تەڵەکەبازی و

سووخواردن هەیە، بەدووردەگرن. هەروەها لەهەر بازرگانی و پیشەیەك كە پێویستی بە ((فێڵ و فیشاڵكاری و چەندوچۆ و زمانلووسی و زۆربلێیی و شەڕ و ئاژاوەنانەوە و بێنەوبەردەیەك)) هەبێت بە دوورن (١، لا ١٤٨، ٣٩٩).

له راستییدا، ئیبن خەلدون، بێئاگانەبووە و دەركی بە هەبوونی چەند سیفەتێكی ناپەسەندی دیاریكراو، كە لە لای رەوەندەكان هەیە، كردووە، هەرچەند ئەو زۆرجیاوازە لەگەڵ ئەو كەسانەی هەڵساون بە توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی كولتوورە سەرەتاییەكان، بەوەی ئیبن خەلدون روانیویەتە سیفەتە ناپەسەندەكان، كە لە هەمان كاتدا پەیوەندیداری بە خەسڵەتە چاك و پەسندەكانەوە: (چونكە ناكرێ چاكەكارییەكی زۆر بوونی هەبێت بەبێ هەبوونی كەمێكیش خراپەكاریی) (سەرچاوەی ١، لا ٣٩٠).

بە واتایەكی تر، ئیبن خەلدون وەك دوو بەشی لێكجیاواز نەیڕوانیە دووجۆرە خەسڵەتە ((خراپەی رەها لە دژی چاكەی رەها))، بەڵكو هەڵسا بە ریزبەندكردنی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان بە پێی بەردەوامبوونیان (Ontinum)، و لە میانەی ئەو چوار ساڵەی لەگەڵ رەوەندەكاندا بوو گەیشتە ئەو ئەنجامەی رەوەندەكان لە خەڵكی هەژار و كەم دەرامەت و ئازا و پتەو ترن لە خەڵكی شار، بەڵام (بە دەگمەن ئەگەر یەكێكیان كارێك بە یەكێكی تر بسپێرێت) (سەرچاوەی ١، لا١٥٠). لە سەردەمی ئیبن خەلدون رەوەندەكان ((خۆیان لە پیشە و پیشەسازییەكان بە بەرزتر دەزانی و خۆیان لێنەدەدا و بە قێزەوە سەیریان دەكرد))، سەبارەت بە وەرگرتنی زانستەكان لووتبەرزبوون. شایانی باسە ئەم خەسڵەتانە دواتر لە دوای سەركەوتنیان بەسەر خەڵكی شار گۆڕانیان بەسەر داهات (سەرچاوەی١، لا٥٤٤). بەشێوەیەكی گشتی، ئەو هەڵوێستە رەوەندییە زۆر جیاواز بوو، جیاوازیشە لەگەڵ هەڵوێستی ئایینی ئیسلام سەبارەت بە زانستەكان و هاندانی شوێنكەوتەكانی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زانستی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت كە ئیبن خەلدون بە توندی جەخت لەسەر ئەو، گوتانەی دەكاتەوە كە دەڵێت: ((هەڵگرانی زانست لە ئۆمەتی ئیسلامییدا زۆربەیان ناعەرەبەكانن))، نابێت



ئەوەش وا شیبكرێتەوە و كە ئەمە بە هۆی لاوازیی لە سروشت و توانای رەسەنی عەرەب لە سەرەتایی ئیسلام، راڤەبكرێت. بەڵكو هۆكاری ئەمە بۆ (ئەو بارودۆخە سادە و ساكارانەی) عەرەبەكان كە لە سەرەتای ئایینی ئیسلام تیایدا دەژیان دەگەڕێتەوە، چونكە ئەوان لەو كاتەدا خاوەنی ئەو پیشەوەری و زانستانە نەبوون. هەروەها دواتر عەرەبەكان بە هۆی سەرقاڵییان بە جەنگەكان، وازیان لە زانستەكان هێنا و بۆ فارسەكان و نەتەوەكانی دیكەیان جێهێشت (بۆ نموونە بڕوانە سەرچاوەی ١، لا ٥٤٣-٥٤٥).

## ٢- بەراوردكردنی ئیبن خەلدون بە بیرمەندانی تر

دابەشكردنی كۆمەڵگەكان یاخود دابەشكردنی دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان بۆ دوو جۆر ((یا دوو نموونە و دوو شێواز))ی جیاواز بۆتە جۆرێك لە مۆدە. لەو گشتاندنانەش:

***سپنسەر*** (Spencer): كۆمەڵگەی میلیشیایی (Militant) و كۆمەڵگە پیشەسازییەكان (Industrial).

***مەین*** (Maine): مەركەزییەت و نامەركەزییەت پەیمان گرێدان لەگەڵ گرووپ و دەستەی تر (Contract).

***تۆنیس*** (Tonnies): كۆمەڵگەی خۆجێیی و كۆمەڵگەی سەركی (واتە گشت كۆمەڵگە) Gesellschaft.

***دۆركایم*** (Durkheim): یەكبوونی میكانیكی (آلي) و یەكبوونی هاوبەستەیی و گۆڕاوەكان.

***ئۆگبێرن*** (Orburn): كۆمەڵگەی جێگیر و كۆمەڵگە بە جۆڵە و گۆڕاوەكان.

***سۆرۆكن:*** گرێبەندی تاكەكەسەی (Unibonsded) و كۆگرێبەندی (Multibonded).

***ریدفیلد***: کۆمەڵگەی کۆنەخواز (Folk) و کۆمەڵگەی مەدەنی (Urbon).

***بێکەر*** (Becker): کۆمەڵگەی ئایینیی (Sacred) و کۆمەڵگەی عەلمانی (Secular).

ئەم جۆرە، نموونە و دابەشکردنانە لە نووسینەکانی کەسانێکی تریش جگە لەمانەی سەرەوە بەدیدەکرێن، وەك: ***کۆنفۆشیۆس*** و ***ئەفلاتون*** و ***ئەرستۆ*** و ***ئۆگۆستین*** و ***تۆماس ئەکوینی*** و ئیبن خەلدون. بە مەبەستی کورتکردنەوەی باسەکەمان، ئێمە تەنها ئەو نموونەیە یا ئەو دابەشکردنە دوانەییانە (الثنائية) هەڵدەبژێرین کە ***تۆنیس*** و ***دۆرکهایم*** و ***ریدفێلد*** و ***بێکەر*** باسیان لێوەکردوە و لەگەڵ ئەو دابەشکردانەی ئیبن خەلدون بەراوردیان دەکەین.

بەر لە هەموو شتێك، دابەشکردنەکەی ئیبن خەلدون (رەوەندێتی و شارستانێتیی)، هەورەها تاڕادەیەکی زۆر دابەشکردنەکانی تریش، وەك ئەوەی: ***سۆرۆکن*** و ***بیکەر*** و ***ریدفیلد*** و ***دۆرکهایم***، هەڵسەنگاندنێك (Value Judgement) دەخەنەڕوو و لەو بیرۆکەیەی ***ژان ژاك رۆسۆ*** نزیکدەبێتەوە کە دەڵێت: میللەتە سەرتاییەکان هەر چەندە هیچ نەزانن بەڵام لە هەمان کاتدا خانەدان و رەسەنن، ئەوە شارستانییەتە کە بۆتە هۆی تێکدانی رەوشت و سروشتی مرۆڤ. بە شێوەیەکی گشتی، زاراوەی یاخود شوێنگەی شارستانێتیی لە دابەشکردنەکەی ئیبن خەلدوندا بە واتای نەگونجان و شێوانی شیرازەی کۆمەڵایەتی دێن. لە لایەکی دیکەوە، ***بیکەر*** پێوابوو ئەم دیاردە ((کۆمەڵایەتییە)) لە ناوچە ناشارستانییەکانیش هەیە، دەتوانین شتێکی تریش بخەینە سەر ئەم گوتانەی سەرەوە و بڵێین: کۆمەڵگەی ئایینی (Sacred Society) کە ***بیکەر***یش باسی لێکردووە، ئەگەری ئەوەی هەیە بکەوێتە ژێر باڵی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی دەبنە هۆی شێوانی رەوشە کۆمەڵایەتییەکەی. بیروڕای زاناکانی کۆمەڵناسی سەبارەت بەو فاکتەرە گرنگەی یاخود ئەو هۆکارە



سەرەکییانەی کە دەبنە هۆی کارتێکردنە عەلمانییەکان لەسەر کۆمەڵگە ئایینپەروەرەکان، جیاوازییەکی زۆری پێوەدیارە.

بەڕای ***دۆرکهایم*** ئەو فاکتەرە لە گەشەسەندنی دانیشتوان و سەرهەڵدانی دابەشکردنی کار، لە کاتێکدا بەڕای ***تۆنیس*** بریتییە لە بازرگانی و ئاڵوگۆڕی، کەچی بەڕای ***ڤیبلن*** (Veblen) بریتییە لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و زانیاری زانستی، بەڕای ***گۆمپلۆڤیتز*** بریتییە لە ململانێ و جەنگ، بەڵام بەڕای ***بیکەر*** بریتییە لە تێکەڵبوون و پەیوەندی کولتووریی، بەڕای ***سۆرۆکن***یش پرۆسەیەکی دیالێکتیکییە.... بەم شێوەیە وادیارە دەشێ. بگەین بەو دەرەنجامەی کە کۆمەڵگە ئایینییەکان دەکرێ ئاڕاستەیەکی عەلمانییانە، بە هۆی هەر یەکێك لەو فاکتەرانەی کە لە سەرەوە باسکراون، وەربگرن.

## تۆنیس

لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا، کتێبەکەی "Gemeinschaft und Gesellschaft" ئەوەی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و جوان.... و خاڵی وەرچەخان لە مێژووی کۆمەڵناسیدا)) وەسفکرا لە چاپدار (سەرچاوە ٦٢، لا ٢١٣). کاتێك چاپی یەکەمی ئەم کتێبە دەرچوو، کۆمەڵناسی، بەشێوەیەکی گشتی، خەریکی تیۆری ***هێربەرت سپنسەر*** بوو سەبارەت بە پێشکەوتنی مێژوویی ئەوەی کە ***هیبرلی*** (Heberle) پێیوابوو ئەم تیۆرە لە رووی مێژووییەوە کرۆکاڵە و لە رووی سیاسیشەوە نەگونجاو دژبەیەکە (سەرچاوەی ٦٣، لا ٧، ١٠).

***تۆنیس*** دانی بەوەدانا کە بیروڕاکانی ***هێنریەن*** (سەرچاوەی ٦١، لا ٢٤٣) کاریگەرییەکی دیاری لەسەر بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە کۆمەڵە خۆجێیەکان و کۆمەڵگەی سەرەکییەوە هەبووە.

هەندێك لە بیروڕاكانی ***تۆنیس*** لە راوبۆچوونەكانی ئیبن خەلدون دەچی، و رەنگە پشت بە تێبینی و شارەزاییەكانی وی ببەستێت. تێبینی و شارەزایی ئیبن خەلدونیش گەشەسەندن و پێشكەوتنی هەندێك شار لە باكووری ئەفریقیا و لە باشووری ئیسپانیای گرتبووەخۆ. هەروەها ئیبن خەلدون هەڵساوە بە سەردانیكردنی چەندین خێڵی كۆچەریی لەگەڵ یەكێكیشیان بۆ ماوەی چوار ساڵ ژیاوە.

***تۆنیس*** بۆخۆی لە پرۆسەی نواندنی (التمثیل- Assimilation) تۆژیوەتەوە. لە باكگراوندێك كە تاڕادەیەكی زۆر پشت بە بەهاو نەریتەكانی كۆمەڵگەی خۆجێی، بۆ ژینگەیەكی كۆمەڵایەتی شارە گەورەكان دەبەستێت. ***چامبلیس*** پێیوابوو، دابەشكردنە دوانەییەكەی ***تۆنیس*** نموونەیەكی باشە بۆ چەند هەوڵدانێكی هاوشێوەی سەردەم كە بەمەبەستی شیكردنەوەی هەمان ئەو هەڵوێستە سەرەكییەی كە سەرنجی ئیبن خەلدونی راكشابوو بۆ زێتر لە پێنج سەدەی رابردوو ئەنجام دران)) (سەرچاوەی٤٠، ل٣١٢). بۆ نموونە: باسكردنی ***تۆنیس*** بۆ ماڵ (وەك یەكەیەكی كۆمەڵایەتی لە خودی خۆیدا چ لە گوند و چ لە شارۆچكە بچوكەكان) لە وەسفی ئیبن خەلدون بۆ بارودۆخی ئابووری لە رەوەندێتیی دەچێت، بە هەمان شێوە لەنێو هەر یەك لە كۆمەڵگەی خۆجێیی و رەوەندێتیی، دەكرێ رووبار و كانی و بیرە ئاوەكان بە موڵكی هەموو ئەندامانی كۆمەڵگەكە دابنرێت. ئەم دوو كۆمەڵگەی كە لەسەرەوە باسمانكردن بە دوو خەسڵەتی تریش دەناسرینەوە كە بریتین لە: ئایینی هاوبەش و خوو و نەریتی هاوبەش، و خەسڵەتی ماددی و كولتووری هاوبەش، بۆ نموونە: وەكو جۆری خانووبەرە و جلوبەرگ و كەلوپەلی ناو ماڵ (سەرچاوەی ١٩٩، ل ٥٥-٥٦، و سەرچاوەی ٦٠، ل ٢٠١-٢٠٨).



## دۆركهایم

***دۆركهایم*** هاوبەستەیی كۆمەڵایەتی بە فاكتەرێكی گرنگ دادەنێت لە دۆزینەوە و دیاریكردنی پەیوەندی نێوان رەوەندیی و ئەو كۆمەڵگەی كە خاوەن هاوبەستەیی میكانیكییە ((لە لایەك، و لە نێوان كۆمەڵگەی و ئەو كۆمەڵگەی كە خاوەن هاوبەستەیی ئۆرگانییە)) لە لایەكی ترەوە، بۆ نموونە: لە رەوەندێتییدا كۆمەڵگەی هاوبەستەیی میكانیكی هەیە، بیروباوەڕ و هەست و سۆزەكان لە نێوان گشت تاكەكان هاوشێوە و هاوبەشە، گونجانی ئەخلاق و نەریتەكان دیاردەیەكی چاوەڕێكراوە. هەرچەندی گرووپە خۆجێییەكان سەرەتایی بن ئەوەندەیتر هاوشێوەیی و لێكچووەكان دەبنە راستییەكی واقیعی و لە نێوان تاكەكان بەرجەستەدەبن. هەبوونی ئەم جۆرە پێكچوونانە تاك بە گرووپەكەی دەبەستێتەوە. گرووپ بەرهەڵستی هەر دەستدرێژكردنێك دەبێتەوە، بەتایبەتیش لە لایەن بێگانەكانەوە ((ئەوانەی لە دەرەوەی گرووپن)). پەرچەكردار گشتی و هاوبەشە، هەر خراپەكارییەك لە دژی ئەم گرووپە بكرێت بە تاوان دەژمێردرێت لە دژی هەستی ئەخلاقی گرووپ، وشایستەی سزادانە. لە كاتێكدا لە شارستانییەتدا و ئەو كۆمەڵگەی خاوەن هاوبەستەیی ئۆرگانییە، دابەشكردنی كار و پسپۆڕی فراوان دەبنە هۆی جیاكاری یاخود پلەبەندی كۆمەڵایەتی (Social Differntation) و دروستبوون و دامەزراندنی پەیوەندییەكان لە رێگەی گرێبەست و رێككەوتن دەبیێت، چونكە خەڵكی لەم جۆرە كۆمەڵگەنەدا بە ناكۆكی زەینی و رەوشتی دەناسرێنەوە. بەم پێیەش، ((لاوازبوون و كزبوونی ویژدانی كۆمكاریی)) و دەمارگەری شتێكی چاوەڕوانكراوە (سەرچاوەی٤٥، ل٢٢-٢٣، سەرچاوەی١، ل١٢٥-١٢٨). گشتاندنەكەی ئیبن خەلدون سەبارەت بەو پێشكەوتنە میكانیكییە و دابەشكردنی كار لە شارەكاندا، وەك دەرەنجامی گۆڕانكاری لە شێوازێكی ژیانی كۆمەڵایەتی (كە رەوەندێتییە) بۆ شێوازێكی تری سەبارەت بە سەرهەڵدان و

پێشکەوتنی دابەشکردنی کار لە ئەنجامی وەرچەخان لە هاوبەستەیی میکانیکی بۆ هاوبەستەیی ئۆرگانی. هەردووکیشیان کۆکن لەسەر ئەوەی پێشکەوتنی ماددی لە شارستانێتیی و ((لەو کۆمەڵگەیەی کە ئۆرگانییە هاوبەستە)) مەرج نییە خەڵکانی کۆمەڵگە بەختیارتر)) بکات لە کەسانی دی. بەڕای ئیبن خەلدون، ئەو قەناعەتە بەشێوەیەکی فراوانتر لە کۆمەڵگەی کۆچەریی یاخود سەرەتاییدا هەیە، کە خەڵکەکەی بە خوداناسی و ئایینپەروەری دەناسرێنەوە. رەنگە وەسفکردنی ***دۆرکهایم*** بۆ هاوبەستەیی میکانیکی و هاوبەستەیی ئۆرگانی، تارادەیەك، بۆی ئیلهام کراوبن لەو لێکۆڵینەوە ئێتنۆگرافیە کولتوورییانەی رۆشنبیریانەی کە سەبارەت بە باکووری ئەفریقا ئەنجامدراون، هەمان ئەو ناوچەیەی ئیبن خەلدون بەر لە نزیکەی پێنج سەدە لێیکۆڵیوەتەوە. لەم بابەتەدا ***ئێرنیست گیلنەر*** بە دەستەواژەیەکی ئیجابییانە دەڵێت: ((ئەو لێکۆڵینەوە ئێتنۆگرافیانەی کە نموونەی یاخود دابەشکردن دوانەییەکەی ***دۆرکهایم*** پشتی پێدەبەستێت، بێگومان بە پلەی یەکەم مۆرك باکووری ئەفریقیایە)) ( سەرچاوەی ٥٥، لا ٨٧، هەروەها لا ٣٩، ٩٠) هەرچی سەبارەت بە باسکردنی ***دۆرکایمە*** بۆ کۆمەڵگە پیشەسازییەکان لەوێدا پشتی بە شارەزایی و ئەزموونەکانی خۆی بەستووە.

## ریدفیلد:

ئەو خەسڵەتانەی ***ریدفیلد*** سەبارەت بە کۆمەڵگەی میللی باسی لێوەکردوون بە ئاشکرا لە بیرۆکەکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بە کۆمەڵگەی کۆچەریی، دەچن بچووك، دورە پەرێز، نەخوێندەوار، یەکرێز، بەهێزیی هەستکردن بە هاوبەندی، رەفتاری پشت بە خوو و نەریت بەستوو، پەیوەندی خزمایەتی تەقدیسکراو، سادەیی دابەشکردنی کار، تەکنۆلۆژیای سەرەتایی.



## بیکەر:

لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەو دوو کۆمەڵگەی ***بیکەر*** باسی لێوەکردوون ((کۆمەڵگەی ئایینیی و کۆمەڵگەی عەلمانی))، تێبینیدەکەین کە خەسڵەتگەلێکی هاوبەش هەیە لەگەڵ ئەو دابەشکردنە دوانەییەی کە هەریەك لە ***ریدفیلد*** و ئیبن خەلدون ئەنجامیانداوە. ((بەشێوەیەکی گشتی، خەسڵەکانی کۆمەڵگەی ئایینیی، هاوشێوەی خەسڵەتەکانی نێو هەریەك لە کۆمەڵگەی میللی و رەوەندێتییە)). هەرچی سەبارەت بە کۆمەڵگەی عەلمانیی و شارستانییشە، ئەوە هەردوو خاوەن فەزاو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و زەینی کراوەن بەشێوەیەك نەریتەکان کاریگەریان کەمدەبێتەوە و بیرکردنەوەی ئازاد پەرەدەسێنێت. ئالێرەدا، ئەوەی چاوەڕێکراوە گۆڕانی کۆمەڵایەتییە. دەکرێ بگوترێ دابەشکردنەکەی ***بیکەر*** بۆ کۆمەڵگەی ئایینپەروەر و کۆمەڵگەی عەلمانیی هەر هێندە ماوە ببێتە کۆپیەکی دەقاودەقی دابەشکردنەکەی ***تۆنیس*** بۆ کۆمەڵگەی خۆجێیی و کۆمەڵگەی سەرەکی، ئەمەش پاڵی بە ***سۆرۆکن*** نا تا بڵێت: ((بەشێوەیەکی گشتی، تیۆرەکەی ***بیکەر***، هیچ بەرەوپێشچوونێك بۆ تیۆرە هاوشێوەکانی تر نانوێنێت کە هەریەك لە ***ئۆگستین*** و ***ڤیکۆ*** و ئیبن خەلدون باسیانکردووە)) (سەرچاوەی١١٠، لا٣٤١). لە دابەشکردنەکانی ئیبن خەلدون بۆ رەوەندێتی و شارستانێتی، ***تۆنیس*** بۆ کۆمەڵگەی سەرەکی و کۆمەڵگەی خۆجێیی، ***دۆرکهایم*** بۆ کۆمەڵگەی خاوەن هاوبەستەیی میکانیکی و ئۆرگانی، ***هنری مین*** بۆ مەرکەز و گرێبەند، ***بیکەر*** بۆ کۆمەڵگەی ئایینیی و عەلمانیی، ***ریدفیلد*** بۆ کۆمەڵگەی میللی و شارستانی، دەبینین کە ئەمانە (گشتیان) گریمان دەنوێنن دەربارەی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی. ئالەم جۆرە نموونانە یا ئەم دابەشکردنە دوانەییانە دەبینین تاك بە تەونێك لە پەیوەندی سادە، تارادەیەك، نا جیاواز، بەهێز و گرێبەستە سۆزدارییەکان و

تاڕادەیەکی زۆر پشت بەستوو بە پەیوەندییە سەرەتاییەکان، بۆ تۆڕێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە دژ بەئەوەی پێشوو هەنگاو دەنێت.



## پەراوێزەکان

١- *دۆرکهایم* بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی لەم بابەتە کردووە (بڕوانە سەرچاوەی ٤٥، لا ٧٩، ٨٤، ٩٠-٩١، ٩٦، ١٠٢-١٠٤، ١٠٦، ١٢٦-١٢٧، ١٢٨، ١٣٣، ٢٢٦). هەروەها بڕوانە موقەدیمەی ئیبن خەلدون (سەرچاوەی ١، لا ١٢٥، ١٢٩، ١٣٤-١٣٥، ١٣٩، ١٧٥).

# بەشی نۆیەم

## کۆتایی

لە رۆژئاوا زۆربەی کۆمەڵناسان، پێیانوایە کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە سەریهەڵداوە، کاتێك فەیلەسوفی فەرەنسی ***کۆنت*** ناوی سۆسیۆلۆژیای لێنا. ئەو وشەیە تێکەڵێکە لە زمانی لاتینی یاخود گریکی کۆن، کە بەشێوەیەکی گشتی واتای "کۆمەڵناسی" دەبەخشێت. ئێمە لێرەدا راوبۆچوونەکانی "ئیبن خەلدون" پێشکەش دەکەین و شیدەکەینەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو یەکەمین بنیادنەری زانستێکە ئیمڕۆ ئێمە پێیدەڵێین "کۆمەڵناسی".

ئەم بیرمەندە گومانی لەوەنەدەکرد کە زانستەکەی تاکە زانستە لە جۆری خۆی و هاوشێوەی نییە، بۆیە ناوی زانستی "عومرانی ئادەمیی و کۆمەڵبوونی مرۆیی" لێنا.

هەندێك لە راکانی پەیوەندیەکی بەهێزیان بە سروشت و ئامانج و رێبازەکانی کۆمەڵناسیەوە هەیە.

**کە ئەمانیش بە کورتی بریتین لە:**

١- کۆمەڵگە راستییەکی واقعییە، بیرۆکەیەکە لە بیروبۆچوونەکانی "***دۆرکهایم***"ەوە دەچێت. بۆ نموونە: ئەوان، وەك یەکەیەکی تەواو جیاواز لە تاکەکان سەیری



گرووپیان دەکرد، لەسەر ئەوەی ناکرێ بەبێ هاوکاری و یەکێتی کۆمەڵایەتی پارێزگاری لە کۆمەڵگەی مرۆیی هەبێت، کۆکبوون.

٢- دەکرێ کۆمەڵگەی مرۆیی بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بزانرێت، بۆ زانستی عومرانی خەلدونی، بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە پێویستە بنچینە و بابەتی دەمارگەریی و هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی رەچاوبکرێت بکرێت.

٣- دەمارگیریی پێودانگی هێز و گونجان و جێگیری کۆمەڵگەیە، ئەم گرنگییەی ئیبن خەلدون بە دەمارگیری داوە هاوشێوەیی بایەخدانی ***دۆرکهایم***-ە بە چەمکی "ویژدانی کۆمکاریی" دەشکرێ دەمارگیریی هێزی خۆی لەدەستبدات کاتێك حوکمی دیموکراسی لە دەوڵەت گۆڕا بە حوکمی داپڵۆسێنەر (تۆتالیتاریی) ئۆتۆکراسی.

٤- ئیبن خەلدون سیاسەتی کردۆتە بابەتی لێکۆڵینەوەکانی بە تایبەتی لە روانگەی مێژوویی و شیتەڵکاری (وەکو چۆن ***کۆنت*** لە دوای ئەمەوە پەیڕەوی ئەمەی کرد)، ئیبن خەلدون جیاوازی لە نێوان زانستە ئایینیەکان و لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە. ئەم دوو بیرمەندە هەڵسان بە روونکردنەوەی دیدگە و بۆچوونەکانیان کەوا دابەشکردنی کار شێوازێکە ناکرێ بەبێ ئەو دەوڵەت سەرهەڵبدات و نە پەرەبستێنێ.

٥- ئیبن خەلدون هەڵسا بەوەسفکردن و شیکردنەوەی مێژوویی هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی دەوڵەت: سەرهەڵدان، جێگیربوون، پێشکەوتن، شڵەژان، رووخان و داڕمان. هەروەها ***ڤیکۆ*** و ***تۆرگۆ*** و ***مارکس*** و ***گرەمپلۆڤتش*** و ***برۆك*** و ***ئادەمز*** و ***شپنگلەر*** و ***سۆرۆکن*** و ***توینبی*** وایاندەڕوانیە شارستانێتیی یا کولتوور یاخود دەوڵەت کە بە چەند قۆناغێکی دیاریکراو تێپەڕدەبێت، وەك ئەوەی بە «سادە» یا «کلاسیکی» یا «ئایینی» و «ئاییندار» یا «سەرەتایی» بژمێردرێت تاکو دەبێت بە «ئەقڵانی» یاخود «دونیایی» یا «شارستانیی» و تیایدا لادان و لێکترازانی

کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات. زانا ***کارێنر*** پێیوابوو کە بیروڕاکانی ئیبن خەلدون لەم بوارەدا تاڕادەی سەرسوڕمان «نوێخوازە» (٣٩، لا ٣٣٦).

٦- کۆمەڵگەی مرۆیی خاوەن کولتوورێکە کە گشت تاکەکانی فێریدەبن و لەپێناو دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هاوبەشی یەکتری پێدەکەن. کۆمەڵگە لەسایەی پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان یاخود کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی دەتوانێ ببێتە ڕێگەنوێنێکی کارا بۆ ڕەفتارە مرۆییەکان. ئەمەش بیرۆکەیەکە هەریەك لە ***ڤیکۆ*** و ***کۆنت*** و ***دۆرکهایم*** جەختیان لەسەر کردۆتەوە. هەروەها، نە ئیبن خەلدون و نە ***کۆنت***، لە توانای بەکارهێنانی هێز وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لەپێناو کۆمەڵگە و پاراستنی یەکپارچەیی و کەماڵێتی بێئاگانەبوون.

٧- زۆر بە ئاشکرا ئیبن خەلدون جیاوازی لە نێوان پڕۆسەی بەشارییبوون و پڕۆسەی شارستانێتیی وەك شێوازێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە. بە هۆی ئەم جیاکردنەوەش چەند سەدەیەك بە پێش زانا ***ویرس*** کەوتووە لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە پێودانگەکانی بەشارییبوون. ئەمە سەرەڕای جەختکردنەوەی ئیبن خەلدون لەسەر ئەوەی قەبارەی دانیشتوان دەکرێ بۆ پسپۆڕی و دابەشکردنی کار بە پێودانگە دابنرێ. ئیبن خەلدون هەڵسا بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە دەربارەی زەینی شارستانی و ناچوونییەکی (اللاتجانس) و ناکۆکی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ((بە هەمان شێوە ***دۆرکهایم*** و ***زیمل*** و ***شپنگلەر*** و ***ویرس*** لە دوای ئیبن خەلدون ئەم کارەیان ئەنجامدا)).

٨- ئیبن خەلدون شێوازی ژیانی لە شار لەگەڵ کولتووری ناشارستانی بەراوردکرد، دابەشکردنە دوانەییەکەی (ڕەوەندێتی و شارستانییەت) کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە هەمان دابەشکردنەکەی، ***تۆنیس*** دەچێت، هەروەها لە دابەشکردنەکەی ***هێنری مین***، ئەم دابەشکردنە دوانەییە یاخود ئەم نموونانە وەك ***ریدفیلد*** (فۆلکلۆری- شارستانی) و



***سۆرۆکن*** (بنەماڵەیی-گرێبەندی) و ***دۆرکهایم*** (هاوبەستەیی میکانیکی- هاوبەستەیی ئۆرگانی) ئاماژەیان پێکردوون، ئەمانە رستێك لە ڕیزبەندی و سیستەمێك لە بەها پێکدەهێنن کە جەخت لەسەر سادەیی و چاکیی و خانەدانیی خەڵکی لادێ دەکاتەوە، و لەسەر ئەوەی شارنشینەکان سەرلێشێواون. هەروەها ***سۆرۆکن*** لە تۆژینەوەکەی دەربارەی سەرهەڵدانی دابەشکارییە دوانەییەکانەوە، هەر لە ***کۆنفۆشیۆس***-ەوە تاکو زانا کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان، پێیوابوو کە ئەوەی ئیبن خەلدون ئاماژەی پێکردووە لەمەڕ ڕەوەندێتی و شارستانێتی بریتییە لە شیتەڵکارییەکی ورد و تیژ و بەرفراوان و ئاشکرا (١٠٨، لا٩٦).

٩- ئیبن خەلدون گوتوویەتی: ((جیاوازی بارودۆخی نەوەکان بە هۆی جیاوازیانە لە کارو شێوازەکانی دابینکردنی بژێوی ژیان)) نابێ ئەم گوتەیە والێکبدرێتەوە کە ئەمە نیشانەی باوەڕی ئیبن خەلدونە بە جەبرییەت و حەتمییەتی ئابووری. بە ڕاستی ئیبن خەلدون، بەپێی بیروڕای چەند بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە سەرچاوەی٨٤، لا١٠) یەکێکە لەو پێشینانەی کەوا چەمکی ئابووری مێژوویان خستۆتەڕوو. ئەمە شتێکی شاراوە نییە کە فاکتەری ئابووری ڕۆڵێکی زۆر پڕ بایەخی هەبووە لە بڕیاردان و دیاریکردنی ڕێچکەی مێژوو، بەڵام بە تاقە فاکتەری گرنگیش دانانرێ. شیتەڵکارییە فراوانەکەی بۆ ئابووری وەك پیشە -فەرمانبەرییەکی کۆمەڵگەیی گرنگ ئەمەش نیشانەی ئەوە نییە کە ئیبن خەلدون فاکتەرە نائابوورییەکانی تری وەك دەمارگیریی و ئایین و ئەخلاق و دەسەڵاتی پشتگوێخستووە. ئیبن خەلدون، وەك ***دۆرکهایم*** و هەندێ لەزاناکانی ئێستای کۆمەڵناسی، پێیوابوو ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە لایەن فاکتەر کولتوورییەکان دیاریدەکرێت و تەحەکومی پێوەدەکرێت. ئیبن خەلدون پێشی ***دۆرکهایم*** و ***مالینۆفسکی*** و زانایانی تریش کەوتۆتەوە لە پێداگرتن و جەختکردنەی لەسەر ڕۆڵی پۆزەتیڤی ئایین وەك میکانیزمێکی لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی یەکپارچەیی و

وابەستەیی کۆمەڵایەتی. شیتەڵکردنی بۆ ئایین، وەك فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی گرنگ، دەکرێ وەك ***پیکەر*** و ***بارنێز***، گوتوویانە بە ((سەرەتای کۆمەڵناسی ئایینی)) بژمێردرێت (٣٢، ٢٧٥).

١٠- ئیبن خەلدون توانی یاسای هۆکاریێتی (السببیة) لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنێت. بایەخێکی زۆریدا بە یاسا سروشتییەکان. ئەم جۆرە بایەخدانە دواتر لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی هەریەك لە ***ڤیکۆ*** و ***کۆنت*** و ***تۆنیس*** و ئەوانی دیکەش بەدەرکەوت.

١١- لە **موقەدیمە**کەی ئیبن خەلدوندا، بەشێوەیەکی نادیار یاخود دیار بێت، تێبینی ئەوە دەکەین کەخاسیەتەکانی زانست بوونی هەیە و ئامادەیە، بۆ نموونە: ئەو زانیارییانەی کە باسی لێوەکردوون لەسەر تێبینی ورد بونیادنراون و دەناسرێنەوە بەوەی تیۆری، گشتگیر (Cumulative)، بابەتین. ئەمە و ئامانجی ئیبن خەلدون شیتەڵکردنی کۆمەڵگەی مرۆیی بوو نەك دۆزینەوەی رێگاچارە یاخود چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی، هەر ئەمەشە کە زانستی کۆمەڵناسی هاوچەرخ جەختی لەسەر دەکاتەوە.

١٢- ئەو میتۆدانەی لێکۆڵینەوە کە ئیبن خەلدون بەکاریهێناون (تێبینی کردن، بەکارهێنانی بەڵگە مێژووییەکان، بەراوردکردن) هەمان ئەو رێگا لێکۆڵینەوانەن کە ((پێشەواکانی)) کۆمەڵناسی و ((پێشەنگانی)) تیۆری کۆمەڵایەتی بەکاریان هێناوون، بۆ نموونە: ***کۆنت*** و ***زیمڵ*** (Simmel)، ***تۆنیس***، ***ڤیبەر***، سەدان کەسانی تر لە پێشەواکانی کۆمەڵناسی (میتۆدی ئالۆزی لێکۆڵینەوەیان، ئەوەی پشت بە میتۆدی ئەزموونکاریی دەبەستێت، بەکارنەهێناوە) شێوازی یامیتۆدی ئاماریی بابەتێکی نوێ و تازەیە لە کۆمەڵناسیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەردەمی ئێستاماندا، دەبینین کە دەرەنجامی هەندێك لە لێکۆڵینەوەکاندا لە کۆمەڵناسی و



نەتەوەناسیی و ئەوانی تریش پشت بە تێبینی و میتۆدی تری وەك چۆنیەتیی (Qualitative) دەبەستێن.

زۆربەی ئەزموون و زانیارییەکانی ئیبن خەلدون لە باکووری ئەفریقیا وەرگیراون، بەڵام نابێ ئەمە وا لێکبدرێتەوە کە لێکۆڵینەوەکانی نابابەتی و نازانستین، بۆ نموونە ***دۆرکهایم*** گشتاندنی زۆر بوێری چەسپاند، ئەگەرچی لەسەر بنچینەیەکی زۆر بێهێزیش بونیادنرابوون ((ئەمەش لەو تیۆرەی کە سەبارەت بە دروستبوونی تاکە ئایینێکی دیاریکراو بوو)) لە ناوەڕاستی ئوستڕالیا (سەرچاوەی ٧٤، ل٤٧٩، سەرچاوەی ٤٧، ل١٧). لە راستییدا لە کۆمەڵناسی هاوچەرخ زۆر لێکۆڵینەوە هەن کە پشت بە تێبینی تاکە کۆمەڵگەیەکی خۆجێیی دیاریکراو دەبەستێت.

١٣- ئیبن خەلدون درکی بەوەکردووە کە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان یەك پارچە و بە یەك شێواز لە یەك کاتی دیاریکراودا ناگۆڕێن، تیۆرەکەی، وەك تیۆری زۆر لە زاناکانی کۆمەڵناسی گشت لایەنەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی راڤە ناکات.

١٤- لە نووسراوەکانی ئەگەر مەیلێکی تایبەتی سەبارەت بەجۆرێکی دیاریکراو لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بەدی بکەین ئەوە لەم رووەوە کەسێکی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بێ هاوتا نییە، هەرچەندە زانستی کۆمەڵناسی هەوڵدەدات لە دەرکردن و سەپاندنی بڕیار و بەها کەسییەکان دوورە پەرێز بێت، ((وەلێ زانایانی کۆمەڵناسی هەندێ جار لە کۆنترۆڵکردنی لایەنە سۆزدارییەکان و بەهاو بیروبۆچوونە کەسییەکانیان هەرەسیان هێناوە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو گووتەیەی کەوا لایەنگیریی تاڕادەیەك بەربڵاو و ئامادەیە لە تۆژینەوە کۆمەڵایەتییەکان)) (سەرچاوەی ٤٤، ل٩٧).

کەواتە ئیبن خەلدون، زێتر بیرمەندێکی واقیعییە نەك فەیلەسوفێك، چونکە باوەڕی بە فەلسەفە و ئەنجامگیرییەکانی لۆژیك نەبوو کە لە زۆر باردا ناکرێ لەسەر

تێبینیکردنی ورد و حەقیقی بۆ ڕێکخستن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی جێبەجێبکرێت. ئیبن خەلدون بە پێی چەمکی کۆمەڵایەتی بایەخی بە راڤەکردنی مێژوودا، لەسەر ئەم بنەمایەش کەسانێك بە (فەیلەسوفی مێژوو) ناوزەدیانکردووە. ئەم جۆرە راڤەکردنە کۆمەڵایەتییانە بۆ مێژوو بایەخ و گرنگیی زۆری بەخۆیەوە دی لە لایەن زانا *ڤیکۆ*، *تۆرۆگۆ*، *کۆندۆرسیە* (Condorcet)، *کۆنت*، تەنانەت لە لای *سپنسەر*یش[٣]. بەڵام خەڵکانێك هەن تاکو ئیمرۆش پێیان وایە مێژوو تەنها بایەخ بە حاڵەتە تاکەکەسییەکان دەدات هەر ئەمەشە لە کۆمەڵناسی جیای دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێ پارێزگاری لە کۆمەڵناسیش بکرێ وەك زانستێك کە توانستی گشتاندنی هەیە و گۆڕانکارییە مێژووییەکانی نێو کۆمەڵگە ڕەچاودەکات، ئەوەش چارەسەری ئەم بابەتە لە نوسراوەکانی ئیبن خەلدواندا دەدۆزینەوە.

ئیبن خەلدون یەکخستنی دیالێکتیکی لە نێوان کۆمەڵناسی و مێژوودا هێنایەکایەوە، بە جۆرێك دەکرێ ئەو تێکهەڵکێشانەی لە نێوان گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان (ئابووری و نائابووری)و گۆڕانکارییە مێژووییەکان، لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات ئەمەیە: ئایا ئەو وانەیە چییە ئێمە لە خوێندنەوەی تیۆرەکانی بیرمەندێك کە لە سەدەی چواردەهەمدا ژیابێت فێری دەبین؟ هەندێك لە نووسەران پێیان وایە کە ئێمە زێتر لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دوایین تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان سوودمەند دەبین بەپێی ئەوەی کە ئەمانە دەرەنجامی کۆتایی هەموو شاکارە گەورە و گرنگەکانی سەردەمی خۆیانن، یاخود سەدەیەکی رابردوو لەخۆوەدەگرن، دەشێ ئەو رایە لە ئاست زانستە سروشتییەکان راست بێت، بەڵام ئەمەش واتای راستترینیان نابەخشێت. جیاوازی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و باکگراوەندە کولتوورییەکانی گەلان، کاریگەری خۆیانی لەسەر ئەو تیۆرانەی کە پێیان دەگەین هەیە، و دەبێت لێرەدا هەندێك لەو راستییانەی کە ئیبن خەلدون لە



سەدە چواردەهەمەوە پێیان گەیشتووە، ناکرێ بۆ ئیمرۆ راستبن. گەلانی سەرەتایی، بە رەوەندەکانەوە، ناتوانن بەسەر ناوچە شارنشینییەکاندا زاڵبن. بەهۆی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتە مەرکەزییە شارنشینییەکانن، پڕۆژەی جێنشینکردنی رەوەندەکان کە بۆتە هۆی ئەوەی بیابانەکان ژمارەیەکی زۆرکەم لەخۆوەبگرێت دوابەدوای گواستنەوەی خەڵکی رەوەند بۆ ناو شارەکان، دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەمارگیریان، هەرچەندە کاریگەری خوو و نەریتە خێڵەکییەکان دوای کۆچکردنیش بە چەندین ساڵ هەر دەمێنێتەوە. بۆ نموونە، ئێمە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە لە هەرێمە عەرەبییەکان، ناوە کۆتاییەکان -شوهرەت- لە ناوی شارنشینەکان، بە تایبەتیش لەناوچە کەنداو لە ناوی باوباپیرانیانە کەواتە- دەکرێ بوترێت کە وێڕای پڕۆژەی نیشتەجێکردن و پیشەسازی و نوێکاری لە جیهانی عەرەبیدا، بە پێچەوانی پێشبینیکردنەکانی ئیبن خەلدون، خوو و نەریتە رەوەندییەکان تاکو ئیمڕۆش لە شارەکان هەرماون، بەشێکی تەواوکەر لە کەسایەتی تاکی شارستانی پێکدەهێنن.

هەروەها دەکرێ بگوترێ کە خەسڵەتگەلێکی زۆر لە ژیانی شارستانی، بە تایبەتی لە ژیانی سیاسی، کە ئیبن خەلدون ئاماژەی پێکردوون، تاکو ئیمڕۆش هەر ماون و جێگیر و دورستن، لەوانەش: تەرەف و خۆشگوزەرانی و نغرۆبوونی هەندێك لە بەرپرسان لە کاری بازرگانی. تێبینیەکانی ئیبن خەلدون سەبارەت بە ستەم کە زۆرجار دەبێتەوە هۆی خۆبەخواوەندزانینی ((تألە)) حاکم تاکو ئیمڕۆش وەکو دیاردەیەکی بەرچاو هەرماوە وەك چۆن لە زەمانی ئیبن خەلدوندا هەبووە. ئەگەرچی لەو کاتەدا چینی دەوڵەمەند و حوکمڕان توانیبێتیان نەمری بەدەسکەوتەکانی خۆیان ببەخشن، ئەمەش بە داواکردن لە چەند کەسانێکی نووسەر کە کتێبیان بۆ بنووسن، ئیمڕۆش دەتوانین بڵێین کە دەزگاکانی راگەیاندن بەهەمان ئەرك هەڵدەستێ و ئەم رۆڵە دەبینێت یاخود زۆر سەرکەتوانە لە لایەن حوکمڕانن بۆ پیرۆزکردنی ناو و کارەکانیان بەرێوەدەچێت. هەتاکو دەنگی شمشێر و گوللە جێگای دەنگی

هەڵبژاردنەکان بگرێتەوە، ئەوە بەدەگمەن پیاوانی دەسەڵاتدار جێگەکانیان بۆ کەسانێکی تر بەجێدەهێڵن (١، لا١٥٠، ٣٩٢).

خۆ ئەگەر ئیبن خەلدون ئیمڕۆش زیندوو بوایە ئەوە تاڕادەیەك سەری دەسوڕما لەو ژمارە زۆرەی جۆرەکانی (تەرەفی شارستانی)، بەڵام ئەوەی لەسەدەی چواردەهەمدا، وەك خەسڵەتگەلێکی ژیانی سیاسی نووسیویەتی تۆماری کردووە، ڕەنگە زۆر دڵ خۆشی بکات بەوەی کە تیۆرە سیاسیەکەی تاکو ڕۆژگاری ئیمڕۆشمان دەکرێ کاری پێبکرێت. ئەمە دەمانگەیەنێت بەوەی کە چەمکی خەلدونی بۆ دەمارگیریی و جێبەجێکردنی و هەروەها کاریگەری لەسەر شێوازی ژیانی سەرەتایی لادێیی و ژیانی شارستانییش، کایەیەك پێکدەهێنێت کە دەکرێ بە قوتابخانەی کۆمەڵایەتی ناوی ببەین. هەروەها بەبێ کەمکردنەوە لە گرنگی بایەخی کۆمەڵناسی نوێ و هاوچەرخ، دەکرێ بڵێین کە ئەم مۆدێلە (Model) خەلدونیە وێڕای کەموکوڕیەکانی، دەکرێ لە توێژینەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان، هەر لە سەرهەڵدان و گەشەکردن تا پێشکەوتنی بەکاربهێنرێت. ئەمە زێتریش لەسەر کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم و لەوانەش هەرێمە عەرەبییەکان جێبەجێدەبێت.

هەر زانستێکی نوێی وەکو کۆمەڵناسی -لە سەرەتادا- تەمومژی پێوەدیارە. ئیبن خەلدونیش لە باسکردنی خەوشەکانی خۆی زۆر بێلاف و بێفیزبوو. کە داوای لە خوێندەڤانان دەکرد نووسینەکانی (بە چاوی ڕەخنە نەك بە چاوی ڕەزامەندی) بخوێننەوە ئەوا بابەتگەرایی خۆی لەم نێوەندەدا دەسەلماند (سەرچاوەی ١، لا ٧).

بێگومانیش بوو لەوەی کە دوای خۆی کەسانێك دێن وەك خۆی دەڵێ ((خودا بە هێزێکی دروست و زانستێکی ڕوون پاڵپشتیان دەکات و زێتر لەوەی ئێمە نووسیومانە بە نێو بابەتەکاندا ڕۆدەچن، چونکە ئەوەی زانستێك هەڵێنجێ ناتوانی سەرجەم تەوەرەکانی هەژمار بکات بەڵکو لەسەریەتی بابەتی زانستەکە و



هەمەجۆری بەشەکانی و ئەوەی قسەی لەسەر کردووە دەستنیشانی بکات، ئەوانی دوای ئەویش مەسەلەی تر دەورژێنن تا تەواو دەبێ)) (سەرچاوەی ١، ل ٥٨٨).

ئەوەی ئیبن خەلدون گوتویەتی لەگەڵ ئەوەی دوای مەرگی ***ئۆگست کۆنت*** ڕوویداوە ڕێکدێتەوە، ئەوە بوو کۆمەڵناسی بە دەست خەوشی زۆرەوە دەیناڵاند بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاواز و هەمەڕەنگ و بەبەربوو.

ناشێ هیچ زانستێك لە لایەن تاکێك یان گرووپێکەوە قۆرخبکرێ. بۆیە نابێ بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە ***کۆنت*** دامەزرێنەری کۆمەڵناسیە، ئەمە لە کاتێکدا بەڵگەی زۆرمان لە بەردەستدایە دەیسەلمێنن ئیبن خەلدون بەشێوازێکی زانستی و بابەتیانە زۆر لە تەوەرە و بابەتەکانی کۆمەڵناسی خستۆتەڕوو. کاتێکیش دەبینین زۆر لە زانایان گومان دەخەنە سەر ڕەسەنایەتی کارە هزرییەکانی ***کۆنت*** (بە باوەڕی ئەوەی کە زۆرکەم لەو کارانە دەشێ بە ڕەسەن دابنرێن)، لەهەمان کاتدا دەبینین زۆرانێك لە زانایانی کۆمەڵناسی و هزرڤانانی کۆمەڵایەتی لەسەر نوێبوونی بیروباوەڕی ئیبن خەلدون و پەیوەستیان بە بابەتەکانی کۆمەڵناسی نوێی، هاوڕان. ئەگەر کاتی سەرهەڵدانی ئەو ڕۆشنبیرییە خەلدونیەش لەبەرچاوبگرین ئەوا ئیبن خەلدون شایستەی ئەوەیە وەك دامەزرێنەری کۆمەڵناسی بخوێندرێ.

## پەراوێزەکان:

١- *بیکەر* و *بارنێز*، ئیبن خەلدون بە نوێنەری دیار و سەرەتاییەکانی تیۆری ململانێ و Conflict Theory دادەنێن (بڕوانە سەرچاوەی ٣٢، لا٧٤١).

٢- *دۆرکهایم* دەڵێ: ((لە تەواوی نووسینەکانی *سپێنسەر*دا شوێنێك بۆ میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی تەرخان نەکراوە. کتێبەکەی (لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی) خاوەن ناونیشانێکی چەواشەکارانەیە، چونکە بۆ خستنەڕووی ئەستەمیەکانی تواناکانی کۆمەڵناسی تەرخانکراوە نەك پێشکەشکردن و باسکردنی ئەو میتۆدەی لێکۆڵینەوە، کە دەبێ لەو زانستە بەکاری بهێنین)) (سەرچاوەی ٤٢، لا ٤٩).

## ژیاننامەی نووسەری ئەم کتێبە

• نووسەر لە بەغدا لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای هەر لەوێ تەواوکردووە.

• چەندین بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسی، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەدەستهێناوە.

• خوێندنی زانکۆیی لە ساڵی ١٩٦٠ لە ولاتە یەکگرتووەکان دەستپێکردووە" لە چەندین زاکۆ وانەی گوتۆتەوە لەوانە زانکۆی بەغدا (١٩٦٢-١٩٦٣)، زانکۆی فلۆریدا (١٩٦٤-١٩٦٨)، زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت (١٩٧٤-١٩٧٥) ، زانکۆی کوێت (١٩٧٨-١٩٨٠ و ١٩٨٣-١٩٨٥) و زانکۆی کەنتاکیی رۆژئاوایی (١٩٦٨- تاکو ئێستا)*.

• لە ساڵی ١٩٧٣ لە زانکۆی کەنتاکی خەڵاتی رێزلێنانی لە بواری وانەگوتنەوەدا بەدەسهێناوە.

• ژمارەیەك کتێبی زانستی بلاوکردۆتەوە، زۆربەشی لە ولاتە یەکگرتووەکان هاتۆتە بلاوکردنەوە، لەمانیش ئەم کتێبەی بە هاوکاری لەگەڵ عەلی وەردی سەبارەت بە ئیبن خەلدون و شێوازی هزری ئیسلامی (لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەلایەتیی) بە یەکەوە نووسیویانە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی عەرەبی:


(١) ابن خلدون، عبدالرحمن، المقدمة، بيروت، دار الكشاف، بدون تاريخ.

(٢) إخوان الصفاء، رسائل إخوان الصفاء. مصر، ١٩٢٨.

(٣) البعلى، فؤاد، فلسفة إخوان الصفاء الاجتماعية و الأخلاقية. بغداد، مطبعة المعارف، ١٩٥٨.

(٤) الجابري، محمد عابد، المصيبة و الدولة. الدار البيضاء، دار الثقافة، بدون تاريخ.

(٥) جمعة، م. ل. تاريخ فلسفة الإسلام. القاهرة، مطبعة المعارف، ١٩٢٧.

(٦) الحبابى، محمد عزيز، ((أصالة المنهجية عند ابن خلدون)) مهرجان ابن خلدون. الدار البيضاء دار الكتاب، ١٩٦٢.

(٧) الحصري، ساطع، دراسات عن مقدمة ابن الخلدون. بيروت، مطبعة الكشاف، ١٩٤٣.





(٨) الخضيري، زينب، فلسفة التاريخ عند ابن خلدون. القاهرة، دار الثقافة، ١٩٧٩.

(٩) خليفة، اغناطيوس عبده، المقدمة لكتاب ابن خلدون شفاء السائل لتهذيب المسائل. بيروت، المطبعة الكاثوليكية، ١٩٥٩.

(١٠) ربيع، محمد محمود: ((منهج ابن خلدون في علم العمران))، مصر المعاصرة. القاهرة (نيسان/ ابريل) ١٩٧٠.

(١١) شريط، عبدالله: الفكر الأخلاقي عند ابن خلدون. تونس: الشركة الوطنية للنشر و التوزيع، ١٩٧٥.

(١٢) الطابى، محمد: ((نظرية ابن خلدون في سلطة الدولة))، الفكر، آذار ١٩٦١.

(١٣) عزت، عبدالعزيز: ((تطور المجتمع البشري عند ابن خلدون))، أعمال مهرجان ابن خلدون. القاهرة، المركز القومى للبحوث الاجتماعية و الجنائية، ١٩٦٢

(١٤) غلاب، عبدالكريم: ((الالتزام العلمي عبد ابم خلدون)) مهرجان ابن خلدون. الدار البيضاء، دار الكتاب، ١٩٦٢.

(١٥) الفارابي، أبو النصر: آراء أهل المدينة الفاضلة. القاهرة، مطبعة النيل، ١٩٠٥.

(١٦) فهيم، حسين: قصة الأنثروبولوجيا-فصول في تأريخ علم الإنسان. الكويت، المجلس الوطنى للثقافة و الفنون و الآداب، ١٩٨٦.

(١٧) القرآن.

(١٨) مدكور، ابراهيم بيومي: ((ابن خلدون- الفيلسوف))، أعمال مهرجان ابن خلدون. القاهرة: المركز القومي للبحوث الاجتماعية و الجنائية، ١٩٦٢.

(١٩) الوردي، علي: منطق ابن خلدون. القاهرة، معهد الدراسات العربية العالية، ١٩٦٢.

(٢٠) الوردي، علي: ((ابن خلدون و المجتمع العربي))، أعمال مهرجان ابن خلدون. القاهرة: المركز القومي للبحوث الاجتماعية و الجنائية، ١٩٦٢.

## به زمانی بیانی:

(21) Alam, Manzoor. “Ibn Khaldun’s Concept of the Origin, Growth and Decay of Cities”. Islamic Culture, 23 (April 1960).

(22) Andreski, Stanislav. “Introduction” to A. Comte. Essential cours de Philosophie Positive, trans. By M. Clarke. New York: Barnes and Nobels, 1974.

(23) Aron, Raymond. Main Currents in Sociological Thought, Vol.1. New York: Doubleday, 1958.

(24) Baali, Fuad. Relation of the People to the Land in Southern Iraq. Gainesity of Florida Press, 1966.

(25) …….., and Clifton D. Bryant. Introdaction Sociology. Chicago: Rand McNalty. 1970.



(26) …….., and Michael C. Moore. The Extended Deliberation: Definitions of Sociology. Sociology and Social Research. 56 (July 1972).

(27) ……., and J. Brian Price. “Ibn Khaldun and Karl Marx: On Economic and Social Interpretation of History”. Arab Journal of Hunianities. 1 (Winter 1981).

(28) …….., and Ali Wardi Ibn Khaldun and Islamic Thought-Styles: A Social Perspective. Boston: G. K. Hall. 1981.

(29) Barnes, Harry Elmer, ed An Introduction to the History of Sociology: University of Chicago Press. 1948.

(30) Bascom, William. “Urbanization Among the Yoruba”. American Journal of Sociology. 60 (March 1955).

(31) Battah. Abdalla. “Ibn Khaldun’s Principles Economy”. Dissertation. American University. 1988.

(32) Becker. Hoeard anf Hary Elmar Barnes. Social Thought from Lore to Science. New York: Dover Publications, 1961. 3 Volumes.

(33) Benton-Smullyan, Emile. “The Sociologism of Emile Durkheim and his School”. In H. E. Barnes, ed. An Introduction to the History of Sociology. Chicago: University of Chocaho Press. 1948.

(34) Bodin. Jean. The Sia Bookes of a Commonweale, ed. With introduction by Kenneth Douglas McRac. Cambridge: Harvard, University Press. 1962.

(35) Boer. T. J. de The History of Philosophy in Islam. New York: Dover Publications. 1967.

(36) Bottomore. T. B. “The Ideas of the Founding Fathers”. European Journal of Sociology. 1 (1960).

(37) Bouthoul. Gaston. Ibn Khaldun, sa Philosophie Social. Paris: Librairie Orientalisie Paul Genthner, 1930.

(38) Butts. R. Freeman. “Arnold J. Toynbee’s Philosophy of History”. Educational Theory. 22 (winter 1972).

(39) Cairne. Graee E. Philosophies of History. New York: Citadel Press, 1962.

(40) Chambliss, Rollin. Social Thought from Hanumurabi to Conite. New York: Dryden, 1954.

(41) Comte. Auguste. The Positive Philosophy, trans, by Harrir Martineau. New York: Calvin Blackard. 1855.

(42) Cooley, Charles Horton. Social Organization. New York: Charles Seribner’s Sons, 1909.

(43) …….Haman Nature and the Social Order. New York: Scribner’s 1962.



(44) Doglass, Jack D. And Associates. Introduction to Sociology: Situations and structions. New York: The Free Press, 1973.

(45) Durkheim, Emile. The Division of Laber in Society, trans. by George Simpson. New York: The Free Press, 1933.

(46) …….The Rulse of Sociological Method, trans, by S. A. Solovay and J. H. Mueller, New York: The Free Press, 1938.

(47) …….The Elementary Forms of the Religious Live, trans, by J. Swain. New York: The Free Press, 1965.

(48) …….Montesquieu and Rousseau Forerunners of Sociology. Ann Arbor: University of Michigan Press, 1970.

(49) Enan. Mohammad Abdullah. Ibn Khaldun: His Life and Work. Lahore: Sh. Muhammad Ashraf, 1969.

(50) Farrukh, Majid. A History of Islamic Philosophy. New York: Colombia Universty Press 1970.

(51) Farrukh, Umar. The Arab Genius in Science and Philosophy, trans, by John B. Hardie. Washington, D. C.: The American Council of Learnes Societies, 1954.

(52) Fischel, Walter J. Ibn Khaldun in Egypt: His Public Functions and Historical Resarch (1382-1406). A Study in Islamic Historiography. Berkeley and Los Angeles: University of California Press, 1967.

(53) Fischer, Clande S. “The Effect of Urban Life on Traditional Values”. Social Farces. 53 (March 1975).

(54) Flint, Robert. History of Philosophy of History: New York. Charles Seribner’s. Sons, 1894.

(55) Gellner. Ernest. Muslim Society. Cambridge University Press, 1981.

(56) Gibb. Hamilton A. R. “The Islamic Background of Ibn Khaldun’s Political Theory”. In S. J. Slaiw and W. R. Polk. eds. Studies of the Civilization of Islam. Boston: Beacon Press, 1962.

(57) Gie. Gerard O. C. de Society and Ideology: An Inqairy into the Sociology of Knowledge. New York; Colombia University Press Bookstore, 1943.

(58) Grupp. S. E. “The Sociology of Gabriel Tarde”. Sociology and Social Research. 52 (July 1968).

(59) Gumplowiez. Ludwig. Outlines of Sociology, ed by lrving I. Horowitz. New York: Paine Whitman Publishers. 1963.

(60) Herberle, Rudolf. “The Application of Fundamental Cancepts in Rural Community Studies”. Rural Sociology, 6 (September 1941).



(61) …….“The Socilology of George Simmel: The Forms of Social Interaction”. In Harrt Elmer Barnes, ed. An introduction to the History of Sociology. Chicago: University og Chicago Press 1948.

(62) …….“Ferdinand Tonnies”. Contributions to the Sociology of Publtical Parties”, American Journal of Soiology. 61 (May 1955).

(63) …….“Preface”. In F. Tonnies. Gemeinschaft and Gesellschaft. English trans. East Lansing: Michigan State University Press, 1957.

(64) Hitti, Philip K. Makers of Arab History. New York: Harper. 1968.

(65) Hossein. Albert. Arabic Thought in the Tiberal Age: 1798-1939. London: Oxford University Press, 1962.

(66) Hussein. Taha. Etude analytique et critique de la Philosophie Social d’Ibn Khaldun. Paris: A. Pedone, 1917.

(67) Irving. T. B. “A Fourteenth-Century View of Language”. in J. kritzech and R. B. Winder, eds. The World of Islam. London: MacMillan, 1960.

(68) Issaei. Charles. An Arab Philosophliy of History: Seletions from the Prolegomena of Ibn Khaldun of Tunis, 1332-1406. London: John Murray, 1950.

(69) Khemiri, T. “der Asabiyah-Begriff in der Muqaddimah des Ibn Haldun”, der Islam. Vol. 22, 1936.

(70) Lacoste, Yves. Ibn Khaldun: naissance de I’histoire Passed u tiers monde, Arabic trans. by M. Sulaiman. Beirut: Ibn Khaldun House, 1973.

(71) Lahbabi, Muhammad Aziz. Ibn Khaldun: Presentation. Choix de textes, bibliographie. Paris: Seghers, 1968.

(72) Lewis. Oscar. “Urbanization Without Breakdown: A Case Study”. The Scientific Monthly. 75 (July 1952).

(73) Lichtenstadter, Ilse. Islam and the Modern Age. New York: Bookman Associates. 1958.

(74) Lukes, Steven. Emile Durkheim-His Live and Work: A Historical and Critical Study. New York: Penguin Books, 1973.

(75) Macdonald, Duncan B. The Religious Attitudes and Life in Islam. Chicago: University of Chicago Press. 1909.

(76) Machiavelli. Niccolo. The Prince, trans, by L. Ricci. New York: The New American Library. 1952.



(77) Mahdi. Muhsin. Ibn Khaldun’s Philosophy of History. Chicago: University of Chicago Press, 1964.

(78) ……..“Ibn Khaldun”. International Social Science Eneyclopedia New York: Macmillam. 1968.

(79) Mannbeim. Karl Ideology and Utopia. New York: Harcourt, Brace. 1936.

(80) Martinale. Don. “Prefatory Remarks: The Theory of the City”, in Max Weber. The City. New York. The Free Press. 1958.

(81) Start. Karl and Frederich Engels. The Communist Manifesto. New York: International Publishers. 1964.

(82) ……The Gernian Ideology. New York: International Publisers. 1947.

(83) Mead. George H. Mind. Selfand Society. Chicago: University of Chicago Press. 1934.

(84) Michels. Roberto. Fierst Lectures in Political Sociology. New York: Harper Torchbooks, 1965.

(85) Mills. C. Wright. “Language, Logic, and Culture”. American Sociological Review, 4 (October 1939).

(86) ……The Socioloical Imagination. London: Oxford University Press. 1959.

(87) Montesquieu. Charles de Secondat. The Spirit of the Laws, trans, by T. Nugent. New York: hafner. 1949.

(88) Nashar. Mohammad Ali. “Ibn Khaldun: Pioneer Economist”. L’Egypte Contemporaine, 35 (1945).

(89) Nour. Mohammad Abdel Monem. “An Analytical Study of the Sociological thought of Ibn Kaldun”. serration. University of Kentucky. 1953.

(90) Oppenteimer. Franz. The State. New York: Vanguard Press, 1922.

(91) Pellesm. Roland. “The Study of Social Change and Theory”. Sociological Spectrum. 2 (July December 1982).

(92) Qudsi. Obaidullah. “Ibn Khaldun Ur Auguste Comte ka Tkabla Mutala’a”. Umpublished manuseript. In Urdu.

(93) Rabr. Muhammad Mahmoud. The Political Theory of Ibn Khaldun. Leiden: E. J. Brill. 1967.

(94) Ritter. Hellmut. “Irrational Solidarity Groups: A Socio-Psychological Study in Connection with Ibn Khaldun”. Oriens. 1 (1948).

(95) Roserthal. Erwin. I. J. “Ibn Khaldun: A North African Muslim Thinker of the Fourteenth Century”. Bulletin of the John Rvlands Library. 24 (1940).



(96) …….Islam in the Modern National State. Cambridge: Cambridge Univerity Press. 1965.

(97) Rosensha. Franz. “Introduction” to Ibn Khaldun. the Maqaddimali: An Introduction to History, Irans, by Franz Rosenthal. Princeton: Princeton University Press. 1967.

(98) Runed,D. D. Dictionary of Philosophy. Paterson, N. J.: Littlefield. Adams and Co. 1961.

(99) Saint-Simon. Henri de. Social Oranization. The Science of Man. New York: Harper Torchbooks, 1964.

(100) Sarton, Geoge. Introduction to the History of Science, Vol. 3. Baltimore, Md.: Williams and Wilkins, 1948.

(101) Schimmel, A. *Ibn Kaldun, Ausgewahlte Abschnistte aus der Muqaddimah,* Tubingen, 1961.

(102) Schmidt, Nathaniel, *Ibn Khaldun: Historian, Sociologist and Philosopher,* New York: Columbia University Press, 1930.

(103) Sherwani, Haron Khan, *Studis in Muslim Political Thought and Administration.* Lahore: Sh. Muhammad Ashraf, 1959.

(104) Simmel, George, *The Sociology of George Simmel*, ed. By H. Wolff, New York: The Free Press,1950.

(105) Simon,Heinrich, *Ibn Khaldun Wissenschaft von der Menschlichen Kultur*, Leipzig, 1959.

(106) Sorokin, Pitirim, A. *Contemporary Sociological Theory,* New York: Harper, 1928.

(107) ____, *The Crisis of Our Age,* New York: E. P. Dutton, 1940.

(108) ____, "Forward", in F. Tonnies, *Gemeinchaft*. English trans, East Lansing: Michigan State University Press, 1957.

(109) ____, *Society, Culture and Personality*, New York: Cooper Square Publishers, 1962.

(110) ____, *Sociological Theory of Today*, New York: Harper and Row,1966.

(111) ____, Carle C. Zimmerman, and Charles, eds. *A Systematic Source Book in Rural Sociology*, Vol. l. Minneapolis: University of Minnesota Press, 1930.

(112) Spencer, Herbert, *The Study of Sociology*, New York: D. Appleton, 1895.

(113) Spengler, Joceph, "Economic Thought of Islam: Ibn Khaldun", *Comparative Studiesin Society and History*, 6 (1963-1964).

(114) Spengler, Oswald, *The Decline of The West*, trans by Charles Atkinson, New York: Alfred A. Knopf, 1932.



(115) Spuler, B. "Ibn Khaldun the Historian", *A'mal Mahrajan Ibn Khaldun.* Cairo: National Center for Social Research, 1932.

(116) Sumner, William, G. and A, G. Keller, *Science of Society,* Vol. l. , New York: Yale University Press, 1927.

(117) Timasheff, Nicholas S. *Sociological Theory: Its Nature and Growth*, New York: Random House, 1967.

(118) Tonnies, Ferdinand, *On Social Ideas and Ideologies, ed. and trans*. by E. G. Jacoby, New York: Harper and Row, 1974.

(119) ____, *Gemeinschaft and Gesellschaft*, English trans. East Lansing: Michigan State University Press, 1957.

(120) Toynbee, Arnold J. *Study of History.*Vol.1, New York: Oxford University Press, 1962.

(121) Torgot, Ann Robert Jacques, *On Progress, Sociology and Economic.* Trans. and ed. by Robert L. Meek Cambridge: Cambridge University Press, 1973.

(122) Ulken, Hilmi zia, "Ibn Kaldun, Initiateur de la Sociologie", *A'mal Mahrajan Ibn Khaldon*, Cairo: National Center for Social Research, 1962.

(123) Venable, V. *Human Nature: The Marxism View*, New York: Alfred A, Knopf, 1945.

(124) Vico, Giambattista, *The New Science*, trans. by T.G. Bergin and M. H. Fich, Ithaca, N. Y.: Cornell University Press, 1968.

(125) Wazler, Richard, "Aspects of Islamic Political Thought: Al-Farabi and Ibn Khaldun", *Oriens,* 16 (1963).

(126) Watt, M. W. *Islamic Political Thought: The Basic Concept.* Edinburgh: University Press, 1968.

(127) Weber, Max, *From Max Weber : Essays in Sociology*, trans. by H. H. Gerth and C. Wright Mills, , New York: Oxford University Press, 1964.

(128) ____, *The Theory of Social and Economic Organization.* Glencoe, ill.: The Free Press, 1947.

(129) White, Hayden V. "Ibn Khadldun in World Philosophy of History", *Comparative Studies in Society an History,* 2 (1959-1960).

(130) Wiese, Leopold von, *Systematic Sociology*, New York: Arno Press, 1947.

(131) Willer, Judith, "The Implication of Durkheim's Philosophy of Science", *Kansas Journal of Sociology*, 4 (Fall 1969).

(132) Wirth, Louis, ´Urbanism as a Way of Live", *American Journal of Sociology*, 41 (July 1938).